86
کانوونی دووەم
2012

# نەوشەفەق

کۆواری ئەدەب و ڕۆشنبیری

خاوەن ئیمتیاز:
**بەدران ئەحمەد حەبیب**

سەرنووسیار:
**سەباح ئیسماعیل**
ojeen_sabah@yahoo.com
0770 131 05 56

بەڕێوەبەری نووسیاری:
**چنوور نامیق**
chnur.namq@yahoo.com
0750 362 32 63

بەڕێوەبەری هونەری
**ئاراس ئەکرەم**

پیت لێدان: کاروان ئەسعەد
هەڵەگری: بۆکان نووری، ئاریان ئەحمەد

دەزگای شەفەق
کوردستان – کەرکووک
شەقامی کۆماری – باڵەخانەی فەخری

سروشتی ڕیالیزم قوتابخانەیە، چونکە لە قوتابخانەدا هەندێ بنەوا هەیە نابێ نووسەر، یا هونەرمەندی سەر بەو قوتابخانەیە لێی دوور بکەوێتەوە.

د. عادل گەرمیانی

---

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی خەون ئەوەیە کە لە خەوندا شتی بچووک زل و زەبەلاح دەکرێت و شتی زل و زەبەلاحیش ورد و بچووک. مەبەستیش لەمە دانانی کاریگەری بەتینە لەسەر خەونبین و گوێگری خەون.

د. ئازاد حەمە شەریف

---

گێڕانەوە بریتییە لە پرۆسەیەکی کردەیی باشترە بڵێین بریتییە لەو ڕووداوەی کە کەسێک ڕووداوێک بۆ کەسی بەرامبەری دەگێڕێتەوە.

ئەرشەد تەحسین عوسمان

---

خەیاڵ یەکێکە لە ڕەکیزە سەرەکییەکانی چیرۆک، بەڵام هەموو شتێک نییە، نابێت ئەوەش لە یاد بکەین کە لە دنیای خەیاڵدا هەموو شتەکان جوانتر و ڕەنگاڵەییتر دەردەکەون.

ئەرسەلان تۆفیق

## پێڕست

ڕەوشی کایەی وەرگێڕان لەوێ و لای خۆمان. سەروتار. سەرنووسیار ........ 3
چەمکی ڕیالیزم لە نێوان فەلسەفە و هونەر و ئەدەبدا. لێکۆڵینەوە. د. عادل گەرمیانی ........ 5
پەری شێخ ساڵح ئەو ژنەی لە فەرهەنگی شیعردا. لێکۆڵینەوە. کەمال غەمبار ........ 14
ساروت و.. "هەڵچوونەکان" و ڕۆمانی نوێ. لێکۆڵینەوە. لە عەرەبییەوە: لەتیف هەڵمەت ........ 22
تەکنیک و هونەر لە نۆڤلێتی (لە خەوما). لێکۆڵینەوە. د. ئازاد حەمە شەریف ........ 40
خەیام شاعیرێک لە دووڕیانی دڕدۆنگیدا. باس. حەیدەر عەبدوڵڵا ........ 49
کۆلارە یا فڕینی خەیاڵی خالید حوسەینی. هەڵسەنگاندن. یوسف لەتیف ........ 54
مەملەکەتی حیکایەتەکان. لێکۆڵینەوە. ئەرشەد تەحسین عوسمان ........ 60
ئانا زێگەرز. ناساندن. لە ئەڵمانییەوە: عومەر عەلی شەریف ........ 80
بریتۆن.. ئەو کەسەی شیعری کرد بەشانازییەکی مرۆڤانەی بەردەوام. باس. و: جومعە جەباری ........ 85
چیرۆکنووس ئەرسەلان تۆفیق. دیمانە. سازدانی: هێمن عوسمان عەبدوڵڵا ........ 95
لەگەڵ محەمەد عوزێمە. دیمانە. لە عەرەبییەوە: عەبدولموتەڵیب عەبدوڵڵا ........ 102
ناساندنێکی کورتی ئاهەنگی لادێی ئەندریە جید. ناساندن. لە فارسییەوە: ئازاد نەجم ........ 107
شیعری نانۆ. شیعر. هاشم سەراج ........ 111
حەقیقەت. شیعر. فازیل ئەحمەد ........ 116
غەزەلنووسێک غەزەلەکانی بەئەدەبەوە دەنووسێتەوە. شیعر. پەسار فایەق ........ 119
لە بادا ماناکان کاڵ دەبنەوە. شیعر. ستار ئەحمەد ........ 123
حیکایەتەکانی شمشێر. شیعر. رزگار جەباری ........ 126
چەند دەقێن ڤەکری .دەق. عبدالرحمن بامەرنی ........ 129
نامەیەک بۆ هاوڕێکەم. نامە. گۆران ڕەئووف ........ 133
ئەم گوندە کارەساتێکی بەسەردا دێ!. چیرۆکی وەرگێڕاو. لە عەرەبییەوە: سابیر مەلوول ........ 137
ئەو خەونانەی دێنە دی!. چیرۆکی وەرگێڕاو. لە تورکمانییەوە: عەبدولستار جەباری ........ 140
گوڵی گلێنەی چاو. کۆنە دەفتەر. جەلال مەحموود عەلی ........ 142

سەروتار

سەرنووسیار

# ڕەوشی کایەی وەرگێڕان لەوێ و لای خۆمان

مایەی خۆشحاڵییە خەریکە وەرگێڕان لە بزاوی ڕۆشنبیریی کوردیدا ڕۆڵی سەرەکی لە مەیدانەکەدا دەگێڕێت. واتا لە گشت بوارەکانی تر (شیعر، چیرۆک، ڕۆمان، ڕەخنە، شانۆ....) چالاکتر و ئەکتیڤترە. تاکو کۆمەڵە چیرۆکێکی کوردی دەکەوێتە بازاڕەوە، بە دەیان کۆمەڵە چیرۆکی وەرگێڕاوی بیانی بازاڕ دەتەننەوە، وەرگێڕان وێڕای نەرێنی و ناکامڵی و ناتەواوییەکانی، ئینجاش هەندێک لە شاکارەکانی دنیای ئەدەبی لە کتێبخانەی کوردیدا جێ کردووەتەوە.

وەرگێڕان خۆی لە خۆیدا دیالۆگە لەگەڵ کولتووره هەمەڕەنگەکانی میللەتانی تردا، بگرە وەرگێڕان لە کایەی ڕۆشنبیریدا ڕۆڵی پەیامبەر دەبینێت و پەنجەرەیەکی ڕۆشنبیرییە بە ڕووی کولتوورەکانی تردا دەکرێتەوە.

مخابن، یەکێک لە هەڵە کوشندەکانی بواری وەرگێڕان لای خۆمان بێ بەرنامەیی و بێ سەرەوبەرەییە لە پرۆسەی وەرگێڕاندا. ئەوەتا بە دەیان کتێبی ئەدەبی وەردەگێڕدرێن، کەچی بە دەگمەن کتێبێکی فەلسەفی، یاخۆ هزرییان تێدا دەبینیتەوە. بە سەدان کتێبی ئەدەبی بازاڕی کتێب دادەگرن، کەچی ئینجا کتێبێکی زانستی دەکەوێتە بازاڕەوە. خۆ کتێبی تایبەت سەبارەت بە دەروونناسی و زەویناسی و پزیشکی و ئەندازە و ماتماتیک و فیزیا و کیمیا و بوارە زانستەکانی تر هەر باس ناکرێت.

بەپێی دوا ئاماری نەتەوە یەکگرتووەکان، لە وڵاتێکی (٧) ملیۆنیی وەکو

ئیسرائیل، ساڵانە (١٥٠٠٠) کتێب وەردەگێڕدرێن، کەچی لە هەموو وڵاتە عەرەبییەکاندا، کە دانیشتوانیان خۆی لە (٣٥٠) ملیۆن دەدات، تەنیا (٣٣٠) کتێب ساڵانە وەردەگێڕرێن.

واتا لە سەردەمی (مەئموون بن ڕەشید)ـەوە تاکو ئەمڕۆ چەند کتێب وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی عەرەبی، لە ئیسرائیل ئەوە بەچوار ساڵ دێتە ئەنجامدان و لە وڵاتێکی وەکو ئیسپانیاش بەیەک ساڵ تۆڵەی دەکرێتەوە. گشت ئەو کاغەزانەی ساڵانە لە وڵاتە عەرەبییەکاندا بەکار دەهێنرێن، بەشی دەزگایەکی چاپ و بڵاوکردنەوەی فرەنسایی ناکەن.

ئەمە نیشانەی ئەوەیە قەڵشتی جیاوازیی ژیاری لە نێوان عەرەب و ڕۆئاوادا چەند لە بەرینی و فرەوانیدایە. هەڵبەت ئەمەش بەڵگەی ململانێی بوون و مانەوەیە لە ژیاندا.

ناتەواوییەکە لەوەدایە ئەو کتێبە عەرەبییانەی وەرگێڕدراون پتر ئەدەبین و بە کەمی کتێبی زانستییان تێدا بەدی دەکرێن. زۆربەی زۆری ئەو کتێبانەی لە سەدەی نۆزدەدا عەرەبەکان وەریان گێڕاون لە بەرژەوەندیی بواری ئەدەبدا بووە نەک زانست، بەپێچەوانەی وڵاتێکی بچووکی وەکو ژاپۆنەوە، هەر لەو کاتەدا زیاتر کەوتنە وێزەی وەرگێڕانی کتێبە زانستییەکان و بارۆمەتری وەرگێڕانی ئەدەبی ڕوو لە داکشان بوو. جا ئەگەر حاڵی میللەتێکی وەک عەرەب وابێت، داخۆ دۆخی ئێمەی کورد چۆن!! کە ناکرێت لەم دۆخەدا خۆمان لەگەڵ ئەواندا لەم بوارەدا بەراورد بکەین. بۆیە پێویستە لای خۆمانیش بە بەرنامە کار بکرێت و دەزگای گەورەی تایبەت بە وەرگێڕان دابنرێت، بە بەرنامە کار بکرێت و کەسانی پسپۆڕ و زمانزان بەڕێوەی ببەن و سانسۆری هونەری بخەنە سەر کتێبە وەرگێڕاوەکان، چونکە پتر لە ڕێی وەرگێڕانەوە زمانەکەمان پێش دەکەوێت و گەشە دەکات. هەروەها کار بۆ ئەوە بکرێت لیژنەی جیا جیا لە زمانزانانی وەک "عەرەبی و تورکی و فارسی و ئینگلیزی" دابنرێن و دوور لە ڕووپامایی (مجاملة) و برادەری و شارچێتی و چی و چیی تر، نموونەی ئەدەبی کوردی وەربگێڕدرێنە سەر ئەو زمانانە، تاکو ئەدەبەکەمان بە دنیا بناسێنرێ.

لێکۆڵینەوە

د. عادل گەرمیانی

# چەمکی ڕیالیزم
# لە نێوان فەلسەفە و هونەر و ئەدەبدا



سادەترین پێناسەی ڕیالیزم (Realism) ئەوەی لە کەتوارەوە (واقیعەوە) هەڵقولاوبێ، بە مەبەستی تۆمارکردنی حاڵەتێک لەناو کەتوارەکە، یان بەرجەستەکردنی ئەو کەتوارە لەناو بەرهەمەکە، لە وشەی کەتوار (واقیع –Real) سیفەتی ڕیالیزمی (کەتواری – Realty) وەرگیراوە. لەناو فەلسەفەدا بەرامبەر وشەی (کەتوار _ واقیع) وشەی (ڕاستی– Truth) زیاتر بەکار دەهێنرێ "(١).

هەموو بەرهەمێکی فەلسەفی، یان هونەری، یان ئەدەبی، لە کۆنەوە تا ئەم ڕۆژگارە کەم و زۆر پێوەندیی بە کەتوارەوە هەبووە. سروشتی دەرخستنی (کەتوار _ واقیع)ەکەش پابەندی سروشتی بیرکردنەوە و، ئاستی هۆشیاری خاوەن بەرهەمەکەیە، ڕیالیزم لەلایەن فەلسەفەوە لە ئامێز گیراوە، پاشان لەناو هونەری شانۆ و نیگارکێشان ڕەنگی دایەوە و، لەناو باوەشی ئەدەب لەدایک بوو و بەرجەستە کرا. ئەم ڕاستییە مێژووی گەشەسەندنی ڕیالیزم تۆمار دەکات. فەلسەفە زانستی زانستەکانە و، هەر لە کۆنەوە ڕیالیزم لە بەراوردکردندا لەگەڵ چەمکی میسالیەت بەکار دەهێنراو، زیاتر چەمکی ڕیالیزم لە خزمەتی فەلسەفەی میسالیەت بووە و، تا سەدەکانی ناوەڕاستدا بەو ئەرکە هەڵدەستا. لەم بارەیەوە دیمین گرانت دەڵێت: (ڕیالیزم هەر لە بنەڕەتەوە لە خزمەتی میسالیەت بووە و فەیلەسوفەکانی نەسرانیەت لە سەدەکانی ناوەڕاستدا بەکاریان دەهێنا کاتێک دەیانوت: شتە گشتییەکان، وەکو دادوەری و کار چاکی، هەبوونی ڕاستەقینەی خۆیان هەیە، سەربەخۆیی خۆیان لەناو شتە تایبەتییەکاندا هەیە)(٢).

فەیلەسووفە کۆنەکانی یۆنان، وەکو ئەرستۆ و ئەفلاتۆن، هەر یەکێکیان بە جۆرێک سوودی لە چەمکی ڕیالیزم بینیووە، لای ئەرستۆ (سروشت خۆی لە ڕیالیزمی ڕاستەقینەیە)، بەڵام لای ئەفلاتۆن (سروشت تەنیا لاساییکردنەوەی نموونەیەکی ناوەڕۆکدارە)(٣). ئەم لاساییکردنەوە (Meminess). لای ئەرستۆ یەکەمین ئارەزووە مرۆڤ بە هۆیەوە فێر دەبێ و، هەر ئەم ئارەزووە پێوەندییەکی پتەو لە نێوان هونەر و ڕیالیزم دەخوڵقێنێ"(٤). لەم بارەشەوە داوای لاساییکردنەوەی ڕیالیزمی مەوزووعیی دەکرد نەک لاساییی بیر و باوەڕە میسالییەکان بکات. لە سەرەتادا ڕیالیزمی ناو فەلسەفە بە واتای باوەڕکردن بە ڕاستی بیروڕاکان بوو"(٥). لەناو فەلسەفەشدا دەرخستنی ڕیالیزم بە لاساییکردنەوە دادەنرا، بەڵام لەناو ئەوانەی بایەخیان بە دەرخستنی ڕیالیزم دەدا لە پاش سەدەی ڕێنیسانسدا بە ڕەنگدانەوەیان لە قەڵەم دەدا، تەنانەت وەلیەم شێکسپیر داوای ئەوەی دەکرد، (هونەر دەبێ ڕەنگدانەوەیەکی ژیان بێ نەک تێکدانی)(٦). لێرەدا دەردەکەوێ زاراوەی لاساییکردنەوەی ڕیالیزم ئەرستۆیی کۆنە، بەڵام ڕەنگدانەوەی ڕیالیزم سەر بە خەمخۆرەکانی ڕیالیزمە لە پاش سەدەی ڕێنیسانسدا. فەلسەفەی ڕەنگدانەوەی ڕیالیزمیش خۆی لەوە دەنوێنێ: (هەموو بۆچوونێک لەبارەی جیهانی دەرەوەیی تەنیا ڕەنگدانەوەیەکە لە هۆشی مرۆڤدایە، ئەم ڕاستییە سەرەکییە لە پێوەندی نێوان هۆش و دەوروبەردا مەسەلەی ڕەنگدانەوەی ڕیالیزم بە شێوەیەکی هونەریش دەگرێتەوە.)(٧).

سەرهەڵدانی ڕیالیزم لەناو ئەدەبی گریکی و ڕۆمانی کۆندا زیاتر بۆ " وێنەگرتنی کەتوار بە

تویکلّیکی ئەستوور لە بۆچوونە خەیالّی و داستانییە داپۆشراوەکاندا[٨]. دەگەڕێتەوە. پێوەندی ڕاستی بە ڕیالیزمەوە ڕێژەییە نەک ڕەهاییە. ئەو گەڕانەش بەدوای ڕاستی لەناو بۆچوونەکانی ئەرستۆ و ئەفلاتۆندا شێوەیەکە لە شێوەکانی ئاراستەکردنی ڕیالیزم لە خزمەتی ڕاستی و میسالیەتدا. داواکردنی لاساییکردنەوەی لەلایەن ئەرستۆوە لە بواری وێنەی هونەری و مەرجەکانی ڕیالیزم ئەو شاعیرەی ڕێی چوونە ناو کۆمارە بەختەوەرەکەی ئەفلاتون، کەوا بە هۆیەوە پێ دەدرێت، باری چەمکی ڕیالیزم لەو سەردەمە دەردەخات.

سروشتی ڕیالیزم قوتابخانەیە، چونکە لە قوتابخانەدا هەندێ بنەوا هەیە نابێ نووسەر، یا هونەرمەندی سەر بەو قوتابخانەیە لێی دوور بکەوێتەوە. چەمکی قوتابخانەش زیاتر لەناو هونەردا ڕەنگی دایەوە، چەمکی قوتابخانە چەمکێکی کۆمەکییە و، لەلایەن هەندێ کەس بنەماکانی بۆ پێڕەوکردن لە لایەن لایەنگیرەکانیەوە دادەنرێت، بەڵام چەمکی قوتابخانە ئامادەیە بۆ بەدیهێنانی گۆڕانکاری بەسەریدا. ئەمەش بە ئاشکرا دەرکی پێ دەکەین لە گۆڕانی بەرجەستەکردنی چەمکی ڕیالیزمی کلاسیکی، لەناو ئەدەبی سەدەی هەژدە و نۆزدەمدا، بەرەو چەمکی ڕیالیزمی نوێ لەناو ئەدەبی پاش شەڕی یەکەمی جیهانی، هەروەها پەرەسەندنی چەمکی ڕیالیزمی ڕەخنەگری لەناو ئەدەبدا بەرەو ڕیالیزمی سۆشیالیزمی. ئەم دیاردەیە زیاتر سروشتی چەمکی ڕیالیزم ڕوون دەکاتەوە وەک قوتابخانەیەک. هەروەها ئەم دیاردەیە جەخت دەکاتە سەر ئەوەی ڕیالیزم دیاردەیەکی مێژووییە و، بەپێی قۆناخە مێژووییەکە گۆڕاوە. لێرەدا دەردەکەوێ تا چ ڕادەیەک ڕیالیزم : (هەر وەک چۆن شێوازێکی داهێنانە، لە هەمان کاتیشدا دیاردەیەکی مێژووییە لە قۆناخێکی تایبەت لە پەرەسەندنی ئەقلی مرۆڤایەتی بەدەرکەوت....)[٩].

زاڵبوونی بۆچوونە میسالییەکان بەسەر چەمکی ڕیالیزم لە پەنای دەسەڵاتی کڵێسە لە ئەوروپا زیاتر سەقامگیربوو. ئەم زاڵبوونە بە شێوەیەک بوو دان بە هەبوونی هیچ شتێک نەدەنرا لە دەرەوەی مێشکی مرۆڤدا بێ. ئەم دیاردەیە گەیشتە ڕادەی بڕیاردان لەسەر کوشتنی (گالیلۆ)ی زانا، چونکە هەندێ زانیاری دروستی لەبارەی خولاندنەوەی عەرز بەدەوری بازنەی خۆردا پێشکێش کرد.

ئەم کردەوەیەی کڵێسە، لەو سەردەمەی ئەوروپا، زیاتر لایەنی سروشتی میسالیەتی دەرخست لە دژایەتییەکەی بەرامبەر بە ڕیالیزم و، ددان پێنەنانی بە ڕاستیی هەبوونی شتومەکەکان لە دەرەوەی عەقلی مرۆڤدا، تەنانەت فەیلەسووفانی ماتریالیزم گەیشتنە ئەو باوەڕەی هۆشیاری مرۆڤ ڕەنگدانەوەیەکی هەبوونی شتومەکەکانی دەوروبەرێتی لەو کەتوارەی تێدا دەژیت.

بەرهەڵستکردنی میسالیەت و دەسەڵاتی کڵێسە لە سەردەمی بووژانەوە (ڕینیسانس – Re-neissance) زیاتر دەستی بەسەرهەڵدان کرد. لەم سەردەمەدا" ڕیالیزمی ئەسپانی نێزیکتربوو لە ڕیالیزمی سەدەی ڕووناکبیری لەچاو ڕیالیزمی ئینگلیزیدا"[١٠]، چونکە لەناو ڕۆمانەکەی (دۆن کیخوت)ی سیرفانیتسدا هەست بە هەوڵدانی پاڵەوان دەکەین بۆ خۆ دوورخستنەوە لە قەوارەی

ژینگەی دەرەبەگایەتی، کەوا سوودێکی زۆری لە سروشتی بیرکردنەوە میسالییەکانی کڵێسە و دەسەڵاتدارەکانی وەرگرت.

بیرکردنەوەی ڕیالیزمیانە لە سەدەی رینیسانسدا چەند هەنگاوێکی باشی نا بەرەو تەشەنەکردن لەناو خەڵکیدا. ناوەڕۆکی مێژوویی ئەو بیرکردنەوە، " بەکورتی برێتی بوو (لە هەوڵدان بۆ...ع، گ) لەناوبردنی ڕۆشنبیریی دەرەبەگایەتی و کڵێسەداری و، دانانی زەمینەی ڕۆشنبیرییەکی تازەی هاوچەرخیانە"(١١). لێرەوە دەردەکەوێ سەردەمی رینیسانس: (بەگەورەترین گۆڕانکاری دادەنرێ کەوا مرۆڤایەتی بە درێژاییی مێژووکەی نەیدیبوو)(١٢).

پاش سەرکەوتنی شۆڕشی بورژەوا لە سەدەی هەڤدە لە ئینگلتەرا و شۆڕشی بورژەوا لە سەدەی هەڤدە لە فرەنسادا، سەدەیەکی تازە لە ئەوروپا لەدایکبوو پێی دەوترێ سەدەی ڕووناکبیری– En-lightenment لەم سەدەیە بیروباوەڕی سەردەمی دەربەگایەتی بەرەو ئاوارەبوون هەنگاوی نا، چ لە بواری بیرکردنەوەی تەنیا میسالیەت، چ لە بواری بیرکردنەوەی چینایەتی لە خزمەتی دەرەبەگایەتیدا.

چەمکی ڕیالیزم لەگەڵ سەقامگیربوونی دەسەڵاتی چینی بورژەوا لە سەدەی ڕووناکبیریدا، دەستی بە لەدایکبوونێکی تەواو لەناو ئەدەب کردو، بەرە بەرە چەمکی ڕیالیزم لە ئامێزی فەلسەفەی میسالیەت دوورکەوتەوە و بەرەو خۆ نێزیکخستنەوە لە سروشتی فەلسەفی ماتریالیزمی سەدەی نۆزدەم هەنگاوی دەهاوێشت. ئەم چەمکەی ڕیالیزم زیاتر لەناو ڕۆماندا دەردەکەوت و بەرجەستە دەکرا. لێرەدا دەردەکەوێ چەمکی ڕۆمان و چەمکی ڕیالیزم زیاتر بە زادەی قۆناخی دەسەڵاتی چینی بورژەوا لە ئەوروپا دادەنرێ و، ئەم هاوەڵێتییە تا ئەم ڕۆژگارە بەردەوامە. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ چەمکی ڕیالیزم لەناو بەشەکانی تری ئەدەبدا، وەکو شیعر و چیرۆک و شانۆ، ڕەنگی نەداوەتەوە، بەڵام ڕۆمان بوارە سەرەتایی و سەرەکییەکەی بوو. کەچی لەناو ئەدەبی کوردیدا شیعر بواری سەرەتای ڕەنگدانەوەی ڕیالیزم بوو، وەکو لە هۆنراوەکانی حاجی قادری کۆیی بەرچاو دەکەوێ.

ئەم تەمومژە لە تێکەڵکردنی چەمکی ڕیالیزم لەگەڵ چەمکی ڕاستی و دروستی لە پاش سەدەی رینیسانسدا نەما. لە سەدەی رینیسانسدا نووسەران (بایەخێکی زۆریان دا بە کێشەی مرۆڤی کامیل، کەوا پەرەسەندنی بەرفراوانە، زیرەک و ڕزگاربووە لە هەموو پێوەندییەکانی سەدەکانی ناوەڕاستدا)(١٣). هەروەها لەو سەدەیەدا وێنەی مرۆڤ بە شێوەیەک دەگیرا کەوا یەکەمین لێپرسراوی ڕاستەوخۆیە لە خێر و شەڕدا"(١٤). لێرەوە دەردەکەوێ " ڕیالیزمی سەدەی رینیسانس پشتی بە وشیاری ژیان بە شێوەی وشیارییەکی زانستی و ئەقڵی بەست"(١٥). لەگەڵ " هەوڵدانی ئەقڵی مرۆڤایەتی بۆ دەرککردن بە ڕاستیی ژیان و شۆڕبوونەوە بۆ نهێنییەکانی جیهانە ڕاستەقینەکە، نەک بە خەیاڵ دروستکراوەکە..."(١٦).

ئەو چەمکانەی ریالیزمی ڕاستەقینە و، ڕاستی و دروستی، لەناو ئەدەبی سەدەی نۆزدەمدا گۆڕانکاری بەسەردا هات و، چەمکی ریالیزم لە وێنە گرتنێکی فۆتۆگرافییانەی کەتوار دوورخرا، چونکە نووسەرە مەزنەکانی سەدەی نۆزدەم هەوڵی بەخشینی قاڵبێکی هونەریان بە چەمکی ریالیزمیەتییەکە دەدا، لە ڕێگەی دیسانەوە خەڵقکردنی ریالیزمەکە لەناو ئەدەبدا بە شێوەیەک دەقاودەق لێکچوو نەبێ و، دەقاودەقێکی خەیاڵیی نادروستی دوور لە ڕیالیزمی کۆمەڵەکەش نەبێ.

فەرەنسای پاش شۆڕشە بورژەواکەی لە ساڵی ١٧٩٨ دا زیاتر بەشوێنی لەدایکبوونی ریالیزمیەتی هونەری دادەنرێ، چونکە ئەو جۆرە ریالیزمیەتییە لەناو ڕۆمانەکانی سامۆئیل ریچاردسن و هنرێ فلدنگ و سمۆلیت و گوڵدا سمیپ لە ئینگلتەڕای سەدەی هەژدەم بەدی دەکرێ زیاتر ریالیزمیەتێکی ساکارانەیە. لەناو بەرهەمی ئەو ڕۆمانسانە" دووبارە وێنەگرتن، یا خەڵقکردنی بواری کۆمەڵایەتی خەڵقکردنێکی هونەرییانە و، کارتێکردنی ئەو بوارە کۆمەڵایەتییە لەسەر ڕەوشتی خەڵکی و، وێنەگرتنی کلکایەتی مرۆڤ بۆ ئەو بارودۆخەی پێوەندیی بە ئاستە کۆمەڵایەتییەکەی هەیە.. هەموو ئەمانە بە پلەی یەکەم لە دەستکەوتە گەورەکانی ڕۆمانی ئینگلیزی دادەنرێ"(١٧). ئەم لایەنە لەناو ئەدەبی فرەنسیی ئەو سەدەیە ڕەنگی داوەتەوە، بە تایبەتی لەناو بەرهەمەکانی دیدرۆ (١٧١٣- ١٧٨٤) و بۆمارشیە (١٧٣٢- ١٧٩٩). لە بواری ڕۆمانی فرەنسیی ئەو سەدەیە " وێنەی پاڵەوانەکانیان وەکو نوێنەرێکی بوارێکی کۆمەڵایەتیی دیاریکراو دەگرن و، لەگەڵ کارتێکردنی میزاجەکان Dispositions بەسەر جیهانی ناوەوەی کەسەکاندا"(١٨).

ئەگەر ڕۆمان بە کاردانەوەیەکی ڕۆمانس دابنرێ، ئەوا ریالیزمیش، وەکو قوتابخانەیەکی ئەدەبی، بە کاردانەوەیەکی قوتابخانەی ڕۆمانتیکییەت دادەنرێ، چونکە ڕۆمانس و ڕۆمانتیکییەت هەوڵی دوورخستنەوەی مرۆڤیان لە کەتوارەکەی دەدا لە ڕێگەی خەڵقکردنی جیهانێکی میسالیی نا واقیعی، بەڵام ڕۆمان و ریالیزم زیاتر خەمی نێزیکخستنەوەی مرۆڤیان لە کەتوارەکەی دەدا، تەنانەت هەوڵیان دەدا مرۆڤ تەنیا بۆ ژیان لەناو کەتواری کۆمەڵەکەی نەژێت، بگرە خەمێکی گۆڕینی بارودۆخەکەیش بخوات.

لە سەرەتادا مەسەلەی لاساییکردنەوەی سروشت لەناو هەندێ تابلۆی هونەرمەندی شێوەکاری دەبینراو، ئەوەندە زیادەڕۆیی تێدا دەکرا تەنانەت وەکو دەگێڕنەوە هونەرمەندێک ئەوەندە بە ئەمانەتەوە وێنەی دەنکە شامییەکانی ناو شووتییەکی گرتبوو باڵندەیەکی ڕاستەقینە بەهەموو ئەقڵییەوە دەنووکی لێیان دەدا، وەکو ئەوەی دەنکە شامییەکان ڕاست بن نەک وێنە کێشراوبن.

ڕیالیزم، وەکو لاساییکردنەوەیەک لەناو شانۆنامەکانی وەلیەم شێکسبیر لە ئینگلتەراو، تابلۆ هونەرییەکانی گۆستاف کوربیە لە فرەنسادا ڕەنگی داوەتەوە پێش ئەوەی لەناو ئەدەب وەکو قوتابخانەیەک لەدایک ببێ. بەختی ریالیزم زۆر باش نەبوو، لە سەرەتای ڕەنگدانەوەی لەناو هونەرو لەدایکبوونی لەناو ئەدەبدا چەندان بەرهەڵستکاری هەبوو، بۆ نموونە گۆستاف کۆربیە لە ساڵی ١٨٥٥دا پێشانگەیەکی کردەوە ئەو تابلۆیانەی تێیدا پێشان دا کەوا لەبەر لاساییکردنەوەی

کەتوار لەلایەن ڕەخنەگرانەوە ڕەت کرابوون و، لەسەر دەرگەی پێشانگەکەی ناونیشانی (لەناو ریالیزمیەتدا) هەڵواسی[١٩]. ئەم بەرهەڵستکارییە بەرامبەر چەمکی ریالیزم لە سەرەتای لەدایکبوونی ریالیزم لەناو ئەدەبیشدا وەبەرچاو دەکەوێ، بۆ نموونە ڕۆماننووسی فەرەنسی گۆستاف فلۆبیر(١٨٢١- ١٨٨٠) لە نامەیەکدا بۆ خاتووی ڕۆماننووس جۆرج صائد دەڵێت: (زۆر ڕقم لەوە دەبێتەوە پێی دەوترێ ریالیزم، هەرچەندە منیان بە یەکێک لە ڕابەرەکانی داناوە)[٢٠]. هەروەها بۆدلیری شاعیریش لەم بارەیەوە دەڵێت: (ئەم وشەیە جنێوێکی ناشیرینە بە ڕووی خاوەنانی ئەقڵ دەدرێ)[٢١]. هەروەها لەبەر بەرهەڵستکاری گۆوارەکەی (دۆرانتی) کەوا لە نێوان مانگی تەمووزی ١٨٥٦ و مانگی ١٨٥٧ دا لە فەرەنسا بە ناونیشانی (ریالیزم) دەردەکرا تەنیا شەش ژمارەی لێ دەرچوو، هەروەها چەند بەرگێکی لە ساڵی ١٨٥٧ دا لێ دەرچوو کەوا ڕۆماننووسی فرەنسی شامفلۆری (١٨٢١-١٨٨٩) چەند وتارێکی لەمەڕ چەمکی ریالیزم تێیدا بڵاو کردەوە، لە وتارەکانی ناو ئەم گۆوارەدا بنەوا سەرەکییەکانی ریالیزم دەستنیشان کرا، وەکو:

١- دەبێ هونەر نواندنێکی وردی جیهانی ریالیزمی پێشکێش بکات.

٢-دەبێ ژیان و دابەکانی کۆمەڵ لە چوارچێوەی سەرنجدانێکی ورد و شیکردنەوەیەکی زیرەکانە بخرێتە ژێر لێکۆڵینەوە. ئەم کارە دەبێ بە شێوەیەکی مەوزووعی دوور لە سۆز و هەڵوێستی تاکەکەسی بە ئەنجام بگەیەنرێت.

٣- دەبێ ڕۆماننووس لەسەر دیمەنی کەسەکانی پێشەکەی بکۆڵێتەوە و، لێیان بپرسێ و، لە وەڵامەکانیان ورد ببێتەوە و، شارەزایی شوێنی دانیشتنیان بێت و، لە دراوسێیەکانیان بپرسێ و، پاشان نەخشەکەی بکێشێ و، تا دەتوانێ بەربڵاوی خەیاڵی لغاو بکات[٢٢].

ئەو بەرهەڵستاکارییە ریالیزم لە سەرەتای لەدایکبوونی بەرەنگاری بوو نەبووە هۆی پەککەوتنی، بگرە توانستی بەردەوامی خۆی بنوێنێ، چونکە ریالیزم:" کوششێکی بەردەوام دەنوێنێ بۆ لێکۆڵینەوە لەبارەی ناخی ژیانی مرۆڤایەتی، بۆیە ریالیزم لە سنوورێکی دیاریکراودا ناوەستێ، بگرە گەڕانێکی بەردەوامە لەبارەی نهێنیی ژیان و، شێوەکانی رزگاربوونی مرۆڤایەتی لە ئەشکەنجەکانی، چونکە ئەو شێوانە بە شێوەیەکی تەواو نەدۆزرانەتەوە.."[٢٣].

گەشەسەندنی ریالیزم لە فرەنسا زیاتر بۆ دوو هۆ دەگەڕێتەوە: " یەکەمیان گەشەسەندنی ژانری چیرۆکە لەناو ئەدەبی ئەورووپایی نوێ و، دووەمیان سروشتی بونیاتی فیکری و ویژدانیی گەلی فرەنسایە"[٢٤]. ریالیزمی ناو ئەدەبی فرەنسی لە سەرەتای ڕەنگدانەوەکەی لە سەدەی نۆزدەمدا برێتی بوو لە:" ڕاستگۆیی سەرنج و وەسفکردنی ڕووداو و کەسەکان.."[٢٥]. زاراوەی ریالیزم لەناو ئەدەبدا بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٧٩٨دا لەلایەن هەردوو برا شیللەر و فریدریک شلیگل لەنێو ئەدەبدا بەکار هێنرا. شیللەر ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کەوا ریالیزم شاعیر ناخولقێنێ، کەچی فریدریکی برای لەو باوەڕەدا بوو هیچ ریالیزمێکی ڕاستەقینە نییە جگە لە ریالیزمی شیعر".

لەناو ئەدەبی فرەنسی لە سەدەی نۆزدەمدا ستندال و بلزاک ڕابەری قوتابخانەی ڕیالیزمین لەناو ئەو ئەدەبە، ئەم ڕیالیزمیە لەناو ئەدەبی میللەتانی تریشدا ڕەنگی داوەتەوە. بۆ نموونە لەناو ئەدەبی کوردیشدا لە سەدەی نۆزدەمدا ڕەنگی داوەتەوە و، هونراوەکانی حاجی قادری کۆیی باشترین نموونەی ئەدەبی ڕیالیزمی کوردیمانە لە سەدەی نۆزدەمدا، ئەم قوتابخانەیە بووە مۆرکی سەرەکیی چیرۆک و ڕۆمانی کوردی لە سەرەتای لەدایکبوونیان لە سەدەی بیستەمدا.

ئەو ڕاستی و دروستییە لە ئەدەب و نووسەرانی سەدەکانی ڕینیسانس و ڕووناکبیری داوا دەکرا، زەوینەی بۆ لەدایکبوونی ڕیالیزم لەناو ئەدەبدا خۆش کرد، هەرچەندە مەرجیش نییە ڕاستگۆییی نووسەر ببێتە ڕێ خۆشکەرەوەیەک بۆ کەتواری دروست تەنیا ئەگەر بووە دەربڕینێکی ئەدەبیی لەبارەی بزاڤێکی کۆمەڵایەتیی گرینگ، بە تەنگوچەڵەمەکانی هانی نووسەر دەدا تا ماکە گرینگەکانی پەرەسەندنی بە گیانێکی پڕ لە ئازایەتی پێشان بدات...(٢٦).

هەبوونی زیاتر لە جۆرێک لەناو قوتابخانەی ڕیالیزمی هاوچەرخدا دیاردە و، دەلالەتێکە جەخت دەکاتە سەر گیانی دیالیکتیکانەکەی. بەردەوامی قوتابخانەی ڕیالیزم و جۆرەکانی لەناو ئەدەبدا پێی دەوترێ (زانستی کۆمەڵایەتیی ئەدەب). ڕاستە ئەم زانستە لە فرەنسا لە ساڵی ١٨١٠ دا لەسەر دەستی مدام دی ستایل بنەواکەی دانراوە بەهۆی کتێبە بەنرخەکەی، (کۆمەڵناسی ئەدەب). بەڵام ئەم زانستە بە ڕوونتر و فراوانتر لە پاش شەڕی دووەمی جیهانی تەشەنەی کردووە. ئەم زانستە تازەیە لە یەکەتیی سۆڤیەتی (جاران) مۆرکێکی سۆشیالیزمی وەرگرت، چونکە ئەم زانستە هەردوو زانستی ئەدەب و کۆمەڵناسی پێکەوە کۆ دەکاتەوە بۆ ئەوەی کارتێکردنی لە یەکتری لە نێوان کۆمەڵ و ئەدەب پێشان بدات. هەروەها ئەوەش پێشان دەدات تا چ ڕادەیەک ئەدەب ئاوێتەی ژیانی کۆمەڵە لە قۆناخێکی تایبەتیدا.

ئەگەر ڕیالیزم لای شاعیری ئەمەریکی والاس ستیڤر (١٨٧٩- ١٩٥٥) پۆخەڵکردنی کەتوار بێ(٢٧). ئەوا لای ئەدمەوند گۆش، ڕیالیزم ئەرکی پاقژکردنەوەی کەشوهەوای لە هەزاران کاری بۆدڵی نواند(٢٨).

ڕیالیزم لای فریدریگ ئەنگلز، وەکو لە نامەیەکی هاتووە لە ساڵی ١٨٨٨دا بۆ خاتوو هارکنسی ڕۆماننووس ناردووە بە بۆنەی دەرچوونی ڕۆمانەکەی (کچی شار) دەڵێت: (ڕۆمانەکەت بەو شێوە ڕەچاو کراوە ڕیالیزمی نییە، چونکە ڕیالیزم، وەکو بۆی دەچم، دەبێ بە ئەمانەتەوە وێنەی بارودۆخە ڕۆژانەی دووبارەکراو بگرێت لەگەڵ دیقەتکاری لە دەرخستنی لایەنە وردەکانی)(٢٩). ڕیالیزم لای جورج. ج. بیکر بۆنیاتێکی هونەرییە بە شێوەیەک لە کەتوار تێ دەگا و، پاشان وێنەیەکی ناڕاستی پێشکێش دەکات"(٣٠). لە لای بۆریس بۆرسۆف ڕیالیزم:" لێکۆڵینەوەیەکی هونەرییە لە بارەی ڕەوتی گیانداری و مێژووی مرۆڤایەتییە"(٣١). لای ڕۆجیە گارودی هونەری ناڕیالیزمی نییە و، دەوری ڕیالیزم لە هونەردا لەوەدایە:" دەرککردن بە هاوبەشیکردن لە خوڵقاندن و تازەکردنەوەی بەردەوامی مرۆڤ لەلایەن مرۆڤ خۆیەوە لە ڕێگەی دانانی ئەو دەرککردنە بە باڵاترین شێوەکانی

سەربەستی"(٣٢). لەلای گ.د. گاتشیف (ڕیالیزم) دووبارە وەبەرهەمهێنانی کەتوارە بەهەمان شێوەی ژیان، بەڵام ئەمە چۆن دەبێ ئەگەر (شێوەی هەمان ژیان) لە کۆمەڵی سەرمایەداری هاوتەریبی گەوهەری ژیان نییە، واتە لەگەڵ ڕیالیزمی ڕاستەقینە هاوتەریب نییە"(٣٣). ئەم لێکچوونە، بەڕای ئێمە، سروشتی بیرکردنەوە و ئایدیۆلۆجیا و هەڵوێستی ڕۆماننووس چارەسەر دەکات.

ئەم جۆرە پێناسانە و، چەندان پێناسەی تری چەمکی ڕیالیزم تەنیا دەلالەتێک دەبەخشن، ئەویش نەبوونی پێناسەیەکی تەواوی چەمکی ڕیالیزمە و، ئەم پێناسەیەش زیاتر بە کردەوە دێتە کایەوە.

پەراوێزەکان:

١- ديمين كرانت _ الواقعية، ت: د. عبدالواحد لؤلؤة، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٨٠، ص ١١

٢- هەمان سەرچاوە، ل ١٤

٣- د. صلاح فضل - منهج الواقعية في الابداع الادبي، منشورات دار الافاق الجديدة، بيروت، ط/ ٣، ١٩٨٦، ص ١١١

٤- هەمان سەرچاوە، ل ١١١

٥- رينيه ويليك - مفاهيم نقدية، ت: د. محمد عصفور ، عالم المعرفة، ع/١١، مطابع دار الرسالة، الكويت، شباط ١٩٨٧ ، ص ١٨٥

٦- د. صلاح فضل - منهج الواقعية في الابداع الادبي، ل ١١٣

٧- هەمان سەرچاوە، ل ١١٨

٨- د. جميل نصيف التكريتي - المذاهب الادبية، مطابع دار الشؤون الثقافية العامة ، بغدا ، ١٩٩٠، ص ٢٢٩

٩- بوريس سوتشكوف - المصائر التاريخية للواقعية، ت: محمد عيتاني واكرم الرافعي،ص١٠

١٠- د. جميل نصيف التكريتي- المذاهب الادبية، ص ٢٤٢

١١- هەمان سەرچاوە، ل٩

١٢- هەمان سەرچاوە، ل٩

١٣- هەمان سەرچاوە پێشوو، ل ٣٢٥

١٤- هەمان سەرچاوە، ل ٣٢٦

١٥- هەمان سەرچاوە، ل ٢٣٤

١٦- هەمان سەرچاوە، ل ٢٣٤

١٧- هەمان سەرچاوە ، ل ٢٣٩

١٨- هەمان سەرچاوە، ل ٢٣٩

١٩- ديمين كرانت - الواقعية، ص ٣٣

٢٠- هەمان سەرچاوە، ل ٣٤

٢١- هەمان سەرچاوە، ل ٣٥
٢٢- د. صلاح فضل - منهج الواقعية في الابدا ع الادبي، ص ١٣
٢٣- محمد رفيق توفيق - الواقعية في ادب عسان كنفاني ، رسالة ماجستير، ص٩
٢٤- رينية ويليك - مفاهيم نقدية ، ت: د. محمد عصفور، ص ١٨٨
٢٥- هەمان سەرچاوە ، ل ١٨٥
٢٦- د. صلاح فضل _ منهج الواقعية في الابدا ع الادبي، ص ١٣
٢٧- ديمين كرانت، الواقعية ، ت: د. عبدالواحد لؤلؤة، ل ١٠
٢٨- هەمان سەرچاوە، ل ٣٨
٢٩- رينيه ويليك - مفاهيم نقدية، ت: د. محمد عصفور، ص ١٨٩
٣٠- ديمين كرانت - الواقعية، ت: د. عبدالواحد لؤلؤة، ص ٢٦
٣١- د. سالم احمد الحمداني - مذاهب الادب الغربي ومظاهرها في الادب العربي الحديث، ص ١٥٧
٣٢- ورجية جارودي - واقعية بالا ضفاف، ت: حليم طرسون، دار الكاتب العربي للطباعة والنشر، القاهرة، ١٩٦٨، ص ٢٢٦
٣٣- موسوعة نظرية الادب، المجلد الثاني- اضاءات تاريخية على قضايا اساسية , القسم الثالث , ت: د. جميل نصيف التكريتي، مطابع دار الشؤون الثقافية. بغداد ١٩٩٤، ص ١٤٨

سەرچاوەکان:

١- ديمين كرانت _ الواقعية، ت: د. عبدالواحد لؤلؤة، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٨٠.
٢- د. صلاح فضل - منهج الواقعية في الابدا ع الادبي، منشورات دار الافاق الجديدة، بيروت، ط/ ٣، ١٩٨٦.
٣- رينية وليك - مفاهيم نقدية، ت: د. محمد عصفور، عالم المعرفة، ع/١١، مطابع دار الرسالة، الكويت، شباط ١٩٨٧.
٤- د. جميل نصيف التكريتي - المذاهب الادبية، مطابع دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ١٩٩٠.
٥- بوريس سوتشكوف - المصائر التاريخية للواقعية، ت: محمد عيتاني واكرم الرافعي
٦- محمد رفيق توفيق - الواقعية في ادب عسان كنفاني، رسالة ماجستير.
٧- د. سالم احمد الحمداني - مذاهب الادب الغربي ومظاهرها في الادب العربي الحديث.
٨- ورجية جارودي - واقعية بالا ضفاف، ت: حليم طرسون، دار الكاتب العربي للطباعة والنشر، القاهرة، ١٩٦٨.
٩- موسوعة نظرية الادب، المجلد الثاني- اضا وات تاريخية علي قضايا اساسية، القسم الثالث، ت: د. جميل نصيف التكريتي، مطابع دار الشؤون الثقافية. بغداد ١٩٩٤.

لێکۆڵینەوە

کەمال غەمبار

# پەری شێخ ساڵح

## ئەو ژنەی لە فەرهەنگی شیعردا
## گەوهەری بوونەوەریەتیی ژنی بەرجەستە کرد



# پێشەکی

ژن ئەو بوونەوەرەیە کە تا ئێستا چەندین لێکدانەوەی بۆ کراوە و، کەم کەس لە کرۆک و گەوهەری ڕاستەقینەی نەگەیشتووە، شاعیری وا هەیە کە لافی داهێنان و تێپەڕکردن لێدەدا، بە جۆرێ سەیری ئافرەت دەکا کە تەنیا بۆ ئەوە خولقاوە کە مایەی وروژاندنی حەز و ئارەزووی پیاو بێ، تەنانەت لە لاساییکردنەوەشدا لە جیاتیی ئەوەی داهێنان بکات، بە تایبەت لە بواری شیعردا، کەچی جوانیی ئەندامەکانی ژن دەشێوێنێ، بۆ نموونە مامۆستا (گۆران) لە پایزدا کە گەڵای دار زەرد دەبن و دەوەرن بە بووکی قژزەردی شان و مل ڕووت دەچوێنێ، کەچی شاعیری وا هەیە، ئافرەت ڕووت دەکاتەوە، بە جۆرێ جوانی و قەشەنگییەکەی دەشێوێنێ کە مایەی قێز و بێز لێ بوونەوە بێ، شتە جوانەکانی نا شیرین دەکا بۆ ئەوەی کە سەرنجی گەنجەکان بۆ لای خۆی بەکێش بکات. تەنیا لایەنێک دەورووژێنێ، بێ ئەوەی ناخی ژن بخوێنێتەوە و لە بوونەوەرییە مرۆڤایەتییەکەی بگات، بەم کارەی ئەگەر بزانێ یان نەزانێ ئاو لە ئاشی کزکردنی هەستی نەتەوایەتی دەکات کە لە ڕۆژگارێکی وەک ئەمڕۆدا تا دێ زیاتر کز دەبێ و دادەتەپێ. کە لاساییی شاعیرێکی ناوداری وەک (نەزار قەبانی) دەکاتەوە، لە جیاتیی ئەوەی داهێنان و خولقاندن ئەنجام بدات، بە ئاستێکی نزم و رووکەش لە دەربڕین و هەستی بەسۆز و وێناکردنی ژن خۆی دەنوێنێ، بۆیە لاساییکەرەوە و لاساییکراوە زۆر دوورن لەیەک، وەک ئەو تەرپیرەی لاساییی گەنجێکی ڕواڵ بکاتەوە، ئاوایە. چونکە لە ڕاستیدا هەستی دەستکرد، ناگاتە ئاستی هەستێکی دەروونی پاک و بێگەرد و سۆزێکی گڕگرتووی ناخی مرۆڤ کە لەگەڵ خودی خۆیدا تا بڵێی ڕاستگۆ و سەرڕاستە.

لەم پێشەکییە کورتەدا مەبەستم بەراوردکردنی دوو بواری جیاوازە لە دنیای شیعردا کە شاعیر دەڕوانێتە ئافرەت، شاعیری پیاو و شاعیری ئافرەت، شیعریش ڕەنگدانەوەی کەسایەتیی شاعیرە.

پەری شێخ ساڵح لە هۆنراوەی (من ئەو ژنەم)دا دەڵێ:

**من ئەو ژنەم**
**کە هەموو عاشقەکانی جیهان**
**لە جوگرافیای بیابانەکانمدا گریان**
**ئەو پەیکەرەم**
**کە (مایکل ئەنگیلۆ) تاشیمی و**
**پەیکەرەکانی دی شکان**
**من ئەو ژنەم..**
**هەر شاعیرێ**
**لە هەر کوێ لەدایک بووە**

## یەکەم شیعری(١)
## بۆ عەشقی من گوتووە

پەری لە سێ تەوەردا، حەقیقەتی ئەڤین و جوانیی ئافرەت و کردنەوەی دەروازەی شیعری وێناکردنی ئافرەت و تەقینەوەی یەکەم سەرچاوەی شیعر بەرجەستە دەکات، کە لە تەوەری یەکەمدا چەندین دڵدار ڕوویان کردە جوگرافییە چۆڵ و بیاوانەکەی، بەڵام نائومێد بوون، تا ڕادەی ئەوەی بۆ بەختی خۆیان گریان، چونکە لەو بیاوانەدا دوو جەمسەر بەرامبەر یەک دەوەستن، دوو فاکتەری نەرێنی و ئەرێنی، ئەگەر بەیەک بگەن ئەوا یەکەتیی دژەکان دێتە کایەوە، ئەگینا یەکتر ڕەت دەکەنەوە، ڕەتکردنەوەکەش لەلایەن خودی ژنەوە دەبێ، کە دەزانێ خۆی لەو ئافرەتانە نییە کە بە سانایی دەروازەی دڵی بۆ هەر کەسێ بکاتەوە کە لە دەرگە دەدات و پێشوازیی لێ بکات، وەک هەندێ کچ و ژنی سادە و ڕووکەش زوو لە خشتە دەبرێن و بە قسەی شیرین هەڵدەفریوێن، بۆیە جوگرافیای دڵەکەی کە مۆڵگەی ڕاز و نیازە چۆڵوهۆڵە و، هەموو کەسێ پەی بەو بیاوانە نابات و لە ئەڤینی ڕاستەقینە ناگات، کە عەشقێکی بێگەردە، لە ناخەوە بۆ ناخێکی تر، واتە ژن تەنیا لەشولار نییە، بگرە هەست و نەستە، بەشدارییەکی ویژدانی و ڕۆحییە لە نێوان دوو جەستە کە لە ئاکامی بە یەکگەیشتندا دەبن بەیەک جەستە.




شاعیری ناوداری تازەخوازی کەرکووکی سەرگۆن پۆڵس جەرگەی واقیعی ژنی پێکاوە، کە چ بوونەوەرێکەوە و، لە چ ڕوانگەیەکەوە هەڵی دەسەنگێنێ و دەڵێ: "ئافرەت هەموو شتێکە.

هەرچەندە کە من بە درێژاییی کات پێوەی خەریک نیم، بەڵام ئامادەسازیی هەمیشەیی لە شیعرەکانی مندا هەیە، من هەڵوێستێکی دیارم بەرامبەر ئافرەت هەیە، یان با بڵێین لە شیعری خۆشەویستی، هەڵوێستی من لە زۆر شاعیر جیایە، بەلای منەوە تەنیا جەستە نییە، هەروەک دەگوترێ هاوڕێی ڕێگە نییە هەتاهەتا، بەلای منەوە ئافرەت جۆرێکە لە خوڵقاوی ئەفسانەیی، جاروبار توانای ئەوەی هەیە ببێتە ڕابەرێکی فەلسەفی بۆ پیاو لە دنیادا، بەڵام لەسەر ئاستی واقیعدا ئەو برادەر و ئازیزەیە کە دەتوانێ ژیانت ڕەوشەن بکاتەوە، ئەگەر بە ئافرەتی ڕاستەقینە یان پەری گەیشتی، بەڵام ئەگەر بە ئافرەتی هەڵە گەیشتی، پێویستە لەسەرت کەرەستەی هەڵاتن

ئامادە بکەیت و ڕێگەیەک بدۆزیتەوە ملت لە چەنگەکانی دەرباز بکەیت کە بەزەیی نازانن"(٢)

کەواتە فەیلەسووفی ناسراو (نیچە) ڕاستی بۆ چووە کە دەڵێ: "لە دڵی هەموو ئافرەتێکدا کۆیلەک و ستەمکارێک هەیە" ئەم ڕەفتارەش بەندە بە هەڵوێستی خودی پیاو نەک ئافرەت، چونکە خۆپەرستیی پیاو و ئارەزووی باوکسالاریی سروشتی پیاوە، ئەگەر پیاو بەجۆرێک مامەڵە لەگەڵ ژندا بکات، لای ئەویش کاردانەوەیەکی نەرێنی سەرهەڵدەدا و، دەیەوێت کۆنترۆڵی پیاو بکات، خۆ ئەگەر لەگەڵیشی نەرمونیان بێت، ئەویش گوێڕایەڵی دەبێ، لێرەدا (پەریی شاعیر) هاوکێشەیەک هەڵدەوەشێنێتەوە کە دەڵێ: "چەکی ئافرەت گریانە" ئەو پیاو دەگریێنێ، نەک کڕنۆشی بۆ دەبات، ئەم تەوەرە بەلای منەوە ماسکێکە، تەعبیر لە خودی شاعیر دەکات، هەرچەندە بە ناوی خۆی، وەک ئافرەت دەدوێ، بەڵام گەرەکییەتی کە هەموو ئافرەتێ ئاوا بێ، ئەوەندە ئاست نزم نەبێ کە پیاو گاڵتە بە عەقڵی بکات و، بە سانایی دەستەمۆی بکات، وەک ئەو کچ و ژنانە نەبێ کە لە ئاست پیاودا هەر زوو چۆک دادەدەن.

لە تەوەری دووەمدا پێوەندییەکی دیالێکتیکی لە نێوان خۆی و جوانیدا دروست دەکات، کە ئافرەت جوانترین بوونەوەرە، هونەرمەندێکی پەیکەرتاشی ناودار سەرسام دەکات کە هەموو کۆتەڵ و پەیکەرەکان وردوخاش کات کە لە ئاست جوانی و نازداریی ئافرەتدا شەرمەزار دەبن، تەنانەت جوانیی سروشت لە ئاست جوانیی ئافرەتدا چۆک دادەدات، ئەگەر شاعیران بە گشتی جوانیی ئافرەت بە سروشت بچوێنن، ئەوا مامۆستا گۆران بەگژ جوانیی سروشت دادێ و جوانی و قەشەنگیی ئافرەت بالاتر دەکات و دەڵێ:

کام ئەستێرەی گەش، کام گوڵی کێوی
ئاڵە وەک کوڵمی؟ گۆی مەمکی؟ لێوی؟
کام ڕەشی ئەگا بە ڕەشیی چاوی؟
برژانگی؟ برۆی؟ ئەگریجەی خاوی؟
کام بەرزی جوانە وەک بەرزیی بالای؟
کام تیشک ئەگاتە تیشکی نێو نیگای؟
کام تاسە، کام مەیل، کام چاوەنواڕی
تەلیسماوییە وەک هی دڵداری؟..(٣)

میکائیل ئیجیلۆ بە هەڵە نەچووە گەر ڕەفتارێکی ئاوای کردبێ، (فینۆس)ی خواوەندی جوانێ لە ئافرەتدا بەرجەستە کردبێ، هەموو پەیکەرێکی لە بەرچاو کەوتبێ، تەنیا پەیکەری ئافرەت نەبێ.

ئاخۆ (ئەراگۆن) هەڵەی کردووە کە دیوانێکی قەبەی تەنیا بە ناوی "چاوەکانی ئەلیزا"ی نووسیبێ و چاوەکانی سەرچاوەی هەوێنی ئەو کۆمەڵە شیعرە بێ!.

هەڵبەت بە دەگمەن دەبینین کە شاعیرێ، بەهرەی شیعری لێ دەردەکەوێ، شیعری بۆ خۆشەویستی و شۆخ و شەنگیی ئافرەت نەڵێ، دڵی بۆ ئەو جوانییە خواوەندییە لێ نەدا، یەکەم شیعر، بۆ جوانییەکی پاکی بێگەرد، ئەو کەسەی لە دڵەوە، لە ناخەوە، ئەو خۆشەویستییە دەیهەژێنێ و کاری تێ دەکات، وەک بلزاک دەڵێ:

"ئافرەت لە بواری خۆشەویستیدا ئەو گیتارەیە کە نهێنییەکەی بۆ ئەو کەسە دەدرکێنێ کە دەزانێ چۆن دەیژەنێنێ"(٤)

ئەم شیعرە دڵداری شاعیر کە نیشانەی ئەو حاڵەتە سروشتییەیە کە مرۆڤ ڕەنگبێ بۆ خۆشی نەزانێ، چ سیحرێک لە دەروونیدا پەنهانە کە بکەوێتە ئەو جۆرە لێدانە، چونکە بەڕاستی، جیاوازی لە نێوان دوو دڵدا هەیە، دڵی نێر و دڵی مێ "سەبارەت بە پیاوەوە خۆشەویستی تەنیا یەکێکە لە سەرقاڵییەکانی، بەڵام سەبارەت بە ئافرەتەوە خودی ژیانەکەیەتی". وەک جۆرج بایرونی شاعیر دەڵێ:

پەریی شاعیر، بوێرانە هاتووەتە مەیدان، ڕووبەڕووی پیاو دەبێتەوە و دەڵێ:

تەنانەت (نزار قبانی)ش
کە مێیینەی هەموو دنیای
گریاندووە
پڕ بە چاوی فرمێسکی
بۆ من ڕشتووە
(نەیرۆن)یش کە دەنگۆ وایە
دڵڕەق بووە
هەزاران جار عەرشەکەی خۆی
جێ هێشتووە
کڕنۆشی بۆ من بردووە
من ئەو ژنەم
ئاوی هەرچی ئۆقیانووسی
زەوی هەیە
فرمێسکی عاشقمانە
من جێیەکی دیاریکراوم نییە
عەشق ماڵ و
عەشق ئاسمانە!.
ئاسمان دوورە(٤)

نەزار قەبانی کە باڵاترین شاعیری عەرەبە لە ڕوانگەی سەیرکردنی ئافرەت، زۆر بوێرانە پێی لێ دەنێ کە لە دیوانی یەکەمدا «قالت لي السمراء» و دوا بەدوای ئەو دیوانەکانی تری بەهەڵە چووە، لە سەیرکردنی ئافرەتدا کورتیی هێناوە، واتە نیشانەی نەپێکاوە، تێڕوانینێکی هەمەلایی و گشتگیر نەبووە، خۆی بە هەڵە دادەنێ، هەرچەندە لە سەرەتادا کارێکی زۆری کردە سەر باری دەروونیی کیژۆڵان و گەنجان، دیوانی یەکەمیشی نموونەیەکی ئەو هەڵەیە بوو، بەڵام لە ئەنجامدا پەشیمان بووەوە، ڕێچکەیەکی تری گرت. کە (پەری) دەڵێ:

فرمێسکی پڕ بە چاوی

بۆ ئافرەت ڕشت

هەستی بەوە کردووە، کە مافی تەواوی بە ئافرەت نەداوە، تەنانەت لایەنێکی لێ وێنا کردووە، چاوی لە زۆر لایەنی ئەرێنی و باڵای ئافرەت پۆشیوە، سەرەتای شیعری، بۆ ئافرەت تەرخان کردووە، ستەمی لێ کردووە، وەک کاڵایەکی بەردەست تەماشای کردووە، نەک وەک بوونەوەرێکی هاوبەشی پیاو لە هەموو بوارێکدا، هەر بۆیە لە حەسرەتان پڕ بە چاوەکانی فرمێسکی پەشیمانی دەڕێژێ و ڕشتی و گەڕایەوە ناو دنیایەکی تر.

(نیرۆن)یش، ئەو ستەمکارە دڵڕەقەی کە بەزەییی بە هیچ شتێک نەدەهاتەوە، لە بەردەم ئافرەتدا چۆکی داداوە، دوو جەمسەری ناکۆک شاعیرێکی دڵناسک و زۆردارێکی خوێنڕێژ، کە دوو حاڵەتی هاودژ دروست دەکەن، نەزار کە ئافرەتی ساویلکە دەگرییێنێ، بۆ ئافرەتی ڕاستەقینە کە نرخ و بەهای خۆی دەزانێ فرمێسک دەڕێژێ، (نیرۆن)ی هەرچەندە تا بڵێی پیاوێکی دڵڕەق و کەللەڕەق و خوێنڕێژە، بەڵام لە ئاست ئافرەت و مەزنی و شکۆدارییەکەی تەنانەت تەخت و تاجەکەشی بۆ چۆڵ دەکات، کەواتە ئافرەت لای (پەری)ی شاعیر ئەو ئەو ئافرەتە نەزان و گەمژە و گەندەڵە نییە کە تا بڵێی ساویلکەیە و، بە دوو قسەی ڕەشۆکی دێتە سەرچۆک و خۆی بە دەستەوە دەدا، ئەو جۆرە ئافرەتانە لە عەشقێکی دەستکرددا دەژین، خۆیان ناناسن و نرخ و بەهای خۆیان نازانن، چونکە بە ڕاستی عەشق کراسێک نییە بە ئارەزوو لەبەر بکرێ و بە ئارەزووش دابکەنرێ. بگرە

**عەشق ماڵ و**

**عەشق زەوی و**

**عەشق ئاسمانە!.**

**ئاسمانیش دوورە**

کەواتە عەشق چەند ئەڵقەیەکی بەیەکەوە بەستراوەتەوە، لێک جیا ناکرێتەوە، شوێنی گرینگی خۆی هەیە، کە ئەو شوێنانە بە سانایی دەسگیر نابن، ماڵ شوێنی یەکەم ژینگە و لەدایکبوون و داڵدەدان و حەسانەوەیە، نیشتمانی بچووک دەگەیەنێ، زەوی کە پانتاییەکی تا بڵێی فراوان بە خۆوە دەگرێ، پێوەندییەکی توندوتۆڵی بە ماڵەوەی مرۆڤ هەیە، ئەو عەشقە ئەوەندە بەرز و باڵایە

که مەڵبەندە سەرەکییەکەی ئاسمانە، ئەو ئاسمانەی کە بەسەر زەوییەوەیە، بەچاو دەیبینین بەڵام، ئەوەندە دوورە، نایگەینێ، عەشقی ڕاستەقینەش هەر بەمشێوەیە، وەک بڵێی بووەتە عەشقێکی خواوەندی کە توانەوە و ئاوێتەبوونە لە خودی خواوەنددا، نەک وەک ئەو عەشقەی کە بەناوی عەشقە و ڕەگ و ڕیشەی لە دڵ و دەروون و مێشکدا نەڕواوە.

هێشتاش دوای چەندین گۆڕانکاری و هاتنە پێشەوەی چەند شتێ کە شتە کۆنەکان بەرەو کەناری کۆتایی دەبەن، هەر ماون و لە بەرچاون و ناگۆڕێن، وەکو برادەرانی ئەشکەوت هەر جلە کۆنەکانیان لەبەردایە و، بەشێوەی کۆن هەڵسوکەوت دەکەن و پارەی کۆن لە بازاڕەکاندا خەرج دەکەن:

**هیچ شتێک سەرەتای نییە**

**هیچ شتێک کۆتایی نییە**

**چیرۆکەکە ئەوەیە**

**سێبەرە نامۆیەکە**

**هەردەم**

**شەقامەکان دەدزێ**

**ڕێ لە ڕێبواران**

**ون دەکات**(٥)

ئەم نامۆییە ڕەوشەکەی شێواندووە، سەری لە خەڵکەکە تێک دەدا، ژیان وەکو گۆمێکی کپ و مەنگ ناجووڵێ، شتەکان ناگۆڕێن، ئەو عەشقە پیرۆزەی کە بووەتە خەو و خەون و خەیاڵ و خولیا و ئارەزوو بووەتە ئەو ئاسمانە دوورەی کە نایگەینێ، تەنانەت منداڵەکانیش ڕێگەیان لێ ون بووە، ئەوانەی بەرپرسن لە کار و پیشەکانیان، دەستپاک نین، بوونەتە جەردە و ڕێگر، ڕێگە لە چاوساغان تێک دەدەن و دەگۆڕن:

**ڕێگەی ئاسمان دوورە دوور**

**ئێمە ناگەینە ماڵی مانگ**

**منداڵێک وای وت و**

**هاژەی ڕووبارەکە هەموو**

**دەنگەکانی خواردەوە**

منداڵ کە هێمای پاکی و بێگەردییە، ئاماژە بەو هەقیقەتانە دەکات کە بەرچاون، بەڵام لێمان دوورن و لەسەر زەوینەی واقیعدا ناوەستن. منداڵەکە هەست دەکات چ لە ئارادایە، دەیەوێت بگاتە ڕاستییەکان، بگاتە ماڵی مانگ کە مۆڵگەی ئەڤین و خۆشەویستییە، کە سەرچاوەی سرووشتی شاعیرانە. بەڵام بەداخەوە وەک هاوارێکی وایە کە لە شیوە دۆڵدا بێ و، کەس گوێی لێ نابێ،

هاژەی ڕووبار، بووەتە ڕەمز و نیشانەی ئاژاوە، کە دەنگی ڕاستی کپ دەکات، ناهێڵێ بگاتە گوێی ئەوانەی بە دوای عەشقی ڕاستەقینەی عەودالْن. عەشقی خۆشەویستیی ژن، عەشقی ماڵەوە، عەشقی خاک و خۆڵی نیشتمانی ئازیز، عەشقی ئەو ئاسمانە دوورەی کە تاریکستان دەکاتە ڕووناکستان، عەشقی دۆزینەوەی نهێنییە شاردراوەکان.

ئەم هۆنراوەیە کە بەناوی «منی ژن»ەوەیە، هارژنەی هاوارێکی پڕ جۆش و خرۆشی ژنە، ژنی ڕاستەقینەی بوێر، ئەو ژنەی کە دەبێتە ڕەمز و هێمای گەش و دیار، کە ڕێز و شکۆ و ناوداری بە خودی ئافرەت دەدا، ئافرەتی دایک، ژاندارک و دایکی باڤل لە ڕۆمانەکەی مەکسیم گۆرکیدا، دایکە ئازایەکەی شانۆگەرییەکەی بریخت، ئەو دایکە ئیتاڵیاییەی کە دەشت و دەر و دەریا و چیا و چۆڵی بڕی تا خۆی گەیاندە جەنگیزخانی خوێنڕێژی گەلان و بە ڕووی تەقییەوە و داوای لە جەنگیزخان کرد کە کوڕەکەی پێ بداتەوە، جەنگیزخان پێی گوت: تۆ من ناناسی چۆن ئاوا بەگژم دادێی؟! دایکەکە وتی دەنگی من لە دەنگی تۆ بەرزترە، چونکە من دایکم و ژیان دەڕوێنم، بەڵام تۆ مەرگ دەڕوێنی.

ئا ئەمەیە شیعری ڕەسەن، دەنگی ڕاستەقینەی ئافرەت. ئافرەتی یاخیی ڕاچەنیو، نەک ئافرەتی کۆیلە کە لەو عەقڵەدایە کە پێویستی بە پیاوە، نەک ئەو ئافرەتەی کە دەرک بەو ڕاستییە دەکات کە پیاویش پێویستی بە ژنە و، بوونی هەردووکیان لە ژیاندا بەردی بناغەی بوون و بەردەوامبوونی ژیانە، لەژێر ئاسمانێکی یەکسانی و دوو دەنگی هاوکێش، دوو دەنگ کە دەبن بە یەک و، لە یەک بۆتەدا دەتوێنەوە. ژیانێکی ئاسوودە پێک دێنن.

پەراوێزەکان

(١) لەسەر شاباڵی دەریا دەنووسم، پەری شێخ ساڵح، بەڕێوەبەرایەتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، ٢٠١١، چاپخانەی کەمال، ل ٤٩.

(٢) شاعران من كركوك، سركون بولص، جان دمو تقديم واعداد نوري بطرس، طباعة جمعية الثقافة الكلدانية – مطبعة كاروان – أربيل ٢٠١١، ص ٣٣٦.

(٣) سەرجەمی بەرهەمی گۆران بەرگی یەکەم دیوانی گۆران، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا، ١٩٨٠ ل ١٠.

(٤) بڕوانە «الجنس الآخر: سيمۆن دي بڤوا. نقله الى العربية لجنة من أساتذة الجامعة – منشورات المكتبة الأهلية – بيروت، ص ١٣١.

(٥) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٧٩.

(٦) لەسەر شاباڵی دەریا دەنووسم، ل ٥٠ – ٥١.

(٥) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠.٥١

(٦) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٥.

لێکۆڵینەوە

فەتحی ئەلعوشری

# ساروت و . . "هەڵچوونەکان" و ڕۆمانی نوێ

لە عەرەبییەوە: لەتیف هەڵمەت

٢ لە ٢

## چیرۆکی ژمارە ٨

کاتێ لەگەڵ مێردمنداڵگەلێکدا دەبوو کە لە تەمەنی گوڵدا بوون، منداڵگەلێکی پاک و بێگوناه، هەستی بەوە دەکرد کە پێویستییەکی ئازاراوی کە بەرگری لێ ناکرێ هانی دەدات بەپەنجە شڵەژاوەکانی منداڵەکان بگوشێ و بەگوێرەی توانا لە خۆیانی نزیک بکاتەوەو دەستیان بەسەردا بگرێ.

کاتێکیش ڕووی بدایە لەگەڵ یەکێکیاندا دەربچێتە دەرەوە یاخۆ یەکێکیانی لەگەڵ خۆیدا ببردایە بۆ پیاسەیەک کە ڕێگەکەی لەگەڵیدا دەبڕی بە توندی دەستە بچکۆلەکانی لەناو دەستە فێنکەکەی خۆیدا دەگوشی کە پڕی پیا کردبوو دانی بە خۆیشیدا دەگرت تاوەکو ئەو پەنجە ناسکۆڵانە ورد و خاش نەکات و کاتێ ڕێگەی دەبڕی و بە بەتەنگهاتنێکی زۆرەوە سەرنجی ڕاست و چەپی ڕێگەکەی دەدا بۆ ئەوەی دڵنیا بێ کە کات بەشی تێپەڕینیان دەکات و بەباشیش بزانێ ئاخۆ ئۆتۆمۆبێلێک دیارە یا نا بۆ ئەوەی لە گەنجینە بچکۆلەکەی، منداڵە ئازیزەکەی، ئەم شتە زیندووە ناسکۆڵەیەی کە ئەسپاردەیەتی و خۆی بەرپرسە لێی دڵنیا بێ نەوەک ئۆتۆمۆبێلێک بیپلیشێنێتەوە.

لە کاتی ڕۆیشتندا منداڵەکەی فێر دەکرد چۆن بەدوور و درێژی چاوەڕوان بکات و چۆن باش ئاگەداری خۆی بێ... ئاگەدار بێ و باش ئاگەدار بێ بەتایبەتی لە کاتی بڕینی شەقامەکان و ئەو

جێگەیەی کە تایبەتییە بۆ گوزەرکردنی کەسانی پیادە، چونکە (شتێکی بچووک، و چرکەیەک کەمتەرخەمی بەسە بۆ ڕوودانی کارەساتێک). حەزیشی دەکرد لەبارەی تەمەنی خۆیەوە، لەبارەی تەمەنی زۆری خۆی و مردنی خۆیەوە بۆ منداڵەکان بدوێ. (چی دەڵێی کاتێ بۆ هەتاهەتایە باپیرت لە دەست دەدەی، خۆ نەمر نییە، ئەم جەستەیە، لەبەرئەوەی پیرە، دەزانی، زۆر پیرە بەمزووانە سات و کاتی دێ و دەمرێ. باپیرت دایکی هەبوو ئاخ! ئێستا لە کوێیە؟ ئاخ! ئاخ ئێستا لە کوێیە ئەی ئازیزەکەم! ئەو ڕۆیشت ئێستا باپیرت دایکی نییە، سەردەمێکە مردووە، ڕۆیشت، تەواو بوو، مرد).

ئاو و هەوا پەنگخواردووی هەوراوی بوو.. بۆنی نەبوو.. و ماڵەکان لە هەموو لایەکی شەقامەکەدا بەرز بووبوونەوە و کاتێ کە دەستیان لەناو دەستی یەکتریدا بوو، بەکاوەخۆ بەدرێژایی شۆستەکە دەڕۆیشتن، کۆمەڵە خانووە پانکەلە داخراوە تاریکەکە ئەوقی کردبوون، منداڵەکە هەستی بە شتێک کردبوو کە قورسی کردووە و جموجووڵی شلوشاو دەکات، جەستەیەکی نەرم و خاو و خنکێنەری پێ درا بۆ ئەوەی قووتی بدات بەبێ بەزەیی لەگەڵ هەندێ پاڵەپەستۆی لەسەرخۆی سەرگەرمانە و لەگەڵ گرتنی لووتیدا بە هێواشی بۆ ئەوەی بەبێ بەرگریکردن جەستەکە قووت بدات ئەم ڕێبوارە بەناو جەستەیدا دەڕۆیشت و ئەمیش بە هێواشی و شلوشاوی گوزەری دەکرد و دەستە بچکۆلەکەی بەناچاری و ڕەزامەندی و قایلبوون و هەستکردنەوە پێ سپاردبوو، گوێی دەگرت چۆن دەبێ هەموو کات بە ئاگەدارییەوە ڕێگە ببڕێ و لە پێشدا سەیری لای چەپی بکات و دوایی لای ڕاستی و دوایی زۆر باش، باش، باش، ئاگەدار بێ لە ترسی ڕوودانی کارەساتێک کاتێ کە بەو بوارەدا دەڕوات کە تایبەتە بۆ گوزەرکردنی کەسانی پیادە.

## چیرۆکی ژمارە ٩

ئافرەتەکە لەسەر چیچکان لە سووچێکی قەنەفەکە دانیشتبوو، پێچ و لوولی دەخوارد، بەچاودابچڕاوییەوە ملی درێژ کردبوو دەیگوت: (بەڵێ، بەڵێ، بەڵێ) هەموو وشەیەکی بەلەراندنەوەی سەری دەسەلماند. ترسناک بوو، هۆگر و کراوە بوو، سفت و سۆڵ بوو هیچ شوێنێکی زەق نەبوو جگە لە چاوەکانی، هەستی بە شتێک لە ترس و ڕاڕایی دەکرد و هێورییەکەی سامناک بوو.

پیاوەکە هەستی دەکرد کە پێویستە ڕای پەرێنێ و بەهەر نرخێ بێ دڵنەوایی بکات، بەڵام ئەمکارە کەسێکی دەوێ هێزێکی لە ڕادەبەدەری هەبێ تا ئەنجامی بدات، کەسێک ئازایەتی لە خۆیدا ببینێ تاکو لێرەدا ڕووبەڕووی دابنیشێ، چوارمشقی لەسەر تەختێکی تر دابنیشێ و بوێرێ بەبێدەنگی سەیری چاوی بکات، ڕووبەڕوو، و ڕاستەوخۆ دوای نیگاکانی بکەوێ و چاوی لێ وەرنەگێڕی کە ئەو پێچ و لوول دەخوا، بەمەرجێ بوێرێ لێی بپرسێ: (باشە ئێستا حاڵت چۆنە؟) هەروەها زاتی ئەوەی بێ لێی بپرسێتەوە: (باشە تەندروستیت چۆنە؟ دوایی چاوەڕوان بکات. هەرچی قسەیەک بڵێ و چۆن بجوڵێتەوە، یا هاوار بکات یا لە ئەنجامدا بتەقیتەوە لێی نەترسێ.

بەڵام ئەم پیاوە خۆی هێزی ئەوەی نییە ئەم کارە ئەنجام بدات، لەبەرئەوە پێویستی بەوەیە بۆ درێژترین ماوەی لەبار، بۆ بەرەنگاربوونەوەی و ڕێگرتن لە دەرکەوتن و دەرچوونی و بەندکردنی بەهەر نرخ و بەهەر شێوازێک ڕێ بکەوێ هەوڵ بدات.

بەڵام کەوایە چۆن؟ ئەم شتە چییە؟ زۆر دەترسا، خەریک بوو شێت دەبوو، نابێ یەک خولەک لە بیرکردنەوە و وردبوونەوە بە فیڕۆ بدات.

وەکو ڕاهاتبوو هەر کە چاوی بە ئافرەتەکە بکەوتایە ئەم دەورەی دەبینی، لەبەرئەوەی وای مەزەنە دەکرد کە بە زۆر و بەهەڕەشە دەیداتێ، ئیتر دەکەوتە قسەکردن، ئەنجا بەبێ وچان لەبارەی هەموو کەسێک و هەموو شتێک قسەی دەکردو (وەکو مار لە بەرامبەر مۆسیقادا؟ یان وەکو چۆلەکە لە بەردەم ماری ئەلبوادا؟ دەجووڵایەوە و دەلەرایەوە، خۆیشی بەڕاستی نەیدەزانی) بە پەلە، بە پەلە، بەبێ وچان، هیچ چرکەیەک بەفیڕۆ نادات، بەپەلە، بەپەلە، لەبەرئەوەی هێشتا هەلی ماڵیکردن و هێورکردنەوەی لە بەردەمدا ماوە. دەدوێ، بەڵام لەبارەی چ شتێک دەدوێ؟ لەبارەی کێ؟ لەبارەی خۆی! بەڕاستی لەبارەی خۆی، لەبارەی خزمەکانی، لەبارەی هاوڕێکانی، لەبارەی خێزانەکەی، لەبارەی مێژوویان، لەبارەی خەمەکانیان، لەبارەی نهێنییەکانیان، لەبارەی هەموو ئەو شتانەی کە باشتر وایە شاراوە بن، بەڵام لەبەرئەوەی ئەو کارە یارای سەرنجڕاکێشانی ئافرەتەکەی هەبوو، و لەبەرئەوەی نەدەتوانرا ئافرەتەکە قایل بکرێ، هیچ شتێک نەبوو کە مایەی ڕاڕایی بێ، دەبوو بە ئافرەتەکە بگوترێ، هەموو شتێکی پێ بگوترێ، و هەموو شتێکی بۆ ئاشکرا بکرێ و هەموو شتێکی پێ ببەخشرێ، چونکە ئەوەتا لێرەیە، لەسەر چچکان لەسەر سووچێکی تەختەکەدا دانیشتووە، هێورە لەسەرخۆیە و پێچ و لوول دەخوات.

## چیرۆکی ژمارە ١٠

هەموویان تێکڕا ئێواران پێکەوە دەچوونە دەرەوە و ژیانی ژنانەی خۆیانیان بەسەر دەبرد. ئاخ! ئەم ژیانە ئاسایی نەبوو! ئەوان دەچوون بۆ کافتریای چا و پارچە حەلوای جۆری ئەکلیری پڕشیکۆلاتە و بابا و تارت یان بەوردبینییەوە هەڵدەبژارد و بە ئەوسنییەوە دەیانخوارد.

لەو شوێنە قەفەزێکی باڵندەی هەردەم دەم پڕ جریک و جووک دەبینرا، شوێنێکی فێنک، ڕووناک، خۆش و ڕازاوە.. ژنەکان لەوێ دەمانەوەو بەدەوری مێزە بچکۆلەکانیاندا بەتاسەوە دادەنیشتن و دەپەیڤین.

تەوژمێکی بە گوژمی لە بزۆزی و جمووجووڵ و شتێکیش لە ڕاڕایی ئامیتەی شادی گەمارۆی دابوون و یادەوەری هەڵبژاردنێکی سەخت، کە هێشتا گومان دەور و خولی دەدات (ئاخۆ لەگەڵ کۆمەڵە ڕەنگ شین و خۆڵەمێشییەکەدا ڕێ دەکەوێ! بەڵێ زۆریش جوان دەبێ) پیاوەکە چاوەڕوانی ئەم گۆڕانە و ئەم بڵندییە و ئەم ڕێزداری و ئەم شیکییە بوو لە کەسایەتیی ژنەکانەوە. ژنگەل،

ژنگەل، ژنگەل، ژنگەل، هەردەم چلێس و دەمەوەر و هاوڕێن.

دەموچاوی ژنەکان ئەوەی دەنواند کە شڵەژانێکی ناوەکی وای لێ کردووە رەق رەق بێ، و نیگا لە بایەخ تەهییەکانیان بەهەر شتێکدا تێپەڕینایە بەسەر ڕواڵەتی شتەکاندا، بەسەر ڕووبەریاندا بۆ ئەوەی ساتەوەختێکی کەم لەلایاندا ڕاوەستێ بە خێرایی هەڵیان بسەنگێنێ (ئاخۆ ئەمە جوانە یا ناشیرین) دوایی ئەوەندەی نەدەبرد ئەو شتەیان توور دەدایە لاوە بۆ دوور. سووراو و سپیاو و جوانییەکی وشکەڵە و نیگایەکی بێگیانی پێ دەبەخشین.

ئەوان دەچوون بۆ جێگەی چایفرۆشەکان و چەند کاتژمێرێک لەوێ دادەنیشتن، و بەڵام هەموو کاتەکانی نیوەڕۆیان بە قسەکردن بەسەر دەبرد: (هەرا هەرای خەمپژین و ناکۆکی بێ هۆکار لە نێوانیاندا ڕووی دەدا. بەڕاستی دەڵێم ئەو پیاوە تەنیا کەسێک بوو بەزەیی پیادا هاتەوە، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا. چەند؟ بەلای کەمەوە دوو ملیۆن، و هیچی تر نا جگە لە میراتەکەی پوورە جۆزفین... نا.. چیتان دەوێ؟

ئەو نایخوازێ. ئەو پێویستی بە ژنێکە حەز لە چوونە دەرەوە نەکات و ئەو خۆیشی بەمە نازانێ. نا، من ئەمەتان پێ دەڵێم. ئەو پێویستی بە ژنێکی کەیبانووی ماڵە.. کەیبانووی ماڵ.. کەیبانووی ماڵ) هەردەم وا بە ژنەکان دەگوترا و ئەوانیش هەردەم لەبارەیەوە دەیانبیست و دەیانناسی: خۆشەویستی و سۆز و ژیان، ئەمە بواری ژنەکان بوو ئەمە ماڵ و موڵکی ئەوان بوو.

ژنەکان بەبەردەوامی قسەیان دەکرد، و هەمان شتیان دووبارە دەکردەوە و هەڵیان دەگێڕایەوە و دیسانەوە جارێکی تر هەڵیان دەگێڕایەوە. سەر ڕوویەکی تر و دوایش ڕوویەکی تر و هەڵیان دەشێلا و دوایی هەڵیان دەشێلایەوە و ئەو مادە سپڵە هەژارەیان لە توێی پەنجەکانیاندا بادەدا کە دەراویشتەی ژیانیان بوو (ماکن ناویان لێ نابوو (ژیان) بواریانە) دەیانشێلا و لولیان دەکرد و هەڵیان دەگێڕایەوە و تاکو وای لێ دەهات لە نێوانی ئەنگوستەکانیاندا ئەوەندەی تۆپەڵێکی بچووک گۆیەکی هەویرینی ڕەنگ خۆڵەمێشی دەهاتە بەرچاو.

## چیرۆکی ژمارە ١١

ئافرەتەکە لە نهێنییەکە تێ گەیشتبوو، بە ژیریی خۆی زانی ئەوەی بەلای هەمووانەوە گەنجینەی ڕاستەقینەیە لە کوێدا شاراوەتەوە و (پێوەری بەهاکان)ی دەزانی.

بەڵام سەبارەت بەخۆی ئەو مشتومڕ لەبارەی شێوەی شەبقە و کوتاڵەکانی کۆگای ڕیمۆنەوە ناکات. و بە تەواوەتیش ڕقی لە گۆرەوی چوار چمک بوو.

وەکو گوێدرێژی (کارامە) بە فێڵ بۆ لایان دەکشا و بە زیرەکییەوە بنەڕەتی حەقیقەتی دەدۆزییەوە، وەکو ئەو پشیلەیەی کە لێوەکانی خۆی دەلێسێتەوە و چاوەکانی خۆی دەنووقێنێ لە بەردەم ئەو قوتووە کرێمەدا کە بەدیی دەکات.

ئێستا ئافرەتەکە دەیناسێ. پێوەستە پێوەی. ئیتر کەس ناتوانێ لێی دابڕێ. ئافرەتەکە گوێی دەگرت و بەتام و چێژ و تەماحەوە چڵێسیی خۆی قووت دەدا. هیچ شتێکی ئەوانی لا شاراوە نییە: پێشانگەی تابلۆکان و هەموو ئەو کتێبانەی کە دەردەکەون... ئاگەداری هەموو ئەمانە بوو. سەرەتا بە (ساڵنامەکان) دەستی پێ کرد ئێستا بەرەو پەرتووکەکانی ئەندریە جید دەکشێ و بەم زووانەش دەڕوا بۆ ئەوەی بەچاوی تیژ و تەنگەوە بووەوە ئەو قسانە تۆمار بکات کە لەناو (یەکەتی لە پێناوی حەقیقەت)دا دەکرێ.

لە نێوانی هەموو ئەمانەدا بە زیتی و کرۆسی چاوی بە هەموو شتێکدا دەگێڕا، و بە پەنجە و نینۆکە چوار سووچەکانی هەموو شتێکی هەڵدەگرت، و هەرکە یەکێکیش لەم بارەیەوە قسەیەکی ئاڵۆزی بکردایە ئەوە ئیتر نیگاکانی گڕی دەگرت و بەتاسە و هەڵپەوە ملی درێژ دەکرد.

ئەوان لەم کردەیەی ئافرەتەکە قێزەوەنییان دەنواند و هەوڵی ئەوەیان دەدا بەپەلە و بەرلەوەی پێی بزانێ شتەکەی لێ بشارنەوە و لێیان دوور دەخستەوە، تاوەکو نیگا گەمەبازەکانی ئەویان بەرنەکەوێ.

بەڵام ئافرەتەکە نووشووستی بە هەوڵەکانیان دەدا، لەبەرئەوەی هەموو شتێکی دەزانی. نەیاندەتوانی (کاتدرائیەی شارتر)ی لێ بشارنەوە، چونکە ئەو ئاگەداری هەموو شتێک بوو کە لە بارەیەوە نووسرابوو هەروەها ئەوەی خوێندبووەوە کە (شارل بیجی) لەبارەی نووسیبووی.

بەپەنجە چڵێسەکانی کنەوچینەی لەو شاراوانەدا دەکرد کە بە تەواوی سرپۆش کرابوون و ئەو گەنجینانەش کە بە تەواوەتی شارابوونەوە. هەرچییەک (هزر) بووایە ئەو پێویستی پێی بوو. لە پێناوی خۆیدا، لە پێناوی خۆیدا، لەبەرئەوەی ئێستا ئەو نرخی ڕاستەقینەی شتەکان دەزانێ. ئەو پێویستی بە هەموو شتێک بوو کە (هزر) بێ.

بەو جۆرە لە شێوەی ئەو ژمارە خەڵکێکی زۆر هەبوون، کرۆسی بوون، تینووبوون و تێریان نەدەخوارد، وەکو زەروو دەنووسان بەو گوتارانەوە کە دەنووسران، یا وەکو گوێچکەماسی پێچاوپێچ بە هەموو شتێکەوە دەنووسان، و لیکی هەناسەیان دەپژانە سەر لایەکی بەرهەمەکانی ڕامبۆ، و شیعرەکانی مالارمێیان فڕ دەکرد و لە نێوانی خۆیاندا ئۆلیس یاخۆ نامیلکەکانی مالت لۆریس -بریج- یان دەستاودەست پێ دەکرد و ئاسەواری بیروبۆچوونە گەندەڵەکانی خۆیانیان بەسەریەوە بەجێ دەهێشت.

(ئەمە چەند جوانە) ژنەکە لە کاتێکدا ئەمەی گوت کە هەردوو چاوی خۆی زرووکان، دوو چاوی پاک و سروشبەخش.. (بریقەیەکی خواییان) لێ هەڵدەقوولێ.

## چیرۆکی ژمارە ١٢

لەو وانانەیدا کە لە کۆلیجی دی فرانس کە زۆر بەرێزەوە پەسند دەکرا گەمەی بە هەموو ئەم شتانە

دەکرد.

پێی خۆشبوو بە دەستێکی ڕاهێنراوی بێ بەزەییەوە گەمە بکات، هەندێ جمووجووڵی دەنواند کە شایستەی پلەی مامۆستایان بوو، گەمەی بەشاراوەکانی برۆست یا رامبۆ دەکرد و لە بەرچاوی ئەو جەماوەرەوە کە پێوە پێوەست بوون پەرجووە دەستەهەڵبەست و نهێنییەکانیانی ڕووماڵ دەکرد: (بارودۆخیانی شرۆڤە دەکرد).

بەچاوە وردیلە و تیژ و فێڵبازەکەی و بۆینباخە چەسپاوەکەی ملی و سمێڵە چوار سووچەکەیەوە تا ڕادەیەکی زۆر لەو بەرێزە دەچوو کە وێنەکەی لەسەر ریکلامەکاندا پێ دەکەنێ و پەنجەی بەرز دەکردەوە و بانگەشەی بۆ بەکارهێنانی سابۆتێن دەکرد کە پاککەرەوەیەکی باشە یا سالامندر نموونەییە و هەرزانە مسۆگەرە و ئاسوودەییە.

دەیگوت: (وەکو دەبینن هیچ شتێک نییە، خۆم چووم بۆ ئەوەی لەو بارەیەوە بکۆڵمەوە، لەبەرئەوەی من نامەوێ هەڵخەڵەتێم، خۆم چووم و هیچ شتێکم نەهێشتەوە لێکۆڵینەوە و شیکارییەکی کارگەیی بۆ نەکەم، و هەموویم شرۆڤە و پۆلبەند کرد.

(نابێ بتانخەڵەتێنن. بروانن، ئەوان وەکو منداڵگەلێکی ڕووتەڵە لە نێوانی دەستمدا هەڵدەلەرزن، من لە بەردەمتاندا دەستگیریان دەکەم وەکو ئەوەی خۆم ئەفرێنەریان بم، وەکو ئەوەی من باوکیان بم، لە پێناوی ئێوەدا من هێز و نهێنییانم لێ داماڵی، دوای هەموو ئەوانەیان کەوتم کە بە پەرجووکارییان دەزانی و گەمارۆم دان.

(ئێستاش ئەوەندە جیاوازییان لەگەڵ ئەم زیرەکانەدا نییە، ئا ئەم گێلۆکانە، ڕەفتاریان سەیرە و داوای گەمەکردن بەوانە دەکەن کە دێن بۆ ئەوەی هەقایەتە تەواونەبووەکانی خۆیانم بۆ باس بکەن بۆ ئەوەی بایەخیان بدەمێ و ڕێزیان بگرم و دڵنییان بکەم.

(لە ئێستا بەدواوە لەو کچانەی من زیاتر نیگەران نابن کاتێ کە لە هۆڵەکەی دایکیاندا پێشوازی کچە هاوڕێکانیان دەکەن و بە هێورییەوە چەنەبازی دەکەن و پێ دەکەنن. بەبێ ئەوەی سەرقاڵی ئەوەبن من لە ژوورەکەی تەنیشتیانەوە چی بەنەخۆشەکانم دەڵێم).

بەم شێوەیە وانەکانی خۆی لە کۆلیجی دی فرانس و لە هەموو شوێن و لایەک، لە کۆلیژە دراوسێکاندا، لەوانەکانی وێژەو یاساو مێژوو یا فەلسەفەدا، لە پەیمانگە و لە کۆشک و لە ئۆتۆبیس و لە وێستگەی شەمەندەفەر، و لە هەموو داوودەزگاکاندا، سەرکەوتن بۆ پیاوە سەنگینەکە، پیاوە دروستەکە، پیاوە کاراکە، پیاوە بەرێزە سەرڕاستەکە، پیاوە بەهێزەکە نووسرا.

دوور لە کۆگا پڕ لە شتە جوانەکان، لە ئافرەتە ڕەوتەنی و تیژڕەوەکان، و لە هەرزەکارانی چاخانە و قوتابییانی بەشی پزیشکی و پیاوانی پۆلیس و نووسەری پارێزەران، ڕامبۆ و برۆست لە ژیان هەڵکەندران و دوور خرانەوە بۆ دەرەوەی زیندەگی و بێبەش کران لە هەموو سەرچاوەیەک، وێڵ و سەرەڕۆن لەو شەقامانەدا کە بەبێ مەبەست درێژ بوونەتەوە، یا هەردووکیان بەیدەستی خەو

دەبن، و سەریان لە گۆڕەپانێکی خۆڵاویدا بەسەر سەنگیاندا شۆڕ دەبێتەوە.

## چیرۆکی ژمار ١٣

ئەو ئافرەتانە دەبینی بە درێژاییی کۆگاکان هاتوچۆ دەکەن و نیوەی سەرەوەیان قیتە و نەختێک بۆ پێشەوە دەرپەڕیوە، لاقە توندکراوەکانیان نەختێ بڵاوە و قاچە بچکۆلەکانیان نووشتاوەتەوە بەسەر پێڵاوە پان و بەرزە زۆر بەرزەکانیاندا کە بەتوندی بەشۆستەکاندا دەکێشن.

ئافرەتەکان بە درێژاییی کۆگاکان بەسەر شۆستەکەدا دەڕۆیشتن و جانتاکانیان لەبن باڵیاندا بوو، دەستکێش و شەبقە بچکۆلە ڕێک و پێک و لارەکانیان لەسەر سەریاندا بوو، و برژانگە درێژە ڕەقەڵەکانیان چەقیبوونە ناو پێڵۆکانیان، و نیگاگەلێکی بەستوویان هەبوو، لە پڕ دەوەستان و بەچاوێکی وردبین و شارەزاوە، دەگەڕان.

بەهەموو هێزو پیداگرییەکەوە، ئەوەش چونکە ئەوان تایبەتمەندییان لە خۆڕاگری و بەرگەگرتندا هەیە.

بەر لە چەند ڕۆژێک چوون بۆ دیدەنیکردنی کۆگاکان، دەگەڕان بەدوای تاییر سبۆرێکی بچووکدا، بەم جۆرە من زۆر باش وێنای دەکەم، چوارگۆشەی وردی ڕەنگ خۆڵەمێشی و شینی تێدایە.. ئاخ! ئێوە هی لەو جۆرەتان نییە؟ لە کوێ دەتوانم بیدۆزمەوە؟) ئەنجا سەرلەنوێ کەوتنەوە گەڕانی خۆیان.

تاییری کورتی شین.. تاییری کورتی خۆڵەمێشی... چاوەکانیان زیت بووەتەوە و بۆی دەگەڕێن... ورده ورده کاریگەرییەکە وابەستەیان دەکات بەتەواوەتی بەجۆرێک بەیدەستی کردوون بەرگری لێ ناکرێ، بەجۆرێک کە بەردێلی نییە، خۆی لە خۆیدا بووە بەمەبەست، نازانن بۆچی، بەڵام دەبووایە بەهەر نرخێ بێ هەر پەیدای بکەن.

ئافرەتەکان دەڕۆیشتن و هاتوچۆیان دەکرد و بەخۆڕاگری و ئازاییەوە سەر دەکەوتن (لەمەودوا هیچ کەسێک ڕایان ناوەستێنێ) لە پەیژە تاریکەکەوە بەرەو نهۆمی چوارەم یا پێنجەم (لە ماڵگەلێکی جلسازیدا کە تایبەتمەندبوون بۆ دروستکردنی تویدی ئینگلیزی، بە دڵنیاییەوە لەوێ ئەوە هەیە) دوایی هەندێ بێزار دەبوون (ماندوێتی وا بڕستی لێ دەبڕین خەریکبوو بەیدەستی نائومێدی بن) و دەپاڕانەوە: (نا، نا، زۆرباش دەزانی چیم دەوێ، چوارگۆشەی بچکۆلەی تێدایە وەکو ئەمە، خەت خەتی لار... نا ئەمە نا، نا هەرگیز ئەمە نا... ئاخ! تۆ نیتە؟ بەڵام لە کوێ دەتوانم دەستم بکەوێ)؟ لەو باوەڕەدای؟ باشە، بۆ ئەوێش دەچم... بەیادی دیدار... ئاخ بەڵێ، زۆر بەداخەوە، بەڵێ، جارێکی تر... (ئەنجا ئافرەتەکان سەرەڕای ئەو حاڵە بە میهرەبانی و ناسکییەوە پێ دەکەنین، ئەوان بەو جۆرە پەروەردە کراون و ساڵانێکی دوور و درێژە لەسەری ڕاهاتوون، لەو کاتانەوە کە لەگەڵ دایکیاندا دەردەچوونە دەرەوە بۆ دەستەبەرکردنی پێویستییەکانیان و گەڕان

بەدوای هەرزانترین جلوبەرگدا (چونکە کچۆڵەکە هێشتا منداڵە پێویستی بە زۆر شت هەیە، لەبەرئەوە دەبێ بزانێ چۆن هەڵسوکەوت بکات و کاروبارەکانی دەستەبەر بکات).

## چیرۆکی ژمارە ١٤

ژنەکە ئەگەرچی هەردەم پێوەستە بە بێدەنگییەوە و گۆشەگیرە لە کەسانی تر، بەبێ فیزی چەماوەتەوە و بە چەپەوە دەنکی مووروەکانی سەرلەنوێ دەژمارد، دوودانە لە پێشەوە، دوایی سێ دانە لە پشتەوە، دوایی ڕیزێکی تەواو لە پێشەوە کە هەمووی مێیەتی و بێ فیزی بوو (گوێ مەدەرێ.. من بەم جۆرە لەوپەڕی ئاسوودەیی دام، داوای هیچ شتێک بۆ خۆم ناکەم). بەردەوام هەستیان بەوە دەکرد کە بوونی ئەو ژنە بەشێکی هەستیارە لە جەستەی خۆیان.

ئەوان لە کاتێکدا بەسەرسامییەوە چاویان لە ئافرەتەکە بڕیبو بە ترسەوە چاودێری هەموو وشەیەک و بچووکترین دەنگ و ناسکترین ئاوڕدانەوە و هەموو جووڵەیەک و هەموو نیگایەکیان دەکرد، لەسەر نووکی پەنجەکانیان نێزیک دەبوونەوە و ئاوڕیان بۆ بچووکترین دەنگ دەدایەوە، چونکە ئەوان ئاگەداری ئەوە بوون کە بنەوای شاراوە و شوێن و جێی خەتەرناک هەیە کە نابێ ڕووبەڕووی ببیتەوە یاخۆ لێی نێزیک کەویتەوە ئەگینا بە بچووکترین دەستبەرکەوتن زەنگەکان دەزرنگێنەوە، هەزاران زەنگی زرنگە پاکژ وەکو دەنگە پاکیزەکەی لە جۆری ئەوەی لە چیرۆکەکانی هۆفماندا ڕوو دەدات.

بەڵام هەندێ جار هەرچەند ئامادەگی بۆ دەکرا و هەوڵیش دەدرا دەیانبینی بەبێدەنگی لە ژێر گڵۆپەکەدا پێوەست بووە بە جێگەکەی خۆیەوە، لە ڕووەکێکی ئاوی تورت و ناسک دەچێ قەوزەی پڕ جمووجووڵ دای پۆشیبێ... وایان هەست دەکرد کە هەڵدەخزێن و بە هەموو قورساییی خۆیانەوە دەکەون و هەموو شتێک لەژێر خۆیاندا دەشکێن: گاڵتەجاڕی گێلۆکانە و پێکەنینی لە جەرو هەقایەتی کرچوکاڵیان لەبارەی گۆشتخۆرانی مرۆڤەوە دەخستەڕوو هەموو ئەمانەیان لێ دەردەپەڕی و دەریان دەبری، بەبێ ئەوەی بتوانن ڕێگری لێ بکەن. ژنەکە بە هێورییەوە پیشی دەخواردەوە ئاخ! ئەمە نالەبارە! زۆر نالەبارە! بیری ژوورە بچکۆلەکەی خۆی دەکردەوە، لە داڵدە ئازیزەکەی کە دوای چرکەساتێکی تر دەڕوا بۆ ئەوێ بۆ ئەوەی لەسەر بەرماڵە بچکۆلەکەیدا کڕنووش بەرێ، هەر بەو کراسی خەوەوە کە لە لۆکە دروست کراوە و ئەوقی گەردنی بووە، لە پاکێتی و پاکیزەیی منداڵێتیدایە و لە وێنەی (تیریز دی لیسیۆ)ی بچکۆلە و (سانت کانترین بلاند) دەکات... دەستی لەسەر زنجیرە ئاڵتوونەکەی ملی داناوە و لە پێناوی لێبوردن لە گوناحەکانیان نوێژ دەکات.

هەروەها هەندێ جار کە هەموو شتێک بە گوێرەی دڵ ڕایی دەبوو، کاتێ کە دادەنیشت و خۆی کۆ دەکردەوە و بەورووژاوییەوە ئامادەی گوێگرتن دەبوو دوای ئەوەی کە هەستی دەکرد ئەوان

بەرەنگاری بابەتێک دەبنەوە کە ئەم تا ئەوپەڕی خۆشەویستی خۆشی دەویست، و کاتێ بە سەرگەرمی و دڵسۆزییەوە مشتومڕی لەسەر دەکرد، ئەوان بە جمووجووڵێکی پاڵەوانبازی دەرباز دەبوون و ڕایان دەکرد و دەموچاویان بزەیەکی گێلۆکەی دزێوی دەنواند.

## چیرۆکی ژمارە ١٥

ژنە بەساڵداچووەکە پیاوانی وەکو خۆی بەساڵداچووی زۆر خۆش دەویست، ئەوانەی کە دەتوانرا قسەیان لەگەڵدا بکرێ، ئەوان لە زۆر شت گەیشتبوون و دەیانزانی ژیان چییە، لەبەرئەوەی هاوڕێتی کەسایەتیگەلێکی گرینگیان کردبوو (ژنەکە دەیزانی کە ئەو ڕۆژێ هاوڕێی فیلیکس فۆر بووەو دەستی ئۆجینی ژنە ئیمپراتۆری ماچ کردووە).

کاتێ پیاوەکە لەگەڵ خێزانەکەیدا بۆ نانخواردنی نیوەڕۆ دەهات، ژنەکە هێشتا کیژۆڵەیەکی گوێڕایەڵ بوو (پیاوەکەش زانایەکی گەورەبوو) ژنەکە هەستی بەشتێک لە ترس دەکرد بەڵام لە چوستی و چالاکییەکی لە ڕادەبەدەردا (زۆر بەسوود بوو گوێ لە بیروڕاکانی بگرێ) و یەکەمین کەسبوو کە دەچوو بۆ ژووری قاوشەکە بۆ ئەوەی لەلای دابنیشێ.

پیاوەکە بە هەزار زەحمەت هەڵدەستایە سەرپێ: (باشە ! ئائەمە تۆی! داروبارت چۆنە؟ و کاروبار چۆن بەڕێوە دەڕوا؟ و چی دەکەی؟ و چی لە شتە بەکەڵکەکان دەکەی لەم ساڵدا؟ ئاخ! ئاخۆ دەگەڕێنەوە بۆ ئینگلتەرا؟ ئا! بەڵێ؟).

ژنەکە دەگەڕێتەوە بۆ ئێرە. لە ڕاستیدا، ئەو ئەم وڵاتەی زۆر خۆش دەوێ ئینگلیز، کاتێ مرۆڤ حەقیقەتەکەیان دەزانێ...

بەڵام پیاوەکە قسەی بە ژنەکە دەبڕی... ئاخ! بەڵێ، ئینگلیز... شێکسپیر؟ هێی؟ شێکسپیر، دیکنز. من لە یادمە گوێ بگرە، کاتێ هەرزەکار بووم، خۆم بەوەرگێڕانی دیکنزەوە خەریک دەکرد. ساکیریی. ئاخۆ ساکیریی دەناسی؟ سا... سا... بەم جۆرە ناوی دەبێژن، هێی؟ ساکیریی؟ بەم جۆرە بەڕاستی؟ بەڕاستی ناوی بەم جۆرە دەبێژرێ).

دەستی بەژنەکەوە گرت و سەرانسەری لە تۆیی مشتیدابوو. و سەیری دەکرد و ژنەکەش هەڵدەلەرزی و دەشڵەژا هەردوو قاچە بچکۆلانەکەی بەشێوازێکی منداڵانە لە حەوادا دەجوڵاندەوە و لە هەمان کاتدا خەندە ناسکەکەی هەر دەنواند: (وایە بەڵێ، لەو باوەڕەدام کە بەو جۆرە دەبێژرێ. بەڵێ. تۆ باشی بێژدەکەی. لە ڕاستیدا، (ت هـ) (سا)یە... ساکیریی... بەڵێ ئەمە وایە. بەڵام من لە ڕاستیدا ئاگەداری ڕۆمانی فانیتی فیرم "ژنە نازەنینە جوانەکە". وایە بەڵێ، ئەم ڕۆمانە ئەو نووسیویەتی).

نەختێ سووراندییەوە بۆ ئەوەی باش بیبینێ: (فانیتی فیر؟ فانیتی فیر؟ فانیتی فیر؟ ئاخ، بەڵێ، ئاخۆ تۆ لەوە دڵنیای؟ فانیتی فیر؟ لە نووسینی ئەوە؟).

ژنەکە هێشتا بەهێواشی قاچەکانی دەبزواند و هەوڵیشی دەدا خەندە ڕێک و پێکە ناسکۆڵەکەی و نیگا ئاکام و ئەنجام دەربڕەکەی هەر بمێنێ. و پیاوەکە بە توندی بەخۆیدا دەگوشی:

(دوایی لە چ ڕێگەیەکەوە دەڕۆی؟ لە ڕێگەی دۆفەرەوە؟ لە ڕێگەی کالیەوە؟ لە ڕێگەی دۆفیرەوە؟ هێی؟ لە ڕێگەی دۆفیرەوە؟ ئەوێ ڕێگەیەکی ئاسوودەیە؟ ڕێگەی دۆفیر؟

ژنەکە هیچ فێڵێکی بۆ دەربازبوون لەو پیاوە نەدەزانی. هیچ فێڵێکیش بۆ بێدەنگکردنی، ژنێک کە زۆری خوێندووەتەوە... بیری لە زۆر شت کردووەتەوە... پیاوەکە دەیتوانی لە ڕادەبەدەر سەرنجڕاکێش بێ... بەڵام ئەو لە یەکێ لە ڕۆژە ناهەموارەکانی خۆی و ئارەزووە سەیرەکانیدا دەژیا و بەبێ بەزەیی و وچان درێژەی دەدایە: (دۆفیر، دۆفیر، دۆفیر؟ هێی؟ هێی؟ ساکیریی؟ هێی ؟ ساکیریی؟ ئینگلتەرا، دیکنز؟ شێکسپیر؟ هێی؟ هێی؟ دۆفیر؟ شێکسپیر؟ دۆفیر؟).

ژنەکە کاتێ بەهێورییەوە هەوڵی دەربازبوونی لە دەستی دەدا، نەیدەوێرا جمووجووڵێکی توند و بە گوژم بکات نەوەک پیاوەکە پێی ناخۆشبێ و ژنەکە بەرێزەوە و بەدەنگێکی نزمەوە کە دەبیسترا و نەدەبیسترا وەڵامی پیاوەکەی دەدایەوە: (بەڵێ دۆفیر، ئەوە خۆیەتی، دەبێ زۆرجار ئەم گەشتەت کردبێ؟... وا بزانم ڕێگەی دۆفەر باشترە. بەڵێ، ئەوە خۆیەتی... دۆفیر).

پیاوەکە تەنیا ئەو کاتە دێتەوە دۆخی ئاساییی خۆی و مشتە کۆڵەکانی خاو دەبنەوە کاتێ کە دەبینێ ئەندامەکانی خێزانەکەی نێزیک دەبنەوە، ئیتر لەم کاتەدا ژنەکە دەوێرێ، و هەندێ سوورایی دەکەوێتە ڕوخساری و پرچی و جلە جوانەکانی دەشێوێ، و دەوێرێ خۆی لە پیاوەکە ڕزگار کات بەبێ ئەوەی لە تووڕەکردنی بترسێ.

## چیرۆکی ژمارە ١٦

ئێستا هەموویان چوونەتە ساڵەوە، و شەکەتن (وەکو کەرەستەی کۆنی زۆر بەکارهێنراو، کە تەمەنی خۆی تەواوکردبێ و دەوری خۆی بینیبێ). هەموویان جارناجارێ (ئەمە ڕواڵەتی ناز و نووزیان بوو).

نەختێ هەناسەی شاراوەی پڕ لە بەیدەستێتی و سەبوورییان وەکو دەنگی تەختە کاتێ کە دەشکێ. بەبادا دەدا.

لە ئێوارە دڵڕفێنەکانی بەهاریشدا پێکەوە پیاسەیان دەکرد، (لاوێتی گوزەری کرد، و سۆز و نسکە خامۆش بووەوە) بەهێورییەوە پیاسەیان دەکرد، (هەوای شێداریان پێشچوونە ناو نوێن هەڵدەمژی).

لە چاخانەیەک دادەنیشتن بۆ بەسەربردنی هەندێ کات و قسەیان دەهێنا و دەبرد. بە بایەخپێدانێکی زۆرەوە گۆشەیەکی بێ وەیان هەڵدەبژارد (لێرە نا: تەوژمی بای تێدایە، لێرەش نا: شوێنەکە بەتەواوەتی نووساوە بە ئاودەستەکانەوە))، دادەنیشتن: (ئاخ! ئەم ئێسکە لاوازانە! ئەم

پیرێتییە! ئاخ! ئاخ!) دوایی وەکو تەختەیەک بشکێ هەناسەیان هەڵدەکێشا.

گۆڕەپانی چاخانەکە بریسکەیەکی پیس و ساردی هەبوو (شاگردانی خزمەتگوزار) زۆر بەخێرایی و بە شتێک تەوەزلی و کەمتەرخەمییەوە هاتوچۆیان دەکرد، ئاوێنەکان بەتوندوتیژییەوە وێنەی دەموچاوگەلێکی پوواو و چاوگەلێکی پڕ لە لانیگایان دەخستە ڕوو.

بەڵام ئەوان داوای زیاتریان نەدەکرد، ئا ئەمە هەموو شتێک بوو، ئەوەشیان دەزانی کە نابێ داوای شتێکی زیاتر بکەن، یا شتێکی تریان جگە لەمە بوێ، ئا ئەمە هەموو شتێک بوو، ئیتر هیچی تر نا، ئەمە یاسای (ژیانە).

هیچ شتێکی تر نا، زیاتر نا، لێرە و لەوێ، ئەوان ئێستا بەمەیان زانی. پێویست ناکا هەڵبچن یا خەون ببینن یا چاوەڕوان بن یاخۆ هیچ جۆرە کۆششێک بکەن یا هەوڵی ڕاکردن بدەن، تەنیا دەبوایە ئەوان بەبایەخپێدانەوە باشترین خواردنەوە هەڵبژێرن (خزمەتگوزارەکە) چاوەڕوانیی دەکرد، بزانێ داوای شەربەتی هەنار یا قاوە دەکەن؟ کرێمی لەسەر بێ یا سادە بێ، دەبوو بەخاکێتییەوە ژیان پەسند بکەن لێرەو لەوێ لێش بگەڕێن کات تێپەڕێ.

## چیرۆکی ژمارە ١٧

کاتێ کەش بەرەو باشبوون دەچوو، لە ڕۆژانی جەژندا پێکەوە دەچوون بۆ پیاسە لە دارستانەکانی دەوری شاردا.

دارستانە پڕ لە دڕک و کەلەمەکان دووریێیانی زۆری تیابوو کە ڕێگەلێکی ڕێک و پێک و ڕاستیان تێ دەڕژا. گیا لەبەرئەوەی زۆر پێشێل کرابوو زۆر کەم بوو، بەڵام گەڵای سەوز کەوتبوونە خۆنواندن لەسەر لقوچڵەکان، دەرکەوتبوون بەڵام بەو ڕادەیە نەبوو شتێک تەڕوبڕی بەو دەوروبەرە بدەن، لەو منداڵانە دەچوون بەشتێک تاڵاو نۆشی و دەموچاوی گرژ و مۆنەوە لەژێر خۆرەتاوی گۆڕەپانی نەخۆشخانەکاندا پێ دەکەنین.

هەردووکیان بۆ نانخواردن لەسەر قەراغی ڕێگەکان یاخۆ لە شوێنە بەربڵاوەکانی دارستانەکەدا دادەنیشتن و وایان دەردەخست کە هیچ شتێکی دیاریکراو نابینن، بەڵام ئاگەداری گشت شتێک بوون: دەنگی باریکی باڵندەکان و چرۆی دیمەنی زەرد هەڵگەڕاو و گژوگیای کەڵەکەبوو، بەڵام ئاو و هەوای دژوار کە ڕاهاتبوون بەردەوام تێیدا ژیان بەسەربەرن، لێرەش دیسانەوە ئەوقی کردبوون، وەکو هەورێکی وشک و چڕ دەریان دەدا.

هاوڕێکەی کاتی حەسانەوەیان، منداڵە تاقانەکەیانی لەگەڵ خۆیاندا بردبوو. منداڵەکە کاتێ دەیبینین لەو شوێنەدا کە بۆ دانیشتن دیارییان دەکرد، دادەنیشن، جێگەکەی خۆی جیا دەکردەوە و لە تەنیشتیاندا جێگیری دەکرد و دوایی لەسەری دادەنیشت و دەکەوتە هەڵدڕینی زەوییەکە بە هەردوو پێی و کۆکردنەوەی وشکە گەڵا و زیخ و چەو.

گفتوگۆی تێکەڵاوی بۆن و بەرامەی ئەم بەهارە خەمبارەیان، سیخناخی ئەو تارماییە بوو کە وێنەیەکی ئاڵۆز لە پێچ و پلۆچەکانیدا شەپۆلی دەدا. ئەو باچڕەی کە بە تەپوتۆزی شێدار و تەڕایی درەختەکان لینج بووبوو پێوە دەنووسا و تێکەڵاوی جەستە و چاوی دەبوو.

تاقانەکەیان حەزی نەدەکرد لێیان دوور بکەوێتەوە و بڕوات لەگەڵ منداڵانی تردا لە مێرگەکاندا یاری بکات. لە جێگەکەی خۆیدا دەمایەوە و پێیانەوە دەنووسا، بەهەڵپە و توێنوێتی و خەمەوە گفتوگۆکەی نێوانیانی هەڵدەلووشی.

## چیرۆکی ژمارە ١٨

لە نێزیک لەندەنەوەماڵێکی لادێی بچووک هەیە پەردەگەلێکی لە لۆکە دروستکراوی ناسکی پێوەیە، زەوییەکی سەوزی بەباراناو تەڕبووی پڕ لە خۆرەتاوی لە پشتەوەیە.

دەرگەی بانیژە گەورەکەی ئیستیۆدۆ بە گوڵی جلیسین ئابلۆ و قەدراوەکە بەسەر ئەم زەوینە سەوزەدا دەکرێتەوە.

پشیلەیەک بە قنج و قیتی لەسەر بەردە گەرمەکە دانیشتووە و هەردوو چاوی نووقاندووە.

کچۆڵەیەکی قژ سپی و گۆنا گوڵینی نەختێ شینکار لە بەردەم دەرگەکەدا کۆوارێکی ئینگلیزی دەخوێنێتەوە.

ئەو لێرەدا دادەنیشێ و ناجووڵێتەوە، سەنگینە، و باوەڕی بەخۆی و ئەوانی تر هەیە، جێگیرە، چەسپاوە بە جیهانە بچووکەکەی خۆیەوە، دەزانێ کە پاش چەند چرکەیەک زەنگ بۆ خواردنەوەی چا لێ دەدرێ.

ئادای چێشتلێنەر لە نهۆمی خوارەوەی ماڵەکەدا لەسەر مێزێکی بەموشەمای سپی داپۆشراو سەوزە پاک دەکاتەوە، ڕوخساری هیچ شتێک نانوێنێ و دەڵێی بیر لە هیچ شتێک ناکاتەوە، ئەو دەزانێ دوای ساتێکی تر قارچکەمەنییەکان سوور دەکاتەوە و دوای ئەوسا زەنگی چا خواردنەوە دەزرنگێتەوە.

## چیرۆکی ژمارە ١٩

لووسوتەختبوو، دوو ڕووی هاوکووفی هەبوو کە هەردوو گۆنای بوو یەک لە دوای یەک بەو دووانەی دەدا تاوەکو بەلێوە درێژکراوەکەیان ماچێکی لەسەر بچێنن.

هەردووکیان دەیانقۆزتەوە و دەیانسووڕاندەوە و بەهەموو لایەکدا هەڵیان دەگێڕایەوە و هەڵیان دەدا بە ئاسماندا و لەسەریدا دەگەوزانەوە و تەپاوتلیان دەکرد. بەملادا وەریان دەگێڕا و بەولادا و بەوێدا و هەندێ وێنەی چاوچەواشەکەریان پێشان دەدا: دەرگە و پەنجەرەی واهیمەیی کە

بەساویلەکەییەوە بەرەو ڕوویان دەڕۆیشت خۆی پیادا دەدان و ئازاری پێ دەگەیشت.

هەردووکیان سەردەمێک بوو دەیانزانی چۆن بەتەواوی بیخەنە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە بەبێ ئەوەی هەلی بووژانەوە و حەسانەوەی بۆ برەخسێنن، چۆن تاکو دواتیکە بیخۆن. هەردووکیان بەهەنگاوی بەربڵاو بەلایدا تێ دەپەڕین و ڕووبەرێکی درێژیان لەگەڵیدا دەبڕی، چوارگۆشەگەلێکی ترسناک، بەهەموو لایەکدا دەیانگێڕا، هەندێ جاریش لێ دەگەڕان و بەریان بۆ بەرەڵا دەکرد تاوەکو بەتەنیا خۆی ڕابکات، بەڵام هەر کە دوور دەکەوتەوە پریان پیا دەکردەوە و سەرلەنوێ دەستبەسەریان دەکردەوە. ئەو لە منداڵییەوە لەسەر ئەم لووشکردنەی ڕاهاتبوو.. و ئارەزووی دەکردن و بۆنە تیژە شەکرییەکەیانی پێ خۆشبوو خۆی بەیدەستی هەردووکیان دەبوو.

ئەو جیهانەی کە، ئەویان تێدا دەستەبەسەر کردبوو، لە هەموو لایەکەوە گەمارۆیان دابوو، هیچ دەرەباجەیەکی نەبوو، ڕووناکاییە چرەکەیان و سیناهییە سەرسامکارەکەیان کە هەموو شتێکی سەرەنگوون دەکرد، تاریکایی و تاریکستانی ڕادەماڵی.

هەردووکیان دەیانزانی شاڵاوەکانیان بەلاوە خۆشە، هۆکاری دەستەپاچەییەتی، و لەبەرئەوە هەستیان بەهیچ قەڵسییەک نەدەکرد.

ئەوان بەتەواوی تەهییان کردبوو، دیسانەوە سەرلەنوێ پریان کردبووەوە و لە هەر کوێ بووایە بووکەشووشە و کەرەستەی گەمەیان پێشان دەدا. نەیدەتوانی لێیان دەربازبێ، هیچی تری نەدەتوانی جگە لەوەی هەردوو ڕوومەتی لووسی خۆی بەرێژەوە یەک لە دوای یەک ڕاخات بۆیان بۆ ئەوەی ماچەکانیانی لەسەر بچێنن.

## چیرۆکی ژمارە ٢٠

کاتێ کە منداڵ بوو، بەشەو لە خەو هەڵدەستا و لەناو نوێنەکەیدا دادەنیشت و هاواری دەکرد. ژنەکان بەرەو لای ڕایان دەکرد، ڕووناکییان هەڵدەکرد و لەچکی سپی و پەشتەماڵی حەمام و جلوبەرگیان دەهێنا و پێشانیان دەدا. هیچ شتێکی شایستەی گوتن نەبوو. لەچکەکان لە توێی دەستیاندا لەبەر زەبر و تینی گەرما لە شێوەی گرمۆڵەکراودا دەردەکەوت و لەبەر ڕووناکییەکەدا وشک و خامۆش دیاربوو.

ئێستا کە گەورە بووە، هێشتاش ژنەکان بانگ دەکات.. سەیری هەموو شوێنێک دەکەن و بە وردبینی و مکووڕییەوە ناخی دەروونی دەپشکنن، و ترسە مەلاسبکەی ناخی و شاراوە و نهێنییەکانی دەخەنە ناو دەستیانەوە و لە ڕووناکییەکەدا دەیپشکنن.

ئەوان لەسەر چوونە ژوورەوە و سەرنجدان ڕاهاتبوون، ئەویش لە بەردەمیاندا دەوەستا و خۆی ڕووناکییەکەی لە گشت جێگەیەک هەڵدەکرد بۆ ئەوەی هەست بە دەستیان نەکات لە تاریکییەکەدا ئێرە و ئەوێ دەکەن.

ژنەکان سەرنجیان دەدا و ئەویش قیت ڕاوەستابوو نەیدەوێرا هەناسە بدا بەڵام هیچ شتێک نەبوو هەرگیز شتێک نەبوو ببێتە مایەی ترس، هەموو شتێک ڕێک و پێک دیاربوو زۆر ڕێک و پێک و لە جێی خۆیدا بوو، ژنەکان شتە ئاسایییە پرشوبڵاوەکانیان لە گشت جێگەیەکدا دەبینی شتگەلێک بوو دەمێ وەختبوو ئاشنای بووبوون، و پێشانی ئەویان دەدا. هیچ شتێک لەوێ نەبوو. ئیتر سەرچاوەی ترسانەکەی چییە؟

هەندێ جار، لێرە و لەوێ، لە یەکێ لە سووچەکاندا، شتێک دەردەکەوت لەوە دەچوو بجووڵێتەوە و نەختێ بشڵەژێ، بەڵام بەیەک پێداکێشان بۆ جێگەکەی پێشوویان دەگەڕاندەوە و جێگیریان دەکرد، مەسەلەکە هیچی نەدەنواند، ترسێک بوو لەو ترسانەی کە لەسەری ڕاهاتبوو ژنەکان سەرچاوەی ئەم ترسەیان دادەماڵی و بەرەو ڕوویان دەکردەوە: ئاخۆ کچی هاوڕێکەیەتی شووی کردووە؟ ئاخۆ ئا ئەمە مەسەلەکەیە؟ یاخۆ کەسێکی هەمان هاوکووفی خۆی پلەی بەرز کراوەتەوە و پاڵێوراوە بۆ وەرگرتنی میدالیا؟ ژنەکان کاروبارەکەیان دەستبەر دەکرد و هەموو شتێکیان بۆ جێگەکەی خۆی دەگێڕایەوە، هیچ شتێکی وانەبوو شایانی باسکردن بێ، بۆ ماوەیەکی کورتیش لەو باوەڕدابوو کە زۆر بەتوانایە، پشتی ئەستوور بووە و حاڵوباڵی باش بووە، بەڵام هەر خێرا هەستی بەوە دەکرد کە ئەندامەکانی لە ئەنجامی ئەم چاوەڕوانییە بێ کۆتاییەدا ئەندامەکانی قورس و کەمهێز و وشکەڵەن، هەستی بە پووانی کەپووی خۆی دەکرد، ژنەکان کە دەیانبینی لە پڕ پێچوولوول دەخوات و دەگەڕێتەوە حاڵەتی سەرەڕۆیی و بەرەڵایی، بە شەپازلەی لەسەرخۆ و تەشیلە دەیانکێشا بەهەردوو ڕوومەتیدا گەشتەکانی ویندسوور لوبران، بۆ دەخوێندەوە.. هەر پێنج جمکەکە بۆ ئەوەی بێتەوە هۆش خۆی.

دوای هاتنەوە سەرخۆی ژنەکان لە کۆتاییدا حاڵوباڵیان باش دەکرد و پاکیان دەکردەوە و کاروبارەکانیان بۆ ڕێک و پێک دەکرد و هێوریان دەکردەوە و ئامادەی خەوتنیان دەکرد و بەجێیان دەهێشت، بەڵام لە قووڵایی ڕەفە بچکۆلەکان و ئەو دەرەباجانەوە کە ژنەکان کردبییانەوە و هیچ شتێکیان تێدا بەدی نەکرد و دیسانەوە دایان خستەوە ترسی بۆ دەگەڕایەوە.

## چیرۆکی ژمارە ٢١

کچۆڵەیەکی بچکۆلانەبوو دەستەمۆکردنی زۆر ئاسان بوو، کچۆڵەیەکی زۆر گوێڕایەڵ و زۆر سەلار، لە پۆشاکە خورییە ڕەشەکەیدا وا ڕاهتبوو بە چلیپاکەیەوە کە بەسەر سنگیدا شۆڕ بووبووەوە هەموو هەفتەیەک خۆی دەرخات.

کاتێ کە ڕۆژنامەیەکی وێنەدار یا کتێبێکی دەکڕی لێی دڵنیا نەبوو لە خانمی کتێبخانەکەی دەپرسی: (خانمەکەم ئاخۆ ئەمە بابەتی تایبەتی منداڵانە)؟

هەرگیز نەیدەتوانی، نا بگرە بەهیچ کلۆجێک نەیدەتوانی تەنانەت لەم تەمەنەشدا، بەو

سەرنجدانەوە کە لە پشتەوە ئاراستەی دەکرا، ئاراستەی درێژاییی پشتی دەکرا، کاتێ دەچوو دەرگەکە بکاتەوە و بڕوات، سەرنجی خانمی کتێبخانەکە ئارام بێ.

ئەوا ئێستا گەورە بووە، ماسی بچووک گەورە دەبێ، ئا بەڵێ، کاتیش بەپەلە دەڕوات، ئا مرۆڤ هەر کە دەگاتە تەمەنی بیست ساڵی ئیتر ساڵانی تەمەنی بەشێوەیەکی خێرا ساڵ لە دوای ساڵ تێ دەپەڕێ، ئاخۆ وا نییە؟ ئەوانیش ئەمەیان دەزانی؟ کچۆڵەکە لە پۆشاکە ڕەشەکەیدا کە لە دوو پارچە پێک هاتبوو، و لەگەڵ هەموو شتێکدا دەگونجا، جگە لەوەش ڕەنگی ڕەش شایستەی گشت بۆنەیەکە، ئەمەش ڕاستە... بەزۆری دادەنیشت و هەردوو دەستی لەسەر جانتاکەیدا کە لەگەڵ جلەکانیدا دەگونجا تێکەڵاوی یەکتر دەکرد، بەبەزەییەوە پێ دەکەنی و سەری دەلەقاندەوە، بەڵێ، گوێی لە دیرۆکەکە بووە، زانیویەتی کە گیانەڵای داپیرەیان چەند ڕۆژی خایاندووە، داپیرەیان جەستەی تۆکمە بووە، وەکو ئێمە نەبووە، لە و تەمەنەدا.. و مادلین؟.. مێردەکەی ... ئای بۆ پیاوان، ئەگەر بەدەستخۆیان بووایە لە منداڵێک زیاتریان نەدەهێنایە کایە، ئەمە بە دڵنیاییەوە، و هیچ شتێکیان دووبارە نەدەکردەوە، دایکە داماوەکەی هەموو کات ئەم قسەیەی دووبارە دەکردەوە ئای! ئای! باوکان، منداڵان، دایکان: گەورەکەیان کچ بوو، ئەگەرچی ئەوان لە سەرەتادا کوڕیان دەوێ، نا، نا، هێشتا کات زۆری بەدەمەوە ماوە، کاتی ڕۆیشتنی نەهاتووە، لێیان دوور ناکەوێتەوە، لێرە لە نێزیکیان دەمێنێتەوە، زۆر لە نێزیکیان، هەتاکو بتوانی نێزیکتر، ئەو ئەمە چاک دەزانێ، چەند خۆشە برایەکی گەورەی هەبێ، کچۆڵەکە سەری ڕادەوشاند و پێ دەکەنی، ئای ئەم یەکەمینیان نییە، ئای، نا، دەتوانن بەتەواوی دڵنیابن، نا نابزوێ، ئای، نا، ئەم نییە، لە توانایدا نەبوو ئەم گێرەشێوێنییە لەپڕ بکات، بێدەنگ دەبێ و سەیریان دەکات و دوایی لە کاتی سەختبوونی نەخۆشی داپیرەدا هەڵدەستێ، و وەکو تیر دەردەپەڕێ و بەر سیپە دراوەکان دەکەوێ دەڕوات و لە ناوەندی ماڵە مەلاس و قیتەکاندا کە بە درێژاییی شەقامەکەدا خەریکبوو تاریک دادەهات، هاتوهاواری دەکرد، و ڕای دەکرد و بازی دەدا بەسەر خانمە پاسەوانی ماڵەکاندا کە لە بەردەرگەکاندا دانیشتبوون هەوای پاکیان هەڵدەمژی، دەڕۆیشت و دەمی لوول دەکرد و وشەی پچڕپچڕی بەهاوارەوە دەردەبڕی، لە هەمان کاتدا خانمە پاسەوانەکان سەریان لەسەر ئیشوکاری (تریکۆ) کردن هەڵدەبڕی و مێردەکانیان ڕۆژنامەکانیان دەخستە سەر ڕانیان و نیگاکانیان بەدووورودرێژی ئاراستەی پشتی کچۆڵەکە دەکرد، تاوەکو لە پێچی ڕێگەکەدا ون دەبوو.

## چیرۆکی ژمارە ٢٢

لە هەندێ کاتدا کە ئەوان نەیاندەبینی، دەیتوانی بە گشت هێورییەکەوە، بە مەبەستی دەستکەوتنی شتێک ئاوی گەرم یا نەختێ مەی، دەست بۆ ئەستوونی دۆلابەکە ببات، ئەوان نایبینن یا دەشێ وا بزانن بە ڕێسای نەریتی باوی ئەوێ و بۆ بێمزەڕەتی و دوورخستنەوەی ناخۆشی (دەست بە تەختەکەدا دێنێ).

کاتێ هەستی بکردایە لە پشتەوە نیگاکانیان چاودێری دەکەن، وەکو چۆن لە فیلمە سەیرەکاندا تاوانبار هەست بە چاوی پۆلیس دەکا کە لە پشتەوە چاودێری دەکا، و جووڵەکردنەکەی بەخاوی تەواو دەکات و بەڕواڵەت خاو و خلیسکی و نیازپاکی دەردەبڕێ، هەر بۆ ئەوەی موتمانەیان لەلا دروست بکات لەسەرخۆ و لەسەر یەک بەسێ پەنجەی دەستی ڕاستی و بەهەر یەکێک لەو سێ پەنجەیە سێ پەلەپیتکەی پیادا دەکێشا، ئەوەش لە ڕاستیدا ئەو جۆرە جمووجووڵە ڕاستەقینەیەیە کە شەڕ و وەی دوور دەخاتەوە، ئەوان هەر زۆر لە نێزیکەوە و، هەر لەو کاتەوە کە لە پڕ بینییان کتێبی پیرۆز لە ژوورەکەی خۆیدا دەخوێنێتەوە کەوتنە چاودێریکردنی.

تەنانەت شتە عەنتیکەکانیش زۆر سڵیان لێ دەکرد، هەر لە کاتێکی زۆر پێش ئێستاوە، هەر لەو کاتەوە کە ساوابوو هەوڵی دەدا بیانگاتێ، دەیویست ئاوێزانیان بێ و پێیانەوە بنووسێ و هەست بەگەرموگوڕی بکات لە تەنیشتیاندا و قایل نەبوون ( بەیدەستی بن) و بن بەوەی کە ئەو دەیویست بن : (( بیرەوەری شاعیرانەی منالێتی)). شتەکان بە تەواوی کەڕ و لاڵ بوو، قنج و قیت بوون، دەموچاویان شاراوەبوو، تەهی بوو لە دەربڕین، خەسڵەتی نەگۆڕاوی خۆیان هەبوو، و دەوری خۆیان دەزانی و قایل نەبوون بە قسەی ئەو بکەن، بێگومان لە ترسی ئەوەی نەوەک لە هێڵی ئەرکی خۆیان دەرچن و لادەن.

بەڵام جگە لەم جمووجووڵە ساکارەی کە بەدەگمەن ڕوو دەدات، نیشانەی شەرمۆکییە، لە ڕاستیدا ئیتر بواری بەخۆی نەدەدا شتێکی تر لەو بابەتە ڕوو بدات. وردە وردە توانی لەم خووە سەیرە گێلۆکانەیە دوور بکەوێتەوە و تەنانەت ئێستا کەمترین ڕێژەی ئەو خووانەی لەلا ماوەتەوە ئێستا پوولی پۆستە (کە ئەمە بەلای هەمووان و لە بۆچوونی گشتیاندا شتێکی ئاسایی بوو) کۆ ناکاتەوە. لە چەقی ڕێگەدا ڕاناوەستێ بۆ ئەوەی تەماشا بکات وەکو ئەوەی پێشتر لە کاتی گەشتەکەدا کاتێ کارەکەرەکەی یەخەی گرت و پێی گوت: کە واتا! یەڵا! یەڵا! شەقامەکەی بە پەلە دەبڕی و هاتوچۆی دوانەدەخست، و بەبەر مۆزەخانەکەدا دەڕۆیشت بەبێ ئەوەی نیگایەکی لێکتێگەیشتنی یا سۆزداری تێ بگرێ ئیتر بزێوی و ژێواری مۆزەخانەکە لە هەر ئاستێکدا بووبێ.

بە گشتیش هاوڕێ و خزمە شارەزاکانی بواری پزیشکسازیی دەروونی هیچ شتێکیان نەدۆزییەوە ڕەخنەی لێ بگرن، ئەوە نەبێ کە حەزی لە هەندێ گەمەی پاکی دڵخۆشکەر نەدەکرد و حەزی لە ملکەچی و خاو و خلیسکی و گوێڕایەڵی لە ڕادەبەدەر بوو. بەڵام ئەوان لەوەدا لێی دەبوورن، و مەسەلەکە لە دوای هەموو ئەمانە کەم مەترسیدارتر و کەم چەتوونیتر بوو.

بەڵام جارناجارێک کاتێ ماندوو دەبوو، بواری بەخۆی دەدا، لەسەر بنەوای ئامۆژگاریی ئەوان، بەتەنیا خۆی گەشتێکی کورت بکات. لەوێ لەگەڵ شیرەی شەبەقدا لەو ڕێگایانەدا پیاسەی دەکرد کە بەفر دای پۆشیبوون وەکو ئەوەی ڕۆچووبن بە وردبوونەوەیەکی قووڵ و لێبووردەییەکی جواندا، هەردوو دەستی لە بەرد مسوور و سپییەکانی ماڵەکەی هەڵدەسوویی، و خۆیشی دەنووسان بە دیوارێکی تەنیشتییەوە بۆ ئەوەی دیار نەبێ، بەدزییەوە لە مینای ڕوونی پەنجەرەیەکەوە تەماشای

هۆدەیەکی دەکرد لە نهۆمی خوارەوەدا و لە بەردەم پەنجەرەکەدا لە ناوەوە چەند نەمام و شتڵێکی سەوز لەناو هەندێ ئینجانەی چینیدا دانرابوون، و هەندێ شتی گەرم و پڕ و قوورس کە چرپیەکی نامۆیان هەبوو ئەگەرچی نەیدەزانی چییە و ترسناک بوو پڕیشکێ بچووکی لە ڕووناکاییی خۆی بەسەردا دەباراند و لە نێوانی سێبەرەکاندا گۆشەی مێزێک یا دەرگەی دۆلابێک، یا ناواخنی کورسییەک دەردەکەوت، وەکو ئەوەی هەموو ئەوانە قایلبن لەبارەی ئەو و هەروەها وەکو بەزەییهاتنەوە بەودا کە ئەو وەستاوە لێرەدا و چاوەڕوانە، قایل بن بە پارچەیەکی بچووک لە منداڵێتیی ئەو.

## چیرۆکی ژمارە ٢٣

دیمەنیان دزێو بوو... هەروەها ساکار و ئاسایی و بێ کەسایەتی بوون، و بەڕاستی لە تەرزێکی کۆن بوون، ئەوان بڕێتیبوون لە وێنەگەلێکی چاپکراو ئەو خانمە وای هەست دەکرد و وێنەکانیانی چەند جارێک بینیبوو لە هەموو چیرۆکەکاندا دانراوە، لەلای بەلزاک و مۆپاسان و مەدام بۆڤاری، وێنەگەلێکی چاپکراون، وێنەیەک لەسەر وێنەیەک، ئەو بەو جۆرە بیری دەکردەوە.

چەندان جار دەیویست ئەوان لە خۆی دوور بخاتەوە، بیانگرێ و تووڕیان بداتە شوێنێکی دوور دوور، بەڵام ئەوان بە بێدەنگییەوە دەورەیان دەدا و بەنەرم و نیانییەوە بۆی پێ دەکەنین، بەڵام بەشکۆمەندی و ڕێزێکی تەواوەوە. بە درێژاییی هەفتەکە کاریان کرد و بەدرێژاییی تەمەنیشیان بەخۆیان نەبێ بە کەسی تر پشتیان نەبەست.

هیچیان ناوێ، هیچ شتێک جگە لەوەی کات نا کاتێک ببینن، و پێوەستی لە نێوانی خۆیان و ئەودا بەتین بکەن و هەست بەوە بکەن کە ئەم پێوەندییە لێرە بەردەوام لە جێی خۆیدا درێژەی هەیە.. و ئەو دەزووەیە بەویانەوە دەبەستێ. ئارەزووی هیچ شتێکیان نەبوو ئەوە نەبێ لێی بپرسن ئەمەش شتێکی ئاساییە وەکو چۆن هەمووان لە کاتی میوانداریێتی هاوڕێ و خزماندا دەیکەن بپرسن چی کردووە و ئاخۆ زۆری خوێندووەتەوە یاخۆ زۆر چووەتە دەرەوە، خۆ ئەگەر ئەم و ئەوی بینیبێت.. یا ئەو فیلمانە، ئاخۆ بەباشیان دەزانێ... بەڵام ئەوان زۆر سەرسامی میشیل سیمون و جوفیە، بوون، و زۆریش پێکەنین و شەوێکی بەڕاستی خۆشیان بەسەربرد.

بەڵام لەبارەی ئەم هەموو کلێشە و قاڵب و فۆتۆکۆپی و بەلزاک و فلوبیر و مەدام بوڤاری، ئای! باش دەیانزانی لە هەمووی ئاگەدار بوون، بەڵام نەدەترسان.. بەناسکییەوە سەیریان دەکرد و پێ دەکەنین و وەها دیاربوو لەلایان کە لە نێزیک ئەوەوە هەست بە ئاسوودەیی دەکەن. وایان بۆ دەردەکەوت کە ئەوان ئەوە دەزانن، دەزانن ئەو زۆرجار سەیری کردوون و وێنەی کێشاون و پەسنی خەسڵەتەکانی کردوون، و بەڕادەی هەڵمژینێکی وا هەڵمژینیان کردووە هێندەی زیخ و چەو لووس و سفت بوون، زۆر سفت بەبێ بەرزی و نزمی و گرێوگۆڵ کە بتوانێ بەو هۆیەوە بیانگرێ، خانمەکە هیچ شتێکی لە دژی ئەوان لەدەست نایەت، ئەوان لەو بارەیەوە پارێزراو بوون.

ئەوان گەمارۆیان دەدا و دەستیان بۆ درێژ دەکرد: (میشیل سیمون.. جوفیە.. ئاخ، زۆر پێویست بوو، ئاخۆ وا نییە، سەرەتا مشووری دابینکردنی جێگەکانمان بخۆین.. ئەگینا ناتوانین بلیت مسۆگەر کەین یا دەبێ پارەیەکی زیاتر بدەین و ئەوساش دەبوو لەسەر کورسییەکانی لۆج بنوار... دابنیشین...).

ئەوان هەوڵی زیاتریان بۆ بەهێزکردنی پێوەندی دەدا، بەڵام بەهێوری و سەنگینی و بەبێ ئەوەی هیچ تەنگەتاوییەک دروست ببێ، و تاڵە دەزووە باریکەکەیان مەحکەم دەکرد و ڕێک و پێکیان دەکرد و توند توندیان دەکرد.

ئیتر هێدی هێدی لاواز دەبوو دڵی نەرم دەبوو.. هەستی بەوە دەکرد کە پێویستە لێیان نێزیک ببێتەوە و قایلیان بکات، لەگەڵیاندا دەچووە جوغزەکەوە... بەبەیدەستبوویی و ئاقڵییەوە هەستی (ئای، بەڵێ... میشیل سیمون... جوفیە...) وەکو هەستی کچۆڵەیەکی بچووکی بەڕەوشت و گوێڕایەڵ وابوو، دەستی لەناو دەستیان دەنا و لەگەڵیاندا دەکەوتە خولانەوە.

ئای، ئەوە ئێمەین بەرەنجام هەموومان کۆ بووینەتەوە، ئاقڵین و کارێک دەکەین دایک و باوکمان پەسەندی کەن، ئا ئەوەتا ئێمە لە کۆرسێکدا گۆرانی دەڵێین وەکو منداڵگەلێکی سەنگین کەسێکی بەساڵداچوو چاودێرییان بکات و ئەوانیش دەستە سارد و خەمبارەکانیان لەناو دەستی یەک نابێ و بخولێنەوە.

## چیرۆکی ژمارە ٢٤

ئەوان بەدەگمەن دەردەکەوتن، بەڵکو لە باڵەخانەکانیاندا مت دەبوون و لەناو ژوورە تاریکەکانیاندا چاوەڕوانیان دەکرد. بە تەلەفۆن پێوەندییان بە یەکترییەوە دەکرد، قسەیان دەکردو کۆنیان دەهێنایەوە یاد و بچووکترین نیشانە و ساکارترین ئاماژەیان دەقۆستەوە..

هەندێکیان ئەستوونی ڕیکلامی ڕۆژنامەکە دڵخۆشی دەکردن کە ئەوەی خستبووە ڕووداوێکی پێویستی بەبەرگدووریەکە بەکرێی ڕۆژانە.

هەموو شتێکیان دەهێنایەوە یاد و زۆریش پێداگری و ئێشکگرییان لەسەر دەکرد، دەستی یەکترییان دەگرت و بازنەیەکی داخراویان بەدەوری ئەودا دروست دەکرد.

کۆمەڵە خاکێکە یان کە ڕوخسارگەلێکی قوپاو و تاریکی هەبوو پێوەستی دەبوون و وەکو بازنەیەک گەمارۆیان دەدا.

کاتێکیش دەیانبینی بەشەرمەوە دەخشێ و هەوڵی خۆ دەربازبوون دەدات لە دەستیان، ئیتر ئەوان بەپەلە دەستە تێکئالاوەکانیان نزم دەکردەوە و لەسەر چیچکان دادەنیشتن بەدەوریدا و ئەو نیگایانەیان تێ دەبری کە لە چاوی ئەودا هیچ واتایەکیان دەرنەدەبڕی، بەڵام نیگاکان جێلەق نەدەبوون، و ئەوان پێکەنینێکی پڕ لە ڕەنگ و ڕووی منداڵێتی پێ دەکەنین.

د. ئازاد حەمە شەریف

# تەكنیك و هونەر لە نۆڤلێتی (لە خەوما)

ئەگەر تەنیا لە روانگەی تەكنیك و هونەرەوە تەماشای نۆڤلێتی "لەخەوما"ی "جەمیل سائیب" بكەین دەبینین كە نووسەر هونەركارییەكی بێ وێنەی بە جۆرێكی وا تێدا بەكار هێناوە كە كاریگەرییەكی زۆر لەسەر خوێنەر بەجێ بهێڵێت.

لێرەدا ئێمە پەنجە لەسەر سێ لایەنی گرینگی ئەم نۆڤلێتە دادەنێین:

یەكەمیان: تەكنیكی نوێ لە نۆڤلێتی "لە خەوما"(*)

دووەمیان: رەگەزەكانی دراما/شانۆیی لە نۆڤلێتی "لە خەوما"

سێیەمیان: وەسفكردن لە نۆڤلێتی "لە خەوما"

پێویستە هەمووشمان ئەوەمان لە بیر بێت كە ئەم بەرهەمەی "جەمیل سائیب" ٨٧ساڵ بەر لە ئێستا نووسراوە و ئەگەر بەچاوی ئەو رۆژگارە سەیر بكرێت، دەبێتە سەرەتای هونەری چیرۆكنووسین و نۆڤلێت لە ئەدەبی كوردیدا و لە لایەنی هونەریشەوە دەگاتە ترۆپكی داهێنان.

## یەكەم: تەكنیكی نوێ لە نۆڤلێتی "لە خەوما"

أ) خەون و چڕكردنەوەی كات

سەرجەم رووداوەكانی ئەم كارە هونەرییە هەر هەمووی لە خەونێكدایە و وەكو هەمووشمان دەزانین خەون لە چەند چركەیەك تا چەند خولەكێك زێتر درێژە ناكێشێ. بەڵام دەسترەنگینیی (جەمیل سائیب) لەوەدا دەردەكەوێ كە ئەو هەموو رووداوە زۆرەی سەردەمی شێخ مەحموودی

نەمر لە ماوەی سێ چوار ڕۆژێکی گەشتەکە و شەوێک بەسەربردن لە کۆنە خانێک و تەنیا شەوێکی زیندانیکردنەکەیدا چڕ کردووەتەوە و هەر هەمووشی ئاخنیتە ناو خەونێکی چەند خولەکی یان چەند چرکەییەوە. کەواتە لەم نۆڤلێتەدا سێ جۆرە کات هەن:

١- کاتی ڕووداوەکان: ئەمەش سەرجەم ماوەی حوکمداریتیی شێخ مەحموود دەگرێتەوە.

٢- کاتی ناو خەونەکە: ئەمەش سێ چوار ڕۆژی گەشتەکە و شەوێکی مانەوە لەناو خانەکە و تەنیا شەوێکی زیندانیکردنەکەی پاڵەوانە بێ ناوەکەی نۆڤلێتەکە دەگرێتەوە.

٣- کاتی خەونەکە: ئەمەش بریتییە لە چڕکردنەوەی هەردوو زەمەنەکەی پێشوو لەناو چەند چرکەیەک یان چەند خولەکێکی پێش وە ئاگا هاتنەوە.




ب- گەورەکردن و بچووککردنەوەی ڕووداوەکان

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی خەون ئەوەیە کە لە خەوندا شتی بچووک زل و زەبەلاح دەکرێت و شتی زل و زەبەلاحیش ورد و بچووک. مەبەستیش لەمە دانانی کاریگەری بەتینە لەسەر خەونبین و گوێگری خەون. هەڵبەتە ئەم تەکنیکەش زۆر بە ڕوونی لە نۆڤلێتەکەدا ڕەنگی داوەتەوە. ئەمەش ئەگەر شتێکمان بۆ دەربخات، ئەوەمان پێشان دەدات کە نووسەری بەرهەمەکە کەسێکی ڕاستگۆ بووە بۆیەش خەونەکەی وەکو خۆی تۆمار کردووە بەبێ شێواندنی سنوور و تخووبەکانی پرۆسەی خەون و خەون بینین.

ج- سەرەتا و کۆتاییی نۆڤلێتەکە

هەر هەموو ئەو ڕەخنەگر و لێکۆڵەرەوانەی کە باسیان لە "لە خەوما"ی "جەمیل سائیب" کردووە وای بۆ چوون کە نۆڤلێتەکە تەواو نەکراوە و پێویست بوو بە چەند ڕستەیەک نووسەر کۆتاییی بە خەونەکە بهێنابوایە. بەڵام دوای وردبوونەوە لە نۆڤلێتەکە دەرکەوت کە پێچەوانەی قسەکانی ئەوان ڕاستە. چۆن؟

ئەگەر ئەو برا ڕەخنەگر و نووسەرانەی لەسەر ئەم نۆڤلێتەیان نووسیوە بچنەوە سەر خوێندنەوەی ئەو بەرهەمە و بەو چاوە بیخوێننەوە کە سەرەتای نۆڤلێتەکە بریتییە لە کۆتاییی

خەونەکە و کۆتاییی خەونەکەش بریتییە لە سەرەتای چیرۆکەکە ئەوا ئەوسا دەزانن چەند بە هەڵە ئەو نۆڤڵێتەیان لێک داوەتەوە. چونکە کابرای خەونبین کە لە خەوەکەی بەئاگا دێتەوە ئینجا دێت خەونەکەی بۆ ئێمە دەگێڕێتەوە و چیرۆکەکە لەوێوە بەمجۆرە دەست پێ دەکات: "شەوێک لە خەوما وا لە دنیا گیرم خواردووە...." (لە خەوما، ل ٣٥).

جا دوای ئەوەی ئەو برا ڕەخنەگرانە، لەو مەسەلەیە وردتر دەبنەوە، ئەوسا دەزانن کە (جەمیل سائیب)، چەند کەسێکی هونەرزان و شارەزای تەکنیکی چیرۆک نووسین بووە. ئەم تەکنیکەی کە نووسەر لەم نۆڤڵێتەدا بەکاری هێناوە پێی دەگوترێت تەکنیکی بازنەیی کە سەر و بنی چیرۆک پێکەوە دەبەستێتەوە. هەڵبەتە کاری وا ئاسان نییە و لە دەست هەموو چیرۆکنووسێک نایەت و تەنیا نووسەری گەورە و شارەزا بەم تەکنیکە دەوێرن.

لایەنێکی تر کە زۆربەی ڕەخنەگران بە کەموکووڕیی لە نۆڤڵێتەکەی "جەمیل سائیب"ی دادەنێن ئەوەیە کە بۆچی خەونەکە کۆتاییەکی لۆجیکی نییە. جارێ پێش هەموو شتێک لۆجیک لە هەموو شتێکدا هەبێت هەرگیز لە خەون و خەونبینیندا نییە. خەون بۆیە خەونە چونکە شتی سەیروسەمەرە و کەس نەدیدە دەگێڕێتەوە. ئەگینا ئەگەر خەون ڕێک لەگەڵ واقیع بێتەوە، ئەوا بێگومان، ئەمە خەون نییە و واقیعە. ئەم تەکنیکەش لەسەر دەستی گوزارەخوازەکان (ئێکسپرێشینیستەکان) زۆر برەوی سەند و بووە تەکنیکێکی سەرەکیی شانۆی گوزارەخوازی (ئێکسپرێشینیستی).

د- بەکارهێنانی تەکنیکی چیرۆک لەناو چیرۆک (Frame Story)

لەم شاکارەدا نەک تەنیا چیرۆکێک هەیە، بگرە چەندین چیرۆک لەناو چیرۆکدا هەن. چیرۆکەکان لەبەرئەوەی کەوتوونەتە بەر کاریگەری پرۆسەی خەون، چڕ و کورت و لە پڕ و خەست کراونەتەوە. ئەگەر بە تانوپۆی ئەو بەرهەمەدا بچین دەکرێت ئاماژە بۆ چیرۆکی (چەتە و کاروانچییەکان)، چیرۆکی (ژنە مێرد کوژراوە سواڵکەرەکە)، چیرۆکی (ژنی حوکمدار و چۆنیەتیی دامەزراندن و سزادانی خەڵک بە میزاج)، چیرۆکی (کۆبوونەوەی حوکمدار لەگەڵ دارودەستەی خۆی و پارە کۆکردنەوە بۆ خۆیان)، چیرۆکی (مووچە نەدان بە تەقاوبت و سەربازان)، چیرۆکی (کۆبوونەوە لەگەڵ مەلاکان و فتوادان بۆ ئەنفالکردنی ژن و ماڵی بەرهەڵستکارن)، چیرۆکی (کۆبوونەوەی حوکمدار لەگەڵ پیاوکوژان و دەستنیشانکردنی کەسانی بەرهەڵستکار بۆ بریندارکردن و تیرۆرکردنیان)، چیرۆکی (کۆبوونەوە لەگەڵ جلخوارە تورکپەرستەکان و لایەنگیریکردنی تورکەکان)، چیرۆکی (کۆبوونەوە لەگەڵ ئینگلیزپەرستەکان و لایەنگیریکردنی ئینگلیزەکان)، چیرۆکی (کۆبوونەوە لەگەڵ نیشتمانپەروەرەکان و لایەنگیریکردنی سەربەخۆیی کوردستان)، چیرۆکی (کۆبوونەوەی حوکمدار لەگەڵ باوەڕ پێکراوانی خۆی و نەکردنی هەر شتێک کە خزمەتی بەرژەوەندیی تەسکی خۆی نەکات) و چەندین چیرۆکی تر.

ئەم هەموو چیرۆکانەی سەرەوە لەناو خەونێکدا چڕ کراونەتەوە و خەونەکەش بە چیرۆک گێڕدراوەتەوە و پاشتر نووسراوەتەوە. کەواتە رووداوەکانی ناو ئەم نۆڤلێتە بە دوو دانە فیلتەردا تێ پەڕیون تا دەگەن بە خوێنەر. فیلتەری یەکەمین خەونەکەیە و فیلتەری دووەمیش گێڕانەوەی خەونەکەیە. هەر ئەمەشە وا دەکات کە ئەم بەرهەمە شەقڵی بابەتخوازی (Objectivity) پێوە دیاربێت. هەڵبەتە ئەم تەکنیکە هونەرییە سەرکەوتووە نەبوایە بەهیچ جۆرێک سەرەداوی ئەم هەموو چیرۆکە پەرش و بڵاوە لێک گرێ نەدەدران. ئەمەش ئەگەر شتێکمان بۆ دەربخات، ئەوە پێشان دەدات کە "جەمیل سائیب" چەند باڵادەست بووە لە هونەری چیرۆک نووسیندا.

## دووەم: رەگەزەکانی شانۆیی لە نۆڤلێتی "لە خەوما"

بە سەرنجێکی خێرا و وەرگێڕانی لاپەڕەکانی ئەم نۆڤلێتە خوێنەری ورد هەست بەوە دەکات کە ئەم بەرهەمە زیاتر بەلای شانۆییدا دەشکێتەوە، چونکە جگە لە ناونیشانە درامییەکەی "لە خەوما"، سێ سەرەبابەتی بەم ناونیشانە دەست پێ دەکەن: (پەردە گۆڕا) ، (پەردە وەرگەڕایەوە)، (پەردەیێکی تر). لە پاڵ ئەمانەشدا هەموو سەرەبەشەکانی تری ئەم نۆڤلێتە ناونیشانی درامیی سەرنج ڕاکێشیان پێ دراوە. بۆ نموونە: (گەیشتنە شار و ئەوەڵ قۆرت)، (ئەحواڵی خان و دووەمین قۆرت)، (رۆژەوەبوون و قۆرتی سێیەم)، (چیم بینی لەو ژوورەدا؟)، (گفتوگۆکردن و فتوا وەرگرتن...).

جا بەمەبەستی پتر کاریگەری بەجێ هێشتن لەسەر خوێنەر، لەم نۆڤلێتەدا هەموو رەگەزەکانی شانۆیی بەکار هاتوون. هەر لە چوارچێوەی (کات، شوێن، دەوروبەر)ەوە بگرە تا دەگات بە (زۆرانبازی) و (زمانی گفتوگۆ و خۆ دواندن و لەبەرخۆ قسەکردن و قسەکردنی لابەلا و گێڕانەوەی حیکایەتخوان) و (رووداو و گرێچن) و (بیرۆکەی شانۆیی) و (کەسایەتییەکان).

لێرەوە بەدوا یەکە یەکەی ئەو رەگەزانە دەخەینە بەرباس و لێکۆڵینەوە بەمەبەستی زێتر تیشک هاویشتنە سەر لایەنە درامی و شانۆییەکانی ئەم شاکارە هونەرییە.

A. کات و شوێن و دەوروبەر

١- لە خاڵی یەکەمدا باسی کات لەم نۆڤلێتەدا کراوە کە سێ جۆرە کاتە: کاتی رووداوەکان، کاتی ناو خەونەکە و کاتی خەونەکە (بۆ باشتر روونبوونەوەی ئەم لایەنە بچۆرەوە سەر بڕگەی (أ) لە خاڵی یەکەمی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا.

٢- شوێن: دوو جۆرە شوێنیش لەم نۆڤلێتەدا هەن:

أ) شوێنی دەرەکی

ئەم شوێنە بریتییە لەو شوێنانەی شاکەسی نۆڤلێتەکە پێیدا رەت دەبێت هەر لە سەرەتای

دەستپێکردنی گەشتی ناو خەونەکە تا دەگاتە زیندان. شوێنەکان بریتین لە : ڕێگەی نێوان کەرکووک و ناوچەی هەمەوەندەکان و قەراغی شاری سلێمانی کە شاکەس بە ڕێبواری (هەندێک جار بە پیادەیی و هەندێک جاریش بە سواری) پێیدا ڕەت دەبێت. هەروا ئەو (خانە)ی شەوی یەکەمی تێدا بەسەر دەبات تا بەیانی.

ب) شوێنی ناو زیندان

ئەمیش ڕۆڵی ناوڕاستی تەختەی شانۆ دەبینێت و لەلای دەستە ڕاست و دەستە چەپییەوە ژووری حەرەمسەرا و ژووری کۆبوونەوەی حوکمداری لێیە. هەردوو ژوورەکانی ئەمبەر و ئەوبەری ژووری زیندان ڕۆڵی دوو تەختەی شانۆ دەگێڕن چونکە نزیکەی سەرلەبەری ڕووداوەکانی ناو خەونەکە لەوێ ڕوو دەدەن. شاکەسی زیندانیکراو هەندێک جار بە خۆی دەبێتە سەیرکراو و هەندێک جاریش دەبێتە سەیرکەر. ئەمەش تەکنیکێکی نوێی (شانۆی داستانییە) و زۆر دوای "جەمیل سائیب" شانۆنامەنووسی ئەڵمانیایی "بێرتۆڵت برێشت" پێوە بەناوبانگ بوو. هەڵبەتە لەم نۆڤڵێتەدا تەکنیکێکی تری شانۆی داستانی (برێشتی) تێدایە کە ئەویش حیکایەتخوانە و دواتر باسی لێوە دەکەین.

B. زۆرانبازی

بڕبڕەی پشتی هەموو کارێکی درامی زۆرانبازییە. بەبێ ئەم ڕەگەزە هیچ درامایەک نابێتە بەرهەمێکی سەرکەوتوو. لەم نۆڤلێتەدا زۆرانبازیی بەتین لەسەر چەندین ئاست هەن:

أ) زۆرانبازیی نێوان ئەشقیا و جەردە و کاروانچییەکان.

ب) زۆرانبازیی نێوان دارودەستەی حوکمدار و خەڵکی ڕەشوڕووت ، لەمانە (ژنی مێرد کوژراو، تەقاویتی پارە پێنەدراو، سەربازی مووچە وەرنەگرتوو).

ج) زۆرانبازیی نێوان ژنی حوکمدار و ژنانی تر کە ئەو هەموویان بە نۆکەر و خزمەتچی تێ دەگات.

د) زۆرانبازیی نێوان شاکەسی ئەم نۆڤڵێتە و دارودەستەی بەرتیلخۆر و زۆرداری حوکمدار.

هـ) زۆرانبازیی نێوان حوکمدار و دارودەستەی مەلایان دژ بە بەرهەڵستکاران.

و) زۆرانبازیی نێوان تورکپەرست و ئینگلیزپەرست و نیشتمانپەروەرانی کورد.

C. زمانی شانۆیی

لەم نۆڤڵێتەدا هەموو ئەو جۆرە زمانانە بەکار هاتوون کە شایستەی بەرهەمی شانۆیین. لە بەرهەمی شانۆییدا بە گشتی ئەو چوار جۆرە زمانە بەکار دێن:

أ) زمانی گێڕانەوە

ئەم نۆڤڵـێـتـە بە گـێـڕانەوەی خـەونێـک دەست پـێ دەکـات و خـەونگێـڕەرەوەکـە ڕۆڵی "حـیکایەتخـوان" دەگێـڕێت کـە ئەمـەش یەکـێکە لەو تەکنیکە نوێـیانەی شـــانۆی (برێشـــتی) پێی بەناوبـانگ بـوو. نموونـەی ئەوەش ســـەرەتای چیـــرۆکـــەکـــەیە کـــە وا دەست پێ دەکـــات: " شـــەوێک لە خـــەومـــا وا لە دنیـــا گـــیـــرم خواردووە...." (لە خەوما، ل ٣٥).



جەمیل سائیب

ب) زمانی گفتوگۆ لە نێوان کەسایەتییەکان

ئەمەش لە گفتوگۆی نێوان شاکەسی ئەم نۆڤڵێتە و مـامە پیرەی کـاروانچی و قوڵـخچییەکان؛ شاکەس و کـابرای خـانچی؛ شـاکـەس لەگـەڵ زیندانـەوانـەکـان؛ گفتوگۆی نێوان ژنی حوکمدار و ژنانی حەرەمسەرا؛ گـفـتـوگـۆی حـوکـمـدار لەگـەڵ شـەریکە بەشـەکـانی؛ حـــوکـــمـــدار و مـــەلاکـــان؛ حـــوکـــمـــدار و ئەفـــەندییـــە ئینگلیزپەرستەکان؛ حوکمدار و نیشتمانپەروەرەکاندا دەردەکەوێت.

ج) زمانی لەبەرخۆ قسەکردن و خۆ دواندان

ئەم جـۆرە زمـانە لە کـاتی لێکدانەوە زۆرەکـانی شـاکـەس لەگـەڵ خـۆیدا بەرچاو دەکـەوێت. لە سـەرەتای چیـرۆکەکەوە ئەم ڕستـەیە هەیە: "هەر بیر ئەکـەمـەوە لەبەر خـۆمـەوە ئەڵێم، یاڕەبی چی بکەم، چۆن هـەوڵێک بدەم شـتێکم دەست بکەوێ، ئیدارەی خـۆم و مـاڵ و منداڵمی پێ ڕێک بخـەم و لەژێر قەرز و نەبوونیدا دەربچم." ( لە خەوما، ل ٣٥)

نموونەی تری خۆ دواندن و لەبەرخۆ قسەکردن لە کاتی گیرانی شاکەس بە تۆمەتی جاسووسیدا دەردەکەوێ کە دەڵێ: "منیش لە دڵی خۆمدا وتم نەخێر نەخۆشـییەکەی کابرای خـانچییەکە وتی منیش گرتم و ڕابورد." ( لە خەوما، ل ل ٤٣ -٤٤)

د) قسەکردنی لابەلا

نموونەی قسـەکردنی لابەلا لەم نـۆڤڵێتەدا لە زۆر جێگە بەرچاو دەکەون. بەڵام لێرەدا من تەنیا پەنجە بۆ ئەو نموونەی سەرەکییە ڕادەکێشم. دوای کۆبوونەوەی حوکمدار لەگەڵ هەرسێ دەستەی تورکپەرست و ئینگلیزپەرست و نیشـتمانپەروەرەکان، شـاکەس لە کونی ئەو پەنجـەرەیەی ئەوی تێدا زیندانی کراوە بەدزی ئەم کۆبوونەوەیە دەبینێ و گوێی لە هـەموو قسەکانیان دەبێت و لە ڕاز و نهێنیی ئەو قسانەی حوکمدار ئاگەدار دەبێت و بەشێوەیەکی لابەلا دەڵێ: "منیش ... لەبەر خۆمەوە

ئەموت: یارەبی ئەمە چییە و ئەم کابرایە چ ئینسانێکە، کە هەر لە زەرفی سێ سەعاتدا، بە چەند چەشن گۆڕا و بۆچی تۆزێک تێگەیشتن و لێکدانەوەی نییە، ئەمانەی هەموو بەلاوە باش بوو و لەگەڵ هەموویان قەراری دا و لە پاش نەختێک لە هەموویان پاشگەز بووەوە." (لە خەوما، ل ٧٢-٧٣)

D. ڕووداو و گرێچن

ڕووداوەکانی ناو ئەو نۆڤڵێتە هێندە زۆرن هەر لە ژمارە نایەن. ئەمانەی خوارەوە هەرە دیارەکانیانن:

أ) بەڕێک کەوتن و سەرهەڵگرتنی شاکەس بەمەبەستی نان پەیداکردن بۆ خاووخێزانە برسییەکەی.

ب) ناسینی پیرەمێردی ڕێبوار و بەزەیی پێداهاتنەوەی پیرەمێرد بە شاکەس.

ج) هێرشی ئەشقیا و جەردە بۆ سەر کاروانچییان.

د) بێنە و بەردەی پاسەوانانی زاڵگە بۆ بەرتیل وەرگرتن.

هـ) چوونە ناو خان و بەسەربردنی شەوێکی سارد بە سکی برسی.

و) گریان و زاری و قیژەی ژن و منداڵی گیراوێک لە دەست دزان.

ز) هاتنی دارودەستەی حوکمدار و گرتنی شاکەسی نۆڤڵێتەکە.

ح) پاڕانەوە و نوزانەوەی ژنی سەربازە کوژراوە کە بۆ خێر پێکردن.

ت) دارکاریکردن و سزادانی پیاوێک لە مەیدانێکدا.

ی) پیلان و پیلانکاریی ژنی حوکمدار بۆ سەندنی خشڵ و زێڕ لە ژنانی تر .

ک) کۆبوونەوەی حوکمدار لەگەڵ برابەشەکانی خۆی و سامان دابەشکردن.

ل) کۆبوونەوەی حوکمدار لەگەڵ مەلاکان و فتوای ئەنفالکردنی ژن وماڵی بەرهەڵستکاران.

م) کۆبوونەوەی حوکمدار لەگەڵ تورکپەرست و ئینگلیزپەرست و نیشتمانپەروەران.

ن) دواین کۆبوونەوەی حوکمدار لەگەڵ دارودەستەی خۆی و قسەکانی سەبارەت بە بەرژەوەندیی تەسکی خۆی.

هەروەها لە ڕووی ڕێزکردن و تێک هەڵکێشکردنی ڕووداوەکان "جەمیل سائیب" ئەوپەڕی دەستڕەنگینیی نواندووە و هەر ڕووداوێک ڕێ بۆ ڕووداوەکەی دوای خۆی خۆش دەکات و بەمجۆرەش زنجیرەیەکی بەردەوامی نەپساوەی سەرنج ڕاکێش پێک دەهێنێت. ئەم ڕووداوانە بەرە بەرە بەشێوەیەکی درامی بەرز دەبنەوە تا دەگەن بە ترۆپکی درامی. ترۆپکەکەی ئەم نۆڤڵێتە دەکەوێتە کۆتایی کاتێک بە چەند زەلامێک بەردەبنە گیانی شاکەسی زیندانیکراو بەر لە واگا هاتنەوەی لە خەوەکەیدا.

هەڵبەتەش هێشتنەوەی کۆتاییی خەونەکە بەکراوەیی بۆ ئەوەیە سەرنجی خوێنەران/بینەران بۆ ئەوە رابکێشێت کە چارەسەرکردنی کێشەکە لە دەست ئەوانە و کێشەکەش بەردەوام دەبێت تا چارەسەرییەکی گونجاوی بۆ دادەنرێت.

E. بیرۆکەی شانۆیی

ئەم شانۆییە لەسەر بیرۆکەیەکی زۆر بەهێز بنیات نراوە کە ئەویش ستەمکاریی حوکمداری ناوەخۆییە بەرامبەر بە خۆڵاتی و خۆسەپاندنە بەسەر رایەڵەکانی دەسەڵات بەناوی نیشتمانپەروەری. هەڵبەتە حوکمدار لەم نۆڤلێتەدا وا وێنا کراوە کە هەموو دەسەڵاتە ماددی و مەعنەوییەکانی کۆمەڵگە لە کەسایەتیی ئەودا کۆ ببێتەوە. بەمەش بەرپرسیارێتییەکەی ئەو بەرامبەر خەڵک و مێژوو پتر دەبێت.

F. کەسایەتییەکان

لەم نۆڤلێتەدا دە جۆر کەسایەتی بەرچاو دەکەون:

أ) کەسایەتییە پەراوێزییەکان: ئەو کاروانچی و خانچی و کاسبکارانە دەگرێتەوە کە بە هیچ جۆرێک بەشدار نین لە زوڵم و زۆرداریکردن لە کەسانی تر.

ب) دارودەستە ستەمکارەکەی حوکمڕان: هەموو ئەو قوڵخچی و نانخۆر و سمێڵ فش و چاوسوورانە دەگرێتەوە کە بەرجەستەی دەسەڵاتی حوکمدار دەکەن.

ج) کەسایەتییە یاخییەکان: هەموو ئەو ئەشقیا و جەردانە دەگرێتەوە کە لە رێگەدا تووشی کاروانچییەکان دێن.

د) ژنە شەهید و منداڵە شەهید و برسی و تێنووەکانی ناو شار و تەقاویتە بێ مووچە و سەربازە چەڵتووک پێدراوەکان لە جیاتیی مانگانە. ئەمانەش لە بەرەی ستەم لێکراوانن.

هـ) ژنی حوکمڕان و دەستەخوشکەکانی: ئەمەش هەموو ئەو کەسایەتییە چاوچنۆک و ماڵ زەوتکەرانەی حەرەمسەرا دەگرێتەوە.

و) دەستەی مەلایان و فتوادەران: ئەوان هەر هەموویان ئەڵقەی دەستی حوکمڕانن لە مەسائیلی ناوەخۆدا، بەڵام لە مەسائیلی دەرەکیدا حوکمڕان دەکەوێتە بەر کاریگەری قسە و گوفتاریان کە بە زۆری بەلای تورکەکاندا دەشکێتەوە.

ز) دەستەی ئینگلیزپەرستەکان: ئەو هەموو کەسانە دەگرێتەوە کە بە جاسووس و خائین و ناپاک لەم نۆڤلێتەدا ئاماژەیان بۆ کراوە.

ح) دەستەی نیشتمانپەروەرە سەربەخۆکان: هەموو ئەو کەسانەن کە تا ئەوپەڕی پەراوێز خراون و حوکمدار هەر بۆ گاڵتە لەگەڵیان کۆ دەبێتەوە.

ت) حوكمدار: كە لەم نۆڤلێتەدا وەكو پیاوێكی ستەمكار و زۆرداری بێ ویژدان و نەزان و بێبار وێنەی كێشراوە.

ك) كابرای زیندانی: وەكو كابرایەكی رۆشنبیری سێ رەهەندی كە رەهەندەكانی (فیزیكی و كۆمەڵایەتی و دەروونی) بەباش تێدا بەرجەستە بووە پێشكێش كراوە. ئەو زیندانییە دەبێتە شاكەسی ئەم نۆڤلێتە چونكە ترۆپكی رووداو و كارەساتەكان لە كەسایەتیی ئەودا بەرجەستە دەبێت. هەروەها شاكەسی ئەم نۆڤلێتە كەسێكی گەشەكردووە لەلایەنی هۆشیارییەوە. چونكە لە سەرەتای نۆڤلێتەكەدا ئەو وا دەزانێت بەرەو بەختەوەری هەنگاو دەنێت، كەچی لە كۆتاییدا دەبێتە خاوەنی ئەو هۆشیارییەی كە هەرچەندی زوو لەم دۆزەخە رزگاری ببێت باشترە.

## سێیەم: وەسفكردن لە نۆڤلێتی "لە خەوما"

لە ساڵی ١٩٢٠دا ، پێش نووسینی ئەم نۆڤلێتەش "جەمیل سائیب" بە نووسینی پارچە پەخشانێكی وەسفی بەهێز گرەوەی سێیەمی چیرۆكی كوردی بردبووەوە؛ ئەم پێشبڕكێیە بۆ نووسینی كوردی لەلایەن (مێجەرسۆن)ەوە رێك خرابوو.

وەسفكردنی سەرەتای گەشتەكە و رێگەوبان و شەڕی ئەشقیا و جەردە و كاروانچییەكان و بێنە و بەردەی بەرتیل وەرگرانی قوڵخچی و شەوی مانەوەی ناو خان و دز هاتنەسەر ماڵە هەژارەكە و كڕووزانەوەی ژن و منداڵی سەربازە كوژراوەكە و داد و سكاڵای تەقاویتەكان و داركاریكردنی كابرای مەیدانەكە و قسە و باسی ناو حەرەمسەرا و كۆبوونەوە زۆرەكانی حوكمدار و وەسفی دارودەستەكەی هەردەم بەزیندوویی لە مێشكی خوێنەراندا دەمێنێتەوە. هەر ئەمەشە لە پاڵ تەكنیكەكانی تر كە لەمەوپێش ئاماژەمان بۆ كردن وا دەكەن ئەم نۆڤلێتە بگاتە ئاستی شاكارە ناودارە جیهانییەكان.

هەولێر: ٢٠١٢/١/١

پەراوێز:

* جەمال بابان پێشەكیی كتێبی "لە خەوما"، هەولێر: دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی ئاراس، ٢٠١٠، ل ٢٧ – ٢٨. (هەر ئاماژەیەكی تر بۆ نۆڤلێتی "لە خەوما" لەم چاپەی سەرەوە وەرگیراوە. (نووسەر).

باس

حەیدەر عەبدوڵڵا

# خەیام
# شاعیرێک لە دووڕیانی دڕدۆنگیدا



عومەر خەیامی نیسابووری شاعیرێکی مەزنی جیهانییە، گوناهە هیچ نەتەوە و گەلێک بەسەرخۆی دا ببڕێت. هەرکەسێک ئەلف و بێیەک لە ئەدەب و وێژەی جیهانی بزانێ ناوی عومەر خەیامی شاعیری لەلا نامۆ نییە. بەلام بەداخەوە زۆرێک لە خەڵک بە تایبەتی خوێندەوارانی کورد بە قوولاییی دەریای زانست و توانستی خەیام نائاشنان. خەیام زەریایەکە لە فەلسەفە هەموو ئەوانەی لە کەنارن کەنارگیرن دەخنکێن و ئەوانەی دەچنە قوولاییەکەشی رزگاریان دەبێت.

یەکێ لە کارە جوانەکانی مامۆستا هەژار وەرگێڕانی چوارینەکانی خەیامە، دیارە مامۆستا هەژار یەکەم کەس نەبووە کە شیعرەکانی خەیام بکات بە کوردی بەرلەو جەلادەت عالی بەدرخان، شیخ سەلام، مامۆستا گۆران و ئەحمەد شالیش ئەم کارەیان کردووە، بەلام هیچیان بە وێنەی وەرگێڕانەکەی هەژار جوان و قەشەنگ و بەناوبانگ نین.

لەم سالانەش کتێبی (کورد و خەیام نەناسین)ی خوسرەو جاف بە هەر چوار زمانی ئینگلیزی و عەرەبی و کوردی و فارسی چاپ کرا، لای من ئەمەی خوسرەو جافیش شاکارێکی ناوازە و دانسقەیە، پێویستە خەیام نەناسان بەوپەڕی دڵگەرمییەوە بایەخی پێ بدەن.

لەم چەند کەسە بەدەر کە بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن، لە کوردستان نەمبینیوە و نەمبیستووە کەسێکی کورد زمان کتێبێک، یان باسێک، لەسەر خەیام بنووسێت، دەشێ هەبن بەلام من نەمزانیبێت، بۆ نا؟.

ئەوەی جێگەی داخە هەروەک لە باسی مەلای مەشهوور نووکتە و قسەی گاڵتەجاڕیمان دەکەوێتەوە بیر، لە باسی خەیامیش ڕاستەوخۆ مەیخۆری و مەیخانەمان دەکەوێتەوە یاد!

ئاخۆ دەکرێ کەسێکی وا فرەزان و ئەستێرەناسێکی وەها مەزن و زاهیدێکی هێندە رۆچوو لە عیرفان هەرخەریکی مەینۆشین و رابواردن بووبێت؟ مامۆستا هەژار، دەڵێ: "ئەو خەیامە کە خاوەنی ئەم هەموو بیر و عەقڵەیە، فەیلەسووف بووە و زۆر کتێبی زانستی نووسیوە و تەنانەت رۆژژمێری دروست کردووە، چۆن دەبێ بڵێین ئەوەندە سەرخۆش بووە کە خستوویانەتە ناو سەبەتەیەک و بردوویانە بۆ کۆڕی زانایان بۆ ئەوەی وەلامی پرسیارەکانیان بداتەوە، چۆن ئەو ئینسانە هەر لە کونجی مەیخانە بووە"! دەڵێ: "خەیام یا مەی نەخواردووەتەوە یان یەک کەڕەت بۆ تاقیکردنەوەی بووە کە بزانێ ئەوەی شاعیران ناوی دەبەن و مەشایخ دەڵێن چییە و چۆنە!. خەیام سەرخۆشی لەو هوشیارییە پێ باشترە کە بە شتی پووچەوە خەریک بن و نەزان بن. پیاو مەست بێ و بێ خەبەر بێ، نەک بە ئەغیاری ئابڕووی دین و زانین بەرێ".

من لە میانەی خوێندنەوەی چڕوپڕم بۆ هەموو ئەو کتێبانەی لەبارەی خەیام نووسراون، نەمبینی قوتابی و هاوڕێ و هاومەشرەب و هاوچاخانی خەیام بە وشەیەکیش باسی مەیخۆری و رابواردنی خەیام بکەن، بگرە هەموو ئەمانە بە کەسێکی رەوشتبەرز دەیخەنە ڕوو. دوای کۆچی دواییی خەیام یەکەم شتێک کە لەسەری نووسرابێت، (چهارمقالە)ی ئەحمەد عومەر نیزامی قوتابییەتی، دوای

ئەویش کتێبگەلێکی تری لەسەر نووسرا، هیچ لەم کتێبانە باسی مەیخۆری و رابواردنی خەیامیان نەکردووە.

لێرەدا پرسیارێکی قەبە خۆی دەخزێنێتە ناو ئەم باسە و دەڵێ: ئەی بۆچی چوارینەکانی خەیام زۆربەی زۆریان لە باسی مەیخۆری و مەیخانە و ڕابواردن دەخولێنەوە؟ بۆ وەرامی ئەم پرسیارە ئەم چەند خاڵە دەخەینە روو:

یەکەم: ئێمەی کورد لە مێژوودا کەسانێکمان هەیە، هیچ هەقیقەتێکیان نییە، کەچی دنیایەک شیعر و هەڵبەستیان بە دەمەوە کراوە و گوتراوە، بە وێنەی خەج و سیامەند و شیرین و خەسرەو ... هتد. دەی بۆچی کێچت دەکەونە کەوڵی گەر بڵێین: زۆربەی چوارینەکان کە بەناوی خەیامی شاعیر بە هەموو جیهاندا پەرش بوون فریان بەسەر خەیامەوە نییە! گەر بەم قسەشم رازی نیت شتێکی ترت بۆ باس دەکەم، پێغەمبەری ئیسلام سەتان یار و هاوەڵی دڵسۆزی لە دەوروبەر بووە، کەچی هەزاران وتەی بە زمان هەڵبەستراوە، زانایانی فەرمووودەناس چەند هێنایان و بردیان نەیانتوانی بە تەواوی فەرمووودەکانی پێغەمبەر ساغکەنەوە، بە دڵنیاییش تا دنیا دنیایە هەموو فەرمووودەکانیان پێ ساغ ناکرێتەوە. ئیتر ئەمە رێختی مرۆڤە، هەرشتێک کەوتە باوەشی مێژوو سەتان گوێچکە و سەر و قاچی بۆ دەخولقێنن، پاڵەوان دەکەنە ترسنۆک و ترسنۆکیش دەکەنە پاڵەوانی زەمانە.

دووەم: بە گوێرەی سەرچاوەکان تاکو تێپەڕبوونی سێ سەدە و نیو هیچ دیوانێک بە ناوی خەیام بەرچاو نەکەوتووە، بەڵام چونکە خەیام باسی کۆدەکانی گەردوون و ئەستێرە و مەرگ و ژیانی کردووە، لەم دەرچەوە هاتوون بە ناوی خەیام دەیان چوارینەیان لەسەر ریتم و مینوالی چەند شیعرێکی کەمی خەیام هۆنیوەتەوە، کێ وەڵامیان بداتەوە، قوتابییەکانی؟ مامۆستاکانی؟ هاوچەرخانی؟ بێگومان هیچیان!

سێیەم: دژایەتییەکی توند لەناو چوارینەکانی خەیام هەست پێ دەکرێ، ئەوەی بە وشیاری بیانخوێنێتەوە زۆر بە سانایی ئەمەی بۆ روون دەبێتەوە، لە هێندێک شوێن نکووڵیی قەبر و قیامەت و خوا دەکات، لە هێندێ شوێنی تر باسی یەکتاییی خوا دەکات.

چوارەم: ئەشێ ئەم چوارینانە راستبن، وەک مامۆستا هەژار باسی دەکات، لە رێگەی ئەم چوارینانە بە کۆلکە مەلا و شێخۆڵکەی سەردەمی خۆی گوتووە، ئەوانەی سەرخۆش و مەستن لە ئێوە باشترن، چوون ئێوە بە وشیاری هەزاران کاری لەمە بەدتر دەکەن، لە رقی ئێوە من مەی فڕدەکەم بۆ ئەوەی لە کار و ئاکارە دزێوەکانی ئێوە بێ ئاگابم.

لە چاخی خەیامدا زانستی کەلام جۆشی دەخوارد، ئەشاعیرە و موعتەزیلە و حەنابیلە و جەبریە لەناو کێشمەکێشمدا دەکولان، بزووتنەوەی باتینیە سەریان بەسەر هەموو کون و کەلەبەر و ترۆپکێکدا گرتبوو، نامەکانی (ئیخوان صەفا) بە هەموو لایەکدا پەخش کرابوونەوە، خەڵک بە

تاسەوە پێشوازییان لە زانست و هونەر دەکرد، تەنگژەی نێوان دین و فەلسەفە تا دەهات بەرەو قووڵی دەڕۆیشت، لەناو ئەم نێوەندە تەمومژاوییەدا خەیام ژیا و سەری نایەوە. کەواتە دەکرێ خەیام هەست و نەستی خۆی بۆ ئەم ڕەوشە ئاڵۆزکاوە بە شیعر دەربڕی بێت و ڕەخنەی لەو کەسانە گرتبێت کە بە ناوی دین دنیا حەپەلووش دەکەن.

وەک ئاشکرایە خەیام جاری دووەم لە ڕۆئاوا لەدایک بوو، ڕۆهەڵاتیش لە پێناس و پەسندی ئەوانەوە خەیامیان ناسی، گەرنا بە بۆچوونی من ئێستا خەیام ناو و نیشانێکی هێندە زلی نەدەبوو، ئێمەی ڕۆهەڵات لەم بارەوە لە گرفتێکی گەورەدا دەژین، هەرچی ڕۆئاوا بیڵێن، ئێمە (تصدیق)ی دەکەین، بێگومان ئەوانیش بە گوێرەی ئایدۆلۆجی خۆیان ئاواز دەچڕن و بە قەد باڵای خۆیان کاڵا دەبڕن. نەک هەر خەیام زۆرێک لە شاعیر و نووسەران و گەورە پیاوان دوای کۆڵۆنیالیزمی ئینگلیز دەیان قسە و بوختان و شتی سەمەرەیان بە دوادا هەڵبەسترا، چونکە ئەوان نەهاتن تەنیا خاک داگیر بکەن، بەڵکو بەو ئیمکانییەتە زۆرەی لە بارەی نووسین و چاپەمەنیدا هەیان بوو هەموویان خستە گەڕ بۆ ژەهراویکردن و گوماناویکردنی مێژوو، بەمەش تاسەی تینووەتییان شکا و ئامانجی خۆیان پێکا.

مامۆستا عەبدولسەلام محەمەد خۆشناو دیوانێکی شیعری بە ناوی (شەوێک لەگەڵ خەیام)دا هەیە، من شەوێک چوومە خزمەتی مشتومڕمان لەسەر چوارینەکانی خەیام درێژەی کێشا، یەکێک لە دانیشتووانی مەجلیس هەڵیدایەوە و وتی: ئەرێ مامۆستا تۆ هێندە باسی مەینۆشین و مەیخانە دەکەی، دیارە تۆ مەیخۆری؟ بە خەندەوە گوتی: بەڵێ سەلام مەیخۆرە! منیش گوتم چۆن؟ گوتی: مەیخۆری چڵەپۆپەی خواپەرستییە. ئینجا شیعرکی ئەوم بە نموونە هێنایەوە:

**مەیگێڕ دەوەرە مەییم بۆ تێکە**
**بەم مەیە ئاڵە ئەندامم سڕکە**
**کاڵای ئاینم هاجڕ بەجڕکە**
**پێم بڵێ مەیە و خێراکە فڕکە**

گوتم: تۆ کەسێکی بە مەلا و وتارخوێن بە ناوبانگی چۆن ئەم قسەیە لەگەڵ واقیعی دینداریت تێک دەکاتەوە؟ بەم شێوە شەرحی چوارینەکەی کرد: من بانگی خواناس و زانایەکی هەقیقی دەکەم فێری خواپەرستی راستەقینەم بکات، ئەو ئاینەی کە بە فڕوفێڵ و تەڵەکەبازی وەرم گرتووە لێم دارنێت و ئاینێکی نوێم فێر بکات، ئەمەیە لووتکەی خواپەرستی! پاشان هاتە سەر خەیام و مەیی بە خواپەرستی لێکداوە. هەرچەند من بەمە قایل نەبووم، بەڵام چی تێدایە ئەمەش بۆچوونێکی ترە.

خەیام لە چوارینەیەکدا بە گوێرەی وەرگێڕانەکەی خوسرەو جاف – مەیخواردنەوەی خۆی بە

خوێنمژێک پێک دەگرێ و دەڵێ:

**ئەی مــوفــتی شــار بنوارە و هەڵگرە ســەرێ**
**تۆ خوێنی خەڵکی دەمژیت و من خوێنی ترێ**
**ویژدانت بێ.... کــاممان خــوێن مــژترین..؟**
**من مەست و تۆ هۆشیار .. دەک خودا بتگرێ.**

لە شوێنێکی تردا پەشیمانی و دڵتەنگی خۆی بەرامبەر پەروەردگار دەردەبڕێت و دەڵێ:

**خودایە دوورم لە ستایشت منم خەرمانی تاوان**
**هەرچی فەرمانت داوە، جارێک نەموت بە چاوان**
**ئومێدی بە خشینم بە تۆ زۆرە من ئەو کەسەم**
**بۆ تاکــــە جـــارێکیش تۆم نەکـــردە دووان**

خەیام لە چوارینەیەکی تریدا بە گوێرەی وەرگێڕانەکەی هەژار- باسی ئەو کۆلکە مەلا و شێخانە دەکات کە دەبنە بەربەست لە ڕێگەی بیرکردنەوەی هەبوون و نەبوونی گەردوونیانەی ئەو و دەڵێ:

**زۆر کــۆلکە مــەلا و شــێخ هەیە ڕێ دەگــرن لێم**
**پێـــیـــــان هەڵە لە ژینی خـــــۆشم بدوێم**
خـــــزمـــــــینە نەزانین چ هـەڵەیـەکی زلـە
هـاتوومــــە دنیــــا دەبێ نەشـــزانم من کـــێم!

هەروەها لە باسی دز و درۆزن کە بەڕووکەش خۆیان بە پیاوی چاک و خواناس دەردەخەن، دەڵێ:

**جـــار جـــارە پەنا بە مـــەی دەبەم، ناچارم**
**خــەمــبـــارم و پێم دەڵێن کـــە تاوانبـــارم**
**خۆزی وەکو مەی درۆ و دزیش مەستی دەکرد**
**مـــەردێکم دەویست کـە بیگوتایە وشـیـــارم**

هیوادارم بەم کورتە نووسینەم لەسەر خەیام توانبێتم تێشک بخەمە سەر چەند لایەنێکی شاراوەی خەیام، هەروەها ببێتە دنەدەرێکیش بۆ هەموو ئەو کەسانەی دەیانەوێت خەیام بناسن، دەبێ ئەوەش بڵێم ئەم نووسینە دەرهاویشتەی بۆچوونی خۆمە، دوای ڕامانی چەندان ساڵ لە خەیام هاتە ژان و لەدایک بوو.

یوسف لەتیف

# کۆلارە
# یا فڕینی خەیاڵی خالید حوسەینی



ئەگەر یەکێ لە ئەرکەکانی ڕۆمان گێڕانەوە بێت، ئەوا هێند دوورتر بگێڕێتەوە سەیرتر دەبێ بەلای خـوێنەرەوە و هـەندێک پێی وایە ئەوە رابردووی خـۆیەتی بۆی باس دەکـا و بەشـێکی تریش وەک ئەوەی کیشوەرێکی نەبینراوی پێ نیشان بدەی ئەوە لای ئەو وەک ئەوەیە دنیایەکی تری پێ ئاشکرا بکەی.

هەشە کە هەر زانیی ئەم رابردووە دوورە کتێبەکە قەد دەکا و هیچ باوەڕی پێ ناهێنێ، ئەو پێی وایە لە ژیانی ڕۆژانەیدا کە ڕووداوێک ڕوو دەدا بە چەند جۆری بۆ دەگێڕدرێتەوە لێ واتە کو بڕوا بێنێ بە ڕووداوگـەلێ کـە ئەوەندە دوور روویان داوە. هەشـە بە لایەوە زەمـەن هیـچ کاریگەرییـەکی ئەوتـۆی نیـیـە بەڵکە ئەو دەپرسـێ ڕۆمـانەکـە لە ڕووی هونەرییـەوە چیی پێ دەبەخـشـێ ئەگـەر حـەمـەدۆکی یەشـار کـەمـال لـە نێـوان کـەسـایەتی پاڵەوان وشـوێن لە ڕۆمـانەکـە و فـەنتـازیا و خۆشەویستی و وەسف و درێژدادڕی و قارەمانێتی و ئەفسانە هـەریەکەیان بە تایبـەت باس بکەین ئەوا دەزانی عەلییە شەل چۆن شـوێن پێ هەڵدەگرێ و چۆن لادێیەکان و بێستانەکان باسیان لێوە دەکا، یەکسـەر تۆ دەزانی ئەم ڕۆمانە گێڕانەوەیە لەو نێوەندانەیا کە باسـمان کرد، بەڵام وەرە لای بەفـری ئۆرهان پامـوک تۆ دەزانی ئەم رابردووە زۆر نزیکە و لە هەندێ شـوێندا باس لە ئێسـتـە و داهاتووش دەکـا، واتە لێرەدا سیـحـری ئەو رابردووە دوورە نامـێنێ ئەدی ئەی بە چی وای کـرد زۆرترین خـوێنەر بـۆ لای خۆی کـێش بکا بـەڕووداوگەلێک کە بـە بەرچاوی هەمـووانەوەیە، کـەواتە ئەوەیە نووسـین ئەگەر ڕووداوی زۆر و زەوەند و پـانتـایی شـوێن هێندە کاریگەر بێ، دەبێ باخچـەی مارگریت دۆرا کە شوێن زۆر تەسکە و پاڵەوان لە چەند کەسێ تێ ناپەڕێ هەر نەخوێندرێتەوە. واتە با لـێ بگەڕێین ئەو هـەمـوو شـتـانەی لە پێکهـاتەی ڕۆمـاندا بـەکـار دەبردرێن وەک چێکردنی باڵەخانەیەکی بەرزە دەبێ تۆ سەیر بکەی چەند هونەری دروست کراوە، هەیە لە ڕووبەرێکی زۆری مـەتر دووجـادا کەلاوەیەک دەخـوڵقـێنێ و هـەشـە لە زۆر زۆر لەو کـەمـترا شـتێکی جـوان چێ دەکا هەشـە لە کـەمـترین ڕووبەر و بە بەکاربردنی کـەمـترین کـەرەسـەدا جـوانترین باڵەخـانەمـان بۆ چێ دەکا، ئیتر کامە هونەرە.

ڕۆمـانی کـۆلارەباز ـ یا کـوڕە هەڵدان یا کـۆلارە فـڕکـە یا شـەڕەکـۆلارە.. یان.. یەکـێکە لەو ڕۆمانانەی کە خـالید حوسـەینی نووسـیویەتی، ئەم ڕۆمـانە زۆرێک شـتی تێدا کۆ بووەتەوە و وەک سـەرۆکی پێشووی ئەمەریکا جۆرج دەبلیوبوش پێی وتووە (چۆن ئەو هەمووشتەت لەو ڕۆمانەدا کۆ کردووەتەوە) هـەڵبەت ئەمە بە (سەت ساڵ تەنیایی) مارکیزیش وتراوە و زۆرێکی تریش. ڕۆمان یەک دنیا شـتی تێدا کۆ دەبێتەوە. بەڵام دیسانـەوە مەرجە چۆن جێیان دەکرێتەوە، چۆن هـەڵسوکەوتیان پێ دەکـرێ و لە پێناوی چیـدا دەیکەین چۆن ئەمـانـە دەکـەن؟ ئـەم پرسـیـارانە برشـتـی نووسـەر قورسایی ڕۆمان دیاری دەکەن.

هـابرمـاس وتەنی (پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانمان تژییە بە توندو تیژی و گەمەکردن بە مرۆڤ، دوو حـەقـیـقـەت هـەن نابێ لە بەر چاومـان بزربن: لەلایەکـەوە لە پیـادەکـردنی ژیـانی ڕۆژانەمـاندا

خوویەکی رەق و توندمان گرتووە، بە مامەڵەکردن لە بەرامبەر ئەوانی تری هاوبەشمان لە ژیاندا بۆ ئەمەش پشتمان بەستووە بە باگراوندێکی کولتوورییانەی هاوبەش و حەزە ئاڵوگۆڕکراوەکانەوە).

ئەگەر کۆلارەباز رۆمانێک بێت تژی لە یادەوەریی نووسەر باس لە رابردووی خۆی بکا دەقاودەق خۆی لە ئەمەریکا بژیت و منداڵی نەبێت و منداڵی برازا ناشەرعییەکەی لە هەتیوخانە بباتەوە بۆ ئەمەریکا... هەرگیز ئەم رووداوانە دەقاودەق وەک خۆی نین بگرە عەلی حەرب وتەنی (دەق ئاوێنەی واقیع نییە، بگرە دەق ئەو نێوەندە داگیر دەکات کە لە نێوان ئەو شتەیە کە روو دەدات و ئەوەشی کە رەنگە روو بدات.

کەواتە پەیوەستکردنی دەق بە واقیعەوە لە کوشتنی زیاتر هیچی تر نییە. باشترە بوترێت دەق واقیعی خۆی دروست دەکات و رووداوی خۆی هەیە، راستە ئەمانە لە شێوەی یاداشت و یادەوەریدا دەگێڕدرێنەوە، بەڵام حوسەینی ئەو کۆمەڵگایە هەڵدەتەکێنێ، هەموو ئەو نەهامەتییانە باس لێوە دەکا کە ژیانی رۆژانەی خەڵکی وڵاتەکەی تەسک کردووەتەوە.

بە جۆرێک بەسەر رووداوگەلە سیاسییەکانیشدا رانابوورێ و بەشێوەی خۆی رەتیان دەکاتەوە، لەلایەکی ترەوە، جەهل و کولتوور و دین، پەنابردنی تاڵیبان بۆ کۆمەکی چەکدارانی رووس و ئەمانە هەرگیز کە لە مەنجەڵێکدا ناکوڵێن چۆن پێکەوە ئەو هاوکێشەیە هێندەی تر لاسەنگ ناکەن. کە ئەنجامە خراپ و دەرهاوێشتەکان لە خەڵکی سڤیل و بێ تاوانی ئەفغانستان دەیداتەوە. دواتر ئەو هەموو کێشە کۆمەڵایەتییانەی کە بە دوای یەکدا وەک ئەڵقەی زنجیرێک حوسەینی پێکیانیەوە بەستوون.

گرێکوێرەی رۆمانەکە باوکی ئەمیرە کە بە ناشەرعی لەگەڵ کارەکەرەکەیاندا سێکسی کردووە و حەسەنی لێ بووە. لێرەیە ئەمە وەکو لوغمێک دەشاردرێتەوە و باوکی ئەمیر بەردەوام ترسی هەیە کە یەکێک پێی پیا بنێ و بتەقێتەوە، لەلایەکی تریشەوە دواتر لە زمانی ئەمیر دەیگێڕێتەوە کە حەسەن و ئەمیری لە دڵا وەک یەک خۆش ویستووە. بەڵام نە ئەمیر و نە حەسەنیش ئەمە پێ نازانن حوسەینی وەختێک ئەم حەقیقەتە ئاشکرا دەکا کە هەم کوڕ و هەم کۆمەڵگە ناتوانێ تۆڵەی ئەو سەرکێشییە لە باوکی ئەمیر بکاتەوە.

باوکی ئەمیر پیاوێکی خانەدان و ئۆرستۆکرات بووە و هیچ کەموکورتییەکی لەلایەنی ماددییەوە بۆ دروست نابێ، بەڵام خۆشبەختی لە بوونی پارەی زۆردا نییە لێ نەبوونیشی کۆمەڵێک گرفتی گەورە و سەرئێشەی لێ دەبێتەوە، پاڵەوان نووسەرە چیرۆک دەنووسێ و دواتر دەبێتە کتێب و دەفرۆشرێ و پاداشتی نووسینی هەیە و بە پاداشتی لە ئەمەریکا دەتوانێ خانوو بکڕێ و ئەمانە ئەو واقیعەن کە زۆر نێزیکن لە نووسەرەوە، بەڵام خۆ دەقاودەق وانییە.

لێرە پاڵەوان ئەو پاڵەوانە قارەمانە نییە کە یەشار کەمال هەیەتی و ئۆردوویەک پۆلیس شوێنی بکەوێ و نەیگرێ و رووتەڵەیەک ژیانی پاڵی پێوە بنێ ئەو هەموو سەرکێشی و هەڵچوونانە بکا کە

هەندێکیان دەچنە خانەی خەیاڵەوە... پاڵەوان لای حوسەینی کائینێکی ترە لێدان دەخوا و ناتوانێ بۆکسێکیش بسرەوێنێ لێ توانای سهرابی کوری زربراشی نییە کاتێ رووبەڕووی "عەساف" دەبێتەوە، بگرە سهراب بەدار لاستیکەکەی برغویەک دەکێشێ بە چاویدا پێکەوە رزگاریان دەبێ..

مارکیز لە دیمانەیەکیدا کە لەسەر رۆمانی - پایزی پەتریاک - پرسیاری ئەوەی رووبەڕوو دەکەنەوە کە بۆچی زۆربەی کاراکتەری رۆمانەکان لەناو رووداوەکاندا خوویان بە ملکەچبوونەوە گرتووە؟

لە وەڵامیدا دەڵێ (ئاخر ئەو ملکەچبوونەی هەمووان کە بۆ حاکمانە و لە کۆنەستی هەمووان‌دا بنکرِ دەگرێت وا فەرمانڕەوا دەکات ببێتە دیکتاتۆر بەسەریانەوە.

ئەمیر دەقاو دەق بە ڕوانگەی ئەمرۆ کار دەکا گاڵتەی بەو کۆمەڵگە خنکاوە دێ دوای سی ساڵ دەگەڕێتەوە، مرۆڤەکان هەر خەریکی گێڕانەوەی حیکایەتەکانی مەلای مەشهوورەن و ناتوانن ببنە کۆمەڵگەیەکی شارستانی. منداڵێک لە هەتیوخانەیەکی دواکەوتووی ئەفغانەوە بۆ سانفرانسیسکۆ و باوەشی پڕ نازی سورەیا خانم.

لێرەدا کە ئەمیر لە هەتیوخانە و دوای ئەو کێشانەی کە رووبەڕووی دەبێتەوە. لە رووی ئیدارییەوە بۆئەوەی سهراب ببا بۆ ئەمەریکا. لەولاش سورەیای ژنی بە نەخۆشیی منداڵ نەبوون جێ هێشتووە و منداڵی نابێت، ئەمە حبکەی نووسەرە کەوا دەکات مرۆڤ نیو داخ بکات، ئاوێکی سازگاری فێنکی بۆ راگرێ و سهراب وەک منداڵێکی خۆی بۆ بباتەوە. لێرەدا دەکرێ لە کۆمەڵگەیەکی وەک ئەفغانستان هەموو سهرابەکان رزگار بکەی کە وێکڕا حوسەینی هەست بە مەترسی سەر ژیانی هەموویان دەکات، کە یەکەو بەجۆرێک گیرۆدەی بووە.

ئافرەتێک لە بەقاڵێک شت دەکرێ، تاڵیبانەکان هەموو جەستەی دەشکێنن لەبەر ئەوەی ئافرەت لای ئەوان کائینێکە بۆی نییە دەنگ هەڵبڕێ و بگرە بەندەیەکە خاوەنی و تاڵیبان بۆیان هەیە شێوەی هەڵسوکەوتی بۆ دیاری بکەن، حەسەن چیی کردبوو خۆی و ژنەکەیان کوشت، چەندانی تری هاوشێوەی ئەوان، بۆیە کە نەکرا کۆمەڵگەیەک هەمووی وەک سهراب رزگار بکرێ، دەبێ چاوەڕوانی گۆڕانکاریی سیاسیی گەورە بێ کە رووی دا، ئەو وەختە ئەمەریکا بەخۆی چوو سیستەمی سیاسیی ئەفغانی گۆڕی و لە دنیادا هەر وایە کۆمەڵگە بە هێواشی و بە پێی مێرووله پێش دەکەوێ، بە تایبەتی ئەو کۆمەڵگەیانەی کە لە جیهانی سێیەمن و دین و کولتوور خنکاندوونی...

کۆمەڵگەیەک پیشەسازی نەبوو ئەفسانە بەڕێوەی دەبا سارتەر وتەنی (لە ناخمانا مەودای زەمەنی ئەفسانە هەڵدەگرین)

کۆمەڵگەیەک کە پیشەسازیی نەبوو، وەخت زۆر بەهەدەر دەدا بەخۆڕایی ئەگەر سەیر بکەین

زۆربەی کەسایەتییەکان لە ئەفغاندا کە لە دەمی حوسەینی دەگێڕدرێتەوە فارسی دەزانن و حیکایەت و ئەفسانەکانی فیردەوسی و خانەی قوبادی و حیکایەتەکانی مەلای مەشهوورە دەخوێندرێتەوە. بەردەوام حەز لە سینەما دەکەن و ئەو فیلمانەیان حەز لێیە کە قارەمانەکان ژیان ئاوەژوو دەکەنەوە و پاڵەوانیەتی خۆیان دەنوێنن، مالینۆڤسکی دەڵێ ئەفسانە ئەرکێکی دیاریکراوی هەیە. ئەو ئەرکەش بریتییە لە تێرکردنی پێویستییەکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو.

ئەفسانە پێویستییەکی کۆمەڵگەی ئەفغانە بۆیە ئەو بەشە نیوە بەتاڵەی خۆیان بە ئەفسانە پڕ دەکەنەوە. دال یەکراست دەلالەت نییە بۆ مەدلول، ئەمەش نهێنیی دەقە و بۆشاییی خۆی هەیە، کەواتە فەزایەکیش لای حوسەینی هەیە بۆشاییە مەبەست تەنیا ئەوە نییە تۆ پارەیەکت پێیە و لای بەقاڵێک کیلۆیەک سێو بسێنی. بگرە یەک دنیا شتی هەڵواسراو هەیە. خوێنەر خۆی ئەو پانتاییەی پێ پڕ دەکاتەوە، ڕەنگە خوێنەر بۆ ئەوەش نەچێ کە نووسەر مەبەستیەتی. بگرە بۆشاییەک هەیە ئەمیش پەی پێ دەبا و ڕوحی خۆی پێ دەسوکنێ.

سەدرەدین شیرازی لە (أسفار العقلیة الاربعة)دا بگرە لەو سەفەرە فیکرییەنای کە کردی مەبەستی گەڕان و گەیشتن بەڕاستی نەبوو، بگرە ئەوەی مەبەستی ئەو بوو هەمان ئەو ڕاستییە کە لە ڕاستی دەقە و هانمان دەدات بیخوێنینەوە و لەسەری بنووسین، واتە ئەو تواناییە کە دەق تێیدایە کە بە خوێندنەوە و هەڵوەشاندنەوەی دەق بۆ خوێنەر ئاشکرا دەبێت، کەواتە ئەوەی ڕاستی دەڵێ و دای دەڕێژێ دەق نییە. بگرە ئەوەی ڕاستی دەڵێ ئەو وتارەیە کە شایەنێتی خۆی دەسەلمێنێ و ڕاستیی خۆی دروست دەکا.

کەواتە لێرەدا حوسەینی خۆی ڕاستییەک دروست دەکات و دەیسەلمێنێ و ڕاستی ئەوەیە کە بە خوێنەری دەبەخشێ. لێرەدا کوتومت ئەو ڕووداوانە، وەک خۆیان نین، بەڵام ئەو ڕاستییەن کە حوسەینی لە کۆلارەبازدا بۆی سەلماندووین... ئەمەش هەم بڕشتی نووسەر و هەم جەوهەری ڕۆمانەکەی هێندەی تر بەرز کردووەتەوەو وای لێ کردووین لە جارێک زیاتر بیخوێنینەوە.

## سەفەر و هەڵکەندنی مرۆڤ

کە ژیان هێندە تەسک بێتەوە لە مەردووم چی بکا.... کە شێرێک لە جەنگەڵێکدا بەرەو ڕووت بێتەوە و نەتوانی ڕایگری ناچار لەبەری هەڵدێی. کە نیشتمان بە هەموو حەزە سەوزەکانیەوە نەتگرێتە خۆ دەگەیتە ئەو قەناعەتەی هەزاران پاساو هەڵگری و بڵێی قەرار بێ هەر جەهەنم جێم بێ لە نیشتماندا، ئەوا جێی دێڵم. یادگارییەکان دەبنە مێژوو و پەیژەیەک لە عومری ئەمیر و باوکی... هەڵکردن و خۆ گونجاندن لە ئەمەریکا و ئیشکردن و خوێندن، بۆ باوکی زۆر قورسترە وەک لە ئەمیر. کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتییەکان وەک شەکرێکی زۆڵەک وانە لەناو چادا چەندیان بشێوێنی هەر ناتوێنەوە... بۆیە لە ئەمەریکا زۆربەی ئەفغانییەکان یەک دەگرن و پێوەندیی توندوتۆڵ دروست دەکەنەوە.

هەم لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە کە زۆریان پێویستە و هەم لە ڕووی سیاسییەوە کە زۆریان لەبەر پاڵەپەستۆی سیاسی بەو جێگەیە گەیشتوون بۆیە باوک یئەمیر هەر لە ئەفغانییەکان ژنی بۆ دەخوازێ و دوای ئازادکردنی ئەفغان باوکی سورەیا پلەی بەرز وەردەگرێ لە داهاتووی حکوومەتی ئەفغاندا. واتە ئەوانەی بەکرێکاری و پەنابەری دەیگوزەرێنن هەڵگری بیری سیاسی و ئازادیی نیشتمان و ئازادیی تاکەکانی ئەفغانن، باوکی ئەمیر لە هەڵسوکەوتا زوو زوو تووڕە دەبێ ئەو زۆر درەنگە ئەو کولتووره وەرگرێ و تێیدا بتوێتەوە. دواتر ژیان هیلاکی کردووە و لەوێ لە غوربەت کۆتایی بە ژیانی دێ. دوای مردنی گرێکانی ژیانی خۆی هەڵدەوەشێنێتەوە، ئەو خەنجەرەی کە نەیدەتوانی بەرەو ڕووی کۆمەڵگە هەڵیکێشێ و بڵێ بەڵێ: حەسەن کوڕمە وەک ئەمیر... بەڵکو سێکسی ناشەرعیم کردووە... هەمووی بڵێ... بەڵام وەختێک یەکالای دەکاتەوە. ئیتر کۆمەڵگە ناتوانێ هیچ تۆڵەیەکی لێ بکاتەوە.

بەڵام حوسەینی پێمان دەڵێ ئەو کۆمەڵگەیە پێویستی نییە ئەو هەموو ئازار و دومەڵانە مرۆ لە سینگی خۆیدا هەڵیان گرێ... یان وات لا ناشیرن دەکا خوێنەرەکانی بۆ خۆیان ئەو هەموو نهێنییەیان لا ئاوەژوو بێتەوە و حەق بەحەق بدەن ناحەقیش دووبارە نەکەنەوە.

سەرچاوەکان:

* کۆلارەباز: خالید حوسەینی، وەرگێڕانی لە فارسییەوە ئارام سۆفی. لە بڵاوکراوەکانی یەکەتی ژنانی کوردستان – چاپی یەکەم ٢٠١٠.
* حەمەدۆک: یەشار کەمال.
* بەفر: ئورهان پامۆک، وەرگێڕانی لە تورکییەوە بەکر شوانی – چاپی دووەم ٢٠٠٩ دەزگای چاپ و بڵاوکراوەی ئاراس.
* لە ڕەخنەی عەقڵەوە بۆ ڕەخنەی دەق: عەلی حەرب. و. سەلاح پاڵەوان
* چەند بەشێک لە دیالۆگی هابرماس : فەلسەفە لە زەمەنی تیرۆریزمدا یۆرگان هابرماس/ و ماجید نووری ـ واتە ١٧
* کۆواری ڕامان ژمارە ١٧٤ لا ١٥٤ – کۆلارەباز یادەوەرییەکی جەنگێکی دۆڕاو. خەمگین بۆڵی

ئەرشەد تەحسین عوسمان

# خوێندنەوەیەک بۆ ڕۆمانی "لەچکەکەی خەیاڵ"

## مەملەکەتی حیکایەتەکان

### پێشەکی

لەچکەکەی خەیاڵ ڕۆمانێکی قەوارە مامناوەندە، نووسینی عەلی پێنجوێنییە و چاپی یەکەمی لەساڵی (٢٠١٠) لەلایەن چاپخانەی بابانەوە بڵاو کراوەتەوە. ئەوەی ئەم ڕۆمانە لە ڕۆمانەکانی تر جیا دەکاتەوە (بەتایبەت ئەوانەی تا ئێستا بەدەستی من گەیشتوون خوێندوومنەوە) و تایبەتتر لە ڕۆمانی کوردیدا ئەوەیە کە ئەم ڕۆمانە خاوەنی کۆمەڵێ خاسیەت و تایبەتمەندیی خۆیەتی، چ لە رووی تەکنیکی داڕشتن و گێڕانەوە و نووسینەوە بێ، چ لە رووی زمانی ڕۆمانەوە بێ. چونکە ئەم ڕۆمانە پێویست دەکات تا دوا لاپەڕە و دوا دێر و دوا وشەی بخوێنیتەوە ئەوجا دەتوانی بڕیار بدەی کە چیت خوێندووەتەوە.



لەم رۆمانـەدا گێڕانەوە جـیاوازە  لەو گـێڕانەوە تەقلیدییـەی کـە لە رابردووی رۆمـانـی کوردیدا بوونی هـەبووە، چونکە لە رۆمـانی کوردیدا زیاتر گێڕانەوەیەکی چیـرۆک ئامێز یان باشـتـر بڵێین حـیکایـەت ئامـێـز هـەبووە، کـەسـێک یان چیـرۆکنووس یـان رۆمـاننووس  هـاتووە رووداوەکـانی گێـڕاوەتەوە لە سـاتـوەختی روودانەوە تا کـاتی کۆتاییـهاتنی چیـرۆک یان رۆمـانەکە. (لە دواییـدا لەسـەر ئەم لایەنەی رۆمانەکە دەدوێین).

هـەروەک بابـەتی رۆمـانەکـەش جـیـاوازە، کـەرەسـەی رۆمـان لەم بەرهـەمــەدا زۆر جـیـاوازە لەو رۆمـانانـەی کـە هـەبووە، لەم رۆمـانـەدا توناوتون و گـێـرە و کـێـشـەی زۆرتری ئەدەبـی زۆرتر بەدی دەکرێت.

ئەمـانـە سـەرباری ئەوەی کـە خـودی کـارەکتـەرەکـانی رۆمـانەکـەش جـیـاوازن لە هـەمـوو ئەو کارەکتـەرانەی  پێشـتـر لە رۆمـانی کوردیدا هـەبووە، چونکە لەم رۆمـانەدا تا ڕادەیەک کـارەکتـەری سـەرەکی لە مرۆڤ بوون چووەتە دەرەوە و حیکایەت بەمـانا مـەعنەوییـەکـەی بووەتە کـارەکتـەری سەرەکی و پاڵەوانی رۆمانەکە.

بەهیـواین لە خـوێندنەوەیەکی کـورتدا تیـشکێ بخـەینە سـەر لایەنە باشـەکـانی ئەم رۆمـانە، بەدڵنیاییـەوە لایەنە باشـەکانی ئەم رۆمانەمـان لە بەرچاو گرتووە و قسـەمان لەسـەر ئەو لایەنەیەتی کە شـایانی قسـە لەسـەر کردنە و زاکیرەمـانی بەرەو خـۆی کەمـەندکێش کردووە، بەدڵنیـاییـەوە هـەروەک چۆن لە هـەمـوو دنیـادا هیچ شـتێ بێ کـەموکووڕی نابێ، ئاوا ئەم خـوێندنەوەیەی ئێمـەش بەبێ کـەمـوکـووڕی  نییـە. بەدڵنیـاییـەوە ویسـتـوومـانە لایەنی گـەورەیی  رۆمـانـەکە دەربخـەین بەهیـواین ئەگـەر نەتوانین ئەم کـارە بکـەین لانی کـەم وەک خـۆی نیشـانی بدەین نەک کـارێک بکەین بچووکی بکەینەوە.

## بەشی یەکەم: ناونیشان

گـومـان لەوەدا نیـیـە لـەم سـەرزەوینەدا هـەمـوو شـتێک نـاوێکی هـەیە، یان هـەمـوو شـتێک خـاوەنی ناونیـشـانێکی تایبـەتی خـۆیەتی کـە پێی دەناسـرێتـەوە. هـەمـوو بـەرهـەمـێکی نووسـراو "زیاتر مـەبەسـتـمـان بـەرهـەمی ئەدەبیـیـە" کـە لە زهـنـی نووسـەردا لەدایک دەبێت ناونیـشـانێکی بۆ هـەڵدەبژێردرێت کە لە ڕێیەوە لە بەرهـەمێکی تری جیا دەکاتەوە.

ناونیـشـانی هـەر بەرهـەمێک کە دیاری دەکرێت دەبێ خـاوەنی یان هـەڵگری کۆمـەڵێک سـیـفـات و تایبەتمەندی بێت، کە کورتەیەک لەو بەرهەمە لە ناونیشـاندا پێشان بدرێت یان لانی کەم کارێکی وا بکرێت سەرنجی زۆرترین خوێنەر بۆ خۆی رابکێشێت.

ئارام سـدیق دەڵێ: "یەکێک لەو خـاڵانەی هـەردەم لای من جێی سـەرنج بووە ناونیشـان و دیزاینی ئەو بابـەت و کـتـێب  و کـۆوارانـە بووە کـە بینیـومن. من ناتـوانم خـوێنەری کـتـێب، یان کـۆوارێ،

پاشانیش دەقێ بم، کە رووکەشەکەی سەرنجم رانەکێشێ، رەنگە ئەمە هەڵەیەک بێت لە مندا، بەڵام من لە سەرەتای خوێندنەوەمەوە بەوە راهاتووم. هەموو کات ئەو کتێبانە چانسی کڕین و خوێندنەوەیان زیاترە کە ناونیشان و بەر لەوە دیزاینیان جوان و سەرنج راکێشە"[1].

بەڵێ زۆر کات بووە کەسێک بابەتێ، بەرهەمێکی جوانیشی بووە، وەلێ لەبەرئەوەی نەیتوانیوە لە ناونیشاندا گوزارشت لە جوانیی بەرهەمەکەی بکات ئەوا هەر خۆی بووەتە هۆی کوشتنی ئەو بەرهەمە.

دانانی لەچکەکەی خەیاڵ بەناونیشانی ئەم بەرهەمە بە ڕای من دانانێکی هەروا هاکەزایی و ئاسایی نییە، چونکە هەر بەبیستنی ئەم دەستەواژەیە خوێنەر تووشی وەستانێکی فیکری دەبێت. (لەچکەکەی خەیاڵ) ئەمە بە تەنیا ناوێکی لێکدراوە "تەواوکەر و تەواوکراو یان دیارخەر و دیارخراوە" بەبێ ئەوەی هیچ کردارێکی یان دانەپاڵێکی بۆ ئەنجام درابێ، وە هیچ شتێک ئەمی بەکار نەهێناوە. روونتر بڵێین لەچکەکەی خەیاڵ بۆ خۆی وەستاوە و سەیری خوێنەر دەکات تا بڕیاری لەسەر بدات یا خۆی چی لێ دەکات یان چۆن بڕیاری لێ دەدات و بەچ لایەکیدا دەخات.

لەلایەکی ترەوە ئەگەر بێتو هەموو رۆمانەکە بخوێنینەوە ئەوا تێدەگەین کە بەتەنیا "لەچکەکەی خەیاڵ" بۆ ئەم رۆمانە تا رادەیەک کەموکووڕیی تێدایە یان پڕ بەپێستی نییە، چونکە بەدرێژایی رۆمانەکە دەگەینە ئەو قەناعەتەی ئەو لەچکەی لای خەیاڵە تەنیا لەچکەیەک نییە بگرە ئەمە لە بنەڕەتدا دوو لەچکەن و هەردووکیشیان هی خورشەی دایکی خەیاڵن نەک هی خەیاڵ و لە کاتی فڕێدانە خوارەوەی خورشەی دایکی لەلایەن ئەحەشاپەی باوکییەوە لە کێوی «دێوە لێوە» وە بە یەکێک لە لەچکەکان دەمی خورشە دەبەستێت و بە ئەوی تریان هەردوو قاچی «ئیتر باوکت تەواو شێتگیر دەبێت و یەکسەر بەو تلۆعی بەیانییە دایکت لە بەتانییەکەوە دەپێچێت و دەمی بە لەچکەیەک دەبەستێت و هەردوو قاچیشی بە لەچکەیەکی تر دەبەستێت. ئینجا لە گونیەی دەهاوێت و دەڕوات و دەیبات لە کێوی «دێوە لێوە»وە لەو ئاسمانەوە بەری دەداتە خوارەوە. ئینجا دێتەوە و بەخەڵک دەڵێت کەچیی لە خورشە کردووە» لا ١٣. ئەمە ئەو گێڕانەوەیەیە کە شەوێک مچە پیرێ دوای ئەوەی خەیاڵ رێی دەکەوێتە لای و بۆی دەگێڕێتەوە کە چۆن و لەسەر چی ئەحەشاپەی باوکی خورشەی دایکی کوشتووە. هەر لە زۆر جێگەی تردا ئەوەتا راستەوخۆ پێمان دەڵێ کە ئەو لەچکانە چۆن هەریەکەیان کەوتوونەتە لای کێوە « بەڵێ دوا یادگاریی دایکمم لە دەستی باوکم وەرگرت لەچکەکەی تریش باوکم کردی بە ناوچاوپێچی خۆی، تەنیا لەچکەیەک کە لە دایکم بۆم بەجێ مابوو، تەنیا دەمزانی بوخچەکەم ئەو لەچکەی تێدایە»لا١٧.

خۆ ئەگەر مەبەست لە هەڵبژاردنی ئەم ناونیشانە ئەوەیە کە ئەو لەچکە توانای خوڵقاندنی فەنتازیا و خەیاڵ و ئەفسانەی هەیە ئەوا لەچکەکەی ناوچاوپێچی ئەحەشاپە زۆر لەو زیاتر توانای خوڵقاندنی ئەو جۆرە کارانەی هەیە کە لەگەڵ لۆجیک و بیرکردنەوەدا نەگونجاون «کە لەچکەکەی لە بەردەمیدا رادەخست و دەیکردەوە هێواش هێواش گرێ چراکە کز دەبوو، ئەو هەموو رەنگە لەناو

لەچکەکەوە بەرز دەبوونەوە»لا ٢٩. ئەبێ خولّقاندنی فەنتازیا لەمە زیاتر چی بێت؟ کە لەچکێ بتوانێ گڕی چرایەک کز بکات و ڕەنگی لێوە بەرز بێتەوە، ئاخۆ لەچکەکانی ئەم سەردەمە هەموویان وان، ئاخۆ خودی ئەو لەچکەیەی لە بوخچەکەی خەیاڵدایە هەر وایە، لە هەمووی سەیرتر ئەوەیە ئەو لەچکەی ناوچاوپێچی ئەحەشاپە بووەتە دەرمانی نەمری و ناهێڵێ بمرێت و هەر بەزیندوویی هێشتوویەتییەوە «جگە لەوە ئەم لەچکەیەی کردوومەتە ناوچاوپێچ نایەڵێ بمرم، ئەمە یەکێکە لەو دوو لەچکەیەی دایکت کە بۆم بەجێ ماوە دەیان شەو ئاواتم بەمەرگ خواستووە ئەم لەچکە نەیهێشتووە بمرم»لا ٤٥.

«زانیم ئەم لەچکەیە بووەتە قەڵغان و نایەڵێ بمرم»لا٤٧ .

ئەمەیە خولّقاندنی خەیاڵ و ئەفسانە لەچکێک بتوانێ و ببێتە دەرمانی نەمری و دەیان جار لە مردنت ڕزگار بکات، دەبێ حیکمەتی مانەوەی خەیاڵ لەو هەموو هاتوچۆیەی لە نێوان ماڵی حسە کەڕی مێردی و ئەحەشاپەی باوکیدا بە شەوان و بەنێو چەم و ترس و تۆفاندا و بەناو قوڕ و چڵکاودا هەر هۆی ئەو لەچکەیە بێت کە لەنێو بوخچەکەیدایە؟. تۆ بڵێی ناونانی لەچکەکە بەو ناوەوە هەر هەمان هۆکار بێت یان هۆکارەکەی کەمتوانایی لەچکەکەی خەیاڵ بێت لە چاو لەچکە ناوچاوپێچەکەی باوکیدا. خۆ هەردوو لەچکەکە هەر هی خورشەن و هەردووکیان لەو بە میرات ماونەتەوە ئاخۆ بۆچی ئەمیان بووەتە ناونیشان و ئەویان وەها خەیاڵ و ئەفسانە دەخولّقێنێ؟ دەبێ بەم شێوەیە نووسەر هەقی خۆی بە هەردووکیان دابێ و هەردووکیانی ڕازی کردبێ. بەپێچەوانەوە لەچکەکەی ناو بوخچەکەی خەیاڵ نەک هەر لە مردن نەیپاراست بگرە هەر خۆی بووە هۆی مەرگ بۆ خەیاڵ، ئەوەتا خەیاڵ دەچێتە سەر دارێکی بەرز و بەو لەچکە خۆی دەخنکێنێ «لەچکەیەک مەگەر هەر ئەو ڕۆژە بەو ڕەونەق و جوانییە بینیبێتم کە دەموچاوی خورشەم پێ هەڵبەستبوو، تا نەقیژێنێ و لە "دێوە لێوە"وە هەڵم دایە خوارەوە، ئەوە هەمان لەچکەیە کە لە گۆشتی گەردن و ملی خەیاڵدا غەرق بووە. مل و گەردن ساف و سپی و بێ لەکە وەک گڵۆپ بریسکەبریسکێتی دەپەخشایەوە و لەچکەکەش نوقمی ناو گەردن و ملە ساف و سپی و ئاوێنە ئاسای بووبوو، بە ئەندازەیەک سێبەری هەموو ئەو ڕەنگە سەیرانە پەڕیبوونە ناو یەک بەیەکی دەمارەکانی ملیەوە وام دەزانی خوێنە لەناو دەمار و مل و گەردنیدا پەنگی خواردووەتەوە »لا٨٣. تۆ بڵێی ناونانی هەر لەبەر ئەو هۆیە بێ کە ئەم لەچکەیە لە مەرگی هەردووکیان "خورشە و خەیاڵی کچی" ئاگەدار و هاوکار و هۆکار بووە.

حیکایەتی ئەم لەچکانە زۆر لەوە زیاترن کە لەم دەرفەتە کورتەدا باسی بکەین بەڵام دەکرێ بڵێین وەک چۆن ئەم ڕۆمانە سەراپا خاوەنی حیکایەتە و سەرجەمی ئەکتەرەکانی حیکایەت زەدە بوونە دەشێ ئاواش ناونانەکەی حیکایەتێک بێت و تەنانەت دەشێ لە هەموو ئەو حیکایەتانەی تریش جیاواز بێت. دوور نییە ئەم لەچکە لە کاتی ئەو ئەرکانەی پێی سپێردراوە کۆمەڵێک حیکایەتی بیستبێت. وەک هەموو ئەو حیکایەتانەی کە لە ماڵی شێخی شەوناس بینران و بیستران و هەموو

ئەو حیكایەتانەی كە مەهروبی مردووشۆر بینینی و هیچیشیان نەگێڕدرانەوە ئەمیش باس نەكرێت و نەگـێـڕدرێتــەوە. (دەتوانین بڵـێین هەر شـتـێ زیاتر لە واتـایەک هـەڵگرێت، دەبێـتـە هێـمـا، هـەر بەرهەمێكیش توانی زیاتر لە هێمایەک لەگەڵ خۆیدا دەرخات دەبێتە ئەفسانە، هەر ئەفسانەیەكیش ئەو هەسـتـەت لا دروست بكات كە تۆ بتـوانی لەناو رووداوەكـانیدا جـێی خـۆت بكەیتـەوە، دەبێـتـە شاكار)[٢].

## بەشی دووەم: گێڕانەوە

گێڕانەوە برێتییە لە پرۆسەیەكی كردەیی باشترە بڵێین برێتییە لەو رووداوەی كە كەسێک رووداوێک بۆ كەسی بەرامبەری دەگێڕێتەوە و هەواڵێكی لەبارەی شتێكەوە پێ دەڵێت. كەواتە لێرەوە دەگەینە ئەو راسـتـیـیـەی گێـڕانەوە پرۆسـەیەكە بەسـەر شـتـێكدا هـاتووە كـە ئەویش رووداوە یان كـارێكە دەگێڕدرێتەوە، ( گێڕانەوە راستە هەندێک جار تەقلیدی و بێگانەن، بەڵام زۆرجاریش جوانكاریی وردیشی تێدا دەكرێت)[٣].

لە پرۆسـەی گێـڕانەوەدا سێ رەگەز یان سێ ژانر پێویستن و هەریەكەیان لەپرۆسـەكە دەركەین ئەوا پرۆسەكە بوونی نامێنێ ئەو سێ ژانرەش برێتین لە:

* گێڕەرەوە
* گێڕدراوە ( رووداو)
* بۆ گێڕەرەوە

گومـان لەوەشدا نییـە كـە چ چیرۆک یان رۆمـان یان حیكایەت یان داسـتـان بەبێ ئەم سێ ژانرە دروست نابن، هەر بۆیەش دەتوانین بڵێین سێ رەگەزە سەرەكییەكەی پرۆسـەی گێڕانەوە ئەم سێ ژانرەن.

یەكەم : گێڕەرەوە

دەشـتـوانـین بەلایەنی یەكـەمی پرۆسـەی گـێـڕانەوە ناوزەدی بكەین، برێتـیـیـە لەو لایـەنەی كـە هەڵدەستێ بـەگێڕانەوەی ئەو كارەی یان ئەو رووداوەی كە رووی داوە و بووەتـە كـەرەسـە و بابەتی پرۆسـەی گـێـڕانەوە، كـەواتە دەتوانین بڵـێین رۆڵی باسكردنی رووداوەكـانی پێ سـپـێـردراوە، گێڕەرەوەش بۆ چەند لایەنێک دابەش دەكرێت:

* نووسـەری رۆمـان یان چیرۆک كە خـۆی دەبێتـە گێڕەرەوە و رووداوەكان (گێڕدراوە) بۆ لایەنی سێیـەم (بۆ گێڕەرەوە) دەگێڕێتەوە لـەم رێبازەدا زیاتر كەسی سێیەم خوێنەر یان گوێگرە و زیاتر لە رێبازی كۆن یان سەردەمی سەرەتای چیرۆک یان داستان و لاوک و حیكایەتە كۆنەكاندا باو بووە و خەڵكان لە گوێی ئاگردان كۆ بوونەتەوە و حیكایەتخوان حیكایەتی بۆ گێڕاونەتەوە.

* دەشێت گێڕەرەوە یەکێک لە ئەکتەرە سەرەکییەکانی ناو ڕۆمانەکە بێت و ڕووداو بۆ کەسی سێیەم بگێڕێتەوە، ئەم ڕێبازە زیاتر لە شێوازی نووسینەوەی یاداشتەکان پیادە کراوە کە کەسێک چیرۆکی ژیانی خۆی دەنووسێتەوە هەر بۆیە دەشێت نووسەری ڕۆمانەکە و گێڕەرەوە هەر یەک کەس بن و هەر لەم ڕێبازەشدا دەگونجێت گێڕەرەوە و بۆ گێڕەرەوە هەر ئەکتەرەکانی ناو ڕۆمانەکە بن و ڕووداوەکان لەنێوان خۆیاندا بۆ یەکتری و لەو ڕێیەشەوە بۆ کەسی خوێنەر بگێڕنەوە.

* هەروەها ڕێبازێکی تریش هەیە ئەویش برێتییە لەوەی هەر ئەکتەرە و باسی ژیانی خۆی دەگێڕێتەوە چ بۆ یەکێ لە ئەکتەرەکان یان بۆ خوێنەر، ( یەکێک لە جوانییەکانی ئەم ڕۆمانە بوونی فرە گێڕانەوە و تێکشکاندنی ئەو تاک دەنگییەیە کە بەشێکی زۆری ڕۆمانی کوردیی بەخۆیەوە بینیوە، لەم ڕۆمانەدا پاڵەوانەکان خۆیان چیرۆکی خۆیان دەگێڕنەوە )٤. ( فرە دەنگی یەکێکە لەو بنەمایانەی کە خزمەتی پێکهاتەی ڕۆمانی، لەباری هونەرییەوە کردووە. ڕۆمان هەر لە سەرەتاوە هەوڵی داوە خۆی لە یەک هێڵی قوتار بکات و لە گێڕانەوەی ڕووداوەکاندا چەند کلاوڕۆژنەیەک لە خۆی و بۆ خۆی بکاتەوە، جا ئەم دەنگانە ئەگەرچی بەیەکەوە پێوەستن و لە یەکتردا جۆشیان خواردووە. بەلام سەربەخۆییی ڕێژەییی خۆیانیش هەیە)٥.

ئەگەر سەرنج بدەین لە ڕۆمانی لەچکەکەی خەیاڵدا ئەوا ئەو ڕاستییە بەرچاو دەکەوێت کە هەریەکە لەم ڕێبازانە بەیەکەوە و بە جیاجیا لەناو ڕۆمانەکەدا هەن. ئەوەتا هەر لەیەکەم وشەی ڕۆمانەکەوە کە دەیخوێنینەوە دەبینین کە گێڕەرەوە نووسەری ڕۆمانەکەیە و باسی سیفات و تایبەتمەندیی ژیانی یەکێک لە کارەکتەرەکانی ڕۆمانەکە دەکات، کە چۆن دەژێت و چی بەسەر هاتووە، «مچە پیرێ وا بۆ ماوەی پازدە ساڵ دەبێت بەرۆژ لە کونی ژوورەوە نایەتە دەرەوە و بەشەویش یەک دەقە چییە لە ماڵەوە ئارام ناگرێ و لە دەشت و دەر ژیان بەسەر دەبات.....» لا ٣.

ئەم شێوە گێڕانەوەیە لەلایەن نووسەری ڕۆمانەکەوە بەردەوام دەبێ تا دەگاتە دوو لاپەڕە دواتر و لە پڕدا مچە پیرێ ئەو کارەکتەرەی لەوساوە باسی دەکرێت و کراوە بە پەندی زەمانە خەڵکی لە کاتی دوعا و نزا خراپەکانیاندا ئەو بە نموونە دەهێننەوە ڕاستەوخۆ خۆی ڕووداو و باسی یەکێک لە شەوەکانی ژیانی خۆی دەگێڕێتەوە کە چۆن ژیاوە و چ جیاوازییەکی لەگەڵ شەوەکانی تردا هەبووە «شەوێکیان لەبن دارگوێزێکدا دانیشتبووم جگەرەم دەپێچایەوە سەرمەستی ئەو جوانییە بووم کە لە شەو دەتکا، هەرچەند قووڵتر خۆم دەدایە بەر ڕەهێڵەی ئەو تاریکییەی کە لە شەو دەتکا هەزار هێندە بەزەییم بە گەمژەیی ئینساندا دەهاتەوە......» لا٥. ئەم گێڕانەوەیە لەلایەن مچە پیرێ یەکێک لە کارەکتەرە سەرەکییەکانی ناو ڕۆمانەکەوە بەردەوام دەبێ تا دەگاتە ئەو ڕادەیەی کە ڕووداوە سەرەکییەکەمان بۆ دەگێڕێتەوە کە بینینی خەیاڵە و چۆنیەتیی شێوازی بینینەکەی باس دەکات «ئای خەیاڵ..... ئەوە چی دەکەی لێرە؟ ئەو هەموو خوێنە چییە لە قاچ و قولت دەچۆڕێ جووتێ پێلاوت بۆ لە پێ نەکردووە؟ بەم کزەکزی سەرمایە بۆ سەراپای گیانت

نیشتووه له ئارەق؟»لا, ٩

ئەم شێوه پرسیارانه بەردەوام دەبێ. بەڕای من لەم شێوه تەکنیکی نووسینەدا ڕۆماننووس ئامانجی پێکاوه و زۆر جوان دەلالەتی له هەستی کردووه، بێگومان ئەم شێوازی گێڕانەوەیه جوانتره لەوەی بڵێ خەیاڵ پێی پەتی بوو یان پێلاوی له پێدا نەبوو، دواتر دوو ئامانجی پێکاوه یەکەمیان ئەوەیه وتوویەتی دنیا زۆر سارده و له دووەمیشدا وتوویەتی سەراپای گیانی خەیاڵ له ئارەق هەڵپرژاوه.

له بەشی دووەمی ڕۆمانەکەدا بەناونیشانی " گەڕانەوەی خەیاڵ بۆ لای ئەحەشاپه و سەفەر بۆ ماڵی شێخی شەوناس" بەهەمان شێوه ڕۆماننووس خۆی گێڕەرەوەیه و باسی گەڕانەوەی خەیاڵ دەکات بەڵام زۆری پێ ناچێ خەیاڵ دەبێته گێڕەرەوه و باسی گەیشتنی به ماڵی ئەحەشاپەی باوکی دەکات «هێواش چەپەری دەرگاکەم ترازاند ئەوەی وای کرد باوکم گوێی له جیرەی چەپەری حەوشه نەبێت، ترازاندنی چەپەرەکه و قروسکەی سەگێک که دەتوت چەقۆی کول دێنن به مورغەی پشتیدا، ئەو دوو دەنگه له یەک کاتدا بوو....»٢٤. بەم شێوەیه خەیاڵ وەک گێڕەرەوەیەکی ئەو ڕووداوانەی لەو ساتوەختەدا ڕوویان داوه ڕۆڵ دەبینێ.

له بەشێکی تری ڕۆمانەکەدا بەناوی "فیچقەی ڕەنگی لەچکه له مەمکی خەیاڵەوه" کارەکتەرێک که تا ئەو کاته نەبووه ڕووداوەکانمان بۆ دەگێڕێتەوه ئەویش مەهرووبی مردووشۆره که تا ڕادەیەک باسی ئەوه دەکات که له ڕابردوودا چی بووه و ئێستا چییه. ئەم کارەکتەرەش ڕۆماننووس زۆر ئەندازیارانه و هونەرییانه ڕۆڵی داوەتێ هەم بووەته گێڕەرەوه بۆ ژیانی خۆی و هەمیش بووەته گێڕەرەوه بۆ ژیانی کەسانی تر و ڕووداوی تر.

بەهەرحاڵ پێم وایه هێنده بەسه که لەبارەی گێڕەرەوەوه تیشکی بخەینه سەر (لەمەوه بۆمان دەردەکەوێ که جیاوازی له نێوان نووسەری ڕۆمان و گێڕەرەوەی ڕووداوەکانی ناو ڕۆمان، که خۆی لەلایەن نووسەرەوه دروست کراوه هەیه. بەڵام ئەم جیاوازییه هەرگیز به مانای سڕینەوەی یەکجارەکیی دەنگی ڕۆماننووس نییه لەناو کاره هونەرییەکەیدا چونکه له ڕاستیدا ئەگەر ئەمه ڕوو بدات، ئەوا جیهانی ڕۆمانەکه دەبێته جیهانێکی میکانیکی و له هەموو هەست و سۆز و داهێنانێک خاڵی دەبێتەوه و تووشی وشکی و برینگی دەکات، ئەوساش ڕۆمانەکه له خانەی داهێنانەوه دەچێته خانەی زانست یان خەیاڵێکی ڕووتەوه، له بەرامبەریشدا، نابێت نووسەری ڕۆمانەکه به ئارەزووی خۆی تەواوی جیهانی ڕۆمان کۆنترۆڵ بکات. بگره دەبێ سەربەستی بەگێڕەرەوه و کارەکتەرەکانی ناو ڕۆمان بدات تا خۆیان گوزارشت له خۆیان بکەن و ببنه خاوەنی دەنگی خۆیان)[٦].

(نووسەر نایەوێ کەسایەتییەکانی له دوورەوه سەیر بکەی، له بەردەمتدا هەڵبەزنەوه و شیوەن بۆ ڕابردوو بگێڕن، بگره دەیەوێ سەفەریان پێ بکات بۆ ناو ناخی خوێنەر، وەک مێخ لەناو ڕوحتدا دایان کوتێ )[٧].

دووەم: گێڕدراوە ( رووداو)

رووداو یان گێڕدراوە یان کەرەسەی رۆمان لە رۆمانی لەچکەکەی خەیاڵدا دەکرێت بڵێین زۆر شت هەڵدەگرێت، یان دەکرێت زۆر خوێندنەوەی جیاوازی بۆ بکەین. چونکە کەرەسەی رۆمان هەر لەو رووداو و دیاردە کۆمەڵایەتییانەوە کە لەناو کۆمەڵی کوردیدا بوونی هەیە تا دەگاتە ئەو زوڵم و ستەمەی دەرهەق بە تاکەکانی کۆمەڵ دەکرێن وەکو ژن کوشتن و بەزۆر بە شوودانی کچ و تەنانەت هەندێکیش لەو رێورەسمانەی لە کۆمەڵی ئێمەدا دەکرێت وەک مردوو شۆرین و خواپەرستی و.....هتد (هەر بۆیە لە کاتی خوێندنەوەدا بەردەوام هەست دەکەیت بە کامێرایەکی هەستیاری سینەمایی وێنەکان رادەستی تۆ دەکرێت)[٨]. ئەم وێنە و دیمەنانەش پڕن لە رووداوی کارەساتبار و جەرگبڕ، کە لە چەندین شێوەدا خۆی دەبینێتەوە. هەر لە سەرەتای رۆمانەکەوە باسی کەسێک دەکات بەناوی مچە پیزێ «حیکایەتەکانی مچە پیزێ بەئەندازەیەک ترسناک و غەریبە، خەڵکی دەستی لەوە شتوە، مچە پیزێ و حیکایەتەکانی وەک واقیعی و راست چاو لێ بکەن»ل٣. دواتر هەروەک وێنەیەکی سینەمایی و وێنەیەکی ڤیدیۆیی جووڵاو باسی یەکێک لەو شەوانە دەکات کە خەیاڵ لە نێوان ماڵی حسەکەڕ و ماڵی باوکیدا مچە پیزێ دەبینێ. یەکسەر لەگفتوگۆیەکی نێوان خەیاڵ و مچە پیزێدا فلاشباک بۆ دوو ساڵ لەوەوبەرمان دەگەڕێنێتەوە و ئەوەمان بۆ دەگێڕێتەوە کە چۆن باوکی بەزۆر خەیاڵ دەدات بەپیاوێکی هاوتەمەنی خۆی «دوای ئەوەی باوکم بەزۆر دامی بە حسەکەڕی هاوسونعی خۆی» ل١٠. لێرەدا راستەوخۆ باسی یەکێک لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی ناو کۆمەڵگەمان بۆ دەکات کە بریتییە لە بەزۆر بەشوودانی کچان. بەتایبەت بەشوودانی کچان بە کەسانێک کە زۆر لە خۆیان بە تەمەنترن و هەندێک جار هاوتەمەنی باوکیانن.

هەر بەهەمان شێوە و بەهەمان فلاشباک بەڵام ئەمجارەیان بۆ پازدە ساڵ پێشتر دەمانگەڕێنێتەوە و باس لەوە دەکات کە چۆن خەیاڵ لەدایک بووە، ئەمەش بە ناشکورییەک و نارازیبوونێکی باوکی خەیاڵ نیشان دەدات لە دەست لەدایکبوونی کچ کە خوا پێی دەدات.

«ئەو کاتەی باوکت دەیوت بە کەلیمەی ناشکوری ناڵێم دەبێ ئەم شانکزی و دڵتەنگییە روو لە من بکات، ئاخر خوایە ئەمە سەری دوازدەمین کچە دەمانبێ»ل١٢. سەیرکە چ رەخنەگرتنێکە لە کۆمەڵگە ئاخر چەندین جار ئەمەمان بەرگوێ کەوتووە، باشە بۆ دەبێ پێدانی منداڵی کچ لەلایەن خواوە مایەی شانکزی و سەرشۆڕی بێت؟ باشە کچیش هەر وەکو کوڕ مرۆڤ نییە؟ ئەی ئەمە باسکردن نییە لەو زوڵم و جەور و ستەمەی دەرهەق بەرەگەزی مێ دەکرێت لە کۆمەڵگەدا؟

یەکێکی تر لەو کەرەسە و بابەتانەی کە لەم رۆمانەدا خراوەتە روو چوونی خەڵکییە بۆ لای شێخ و پیاوچاکان تاوەکو دوعایان بۆ بکەن و بەڵایان لێ دوور خەنەوە. ئەمەش تا ئێستا لەناو کۆمەڵی کوردەواریدا هەر ماوە و لە هەندێک کات و ساتدا خەڵکی پەنای بۆ دەبەن. هەروەک بەپیرۆز دانانی ئەو کەسانەش کە تەنانەت گەیشتووەتە ئەو رادەیەی کەسێک چەندین ساڵە خۆی لە ژیاندا نەماوە و تا ئێستاش خەڵکی پۆل پۆل سەردانی مەزار و گۆڕەکەی دەکەن و داوای ئەوەی لێ دەکەن کە

مـراز و ئاواتەکـانیـان بۆ بـەدی بهێنێ. تەنانەت باسـی دەروێش و دەف ژەنینی مـوریدەکـانیش لەم ڕۆمـانەدا فـەرامـۆش نەکـراوە بەڵام بەوپەڕی بڕوا بەو دەفـانەوە باسـی لێوە کـراوە و دەفـەکـان وەک ڕەوانەوەیەک بـۆ کێـشـە و بـەڵا و ناخـۆشـییـەکـان تەمـاشـا کـراون «ڕای سـپـاردن ئەم نەفـرەت و موعجیزەیە بدەنە دەستی ڕەحمەتی دەفەکان. دڵنیام بەرەکەتی خوا لە ڕێی دەنگی ئەم دەفانەوە ئەم موعجیزەیە یەکلای دەکاتەوە»٦٧.

هـەر لەم ڕۆمانەدا زۆر جـوان هێما کـراوە بۆ هۆکارەکانی خۆکوشتنی کچان و ژنان و هـەڵاتنیان لە دەستی مەینەتی مـەرگەساتی دنیا کە لەلایەن کۆمەڵگەی باوکسالارییـەوە بەسەریاندا سەپێنراوە «خـەڵکی ئاواییـیـەکـەمـان نەک بەچاوێکی باش سـەیری خـەیاڵیان نەدەکرد و بیریان لێ نەدەکردەوە، بگرە وەک جۆرێک لە نەفرەت و بەشێک لە سێبەری شەڕ و کاولکاری سەیریان دەکرد»ل٧٨. دەبێ ئەو کـچـە چ گـوناهـێکی هەبێ کـە وەکـو سـێـبـەری شـەڕ و کـاولکاری تەمـاشـا بکرێت؟ ئەمـەش گوزارشـتێکی جوانە کە بەشێک "ناڵێم هەمـوو" کۆمەڵگە تا ئێستاش بیـرۆکەیەکی باشـیان لەبارەی ئافرەتەوە نییە و بەشـەریکی شـەیتان و نازانم چی و چی ناوی دەبەن. کچێک کە ئەوە خوێندنەوەی کۆمـەڵگە بێ بەرامبەری و لە ماڵی باوکی پشـوویەکی خێری نەدابێت و بەزۆریش درابێ بەپیـاوێ کە هاوتەمەنی باوکی بێت لە کاتێکدا خۆی تەمەنی سێزدە ساڵ بێت "بەگوێرەی گێرانەوەی ڕۆمانەکە". ئەمە سەرەڕای ئەوەی لە کاتی لەدایکبوونیدا بێ دایکیان کردووە و بەهـەتیـوی گەورە بووە بێگومان هیـچ ڕێگەیەکی تری لە بەردەمدا نامێنێ جگە لە هـەڵاتن و ڕاکردن لەو واقیعە تاڵە، بەڵێ جگە لە خۆ کـوشـتن هیـچ ڕێگەیەکی لە بەردەمـدا نامێنێ، هـەر بۆیـە ئەو کـارە دەکـات و بەسـەر دارێکی بەرزدا هـەڵدەزنێ و خـۆی دەخنکێنێ. بەڵام بەڕای من لـە مـەرگی خـەیاڵدا نـووسـەر گـەمـەیەکی جـوانی لە ڕۆمـانەکەدا بەکـار هێناوە «چەند سـامـناکە مـەرگ لەو بەرزی بەرزییـەوە سـەیر بکەیت و ببـیـنی لەوەتەی خوا بنی دنیای داناوە کەسێک کە دەمرێت تۆ سەر شۆڕ دەکەیت، مردووەکە لەبەردەست و پێـتدا دەبیـنی و سـەیری دەکەیت، ئەمـە بۆ یەکـەم جـارە دەبینیت دەبێ چاو بـۆ بەرزترین شـوێنی ئاسـمـان هـەڵخـەیت و زۆر بەقووڵی بۆ ئەو بەرزاییـیـانە بڕوانی تا مـەرگ لەناو قـیـامـەتی ئەو هـەمـوو ڕەنگە ببینی کە لەناو لەچکەکەیدایە سـەری ئەو ڕەفتـەیەی توندکردبوو لە ملی چاوەکانی زەق زەق کـرابوونەوە»ل٨٢. ئـەمـە خـۆی لـە خـۆیدا مـەرگـێکی جـوانە و جـیـاوازیشـە، بە بـڕوای من خـەیاڵ بەمـەرگـی خـۆی جـوانتـرین تۆڵەی لە کۆمـەڵگە کردووەتەوە کە ئـاوا ئـازاری دەروونی و جـەسـتـەیی داون تا بۆ بینینی تەرمەکەی سەر هەڵبڕن.

سـەرەڕای ئەم بـابـەتانە چـەندین بابـەتی تر بوونەتـە کـەرەسـە بۆ ڕۆمـانەکـە وەک بابـەتی خـەم و پەژارە و نائومێدی کە هـەموویان زۆر جوان بەکار هێنراون، لەگەڵ هـەموو ئەمـانەشدا نووسـەر زۆر جـوان خـەیاڵ و لۆجـیکی خـۆی بەکـار هێناوە و ئاوێتـەی ڕووداوەکـانی کـردووە بـەجـۆرێک کـە ئەم ڕۆمــانە دەخـوێنیـتــەوە وا هـەسـت دەکـەیت کـە خـۆت وا لە مـەملەکـەتی حـیکایەتـەکـاندا ژیان دەگـوزەرێنی. وا هـەسـت دەکـەیت خـۆت یـەکێکی لەو کـەسـانەی کـە ئاو لە کـانییـەوە بۆ مـەهـربی

مردووشۆر دێنی  تا تەرمە بە مێروو داپۆشراوەکانی پێ بشوات، ئەو هەستەت لا دروست دەبێ کە خۆت یەکێکی لەوانەی کە دەست دەکەیتە حەوزی ئاوی مزگەوتەوە و حەوزەکە یەکپارچە دەبێ بە ڕەنگ، وا هەست دەکەی یەکێکی لەوانەی هاتووی بۆ ماڵی شێخی شەوناس. ئەم تێکەڵکردنەی خەیاڵ بەواقیعی ڕۆمانەکە بەڕاستی کارێکی داناییانەیە، شۆبنهاوەر دەڵێ: "خەیاڵ یەکێکە لەو کەرەسانەی کە هەرگیز هونەرمەند لێی تێرنابی، چونکە ئەگەر بەیارمەتیی خەیاڵ نەبێ هونەرمەند ناتوانێ تێڕوانینی خۆی بۆ شت و ڕووداوەکان لە وێنەی بەهێز و زیندوو گەڵاڵە بکات" [٩].

سێیەم: بۆ گێڕەرەوە

ئەمیش ڕەگەزی سێیەمە لە ڕەگەزەکانی گێڕانەوە، کە پێویستە هەبێ ئەوجا پرۆسەی گێڕانەوە تەواو دەبێت، بۆیە هەرگیز ناکرێت ڕۆمانێک هەبێت ئەم ڕەگەزەی تێدا فەرامۆش بکرێت، چونکە لە ڕۆمانێکدا ئەگەر گێڕەرەوە و گێڕدراوە "ڕووداو"  هەبێت ئەوا ناکرێت کەسێک یان شتێک یان لایەنێک نەبێت کە ئەو ڕووداوەی کە ڕووی داوە بۆی بگێڕدرێتەوە. هەر بۆیەش بەلانی کەمەوە دەبێت بۆ گێڕەرەوەیەک هەبێت. لە بەشێکی هەرە زۆری ئەو چیرۆک و ڕۆمانانەی کە هەبووە زیاتر بۆ گێڕەرەوە کەسی خوێنەر یان بیسەر بووە تەنیا کاریان وەرگرتنی گێڕدراوەکان بووە و  وەکو تەماشاکەرێک لە ڕووداوەکانیان ڕوانیوە، هەرچەندە کەم تا زۆرێک کاریگەریشی لەسەریان پەیدا کردبێت ئەوا هەرگیز کاریان لە ڕەوتی ڕووداوەکان نەکردووە.

دەشێت نووسەری بەتوانا لەڕێی تەکنیکی نووسینەوە بۆ گێڕەرەوە لەناو ڕۆمانەکەی دروست بکات بە چەشنێ کە کاریگەریی لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکان هەبێت، هەروەک ڕەنگە ئەو بۆ گێڕەرەوەیە هەندێ جار ببێتە گێڕەرەوە و ڕووداوەکان بۆ گێڕەرەوەیەکی تر دەگێڕێتەوە، لە ڕۆمانی لەچکەکەی خەیاڵدا تا ڕادەیەکی باش ئەم تەکنیکە ڕەچاو کراوە کە زۆر کات یەکێک لە پاڵەوانەکانی ڕۆمانەکە چۆن دەبێتە ئەکتەری سەرەکی و ڕووداوەکانی لەسەر ڕوو دەدەن بەهەمان شێوەش لەلایەن کەسێکەوە لە هەمان ڕۆماندا ڕووداوەکانی بۆ دەگێڕدرێتەوە، چ ئەو ڕووداوانە بێت کە بەسەر خۆیدا هاتوون وەک لالەمچە ئەو ڕووداوانەی سەبارەت بە خەیاڵ و ساتوەختی لەدایکبوونێتی بۆ خەیاڵ گێڕایەوە بەم شێوەیەش خەیاڵ بوو بە گێڕەرەوە و لالەمچە بوو بە گێڕەرەوە. چ ئەو ڕووداوانەی کە روویان داوە و کەسێک بۆ کەسێکی تری دەگێڕێتەوە وەک ڕوودانی شووکردنی خەیاڵ کە خەیاڵ بۆ لالەمچەی گێڕایەوە بەم چەشنەش خەیاڵ بوو بە گێڕەرەوە و لالەمچە بوو بە بۆ گێڕەرەوە.

## بەشی سێیەم: دژە باو

دژە باوبوون لە ڕۆمانی لەچکەکەی خەیاڵدا بەدرێژاییی ڕەوتی ڕۆمانەکە بەردەوامە، هەر لە سەرەتای ڕەوتی ڕۆمانەکە خوێنەر بەدژە باوێکی گاڵتەئامێز ئاشنا دەبێت «مچە پیزێ وا بۆ ماوەی

پازده ساڵ دەبێ بە ڕۆژ لە کونی ژوورەوە نایەتە دەرەوە و بە شەویش یەک دەقیقەش چییە لە ماڵەوە ئارام ناگرێ و لە دەشت و دەر ژیان بەسەر دەبات»ل٣٧. «ئەو پیاوەی ماوەی پازدە ساڵە نەک لە شەودا نەنوستووە، بگرە یەک وەنەوزیشی نەداوە»ل٣٧. ئەمە خۆی لە خۆیدا نەک هەر دژە باوە بگرە یاخیبوونیشە. بەدرێژاییی چاخی ژیان ڕۆژ بۆ چالاکییە سروشتییەکان بووە و شەویش بۆ پشوودان و ئارامبوونەوەی ڕۆحی و جەستەیی بووە، کە خەوتنیش بە بەشێک یان پێویستییەکی سەرەکی بۆ پشوودان دادەنرێ، بگرە زۆربەی جار لە کاتی بوونی نەخۆشی و خەم و خەفەت و ئازار مرۆڤ پەنا بۆ خەو دەبات. وەلێ ئەمەی لای لالەمچە کە ماوەی پازدە ساڵە کردوویەتییە خوو نەک هەر دژە باوە بگرە جوانترین یاخیبوونیشە، یاخیبوون لە کولتوور، یاخیبوون لە سروشتی ژیان، تەنانەت یاخیبوون لە جەستە و لاشەی خۆیشی. تەنیا یاخیبوونە وا لە مرۆڤ بکات بەئیرادەوە، بە بڕوا و قەناعەتەوە شەوان مل بەو دەشت و دەرەوە بنێ و ڕۆژیش لە کونی ماڵ نەیەتە دەرەوە بە ڕادەیەک خەڵکی ئاواییەکەیان بە شەوپەرست لە قەڵەمی بدەن «ئاخر مچە پیرێ بووەتە شەوپەرست و شەوگەڕ و لە خوا یاخی»ل١٢.

لەوەش سەیرتر دژە باو لەم ڕۆمانەدا گەیشتووەتە ڕادەیەک کە کۆرپەی سکی دایکی "مەبەست لە خەیاڵە لە سکی دایکیدا" ئەویش تووشی هەمان دژە باوی بووە بە چەشنێ کە «بە ڕۆژدا جووڵە ناکات و دەخەوێت و بە شەویش دەبێتە ئاگری قورەت و ئارامی لێ دەبڕێت» ل ٣٢.

ئەمە خۆی لە خۆیدا بەستنەوەی چارەنووسی کەسێکە بە کەسێکی ترەوە کە بەشێوەیەکی هونەری و جوان داڕێژراوە، چارەنووسی خورشەی دایکی خەیاڵ بەهاتنە خەوی مچە پیرێ و کوشتنی لەسەر هەمان بابەت، یان حیکایەت زەدەبوونی خەیاڵ و پاشان مردنی کە ناڕاستەوخۆ هەر مچە پیرێ هۆکار بووە بۆ ئەمەش.

یەکێکی تر لە دژە باوە سەیرەکان ئەو سەگەیە کە ئەحەشاپە دەچێتە بەردەمی بەو مەبەستەی "هەلاهەلای بکات و لە کونفەیەکونێکا ونجڕونجڕی بکات و بیخوات" بەڵام سەیرەکە لەوەدایە «یەک لرخە لە سەگەکەوە هات و کە چاوم کردەوە سەگەکە ڕۆح لە بەدەنیدا نەمابوو»ل٤٦. ئەمە ئەوپەڕی دژە باویە کە تۆ بچی لە بەردەم سەگێکدا ڕاکشێی بۆ ئەوەی بتخوات لە کاتێکدا دڵنیا بیت کە نەجاتت نابێ لە دەستی، بەڵام سەگەکە خۆی لەژیاندا نەمێنێ و تۆش زیندوو بمێنی بۆ بەدبەختیی ڕۆژگار.

لەوەش سەیرتر پاش ئەوەی کە خەڵکی ئاوایی ئەحەشاپە لەسەر گۆڕەکەی خەیاڵ دەبەستنەوە و دوو گەماڵی هاوشار دەبەن و هەردوو گەماڵەکەی تێ بەر دەدەن، بەڵام لێرەشدا نووسەر دانایانە دژە باوێکی ترمان پێشان دەدات کە لە بریی ئەوەی خواردنی ئەحەشاپە ببینن و ڕزگاریان بێ لە دەستی ئەوەتا «کە تەواو نزیک بووینەوە و گەیشتین و سەیر دەکەین ئۆی خوایە چی ببینین؟ ئەحەشاپە خەوی لێ کەوتووە و لە خەوێکی قووڵدایە و هەردوو هەوشارەکەش وەک تاوەبارانی بەهار فرمێسک بەچاویان دێتە خوارەوە، هەرچی سۆز و خۆشەویستیی دنیا هەیە بەناو

فرمێسکەکانیدا جۆگەلە دەبەستێ و بەرەو ئەحەشاپە دەپەڕنەوە»ل١٠٣. ئای چ سەیرە؟. تۆ کارێک بکەیت و سەداسەد ئەنجامێک لە هزری خۆتدا دانێی و چاوەڕێی ڕوودانی بکەی، بەڵام کاتێ تەماشا دەکەیت نەک ئەوەت دەست نەکەوتووە کە تۆ ویستوویتە بگرە زۆریش پێچەوانەی ئەوەت دەست کەوێت. سەگەکان نەک هەر ئەحەشاپەیان بۆ نەخورا بگرە تەواو کەوتنە ژێر کاریگەریی حیکایەتەکانیەوە و هۆن هۆن فرمێسکیان بۆی هەڵڕشت. ڕاستە وا باوە کە سەگ هێمایە بۆ بەوەفایی، بەڵام لە کوێی دنیادا هەبووە کە سەگێک چاوەڕێ بیت کەسێک بخوات بەڵام ئەو بۆ ئەو کەسە بگرییێت و جۆگەلەی فرمێسکی بۆ هەڵڕێژێ و بەرەو لای بڕوات.

یەکێکی تر لە دژە باوییەکانی تر قسەکردن و بێدەنگییە کە ڕۆماننووس زۆر جوان سوودی لێ بینیوە، ئەحەشاپە سەربارێ ئەوەی بووبووە حیکایەت و هەموو ئاوایی لێی بێزار بوون و هەوڵی لەناوبردنیان دا بەڵام لە پاشدا زۆر سەیر بێدەنگی هەڵدەبژێرێ «ئەحەشاپە سەیر بێدەنگ کپ و کاس بووبوو، بەجۆرێک دەمی داخست و بێدەنگ بوو، لێوەکانی لکابوون بە یەکدا، چەندین جار خەڵک بۆی دەچوونە کەمینەوە تا لێوەکانی لێک هەڵبپچڕێ،

خەڵک بەو ئاواتەوە سەری نایەوە و ئەحەشاپەش لێوەکانی هەڵنەپچڕی و دەمی نەکردەوە و تەنیا حەرفێکی نەوت»ل١١٣. ئەحەشاپەیەک دوای ئەو هەموو کارەسات و ئەو هەموو حیکایەت زەدەبوونەی، دوای ئەو هەموو گریان و هاوار هاوارەی کە بووبووە پیشەی سەیر نییە کەس حەرفێکیشی لێ نەبیستێ.

« نەسیم دەست دەبات قوڵ ڕەیحانە لێ دەکاتەوە و دەیخاتە دەمییەوە و دەست دەکات بەخواردنی، لەو ڕۆژەوە نەسیم نوتقی دەبەسترێ، بۆ لای شێخ و مەشایەخی دنیایان برد نە کەس توانی چاکی بکاتەوە و نە کەسیش یەک حەرفی لێ بیست» ل ١٣٧. لە چ زەمەنێکدا بووە ڕێحانە هۆکار بێت بۆ لە قسە چوونەوە و نوتق بەستن و قسەنەکردن، دەبێ چ حیکایەتێکی تێدا بێ کەسێک بەخواردنی ڕەیحانە لە قسەکردن بچێتەوە، «لەناو جەنجاڵی و غەڵبەغەڵبی ئەو حەشاماتەدا، نەسیمی ڕەیحان هاتە پێشەوە و بەدەنگێک کەوتە قسەکردن لەسەر ئەو دوو جەنازەیە، هەرکە دەمی دەکردەوە و قسەی دەکرد، ئەو مەرز و بوومە بەکون و کەلەبەرەکانیشیەوە، جگە لە بۆنی ڕەیحانە، بۆنی هیچ شتێکی تری لێ نەدەهات. بەدەم نەسیمی ڕەیحانەوە کە سەرتاپای ئەو دنیایەی گرتبوو، نەسیمی ڕەیحان دەدوا و دەیوت، ئێوە بۆچی سەرتان ئاوساوە لەوەی ئەم مێرووولانە لە چ ڕێگەیەکەوە خزابنە ئەم ژوورەوە؟ بۆ هەموو کات لە دەرەوەی خۆتان سۆراغی ڕێگەکان دەکەن ؟ بۆ هەردەم پێتان وایە لە ناوەوەی خۆتاندا جگە لە ڕیخۆڵە و دڵێکی وەک بەرد ڕەق و هەندێ گەنو و گو زیاتر هیچی تری تێدا نییە؟» ل ١٣٨. پاش ئەو ماوە زۆرە بێدەنگییە نەسیمی ڕەیحان چەند جوان بەقسە دێت، نەسیمی ڕەیحان پاش ئەو بێدەنگییە زۆرە نایەوێ هەروا ئاسایی بە قسە بێت، ئەو دەیەوێ لە جێی خۆیدا و کاریگەرترین قسە بکات، ئەو دەیەوێ ئەو پەیامە بەمرۆڤەکان بڵێ کە سەیرێکی ناخی خۆتان بکەن و ببینن کە چ ناخێکی ڕەشتان هەیە،

پێویستـە پێش هەمـوو شتێ ناخی خـۆتان پاک بکەنەوە، رق و کینە و دووبـەرەکی و سـەرجـەم ئەو پەڵە و لەکە پیس و بۆگەنانەی کە لە ناختاندایە، لە دڵی رەقی وەک بەرتانـدایە، فرێی دەنە دەرەوە و لە جێگەیدا تۆوی خۆشـەویستی و رێزگرتن و هاوکاری بچێنن، چونکە هەر بەوە دەگـەنە لووتکەی کامەرانی و خۆشبەختی و سەرفرازیی ژیان.

## بەشی چوارەم: حیکمەتی شەو وەک رەگەزێکی ژیا

لە رۆمـانی لەچکەکـەی خـەیاڵدا هێندەی شـەو گرینگیی پێ دراوە و باسـی لێـوە کـراوە هێندە رۆژ گرینگیی پێ نەدراوە، هێندەی هـەژمـوونی شەو دەردەکەوێت هێندە رۆژ هـەژمـوونی نییە.

لەم رۆمـانـەدا شـەو کـراوەتـە سـەکـۆی رووداوانـی رووداوەکـان، شـەو مـاڵـی لە کـۆشکـردنـی حیکایەتەکانە، شـەو ساتوەختی جوانی و لێ چۆڕینی جلیوەی کامەرانییە، شـەو کانگەی تاریکی و ئەسرار و پـەخشکردنەوەی جوانییەکانە، هـەر کەسێکیش بیەوێ لەم ناز و نیعمـەتەی شـەو بێبەش نەبێت دەبێ رەنجی بۆ بدات و ئازاری بۆ بچـێـژێ، دەبێ خـەوی بۆ تەڵاق بدات، چونکە لالە مـچـە وتەنی «گـەر جارێکیش جوانیـی شەوتان بەچاو ببینیـایە، ئەوا وەنەوز هـەرگیـز نەیدەوێرا و رووشـی نەدەهات نزیکی مـاڵـی چاوتان بکەوێ، کـە شـەو توانـای ئەوەی هـەبێت وەک ئیـسـفـەنج ئەو هـەمـوو جوانی و ویقار و ئەسرارە کە لە شەودا هـەیە هـەڵبمـژێت، حەیف نییە وەنەوز خەو وەک خۆرە بیداتە سـۆمـای چاو و پڕی بکات لە نووستن؟»ل٦٠. جـوانیی شـەو، بەرامبـەر نووستن. ئەم دوو نیـعـمـەتەی سروشت، ئەم دوو جـوانییـەی سروشت، لەم رۆمانەدا داوای نیعمـەتی یەکەمیـان کراوە و دووەمیـان ڤیتۆ کراوە. تەنانەت گەیشتووەتە ئەو ڕادەیەی کە ئەو گومـانەمان لا دروست دەکات کە مـرۆڤ بۆ ئەوە دروست کراوە تا شەوانە گوێگر و بینەری ئەو جوانییە بێت کە لە شـەودا پەنهانە، بە ڕادەیەک شـەو تا تاریکتر و درەنگتر بێت، چەم و چنار و تـەیر و تیـور و باخ و رەز و کـوچک و کـەڵەک ئەو هـەمـوو ئاواز و گۆرانی دەڵێن و گریان و قسـە و باس دەکـەن، هـەر بۆیەش ناکرێ کـەسێک نەبێت گوێیان لێ بگرێت.

لەلایەکی ترەوە شـەو هـەروەک چۆن لـەسـەر ئـەرزی واقیـع تا ڕادەیەکی باش کاتێکی گونجـاوە بۆ ژوانی دڵداران و عـاشقـان تا بێ ترس و دوودڵی و گومـان یەک ببینن، هـەرواش کاتێکی گونجـاوە بۆ ژوان و بەیەکگەیشـتنی ئەکتـەرەکانی رۆمـانەکە. هـەر شـەو بوو لالە مچە چووە خەونی خـورشـەی دایکی خەیاڵەوە و مـەرگی بە نسیب گەیاند، هـەر شەویش بوو خـەیاڵ لە دەستی حسـەکەڕ رای کرد و بۆ ماڵ باوکی گەڕایەوە و لە یەکێک لە شەوەکاندا بەدیداری مچە پیـزێ دەگات، هـەر شـەویش بوو خـەیاڵ و باوکی بەرەو مـاڵی شـێـخی شـەوناس بەڕێ کـەوتن و خـەیاڵ دنیـایەک حیکایەتـی بینی و بیست تەنانەت هـەر شـەویش بوو خـەیاڵ بەمـەرگ گەیشت هـەروەک چۆن لالە مچە پێشبینیی کردبوو «دڵنیـام جگەلەوەی شـەو هێز و وزەی راکردن و یاخیبـوونت دەداتێ هـەر شـەویش دەبێت بەنسیبت بۆ مـەرگ»ل٢١. بەڵێ هـەرواش دەرچوو خـەیاڵ شـەوی هـەڵبژارد و لە شـەودا هـەمووانی جێ هێشت و

مـەرگی هـەڵبژارد. بەپێچـەوانەی شـەوەوە لـەم رۆمانەدا رۆژ کـەمتر کـاری پێ کراوە و چالاکـییەکـان یان رووداوەکان کـەمتر کـەوتوونەتە رۆژەوە، لە رۆژدا شـەپۆلی رووناکی هـەیە بەڵام شـەپۆلی تاریکی کە لەشـەودا هـەیە بەجوانتر زانراوە، لە رۆژدا رەز و باخ و کـوچک و دار و بەرد حـیکایەت ناکـەن و قسـە و باس ناگـێڕنەوە، تەنانەت دەگاتە رادەیەک کـە «هـەرگـیز رۆژ بۆ گێڕانەوەی حـیکایەتەکـان نابێت » لا٤٤.

بەڵێ هـەرچی رۆژە ئـەحـەشـاپە خـەیاڵ بۆ لای حـسـە کـەڕ دەباتەوە و هـەرچی شـەویشـە خـەیاڵ لە دەست حـسـەکـەڕ هـەڵدێ و رادەکـاتـەوە، لە مـەملـەکـەتی حـیکایەتەکـانی لەچکەکـەی خـەیاڵدا شـەو لەبانگی بەیانیەوە تەواو دەبێت و هـەر لەو کاتەوە رۆژ دەست پێ دەکات. «بانگی بەیانی دا، شێخی شـەوناس ئیتر هیچی تری نەوت. نازانم سیحری کۆتاییهاتنی شـەو بوو یان نەغمـەی بانگی بەیانی یان حاڵ و حیکایەتی لـەچکەکە بوو وای لە حەزرەتی شێخ کرد کە مۆڵەتی نەداین زیارەتی بکـەین و ئێمە ئەو بەجێ بهێڵین. ئەو بێدەنگ پیشتی کردە ئێمە، لە دەرگەیەکی بچووکەوە کە تا نەیکردەوە ئێمە کـەسمان نەماندەزانی دەرگـەیە، رۆیشتە دەرەوە»لا٧٢. خـەیاڵ نازانێ کام لەو هۆکارانە بوونە هۆی چوونە دەرەوەی شـێخی شـەوناس، بەڵام من دەڵێم هیـچ لەوان هۆکـار نەبوون بگرە حـیکمـەتی رۆژ بوونەوە بوو وای کرد ئەو ژوانەی شێخ و ئـەمان کۆتاییی پێ بێ. چونکە «پێش نیـو سـەعـات لە بانگی بەیانی دوو ژنی سـپیی ئاودامان لەناو قیامـەت و حـەشر و حـەلا لای ئەو حـیکایەتانەوە وەک تەونی جـاڵجـاڵۆکـە دەوریان تەنیـوە، لـەناو قـیـامـەتی ژەنینی دەفـەکـانـەوە هـاتن و گـوێگرتن و حیکایەتەکـانیان پێ بڕیم و وتیان باوکت چاوەڕێت دەکات چونکە تـەنیا نیو سـەعات حـەزرەتی شێخ ماوەی هەیە بتانبینێ» لا٦٣. گومانی تێدا نییە ئەم دەستەواژەیە ئەو راستییە دەسـەلمێنێ کە شێخ تەنیا شـەو کاتی هەیە خەڵک ببینێ و رۆژ بۆ بینینی خەڵک نابێ.

## بەشی پێنجەم : خەیاڵ (ئەفسانە)

لە رۆمـانی لـەچکەکـەی خـەیاڵدا کـەرەسـەی رۆمـان جـیاواز مـامـەڵەی لەگـەڵدا کـراوە، لەم رۆمـانەدا هـەندێک کەرەسـە و بابەت مامـەڵەی لەگەڵدا کراوە گەیشتووەتە رادەی ئـەفسانەبوون، ئەمـەش خۆی لە خـۆیدا یەکێکە لە بنـەماکانی رۆمانی ئەفسـانەیی، یا خورافیات، کـە لە دێرزەمـانەوە لە حکایەتە کـۆن و دێرینەکـانـدا هـەتـا لە هـەندێک بەنـد و لاوک و داسـتـانـیـشـدا بەکـار هـاتووە. ئەفـسـانـەبوون بەجـۆرێکە کە کـون بە کـون و حـیکایەت بەحیکایـەت و رووداو بەرووداوی مەملەکەتی حیکایەتەکانی لەچکەکـەی خـەیاڵی داگـیر کـردووە. هـەتا هـەندێک رووداو لـەم مـەملەکـەتەدا روو دەدەن کـە بە هیچ لۆجـیکیک ناپێـورێت و زۆر نالۆجـیکین، بەنیـسـبـەت واقـیـعـی ژیانی مـرۆڤـەوە. رۆمـانـنووس بە شـێوەیەکی دانایانە خـەیاڵی خۆی لەم رۆمـانەدا داڕشـتـووە، پەیامـێکمـان ئاراسـتـە دەکـات. (ئەمـە نەسیـمێکی تـازەیە سـەرمان کـەیلی مەسـتییەک دەکـات، لەناو خـەیاڵدا بەدوای واقـیعدا بگـەڕێین، لە ناخی تاوانبارەکاندا ناونیشانی بێگوناهەکان دەربهێنین)[10].

له رۆمـانی لەچکەکـەی خـەیاڵدا چونکە مـەملەکـەت مـەملەکـەتی حیکایەتەکانە، هـەمـوو شـتـێک حیکایەت زەدە بووە، هەمـوو شـتێ بۆ خـۆی ئەفسـانەیەکە کە دەشێ تەنیا لەو مـەملەکـەتەدا بوونی هەبێت، هـەرچـەندە هەمـوو ئەفسـانـەکان لـەم مـەملەکـەتەدا رەت کراونەتەوە و قـبـووڵ نەکراون و بە غـەزەبی خـوا و مـایـەی ئاشـوب و شـەڕ و کـاولکاری و مـاڵوێرانی لێک دراونـەتەوە، هەر بۆیەش ئەفسانەکان ناوێکی تریان بەبەردا کراوە و ناو نراون "روودانی موعجیزە"، بەڵام کاروانی روودانی موعجیزەکان بەردەوامن و یەک بەدوای یەکدا لە روودان بەردەوامن. «خوایە گیان نەمردم و بووم بەشـایـەدی بینینی ئەم سـەیرو سـەمـەرانەی تریش» ل٢٣٧. «خـوای گـەورە چیم بینی؟!. منداڵێک لە جیـاتیی هەر تاڵە موویەک تاڵە گیایەک لەسـەری هاتبـووە دەرەوە، کە دایکی بۆی دەڕوانی کوڵ کوڵ دەگریا و منداڵەکەش پێ دەکـەنی........لە ناودەمـیـدا چیم بینی؟! خـوا هاوار منداڵێک کـە بەهیچ شێوەیەک تەمەنی ئەوەی نییە ددانێکیشی دەرهاتبێت کەچی وەک کەسێکی کامڵ و ڕواڵ ناودەمی سەرەوەی و خـوارەوەی پڕبووبوون لە ددان، بەڵام چ جۆرە ددانێک لە جیاتیی هەر ددانێک بەردێکی بچکۆلەی هێندەی دەنکە نۆکێ، هەمـوو ئەو دانە بەردانـەی وەک نۆک وابوون رەنگیـان لە شـەوە رەشتر بوو» ل٦٠.

لەم چەند دێرەدا چەند مـوعـجـیـزەیـەک بەدی دەکرێت، رووانی گـیـا لـە بریی مـوو لەسـەری ئەم منداڵەو هـاتنی ددان و رەشـێتـیـیـەکـەی، رێک ئـەو قـسـانـەم وەبیـر دێنەوە کە لە هـەندێک چیرۆک و حـیکایەتدا هەبـوون و دەمـاودەم و پشـتـاوپشت مـاوەتەوە وەک دەڵێن مـارێکی حـەوت سـەر یان ئەژدیـهـایەک شـاخی لێ ڕواوە یان دێوێکی زەبەلاح کـە ئـەوها و ئەوها بووە، بەڵام ئەوەی ئەم موعجیزانە لەو خورافیاتانە جیا دەکاتەوە، ئەم موعجیزانە لەمەملەکەتی حکایەتەکاندا روویان داوە ئێ لەوێشدا چاوەڕوانی روودانی موعـجیـزە دەکرێت، نووسـەریش بۆ هەریەک لەو مـوعـجـیـزانە پاساوی خـۆی هـەیە و شـەرعیـەت بە روودانیـان دەدات. «دوای ئەوەی ئەم منداڵە کـەوتە سکمـەوە، وەک هەموو ژنێکی تر بێزووم دەکرد، بەڵام من بێزووم بە گیای دەشت و گڵی سوورەوە دەکرد، کە گلوژان دەکـەوتە سکمـەوە ئیـتر دەمـزانی دڵم داوای گڵی سـوور و گـیـای دەشت دەکـات» ل ٦١. پاساوێکی جوانە کە ژنێکی ئاوا دەیهێنێتەوە بۆ ئەوەی کە لانی کەم لە نەفرەتی خەڵکی بەدوور بێت و خـەڵکی وا هـەست بکـەن ئەم موعجیزەیە خـۆڕسکە و شـتێکی فیـزیکییـە، بەڵام لـە نەفرەتکردنی کۆمەڵگەکـەی و خەڵکەکەی رزگاری نەبوو، شاربەدەر کرا، «لەو رۆژەوە بە خۆم و ئەم موعجیزەیەی باوەشمەوە دەربەدەر و شاربەدەر کرام و ئێستاش ئەمەم کە ئەمبینی»ل ٦٢.

ئەفسانەبوون "موعجیزە خوڵقاندن" لەم رۆمانەدا بەردەوامە، ئەوەتا مەهروبی مردووشۆر باسی یەکێکی تر لەو ئەفسـانانەمـان بۆ دەکـات، کاتێ ویستوویەتی دوو مردووی بەمـێرووڵە داپۆشـراو بشـۆرێ، ژمـارەی مێرووڵەکان هـێندە زۆر بوونە سـەراپای مـردووەکان بەمـێرووڵە داپۆشـرابوون، «دڵنیا بووم لەوەی کە هەرچی مێرووڵەی دنیا هەیە هاتبوونە ئەم ژوورە بێ ئەوەی شـوێنێ دیار بێ ئەم مێروولانەی لێ هاتبن» ل ١٣٥.

بەڵام کاتێ دەیەوێ مردووەکان بشوات مێروولەکان لە مردووەکان نابنەوە بەڕادەیەک «ئاوی چوار کانی وشکی کرد و هەموویم لە شتنی ئەو دوو جەنازەیەدا بڕانەوە، ئەو هەموو ئاوەم کرد بە جەنازەکاندا، یەک مێرووله نەک لە جەنازەکە نەبوونەوە بگرە بەئاستەمیش نەلەرزین، هەتا زیاتر ئاوم بەجەنازەکاندا بکردایە مێروولەکان زیاتر دەمیان دەکردەوە، وەک ئیسفەنجێکی گەورە دڵۆپێ ئاو هەڵدەمژێ و پێوەی دیار نییە ئاوا مێروولەکان ئەو هەموو ئاوەیان هەڵلوشی بێ ئەوەی هەست بەوە بکەم کە تینوێتیان شکاوە» لا ١٤٩.

ئەمەش هەر لۆجیک قبووڵی ناکات، باشە ئاساییە کە مردوو مێرووله لێی بدات، بەڵام ئەم مێروولانە بۆ لە مردووەکان نابنەوە؟ ئەی کانی چۆن بە ئاو لێ بردن وشک دەکات؟. ئەمە ڕێک پێچەوانەی ئەو وتە باوەیە کە دەڵێ "ئاوی کانی هەرچەند لێی ببرێت زیاد دەکات" کانییەکیش نا بگرە چوار کانی، ئەی حیکمەتی نەشکانی تینوێتیی مێرووەکان و هەڵمژینی ئەو هەموو ئاوە چیە؟ لێرەشدا نووسەر زۆر جوان یاری بە وشەکان دەکات، مێرووله بەو بچووکییە بە ئیسفەنجێکی گەورە دەچوێنێ و ئاوی چوار کانیش بە دڵۆپێ، بەڕای من ئەم هونەر یان ئەم تەکنیکە جوانترین تەکنیکە کە لەم ڕۆمانەدا بەکار هاتووە.

## بەشی شەشەم: فەلسەفەی ژیان و مردن

ماڵێک هەموومان جێی دەهێڵین و

ناومان ناوە ژیان

ماڵێک هەموومان رووی لێ دەکەین و

ناومانناوە مردن[11].

سوقرات وتوویەتی "ئەگەر کەسێک بڕواتە نێو گۆڕستانێک پرسیار لەمردووی نێو گۆڕەکان بکات کە ئاخۆ ئارەزووی دووبارە گەڕانەوە و ژیانەوە دەکەن ئەوا هەموویان بەبێ جیاوازی سەریان وەکو نیشانەی نەرێ تەکان دەدەن و نەخێرێک دەکەن"١٢. «بۆیە تەنیا جارێک هەرچی مرۆڤە ببرانایە دەرەوەی ژیان و پێیان بوترایە سەرنجێکی ئەم ئەستێرەیە بدەن کە ژیانی تێدا دەکەن، ئەوا دڵنیام ئەگەر سەرلەبەری هەموومان روحمان دەرنەچووایە ئەوا بەدڵنیاییەوە هەرگیز رازی نەدەبووین بەگەڕانەوە بۆناو زەوی بۆ ناو ئەم ئەستێرەیەی پێی دەڵێن ژیان »لا٢٦.

فەلسەفەی مەرگ و ژیان یەکێکی ترە لە کەرەسەکانی ڕۆمان کە ئەکتەرەکانی بەدەستییەوە گیرۆدە بوونە، مەرگ لەم ڕۆمانەدا چەند روانگەیەکی هەیە، مەرگ لە پێناوی ژیاندا، مەرگ بۆ ژیان، راستتر بڵێین راکردن لە ژیان و رۆیشتن بۆ مەرگ، ژیانێک کە چەندین جار خۆزگەی بەمەرگ تێدا بخوازرێت و بێ سوود بێت «خورشە گیان بەخوا مەرگی من بەسوێترە، ئاخر من هەموو سات و

کات و شەو و ڕۆژێک لەناو ژیاندا دەمرم»ل٢٨. ئەمە ئەوپەڕی نائومێدییە لەدەست شتێک ناوی ژیانە و سروشتی ژیان وایە کە هەمووان حەزی پێ دەکەن، ئەمە ئەوپەڕی حەزە بەشتێک کە ناوی مردنە، کە هەمووان ڕقیان لێیەتی و ڕەتی دەکەنەوە. ئەمەش هۆکاری خۆی هەیە، بەڕای من زۆرجار مەرگ خۆشترە لە ژیانێک کە ئازار و مەینەتی و خەم و خەفەت سەراپای تەنیبێ و هیچ بنەمایەکی خۆش بەختی تێدانەبێت. ئاخر ناکرێت ئەوە ناوی ژیان بێت، هەڵکردن و گوزەران لەو ژیانەیدا گەلێ قورسترە لە مردن «ژیان خۆی قسە ناکات دەنا سزاکانی سەرزەوین پڕ سوێتر و قورسترە لەو سزایانەی وەعدمان پێ دراوە بیچێژین»ل٣٠.

ئەمە دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە ژیان چ ناخۆشییەک و چ مەینەتییەکی پێیە بۆ مرۆڤەکان، ئەمە بە هیچ شێوەیەک ژیانکردن نییە لەناو ژیانا، بگرە ئەمە مەرگێکی تاقەت پڕووکێن و بەئازار و ئێش و پڕ مەینەتییە لەناو ژیاندا، هۆکاری ئەمەش بەرپابوونی ئەو ڕق و کینە و ئاشوب و کوشت و کوشتار و خراپەکارییەیە کە مرۆڤ بەرامبەر هاوڕەگەزی خۆی لە ژیاندا بەرپای دەکات. کە سەرەنجام جەهەنەمێکی بێ ئامان، جەهەنەمێک کە بە هیچ مانا و پێوەرێک ژیانی تێدا نامێنێ دەخوڵقێت. بۆ ڕزگاربوون لەم جەهەنەمەش مرۆڤەکان چەندین ڕێگەیان پێڕەو کردووە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی خەڵکانێک هەن ئەم جەهەنەمە زیاتر بەئازار دەکەن و زیاتر تۆوی ڕق و کینە و ناخۆشی دەچێنن، خەڵکانێکیش هەن بە بەخشینی ڕوحی خۆیان خۆیان لەم مەرگی ژیانە ڕزگار دەکەن و بەرەو مردن هەنگاو دەنێن تا چیی تر لەناو ژیاندا مەرگ نەکەن.

( نەگبەتییەکانی ژیان بە ئەندازەیەک زۆرن کە ئەگەر ترس لە مەرگ نەبوایە و مردن کردارێکی نەرێنی نەبوایە ئەوا هەموومان دەستمان دەدایە خۆکوژی، بەڵام لەبەرئەوەی "ویستی ژیان" لە ئێمەدا زۆر بەهێزە و مەرگیش تۆقێنەرە کەواتە ئێمە نە تەنیا لە هەڵگرتنی ئەم بارە قورسە بێزار نابین بگرە بەوپەڕی شانازییەوە تەحەمولی دەکەین)١٣. بەڵام لە مەملەکەتی حکایەتەکانی لەچکەکەی خەیاڵدا ئەمە ڕێک بەپێچەوانەوەیە، لەوێ نرخی مردن، نرخی ڕزگاربوون لە مەرگی ژیانە و بەدەستهێنانی ژیانی مردن خەڵاتکردنی ڕوحی خۆیانە. ئەوان لەوێ دەیانەوێ بە بەخشینی ڕوحی خۆیان و بۆ ڕزگاربوونیان لە مەرگی ژیان بەچەند ڕێگەیەکی جیاواز خۆیان بکوژن، لەوێ ژیان هیچ نییە جگە لە تەمەنێکی پڕ لە ناسۆری و کارەساتباری، جگە لە تەمەنێک خەم و ژان و مەراق، لە مەملەکەتی حکایەتەکانی لەچکەکەی خەیاڵدا تەنیا شتێ کە داوای دەکرێت و خۆزگەی بۆ دەخوازرێ و هەوڵی بۆ دەدرێت مەرگە کە ئەویش بە سانایی بەدەست نایەت. لەوێ بۆ ڕزگاربوون لە مەرگی ژیان و بەدەستهێنانی ژیانی مردن پەنا بۆ چەندین ڕێگەی جیاواز دەبرێت و چەندین ڕێگەی جیاواز تاقی دەکرێتەوە، بەڵام هەموو جار هەموو ڕێگەکان سەرکەوتوو نابن و زۆر کات شکست دێنن. لەوێ شتگەلی ئاسایی و سادە دەبنە ڕێگر لە بەدەستهێنانی ئەو داواکارییەدا «جگە لەوەی ئەم لەچکەی کردوومەتە ناوچاوپێچ نایەڵێ بمرم»ل٤٤، «زانیم ئەم لەچکەیە بووەتە قەڵغان و نایەڵێ بمرم» ل٤٧.

لەوێ بەدەستهێنانی مەرگ زۆر قورسترە لە بەدەستهێنانی ژیان، لەوێ ژیان هەیە ژیانێکی مەرگ ئامێز مەرگ ئاسا، بەلام شتە سادەکان بەنموونە "لەچکەیەک" دەبێتە لەمپەرو ڕێگر لە بەدەستهێنانی مەرگ، لەوێ ژیانێک هەیە گریان سەراپا داگیری کردووە «کارەساتە گریان هەتاهەتایە وازت لێ نەهێنێ، گریانەکەش لە تاو ئازاری جەستە نەبێت، بگرە لەتاو ئازاری روح بێت»لا ١٥. ئازاری روح یان ئازاری ویژدان؟ بێگومان ئەمە ئەوپەڕی راستگۆییە لەگەڵ خوددا، ئەو کارەی مرۆڤەکان پێشوەخت ئەنجامی دەدەن و بیر لە بەرەنجامەکەی ناکەنەوە هەر ئەم ئەنجامەی دەبێت، کە ویژدانێکی نائاسوودە و ژیانێکی پەشیمان و مەرگ ئاسای دەبێت، ویژدانێک هەموو کات و سات و شەو و رۆژێکی مردنێکە لەناو ژیاندا، لەناو ژیانێکادا گەلێ لە مردن بەسوێترە.

مەرگ لەوێ دانوستاندن دەکات، مەرگ لەوێ شت بەدەست دێنێ «بۆیە بەقیمەتی مەرگی خۆی ئەحەشاپەی ناچار کرد ناوت بنێ خەیاڵ »لا ١٦. چ بەدەستهێنانێکی جوانە ؟، مەرگی خورشە نەبوایە ئەحەشاپە هەرگیز ئامادە نەدەبوو کچەکەی ناو بنێ خەیاڵ لە کاتێکدا ئەم ناوە ناڕاستەوخۆ مچە پیزێ بۆی هەڵبژاردووە.

چەند جوانە روحی خۆت بەفیدا بکەی و خۆت بکەیتە قوربانی لە پێناو بەدەستهێنانی شتێک بۆ کەسێکی تر؟!.

لە مەملەکەتی حکایەتەکانی لەچکەکەی خەیاڵدا مەرگ هەروا سادە و ساکار نایەت و مرۆڤەکان لەگەڵ خۆیدا بەرێ، لەوێ مەرگ دەبێتە سزادەری ئەو کەسانەی خراپەیان کردووە، لەوێ مەرگ وامان لێ دەکات بەپێچەوانەوەی هەموو مردنەکانەوە لە پێناو بینیندا تەماشای ئاسمان بکەین و سەرمان بەرز بکەینەوە «ئەمە بۆ یەکەم جارە دەبینیت چاو بۆ دوورترین شوێنی ئاسمان هەڵخەیت و زۆر بە قووڵی بۆ ئەو بەرزاییانە بڕوانی تا مەرگ لەناو قیامەتی ئەو هەموو رەنگە ببینی» لا ٨٢. سەر بەرزکردنەوە بۆ ئاسمان و بینینی مەرگ لەناو قیامەتی رەنگدا، ئەمە بۆخۆی سزایەکی جوان و هێمن و لەسەرخۆیانەی مردنە.

لەوێ مەرگ واز لە سزادانەکانی ناهێنێ و بەردەوامە لە ئازاردان بە ویژدانی تاوانباران، تەنانەت وات لێ دەکات ئاوات بە مەرگ بخوازی تا لە مەرگی ژیان و لە سزا ویژدانییەکانی مەرگ رزگارت بێت «ئاواتی هەمووتان بەمەرگی من زۆر کەمترە لە ئاواتخواستنی خۆم بەمەرگی خۆم» لا١٠٤.

ئەوە چ ژیانێکە ئاواتی مەرگی تیا بخوازێ ؟، ئەی ئەوە چ مەرگێکە کە بەدەست نەیەت و لە ژیان بەنرخترە ؟. «لە دوای سووربوونی دەستم بەخوێنی خورشەی خێزانم سەدان جار جگە لەوەی ئاواتم بەمردنی خۆم خواستووە هەوڵی زۆریشم داوە تا بەمەرگ بگەم»لا١١٨.

بەڵی هەروەک لە سەرەوە ئاماژەمان پێ کرد دەشێ هۆکاری سەرەکیی ئەو کارانە هەموو مرۆڤەکان خۆیان بن بەو کارەی بێ بیرکردنەوە لە بەرەنجامەکەی ئەنجامی دەدەن و دواتر

پەشیمان دەبنەوە، بەڵام تازە دوای چی؟ بێگومان ئەم پەشیمانییەش تا ڕادەیەک لە زیندوییەتیی ویژدانی مرۆڤەکانەوەیە، لە کاتێکدا هەمان ویژدان لە رابردوودا مردبوو یان بێئاگا بوو، بۆیە ئەو تاوانەی پێ ئەنجام درا و ئێستا پەشیمانە، ئەم حاڵەتە زۆر جوان رابردوو و ئێستامان بۆ گرێ دەدات بە چەشنێ کە (هەندێ کەس تەنیا لە رابردوودا دەژین و هەندێک لە داهاتوودا و هەندێکی تریش تەنیا ئێستا لە بەرچاو دەگرن، کاتێک ئێمە تەماشای قۆناغە تێپەڕیوەکانی ژیان دەکەین سەرجەم کارەسات و نەگبەتی و نەهامەتییەکان بچووکتر لەوەی کە بوون دێنە پێش چاومان، خۆ ئەگەر لەنێو ئەم کارەسات و رووداوانەدا رووداوێکی تایبەت هەبێت کە ئێمەی تۆقاندبێت ئەوا هەرگیز بۆمان فەرامۆش ناکرێت، بەڵام کاتێک دەڕوانینە قۆناغەنە هاتووەکان و داهاتوو ئەوا شتەکان وەک ئەوەی هەن زیاتر و گەورەتر دێنە پێش چاو و دەبێت بۆ بینینیان چاویلکەی ژیری لە چاو بکەین بۆ ئەوەی ئەم هەڵەیەمان بۆ راست بکاتەوە)١٤.

## کۆتایی

بەخوێندنەوەی ئەم رۆمانە دەگەینە ئەو راستییەی کە خاوەنی خاسیەت و تایبەتمەندیی خۆیەتی، ئێستا دەتوانین پوختەی بۆچوونەکانمان سەبارەت بەم رۆمانە بەم چەشنە بخەینە روو :

ئەم رۆمانە تا رادەیەکی باش تازەگەری لە رووی ناوەڕۆک و تەکنیکی دارشتن و نوسینەوە تێدا بەدی دەکرێت، هەروەک فرە رەنگییەک و فرە دەنگییەک هەیە، کە تا رادەیەکی باش رۆمانەکەی بەرەو دەرچوون لە تاک دەنگی بردووە و لە سادەیی گێڕانەوە دەربازی کردووە.

لە ناونانی ئەم رۆمانەدا حکایەتێکی شاراوە هەیە، هەڵبژاردنی ناونیشان بۆ رۆمانەکە کۆمەڵێ پرسیار لای خوێنەر بەجێ دەهێڵێ، هەروەک ئەو حکایەتە نەگێڕدراوانەی کە لە ناواخنی رۆمانەکەدا بەرچاو دەکەون و بە نەمانی کارەکتەرێک نامێنن، ئاواش بەداخستنی پەڕەکانی ئەم رۆمانە پرسیارەکان بێ وەڵام ون دەبن.

لەم رۆمانەدا کۆمەڵێ بابەت و دیاردەی کۆمەڵایەتی و واقعی ژیان خراونەتە روو، شتگەلێ کراونەتە کەرەسە و بابەتی رۆمان کە لە کۆمەڵگەدا رەنگیان داوەتەوە و بەچاک و خراپ کاریگەریان هەبووە و نەفرەتیش لە دیاردە دزێوەکان کراوە.

ئەم رۆمانە هەڵگری پەیامی یاخیبوونە، یاخیبوون لە ژیانێ کە سەرجەمی لایەنەکانی کۆمەڵگەی دەستەپاچە کردووە و گیرۆدەن بە کۆمەڵێ لایەنی خراپی ژیان و داوای یەکسانی و پاکبوونەوە لە خراپە و ریزگرتن و ژیان دۆستی دەکات، داوای گەڕانەوە بۆ ژیانێ دەکات کە سەرجەم تاکەکانی کۆمەڵگە تێیدا خۆشبەخت و ئاسوودە و کامەران بن. ئەم رۆمانە پێمان دەڵێ: عەیبەکان لە ناخی خۆماندایە و دەبێ هەر لە ناخی خۆشماندا بەدوای چارەسەر بگەڕێین بۆیان.

لەم رۆمانەدا ئازار و مەینەتییەکان هێندە زۆرن کە خەڵکی خۆزگەی رزگاربوونیان بەمەرگ

دەخوازن، ئازار و مەینەتییەکانیش بەشێکی هەرە زۆریان لەسەر دەستی مرۆڤەکان خۆیان و بەهۆی خراپیی بیرکردنەوەیانەوە دروست دەبێت، کاتێک ویژدانێکی خەوتوو یان بێ ئاگا کارەساتێ ئەنجام دەدات و پاش ماوەیەکی زۆر ئەو ویژدانە بەئا گادێ و کەسەکە لە تاو ئازاری ویژدانی تاسەی مەرگ ئەکات و هەوڵیشی بۆ دەدات، وەلێ پێی ناگات و سزای ژیان لەسەری بەردەوام دەبێت.

لەم رۆمانەدا زۆرترین فەنتازیا و زۆرترین خەیاڵ دروست کراوە، تا رادەیەک هەندێکیان گەیشتوونەتە ئەفسانە و بەرگی موعجیزەی بە بەردا کراوە هەرچەند بەشێکی زۆری ئەم موعجیزانە لەلایەن خودی خەڵکەکەوە رەت کراوەتەوە و دژایەتی کراوە.

سەرچاوەکان:
١) ئارام سدیق، ستاتیکای گێڕانەوە، چاپی یەکەم، ٢٠٠٩، سلێمانی.
٢) دانا عەلی سەعید، هەژان برووسکە گەڕانێک بەناو شاری مۆسیقارە سپییەکانی بەختیار عەلی، چاپی یەکەم ٢٠٠٨، سلێمانی
٣) محەمەد کوردۆ گەڕان ،بەدوای شیعر و جیاوازیدا، ٢٠٠٦.
٤) ئارام سدیق، ستاتیکای گێڕانەوە، چاپی یەکەم، ٢٠٠٩، سلێمانی.
٥) حەمەکەریم عارف، دەربارەی رۆمان و چیرۆک، چاپی یەکەم، ٢٠٠٨.
٦) جەلال ئەنوەر سەعید، تەکنیکی گێڕانەوە لە ئێوارەی پەروانەی بەختیار عەلیدا، ٢٠٠٩.
٧) دانا عەلی سەعید، هەژان برووسکە گەڕانێک بەناو شاری مۆسیقارە سپییەکانی بەختیار عەلی، چاپی یەکەم ٢٠٠٨، سلێمانی.
٨) دانا عەلی سەعید، هەژان برووسکە گەڕانێک بەناو شاری مۆسیقارە سپییەکانی بەختیار عەلی، چاپی یەکەم، ٢٠٠٨، سلێمانی.
٩) محەمەد کوردۆ، جوانی و جیاوازی، چاپی یەکەم، ٢٠٠٨.
١٠) دانا عەلی سەعید، هەژان برووسکە گەڕانێک بەناو شاری مۆسیقارە سپییەکانی بەختیار عەلی، چاپی یەکەم، ٢٠٠٨، سلێمانی.
١١) محەمەد کوردۆ ژنێک دەمرێ پیاوێ بەچراوە نایە، کۆ شیعر، چاپی یەکەم ٢٠٠٥.
١٢) مهرداد مهرین، جیهانبینی شۆپنهاوەر، وەرگێڕانی هونەر عەبدوڵڵا چاپی یەکەم، ٢٠٠٩.
١٣) مهرداد مهرین، جیهانبینی شۆپنهاوەر، وەرگێڕانی هونەر عەبدوڵڵا چاپی یەکەم، ٢٠٠٩.
١٤) مهرداد مهرین، جیهانبینی شۆپنهاوەر، وەرگێڕانی هونەر عەبدوڵڵا چاپی یەکەم، ٢٠٠٩.

ناساندن

# ئانا زێگەرز

## ۱۹۰۰-۱۹۸۳

له ئەڵمانییەوە: عومەر عەلی شەریف



### چەردەیەک لە ژیان و داهێنانی

ڕەنگە هەموومان (یان زۆربەمان بە لای کەمەوە) ئەو ڕاستییە بزانین کەوا ئەدەبی ئەڵمانی، ئەدەبێکی تابڵیی ڕەسەن و دەوڵەمەندە و فرە ڕەنگە، لەسەر ئاستی ئەدەبی جیهانیشدا خاوەنی پێگەی بڵندی شیاوی خۆیەتی.

هەڵبەت گەیشتنی ئەم ئەدەبەش بەو پێگە نایابە، بەرەنجامی هەوڵ و کۆشش و داهێنانی کۆمەڵێک ئەدیبی ئەفرێنەری بالادەست بووە، کە بە فەزڵی شاکار و بەرهەمە مەزنەکانیان ئەدەبی

نەتەوەکەیان گەیاندە لووتکە و بە دنیایان ناساند. یەکێکیش لەوانە، خاتووە نووسەری بە ناوبانگی هاوچەرخمان (ئانا زیگەرز)ە کە بە رۆماننووس و چیرۆکنووسێکی پێشەنگی قوتابخانەی ئەدەبی ریالیزمی (سۆشیالیستی) دادەنرێت.

جا لە کاتێکدا بەرهەم و شاکارەکانی زێگەرز، وەک زۆربەی هەرەزۆری شاکار و داهێنانە ئەدەبییەکانی تری ئەڵمان بۆ زۆربەی هەرەزۆری زمانەکانی جیهان وەرگێڕدراون و کەوتوونەتە بەردەستی ملیۆنان خوێنەر لەسەر گۆی زەویدا، کەچی ئەوەتا ئێمەی خوێنەر و ڕۆشنبیرانی کورد بە هۆی گرفتی (یان ڕاستتر بڵێین کارەساتی) وەرگێڕانەوە لە تام و چێژی ئەو ئەدەبە، هەڵبەت بەوەی زێگەرزیشەوە، تا رادەیەکی یەکجار زۆر بێ بەش بووین.

بەندە بەشبەحاڵی خۆم تاکو ئێستا شتێکی کەمم بە گوێرەی توانا لەو میراتە ئەدەبییە نایابە مەزنەی ئەڵمانە (بە ئامادەکردنی لە عەرەبی یان بە وەرگێڕانی ڕاستەوخۆی لە ئەڵمانییەوە) پێشکێش بە خوێنەرانی کورد کردووە، کە لە میانەیدا (ئانا زێگەرز) یشم فەرامۆش نەکردووە. حاڵی حازریش، چاپی ئەڵمانیی رۆمانە دانسقەکەی ئەو خاتوونە داهێنەرەم (شینی شین، یان شینی راستەقینە) بە دەستەوەیە و ئەگەر تەمەن مەودا بدات، وا کەمە کەمە خەریکی وەرگێڕانیم بۆ کوردی.

ئەمەش لێرەدا تۆماری دەکەم چەردەیەکە لە سیرەت و داهێنانی (زێگەرز) کە لە بیۆگرافیی پاشکۆی ئەو کتێبەوە دەقاودەق وەرم گێڕاوە و بۆ یەکەم جار بڵاوی دەکەمەوە.

***

ئانا زێگەرز ڕۆژی ١٩ ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٠٠ لە شاری "ماینتز"دا هاتووەتە دنیاوە. ناوی راستەقینەی "نیتی رایلنگ"ە، پاش شووکردنیشی بە نووسەری هنگاری "لاسلتزلۆ رادفانی" ساڵی ١٩٢٥، بە ناوی (نیتی رادفانی)یش دەناسرێت. ناوە باوەکەیشی (زیگەرز)، دەگەڕێتەوە بۆ وێنەکێشی هۆڵەندایی "هێرکولیس زیگەرز ١٥٨٩ –١٦٤٥" کە نووسەر لە میانەی خوێندنی مێژووی هونەردا لە زانکۆی (هایدلبیرگ)دا ناسیوویەتی (هەر لەو زانکۆیەدا و لە هەمان بواردا، زێگەرز ساڵی ١٩٢٤ بڕوانامەی دوکتۆرای بەدەست هێناوە. نامەی دوکتۆراکەشی بریتی بوو لە لێکۆڵینەوەیەک بە ناونیشانی ریمبرادێنت و سەردەمی). جگە لە مێژووی هونەر، زێگەرز وانەکانی: زانستی زمانەوانی، مێژوو و چینۆلۆجیا "چین ناسی"یشی خوێندووە.

ساڵی ١٩٢٨ لەگەڵ وەدەست هێنانی خەڵاتی ئەدەبی (کلایست)دا بە هۆی دەرکەوتنی نۆبەرەی کتێبەکانییەوە، چیرۆکی "ڕاپەڕینی ماسیگرەکانی سانت باربارە" زێگەرز وەک خاتووە نووسەرێکی هەڵکەوتوو ناسرا .وەلێ سەرەڕای ئەو دەرفەتە بەرچاوەی کە لە جیهانی نووسین و ئەدەبدا بۆ زێگەرز هاتبووە پێش، کەچی بڕیاری ئەوەیشی دا شانبەشانی چالاکییە ئەدەبییەکانی، خۆی لە بازنەی سیاسەتیش بدات. بەو جۆرە زێگەرز پێوەندیی کرد بە بزووتنەوەی کرێکارانەوە، بە هەمان شێوە ساڵی ١٩٢٨چووە ریزی پارتی کۆمۆنیستی ئەڵمانیاوە و، وەکو نووسەرێکی کۆمۆنیست

کەوتە خەبات و تێکۆشان لە پێناو ئامانج و ئەرکە سیاسییەکانیدا. بەهەرحاڵ ئەندامێتیی ئەو لە ریزی پارتی کۆمۆنیستی ئەو سەردەمەی ئەڵمانیادا و، وەبەردەوامبوون و پەرەسەندنی کار و چالاکییەکانی لە دژی فاشیزمدا بوونە هۆکاری زیندانیکردنی (ساڵی ١٩٣٣). هەروەها لە ساڵانی داهاتووشدا، لەلایەن داروەدەستەی فاشیستی هیتلەرەوە، رووبەرووی هەڕەشەو راوەدوونان بووەوە و بە ناچاری لە وڵات هەڵهات.

پاش هەڵهاتنی بۆ وڵاتی فەرەنسا و جێگیربوونی لەوێندەر، زێگەرز لە کۆنگرەی نووسەرانی جیهانیدا (ساڵانی ١٩٣٥، ١٩٣٧، ١٩٣٨) بەشداری دەکات و گشت هێز و توانای خۆی لە دژی فاشیزمدا چڕ دەکاتەوە.

بۆیە پاش داگیرکردنی وڵاتی فەرەنسا لەلایەن ئەڵمانیای نازییەوە ساڵی ١٩٤٠ جارێکی تر زێگەرز دەکەوێتەوە بەر مەترسی هەڕەشەی فاشیەکانی ئەڵمانەوە و ناچار دەبێتەوە ڕێگەی هەڵهاتن بگرێتەوە بەر. بەو جۆرە لە شاری (مارسیلیا)وە روو دەکاتە وڵاتی مەکسیک. لەوێندەریش چالاکانە گشت هەوڵێک دەخاتە گەڕ لە پێناو پێکهێنانی بەرەی دژە فاشیزمدا و، بە هاوکاریی ئەدیب و نووسەرە ئەڵمانە پەناهەندەکانی هاوشێوەی خۆی لە نەیارانی فاشیزم، سەنتەرێک بە ناوی (ئەڵمانیای ئازاد) دادەمەزرێنن و کۆوارەکانیش بە هەمان ناوەوە دەردەکەن.

دوای بەسەربردنی نێزیکەی ٧ساڵ لە و وڵاتەدا زێگەرز ساڵی ١٩٤٧ دەگەڕێتەوە بۆ ئەڵمانیا، یان ڕوونتر بڵێین بۆ کۆماری ئەڵمانیای دیموکراتی جاران. ئیدی شانبەشانی چالاکی نووسین و داهێنانی ئەدەبی و ئەرکەکانی تری وەک: سەرۆکی یەکەتیی نووسەرانی ئەڵمانیا بۆ ماوەی ٢٨ ساڵ، جێگری سەرۆکی کۆمەڵەی رۆشنبیری ئەڵمانیا "هەڵبەت مەبەست ئەڵمانیای دیموکرات – رۆهەڵاتە – وەرگێڕ"، بایەخێکی فراوانیش دەداتە ئەرکە سیاسی و مرۆییەکانی و خزمەتکردنی رەوشی ئاشتی لە جیهاندا کە لەمیانەیدا بەسەرۆکی ئەنجوومەنی ئاشتی جیهانی هەڵدەبژێردرێت.

هەمدیس زێگەرز، دوابەدوای گەڕانەوەی بۆ وڵات، گەلێک خەڵات و مەدالیای رێزلێنانی پێ دەبەخشرێت لەوانە: ساڵی ١٩٤٧ خەڵاتی (بویشنەر) بۆ رۆمانەکەی (خاچی حەوتەم)، ساڵی ١٩٥١ خەڵاتی جیهانیی (لینین) بۆ ئاشتی، ساڵانی ١٩٥١، ١٩٥٩، ١٩٧١ خەڵاتی نیشتمانی کۆماری ئەڵمانیای دیموکرات... هتد.

ساڵی ١٩٨٣ زێگەرز پاش تەمەنێکی پڕ لە داهێنان و خەبات کۆچی دوایی کرد و لە پاش خۆی گەنجینەیەکی دەوڵەمەندی لە بەرهەم و دەسکەوتە بە نرخەکانی بۆ گەلەکەی و شەیدایانی ئەدەبە بە پێزە مرۆڤانییەکەی بەجێ هێشت.

## نموونەگەلێک لە داهێنانەکانی

هەموو کارە ئەدەبییەکانیی زێگەرز لە چوارچێوەی ئەدەبی چیرۆکدا خۆیان دەبیننەوە، کە لە میانەیدا نووسەر بە زۆری و بەر لە هەموو شت، خۆی بە چیرۆک و کورتەچیرۆک و رۆمانەوە،

خەریک کردووە (زێگەرز خاوەنی پتر لە ١٧ رۆمان و ژمارەیەکی زۆر چیرۆک و کورتەچیرۆک و بڕێک ئەفسانە و حیکایەتە ــ وەرگێڕ).

هەڵبەت ئەمە جگە لە گوتار و لێکۆڵینەوەکانی لەبارەی پرسگەلێکی تیۆری ئەدەبی کە لە میانەیاندا نووسەر بە شێوەیەکی گشتی تێگەیشتن و لێکدانەوەی خۆی بۆ ئەدەب و ئەرکی ئەدیب و نووسەر لە کۆمەڵگەدا، خستووەتە ڕوو.

زمانیی ئەدەبیی زێگەرزیش بەوە ناسراوە کە زمانێکی تا بڵێی ساکار و ورد و پوخت و ئاشکرایە. تەوەر و بابەتی نووسینەکانیشی بە گشتی برێتیین لە خەبات و تێکۆشانی چەوساوە و ستەم لێکراوانی واقیعیی سیاسی و کۆمەڵایەتی و چینایەتیی ناو کۆمەڵگە، هەمدیس کۆسپ و گرفتەکانی بنیاتنانی سیستەمێکی کۆمەڵایەتیی نوێ کە بەلای زێگەرزەوە سیستەمی سۆشیالستی و کۆمۆنیستییە.

* ڕاپەڕینی ماسیگرەکانی سانت باربارە

(چیرۆک، ساڵی ١٩٢٨ بڵاو بووەتەوە، ساڵی ١٩٣٤ لە یەکەتیی سۆڤیەتدا کراوەتە فیلمێکی سینەمایی).

بەسەرهاتی چیرۆکەکە مانگرتنی ژمارەیەک ماسیگری هەژار و زەحمەتکێشە کە لە ئەنجامیدا ڕاپەڕینێکی بە هێز بەرپا دەبێت. جا سەرەڕای ئاکامی نەرێنیی ئەم بەسەرهاتە (بە حوکمی سەرکوتکردنی توندی ڕاپەڕینەکە) ئەوا چیرۆکەکە لە کۆتاییشدا هێزی ڕاستەقینەی بەدیهاتووی چینە ژێردەستە لاوازەکان لە ئاکامی یەکگرتنیاندا، نیشان دەدات.

* قوتارکردن (ڕۆمان، ساڵی ١٩٣٧ بڵاو بووەتەوە)

پێشکەوتنی ئاستی تێگەیشتنی سیاسیی کرێکاران لە بەرامبەر دیکتاتۆرییەت و فاشیزمدا لە قۆناخی تەنگژەی ئابووریی جیهانیدا، تەوەری سەرەکیی ئەم ڕۆمانەیە. بەهەرحاڵ لە کرێکاران لە کۆتاییدا دەرک دەکەن بە زەرووڕەتی خەبات و بەرەنگاربوونەوەی هاوبەشیان لە دژی فاشیزمدا.

* خاچی حەوتەم (ڕۆمان،ساڵی ١٩٤٢ بە زمانی ئینگلیزی لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بڵاو بووەتەوە و هەر لەو ساڵەدا ٦٠٠ هەزار دانەی لێ چاپ کراوە، هەروەها ساڵی ١٩٤٤ لە شاری هۆلیۆددا کراوەتە فیلمێکی سینەمایی سەرکەوتوو لە نواندنی ئەکتەری ناوداری ئەمەریکا، سپنسەر ترێسی).

بە هۆی هەڵهاتنی حەوت گیراوەوە لە کەمپێکی گرتن لە ئەڵمانیای نازیدا، بڕیاری لە خاچدانیان دەدەرێت. بەڕێوەبەری کەمپەکە پێشبینیی ئەوە دەکات کە لە ماوەی یەک هەفتەدا هەڵهاتووەکان بگیرێنەوە ڕاپێچی گرتیگە بکرێنەوە. بۆیە دەستبەجێ فەرمان دەدات بە ئامادەکردنی شوێنی لە خاچدانی هەر یەکێکیان. جا وەک پێشبینیی کردبوو، شەشیان دەگیرێنەوە و بەو جۆرەی بۆیان دیاری کرابوو، دەکوژرێن. وەلێ ئەوی تریان بە یارمەتی و هاوسۆزیی کەسانێکی مەردەوە، دەرباز

دەبێت و ناکەوێتە دەستەوە. بەوەش خاچی حەوتەم بە بەتاڵی دەمێنێتەوە.

له راستیدا ئەم ڕۆمانە ئاماژەیە بە ئیرادەی بێ سنووری بەرەنگاربوونەوە و خۆڕاگریی هێزەکانی دژە فاشیزم، هاوکات هێمایشە بەوەی کە توانا و دەسەڵاتی ڕژێمی نازی هەرچییەک بن، ئەوا لە ئەنجامدا ناتەواو و سنووردارن.

* پەڕینەوە (رۆمان ساڵی ١٩٤٤ بە زمانی ئینگلیزی و ساڵی ١٩٤٨ بە زمانی ئەڵمانی بڵاو بووەتەوە).

ئەم رۆمانە ژیانی قورس و پڕ لە مەینەتیی تێکۆشەرانی دژە فاشیزم لە بارودۆخی تاراوگەدا ،دەخاتە روو. جەختیش دەکاتەوە لەوەی کە بەردەوامبوونی بەرهەڵستیکردنی ئەکتیڤانە، تاقە دەرفەتی دەربازبوونە لە بەردەمی کارەکتەر (پاڵەوان)ەکانی رۆمانەکەدا، ئەوانەی کە رووبەڕووی راوەدوونان بوونەتەوە.

* هێزی لاوازەکان (کۆمەڵە چیرۆک، ساڵی ١٩٦٥ بڵاو بووەتەوە)

پاڵەوانەکانی ئەم کۆمەڵە چیرۆکە نموونەی (ئەگاسە شڤایگەرت) بە گشتی کەسانێکی سادە و ساکار و بە رواڵەت بێ توانان. وەلێ ئەمانە بە گوێرەی بار و بواری ژیانی هەر یەکێکیان و بەبێ ئەوەی خۆیان هەستی پێ بکەن، رۆڵی کاریگەر دەبینن لە بەدیهێنانی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەکانیاندا .

* شینی شین، یان شینی ڕاستەقینە (رۆمان، ساڵی ١٩٦٥ بڵاو بووەتەوە).

بەسەرهاتی ئەم رۆمانە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی ١٩٤٢ - ١٩٤٥ کە لەو ماوەیەدا زێگەرز نیشتەجێی وڵاتی مەکسیک بووە.

نووسەر چیرۆکی گەشتە گەڕانی بێ وچانی گۆزەسازی مەکسیکایی (بینیتۆ گویریرۆ) بە دوای رەنگێکی شینی بریقەداردا، دەگێڕێتەوە. ئەو رەنگە شینەی کە بینیتۆی کارساز زۆر پێویستییەتی بۆ نەخشاندنی سواڵەتەکانی (قاپ و قاچاغ، مەسینە، گوڵدان....هتد)، بەڵام ئەوەتانێ بە هۆی بارودۆخی دووەمین شەڕی جیهانییەوە شینەکە قاتی بووە و ناکەوێتە دەست.

لێرەدا (شینی شین) سیفەتێکی هێماییانە دەگرێتە خۆ، وەک ئاماژەکردنێک بە واقیعی مرۆڤی سادە و ساکاری وڵاتی مەکسیک و رەسەنایەتیی ئەو گەلەی کە ڕەگوریشەی بە قووڵاییی مێژوودا چووە.

* بڕوا (رۆمان، ساڵی ١٩٦٨ بڵاو بووەتەوە).

ئەم رۆمانە کاریگەریی پێوەندییە مرۆیییەکان لە سایەی سیستەمی کۆمەڵگەی سۆشیالیستیدا بەرجەستە دەکات. لێرەشدا بەدیهێنانی نموونەی مرۆڤی سۆشیالیستی وەک ئامانجێکی خوازراو لە بەرەنجامی پێشکەوتنی کەسایەتیی مرۆڤدا بەدەردەکەوێت.

باس

عەبدولقادر جەنابی

# بریتۆن ..
# ئەو کەسەی شیعری کرد بەشانازییەکی مرۆڤانەی بەردەوام

و: جومعە جەباری



یەکێک لە چاکترین ئەو بابەتانەی لەسەر ئەندریە بریتۆن نووسراوە، ئەوەیە کە شاعیری مەکسیکی ئۆکتافیۆ بات تێیدا ئاماژە بۆ خاڵێکی جەوهەری دەکات و، دەبێ ڕەچاو بکرێ، دەڵێ: "مەحاڵە هیچ نووسینێک لەسەر ئەندریە بریتۆن بنووسرێت بەزمانێک کەموکورتی لە سۆز و خولیایی تێدابێت". بێگومان سوریالییەت داستانی سەدەی بیستەمە، ئەگەر ئەندریە بریتۆنیش نەبایە، ئەم داستانە شوێن و پلەی خۆی لە حزووری مێژووی ژیریی مرۆڤایەتیدا نەدەبوو. لێرەدا گرینگترین وێستگەکانی ژیانی بەسەر دەکەینەوە و، باسی سەرەکیترین بنەماکانی سوریالییەت دەکەین.

ئەندریە بریتۆن لە ١٨٩٦/٢/١٩ لە "تانشبریە" (ئاورن- فرەنسا) لەدایک بووە،

لە باوکێکی عەلمانی خەڵکی ناوچەی "لورین" بوو، زۆریش بەجۆشبوو بۆ بۆچوونەکانی کوڕەکەی، دایکیشی خەڵکی "بریتاین" بوو، دایکی بڕوادار و، ساردوسڕبوو، دوا جاریش بریتۆن بەقسەی زۆر ڕەق وەسفی دەکات: "زاڵە، بچووکە، ڕقهەڵگرە"، کە بووەتە هۆی ئەوەی ژیانی خێزانی لەوماڵەدا تاڵ بێ، ئەمەش یەکێک بووە لەو هاندەرانە بۆ گوتارەکەی لە کتێبەکەیدا بەناونیشانی "خۆشەویستییەکی شێتانە" تێیدا دەڵێ: "دەبێ خێزان پێش هەموو شتێک زیندەبەچاڵ بکرێ"، لەگەڵ ئەوەشدا چەند ساتێکی خۆش لە ژیانی منداڵیی بریتۆندا دەورێکی گەورەی لە گەشەپێدانی هەستی شێوەکارییەکەیدا گێڕا، بەتایبەتی ئەو کاتانەی تێیدا ئامۆژگاریی پەروەردەیی لەسەر دەستی باپیرەی لە دایکییەوە "بییێر لکۆجیس" وەردەگرت. لەبەرئەوەی بییێر چیرۆکنووسێکی کارامەبوو، بریتۆنی فێری زمان و چیرۆکی تەمومژاوی و ڕازدار کرد و، فێری بایەخدان بەمێروو و دارستانەکان کرد.

لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا خانەوادەی بریتۆن دارستانەکانی "بریتاین" یان بەرەو پاریس بەجێ هێشت و، نێزیک ناوچەی "بانتان" نیشتەجێ بوون. لە ساڵی ١٩٠٤ ئەندریە چووە قوتابخانەی "شابتال"ەوە، لەوێوە ژیانی بەرەو ناخۆشی دەچوو بەهۆی ڕۆتینی قوتابخانە و دەسەڵاتی دایکە زاڵەکەیەوە. تا تەمەنی گەیشتە ١٥ ساڵی، ئینجا لە ڕێی مامۆستایەکەوە بلیمەتەکانی شیعری ناسی: مالارمیێە، بۆدلێر، شاعیرانی ڕەمزییەت.. هتد، تا وای لێ هات لە خوێندنەوە شیعرییەکاندا، کە لە شانۆی "لفیۆ کولومبییە" دەخوێنرانەوە ئامادە دەبوو، بگرە هەوڵی هۆنینەوەی شیعریشی دا، لەژێر کاریگەریی بۆ پۆل ڤالێری، بۆیە یەکەم چامەی، کە لە سەرەتای ساڵی ١٩١٤ لە گۆواری "کەتیبە"دا بڵاوی کردەوە پێشکێشی ڤالێری کردبوو. هاوکات سەردانەکانی لەگەڵ باوکیدا بۆ مۆزەخانە و پێشانگەکان زیاتر چێژی بەچاوەکانی دەدا و هەستی ڕەخنەیی لەلای قووڵتر دەکرد.

کاتێک بۆ یەکەم جار تابلۆکانی "ماتیس" ی بینی، بەقەد ئەوەی باوکی بەشەرمەزاریی دەزانی ئەو بەسەرنجڕاکێشی زانی، بەڵام سەرنجڕاکێشانی ڕاستەقینەی کاتێک بەدیارکەوت، ئەو کاتەی سەردانی "مۆزەخانەی گۆستاف مۆرۆ"ی کرد و، بۆ یەکجارەکی کاریگەری لەسەر چەمکی خۆشەویستی لەلای کرد، لەبەرئەوەی خۆشەویستی و ستاتیکا لە شێوەی ئافرەتەکانی "مۆرۆ"و ئەو بارانەی وەریان گرتبوو بۆی بەدیارکەوت. بریتۆن زۆر حەزی دەکرد بۆ یەک شەو لەو مۆزەخانەیەدا بەند بکرێ بۆ ئەوەی بەتەنیا هۆڵەکانی بگەڕێت. لە قووڵاییی ئەم تەلقینە ڕوحییە و، پاکگەرییە شیعرییەدا، کەوتە بەر تیری خۆشەویستی "مانۆ"ی کچی پووری خۆی، کە لە ڕێگەیەوە هەستی بە تێکەڵییەک لە ئیغرا و تۆقین کرد. پێوەندییەکەیان زۆری نەخایاند. لە تشرینی یەکەمی ١٩١٤ لەسەر داخوازی باوک و دایکی چووە کۆلێجی پزیشکییەوە، لە کۆلێجی پزیشکیدا مێژووی لەدایکبوونی خۆی لە ١٩ شوباتەوە بۆ ١٨ ی شوبات گۆڕی، کە مێژووی لەدایکبوونی کچە پوورەکەیەتی، ئەم گۆڕینەش لە پاشەڕۆژیدا، کە بەرئەنجامی خۆشەویستییەکی شکستهاتووە، لە

تاوەری نەهەنگەوە بۆ تاوەری گۆزە، دەلالەتێکی ئەستێرەناسی دەبێت، کە هێزی ئەندریە بریتۆن جۆشی خۆی لێیەوە وەردەگرێت.

شەقامی فرەنسی ئەو کات خەریکی بەدواداچوونی هەواڵەکانی شەڕی جیهانی یەکەم بوو، بەتایبەتی دوای کوشتنی سۆسیالیستخواز جان جۆرس و، نەمانی هیوای ئاشتەوایی. لەو بارەیەوە بریتۆن نامەیەکی بۆ "تیۆدۆر فرانکل"ی هاوڕێی نووسی، تێیدا نیگەرانیی خۆی سەبارەت بەهەستی شۆڤێنی و گوڕی هستیری خەڵک دەردەبڕێت. سەیر لەوەدایە لەم کاتانەدا، چاپی تەواوی کارەکانی رامبۆی بەدەست کەوت، کە هەندێ نامەی تێدابوو کەس ئەو کات حەزی نەدەکرد بیانخوێنێتەوە، بەتایبەتی ئەوانەی لە ٢٥ی ئابی ١٨٧٠ ئاراستەی جۆرج ئازامباردی کردبوو، تێیدا هۆشداری بەوریابوونەوەی سەربازی دەدات: "وڵاتەکەم بەدانیشتنەوە زیاتر پێش دەکەوێ. پۆستاڵ لەپێیەکان مەورووژێنن. ئەمە پرەنسیپی منە". بریتۆن هیوای خواست لە خزمەتی سەربازی ببەخشرێ، بەڵام پشکنینی پزیشکی سەلماندی، کە باری تەندروستیی گونجاوە و باشە.

## بریتۆن و ترۆتسکی و هونەرمەندی مەکسیکی دیگۆ رڤێرا

بەم شێوەیە دەبایە ناوی خۆی بۆ خزمەتی سەربازی تۆمار بکات، دوای ئەوە لە ٢٥ ی شوباتی ١٩١٥ بۆ شاری "بۆنتیف" لە "بریتاین" نێردرا بۆ تەواوکردنی مەشقە سەربازییە پێویستەکان، دوای ٥ مانگی تر بۆ شاری "نانت" نێردرا، بۆ ئەوەی لە نەخۆشخانەی شارەوانییەکەی وەک پەرستیارێک کار بکات. لەگەڵ ئەوەشدا بریتۆن لە سەرجەم کاتەکانی شەڕدا چێژی لە بەرهەمی گەنجەکانی سەردەمی خۆی وەردەگرت وەک: "مارسیل دۆشان" ئەو هونەرمەندەی پەستی خۆی سەبارەت بەهونەر دەربڕی و، یاری شەترەنجی پێی لەوە باشتربوو، هەر ئەویش خاوەن میتۆدێکی نوێیە، کە دەڵێ: "هەر شتێکی فڕێدراو بۆی هەیە بگاتە ئاستی هونەر بەگوێرەی ئیرادە و ویستی هونەرمەندەکە" بێگومان ئەو بەرهەمەی دۆشان لە پێشانگەی بێ لایەنان ساڵی ١٩١٧ لە نیویۆرکدا پێشکێشی کرد، تەنیا بریتی بوو لە "شوێنی میزکردن" لەسەر شەقام دۆزیبوویەوە، بۆ ئەوەی بیکات بەشاکارێکی هونەریی پڕ بەها، تەنیا لەسەر لایەکی بەحوبری چینی نووسی: "نافوورە" بەم شێوەیە ئەم کارە لە پێشانگەی نیویۆرکدا وەک یەکێک لە گەورەترین بەرهەمەکانی بزاڤی دادائی تۆمار کرا. گەنجێکی تریش بەئاسمانی یاخیبوون بەسەر عەقلانییەت و سەختترین شەڕی جیهانیدا تێپەڕی، ئەو گەنجە ناوی "ئارتۆر کراڤان" بوو، خۆی بە "سەربازێکی هەڵهاتوو لە ١٧ شار" هەژمار دەکرد، بۆ چەندان جار ناوی خۆی گۆڕی، دەیگوت گوایە ئەو کوڕی شەرعیی ئۆسکار وایڵدە! رۆژێکیان لە دوورگەی مەکسیک پەڕییەوە و ونبوو، کەس نازانێت ئاخۆ خنکا، یاخۆ ناو و ناسنامە و کارەکەی گۆڕیوە و، بووەتە مرۆڤێکی تر هیچ پێوەندیی بەو هەموو ئەفسانەیەوە نییە، کە ناوی وەک باوکی یەکەمی بزاڤی دادائی لە مێژوودا تۆمار کرد، ئەو خاوەنی کۆوارێکی بچووک بوو لەسەر کاخەزی گۆشت پێچینەوە دەنووسرایەوە، بەشێوەیەکی نارێک

دەردەچوو، خۆی هەموو بابەتەکانی دەنووسییەوە، تەنیا ٦ ژمارەی بەناونیشانی "ئێستا" لێ دەرچوو، دەڵێن گوایە ترۆتسکی لەناو کەشتییەکدا چاوی پێی کەوتووە.

ئەندریە بریتۆن بەو ئەزموونە شیعری و هونەرییە نوێیانەدا تێ دەپەڕی، کە هەر لە هەڵگیرسانی شەڕی گێتیی یەکەمەوە لە فەرەنسادا پەیدابوون، لەگەڵ بەدواداچوونی بۆ هەواڵی کۆمەڵە بێسەروبەرەکان و سوودوەرگرتن لێیان، بەتایبەتی کۆمەڵەی "بونیێە" کە هێرشیان دەکردە سەر بنکەکانی پۆلیس و بانکەکان. هاوکات نامەی لەگەڵ شاعیرانی نوێخوازیدا ئاڵوگۆڕ دەکردەوە، وەک: ڤالێری و ئەبولیتێر، بۆ سوودوەرگرتن لە تێبینییە رەخنەییەکانیان سەبارەت بەو شیعرانەی بڵاوی دەکاتەوە، کە هێشتا رەنگدانەوەی کاریگەرییەکانی ئەوان و مالیرمێ و رامبۆی پێوە دیارە. بەڵام هۆنراوەکانی هۆنراوەیلێکی پرشنگدارن گوزارشت لە ستایلێکی چڕ و بەهێز دەکەن، هیچ قبووڵی ساکاری ناکەن، ئەوەی لە ناخی ئەودابوو تەنیا پێویستی بەو کەسە هەبوو بۆ بەرچاوان بیهێنێتە دەرێ. رۆژێکیان لەپڕێکدا چاوی بەگەنجێکی قژ زەرد دەکەوێت لە کۆتاییەکانی شوباتی ١٩١٦ خرابووە نەخۆشخانەوە بۆ چارەسەرکردنی، ئەم گەنجە رەفتاری سەیری دەکرد، توانجی سەیری لە پەرستیارە کچەکان دەدا و وێنەی خۆی لەسەر کارت دەکێشا لە پشتییەوە تەرمی سەربازەکانی شەڕ کەڵەکەبووە، وەک بڵێی شانی بەبارێکدا داوە! دیمانەی بریتۆن لەگەڵ ئەم گەنجەدا ژیانی دەگۆڕێ: ئەم گەنجە "جاک فاشیێ"ی دادائی بوو، پێش دادائییەت هۆگری جل و پۆشاک بوو، بەشێوەیەک پۆشاکی ئەفسەری خەیالە، یان فڕۆکەوان یاخۆ پزیشکی دەپۆشی و بەشەقامەکاندا دەگەڕا، ئەگەر ناسیارێکی بدیتبایە قەت سەلامی لێی نەدەکرد، وەک بڵێی هەر نایناسێ، زۆر رقی لە رامبۆ بوو، تەنانەت شکی لە بوونی هەبوو. سەرسامیش بوو بە ئەلفرید گارییە و، ئەبۆلینێریشی نەدەناسی و، خۆشحاڵیش نەبوو بەشانۆگەرییەکەی:"مەمکەکانی تیرزیاز" لەبەرئەوەی هەر کە بەشی یەکەمی تەواوبوو، دەمانچەیەکی دەرکرد و بەپۆشاکی سەربازی ئینگلیزی بوو، هەڕەشەی لە بینەران کرد بەگولەبارانکردنیان. هاوڕێیەکی کچی هەبوو، کاتێک میوانێکی بهاتبایە داوای لە هاوڕێکەی دەکرد لە گۆشەیەک بۆ ماوەی چەند کاژێرێک بەبێدەنگی دانیشێ، تا کاژێر پێنجی عەسری لێ دەدا، کچەکە چای بۆیان دەهێنا، ئەمیش سوپاسی دەکرد بەماچکردنی دەستی. ئەم زاتە "زانای هونەری بێبایەخکردنی هەموو شتێک بوو" هیچ بەرهەمێکی ئەدەبی لە دوای خۆی بەجێ نەهێشت، تەنیا ١٥ نامەی بچووک نەبێ ئەندریە بریتۆن ساڵی ١٩١٩ لەژێر ناونیشانی "چەند نامەیەک بەخامەی ئەندریە ماسۆنی جەنگ" لەگەڵ پێشەکییەکدا بڵاو کردەوە. جاک فاشییە لە تەمەنی ٢٥ ساڵیدابوو لە ژوورێکی هۆتێلێک بەمردوویی لەگەڵ سەربازێکدا دۆزییانەوە بەهۆی کێشانی مادەی ئەفیونەوە. هەواڵی مردنەکەی تا ئەمڕۆ کاریگەرییەکی زۆری بەسەر بریتۆنەوە هەبوو، بەتایبەتی ئەم هەواڵە دوای مردنی ئەبۆلینیر بەماوەیەکی کەم هات. بریتۆن لە رێی رقی فاشییە بۆ هەموو شتێک پێوەندی بەجیهانی هونەر و نووسینەوە هەبوو بۆ روون بووەوە، کە هەموو ئەو شاعیرانەی هیوای پێیان دەخواست، تەنیا

پیاوی ئەدەبن و بەس، هەموو خەمێکیان تەنیا بەردەوام هێشتنەوەی گەمە ئەدەبییەکەیە، هەروەها بریتۆن بۆی روون بووەوە لە ماوەی ناسینی بۆ فاشیـیە، کە شیعر هەیە بێ هۆنراوەیە. بریتۆن جارێکیان نووسیبووی: "ئەگەر جاک فاشیێم نەدیتبا، ئێستا تەنیا شاعیرێک بووم و بەس!".

بریتۆن ساڵی ١٩١٩ یەکەم دیوانی شیعری لە چاپ دا، بەناونیشانی "شوێنی قەرزدانەکان" وەک بڵێی قەرزی ئەدەبی بۆ چەند شاعیرێ دەگەڕێنێتەوە، کە کاریگەرییان بەسەریەوە هەبووە، وەک رامبۆ و ریفیردی و ئەبولینێر، هەروەها تەکنیکێکی نوێی بەکار هێنا بەمۆنتاجکردنی چەند برگەیەک لەم رۆژنامەیە و ئەو کۆوارە دوای دەسکاریکردنی. بۆ ئەوەی ئەو کۆمەڵەیە گوزارشت لە هەوڵەکانی بۆ نوێگەریی بکات و رەنگدانەوەی رەتکردنەوەی خێرای بۆ پێوەرە باوەکانی ئەدەبی پێوە دیاربێ، بۆیە بریتۆن هیچ رازی نەبوو بەو نووسینانەی خۆی، لەبەرئەوەی شتێکی کەم بوو نەیدەزانی چییە. ئەو سنوورە جیاکەرەوەی نێوان شیعر و ژیان چییە؟ سوودی نووسین چییە؟ مەسەلەکە لەوەدا نییە تۆ چۆن دەنووسیت، بگرە لەوەدایە چۆن دەژیت و بۆچی دەژیت.. هتد.




ئێوارەیەکیان کاتێک خەریکی نووستن بوو، زۆر بەڕوونی گوێی لە رستەیەک بوو وا هەستی کرد زۆری لێ دەکات، ئەو رستەیە "لە ئاوێنەی پەنجەرەکەی دەدا" بەڵام هەر کە ویستی بینووسێتەوە بەتەواوی بەبیری نەهاتەوە، شتێک بوو لەم بابەتە: "پیاوێک پەنجەرەکە دەیکات بەدوو لەتەوە" و هیچ بواری هەڵەکردنی نەبوو، لەبەرئەوەی خەیاڵێکی نیمچە بینراویشی لەگەڵدابوو بۆ پیاوێک دەڕوات بەرێوە و لەناکاو پەنجەرەیەک بەر خاڵی چەقی جەستەی دەکەوێ و دەیکات بەدوو لەتەوە. بێگومان کارەکە پێوەست بوو بەپیاوێکەوە لە پەنجەرەکەی ژوورەکەیەوە دەیڕوانی.. بریتۆن دەرکی بەوە کرد، کە مامەڵە لەگەڵ دیمەنێکی دەگمەندا دەکات، بۆیە تەنیا بیری لەوە کردەوە یەکسەر بیخاتە کرۆکی بنیاتە شیعرییەکەیەوە. لەو کاتەی مشوولی فرۆید بوو، بەتایبەتی دوای ئەوەی فێری شێوازی پشکنینی نەخۆشەکانی بووبوو،

بۆیە بڕیاری دا لە دەروونی خۆی ئەو شتانە وەرگرێت، کە پێشتر لەو نەخۆشانەی وەردەگرت، واتە مۆنۆلۆجێک بەزووترین کات، بەبێ دەستێوەردانێک لەلایەن هەستەوەرە رەخنەگرییەکانەوە، واتە مۆنۆلۆجێک نەشێوێنرابێ بەهیچ خواستێکەوە و، نزیکتربێ لە بیرکردنەوەی زارەکی، لەو رووەوە بۆی دەرکەوت خێرایی بیرکردنەوە زۆر خێراتر نییە لە خێرایی قسەکردن و، بێگومان ململانێی زمان و خامەش ناکات.

بریتۆن ئەنجامە بەرابییەکانی پێشانی فلیب سوبۆ دا و، بەناڕەحەتییەکەوە بۆ بەرئەنجامەکانی ئەوە لەسەر سیستەمی ئەدەب، پێکەوە دەستیان بەنووسینەوەی کرد، ویستیان بەشێوەیەکی خۆویست ئەو حاڵەتەی لە ناخیاندا ئەو رستە پڕ لە تەلیسمانە دروستی دەکەن بگەڕێننەوە، بەم شێوەیە بۆ ماوەی ٢ مانگ بەبەردەوامی بۆیان دەهات، ژمارەیان زیادی دەکرد و بەدوای یەکدا بەبێ پچڕان دەهاتن، "بوارە موگناتیسییەکان" کە لە ئەیلوولی ١٩٢٠ دەرچوو بەرئەنجامێکی بەرابییە بۆ ئەم دۆزینەوەیە (دۆزینەوە، نەک داهێنان) لەبەرئەوەی دەکرێ ئاسەواری نووسینی ئۆتۆماتیکی لەلای نووسەرانی پێشوو ببینرێ لە ئەفلاتۆنەوە تاکو کنوت هامسن، بەڵام بەهۆی خۆشەویستییان بۆ خۆیان و حەزکردنیان بە دەسخۆشیکردنیان بەفەرمی، تەنیا بەکاریان هێنا وەک ئامرازێکی دروستکردنی ئەدەبی، کەچی سوریالییەکان نووسینی ئۆتۆماتیکییان – کە بۆ یەکەم جار خۆی لە رێگەی "کێڵگەکان"ەوە بەدیار خست – بەدەقێکی بەهادار دانا، مرۆڤ لە ڕێگەیەوە رازی خۆی و گەردوونەکەی بەدەردەخات.

بەکارهێنانی نووسینی ئۆتۆماتیکی بۆ مەبەستی ئەدەبی کاریگەرییەکەی لەدەست دەدات. بریتۆن هیچ درێخی نەکرد لە بەخشینی بایەخی هزری مەزن بەنووسینی ئۆتۆماتیکی، زیاتر لەوەی تەنیا بەبابەتی نووسینی شیعری هەژمار بکرێ. هیچ لەخۆڕا نییە کاتێ لە کرۆکی پێناسەکەیدا بۆ سوریالییەت ساڵی ١٩٢٤ دراینا: "ناوێکی مێینە هەبێ، ئەمەش ئالیەتێکی دەروونیی رووتە، کە مرۆ لە ڕێگەیەوە دەخوازێ بەزارەکی یا بەنووسین یاخۆ بەهەر شێوازێکی تر بێت گوزارشت لە کاری راستەقینەی هزر بکات. ئەمەش هزر بەرز دەکاتەوە لە هەر رەقیبێک عەقڵ ئەنجامی دەدات و، دووریشە لە هەر بایەخێکی ستاتیکی و ئەخلاقی".

بەهاوبەشی لەگەڵ "فلیب سوبۆ، لوی ئەراگۆن" بریتۆن لە ئاداری ١٩١٩ کۆوارێکی نوێی دەرهێنا بەناونیشانی"ئەدەب" نەک بۆ ئەوەی گاڵتە بە چەمکی ئەدەب بەگشتی بکات، بگرە بۆ هێنانە قسەی هەموو ئەو شێوانەی دەگەن بەبەرئەنجامی رزگاریخوازی لە کۆیلەیی خۆویستنی ئەدەبی. پاش گەیشتنی "تریستیان تزارا" بۆ پاریس، دوای داوەتکردنی لەلایەن بریتۆنەوە، کۆوارەکە سینگی بۆ راگەیاندنەکانی تزارا کردەوە، بەشێوەیەک بوو بەسەکۆیەک بۆ یاخیبوونی دادائی لە فەرەنسا. ئەم کۆوارە، کە بەسوریالییەتەوە گرتبووی، بۆ یەکەم جار بوو راپرسییەکی کرد، کە تا ئێستە بەردەوامە: "بۆ دەنووسن؟". لێرەدا هەژێ ئاماژەیە، کە نووسین لە روانگەی بریتۆنەوە، تەنیا رێگەیەکی تر بوو بۆ پێوەندیی مرۆڤایەتی، بۆ دروستکردنی ئەو پێوەندییەش لەگەڵ یەکێکی تردا

دەبێت لە بابەت و ناوەڕۆکدا واتا هەبێ. کەواتە هەڵەیە ئەگەر بڵێین چ شتێک بریتۆن لە هاوەڵە سوریالییەکانی جیا دەکاتەوە. لەبەرئەوەی بە بۆچوونی بریتۆن هەموو مرۆیەک گوزارشتی تایبەتی خۆی هەیە، کە لە ئەنجامدا زیادەخستەسەری خۆی هەیە. کەس لە بزاڤی سوریالیدا وەرنەدەگیرا ئەگەر شتێکی نەبایە، تەنانەت زۆر بچووکیش بێت، چونکە ئەویش بەرهەمێکی زیادترە.

خێرا بریتۆن بۆی دەرکەوت، کە هیچ شتێکی نوێ لەم هەموو یاخیبوونە نەفیخوازە دادائییەدا نییە، لەبەرئەوەی پێش پەیدابوونی دادائیەت لەلای "جاک فاشێە" لەناو نەفیێکی هونەریدا ژیابوو، جاک فاشێە نووسیبووی: "هونەر کەرایەتییە". لەبەرئەوەی بریتۆن دەیویست لەم هەموو هۆشمەندییە دژ بەرەوتی عەقلانییەتە لە مێژوودا، ببێتە یاخییەکی ژیری بەتوانا بۆ رزگارکردنی عەقڵ لە بیرتەسکی و بیکاتە کلیلی هەموو ئازادییەکان. ئەوەتا ڕێگەخۆش دەکات، لە وتارەکەیدا سەبارەت بە "لۆتریامون" ی بڵاوکراوە لە "کۆواری فەرەنسیی نوێ" (حوزەیرانی ١٩٢٠)، بۆ جیابوونەوەی لە دادائییەت، بەم وتەیەی: "ئێستە دەزانین شیعر دەتوانێ بگات بەشوێنێک". هاوکات گرفتەکە لە دیدگای بریتۆنەوە، لە هونەردا نییە، بگرە لە خودی ئەو کەسانەیە ئاراستەی دەکەن، پێویستە دادائییەت دادگەییان بکات نەک بەردەوام بێت لەسەر سەیرکردن و بێهەڵوێستی. بۆیە بریتۆن داوای دادگەییکردنی "مۆریس باریز"ی کرد، کە لە لاوێتیدا نووسەرێکی خاوەن هزرێکی جوان و ویستێکی نموونەیی بوو، کەچی ئێستە هەموو ئەو بەهرانەی خۆی لە پێناوی خزمەتکردنی شۆفێنییەتێکی سەر زەوی و مردووەکان و نیشتمان دانا، واتا لە پێناو خزمەتکردنی هەموو ئەو شتانەی کۆمەڵەی "ئەدەب" رەتی دەکردەوە. لە کاتی دادگەییکردنەکەدا شەڕەنووسینێکی توند لە نێوان تزارا و بریتۆن رووی دا. بەڵام بریتۆن پێشنیازی بەستنی "کۆنگرەیەکی ناودەوڵەتی کرد بۆ دیارکردنی فەرمانەکانی فکریی نوێ و داکۆکیکردنی". تزارا ئامادەبوونی خۆی رەت کردەوە، بۆیە هیچ رێگەچارەیەک لە بەردەم بریتۆن نەمایەوە، تەنیا ئەوە نەبێ لەگەڵ چەند هاوڕێیەکیدا "دادا" بەجێ بهێڵێ، بەم شێوەیە کۆواری "ئەدەب" لەساڵی ١٩٢٢وەوە تاکو راوەستانی لە ساڵی ١٩٢٤ ئیتر وەک سەکۆیەکی دادائی دەرنەچوو، بگرە کارەکانی لە چوارچێوەی بابەتەکانی ئەزموونی شیعری بەهەموو شێوەکانییەوە چڕ کردەوە: نووسنی ئالی، گێڕانەوەی خەونەکان، ئەو دەقانەی لە ڕێگەی خەواندنی موگناتیسییەوە وەردەگیرێت. هەرچەندە لەو ساتانەشدا بنەواکانی سوریالییەت خەریکبوون بەدیار دەکەوتن، بەڵام دوودڵییەک رێگری بوو لە خۆناساندنی. لەو ساتە وەختە لەرزۆکانەی مێژووی سوریالییەتدا، بایەخدانی بریتۆن بەنووسینەوەی شیعر لە زیادبووندا بوو، بەبڵاوکردنەوەی دیوانی دووەمی: "رۆشنایی زەوی" دوای ئەویش کتێبێکی بەدوایدا بڵاو کردەوە بریتی بوو لە وتارە رەخنەییەکانی، بەناونیشانی: "هەنگاوە ونبووەکان"، تا هاتنی پایزی ساڵی ١٩٢٤ ئیتر "بەیاننامەی سوریالییەتی یەکەم" هاتە بڵاڤکرن، وەک داکۆکییەک لە خەیاڵ و هێزی خەون و بڕواهێنان پێیان، ئەم بەیانەش بەلووتکەی ئاهەنگگێڕان بەجەوهەری مرۆڤ هەژمار دەکرێ: ئەو ئازادییەی رەنگی مرۆڤی هەڵگرتووە. دوای چەند مانگێک، چەند پەخشانە شیعرێکی

بەدوایدا بڵاو کردەوە بەناوی: "ئەو ماسیيانەی توانای توانەوەیان هەیە". لە کانوونی یەکەم ژمارە یەکی لە کۆواری "شۆڕشی سوریالیيەت" دەرکرد، کە لەسەر بەرگەکەیدا ئەم بانگەوازەی نووسیبوو: "لە پێناو دانانی جاڕنامەیەکی نوێ بۆ مافی مرۆڤ" لە هەمان ساڵدا "ئەراگۆن" کتێبە نۆبەرەکەی خۆی "گورزێک خەون"ی بڵاو کردەوە. نامیلکەیەکی بچووکیشیان دژی "ئەناتۆل فرانس" بەناوی "تەرم" بڵاو کردەوە، هەر بۆ ئەوەی بەشێوەی تەواوی سوریالیيەت ئاشنابێ، نووسینگەیەکیان بۆ توێژینەوە سوریالیيەکان دانا بەدەسپێکی بەیاننامە بەناوبانگەکەیان: "بەیاننامەی ٢٧ی کانوونی دووەمی ١٩٢٥" تێیدا هاتووە: "هیچ پێوەندییەکمان بە ئەدەبەوە نییە، هاوکات هەروەک هەر کەسێکی تر زۆر بەتواناین لە بەکارهێنانی... سوریالیيەت شێوازێکی نوێی گوزارشتکردن نییە، هاوکات لە هەمووشیان ساناتر نییە، تەنانەت میتافیزیکی شیعریش نییە، بگرە ڕێگەیەکە بۆ تەواو رزگارکردنی روح و، هەر هاوشێوەیەکی روح... ئێمە سوورین لەسەر بەرپاکردنی شۆڕشێک".

هەر واشبوو، هەر کە عەبدولکەریم خیتابی جاڕی بەرپاکردنی شەڕی دژی ئیستعیماری فرەنسی لە مەغریب دا (ناوەڕاستی ساڵی ١٩٢٥) تا سوریالیيەکان بەیاننامە بەناوبانگەکەی خۆیان دا: "یەکەم جار شۆڕش و بەردەوام شۆڕش" تێیدا پشتگیریی تەواوی خۆیان بۆ یاخیبوونی دێهاتی مەغریبی دەربڕی لە پێناو ئازادی و مافە رەواکانی خۆی. لە ڕاستیدا شۆڕشەکەی عەبدولکەریم خیتابی هەڵێکی رەخساند بۆ یەکگرتنی هێزەکانی خەیاڵ و هێزەکانی نان. ئەوەتا بزووتنەوەی سوریالی کار لەگەڵ هێزەکانی کۆمەڵایەتی چەپڕەودا دەکات. بەڵام ئەوەی هەوەسی بریتۆنی بۆ بەیەکەوەبەستنی توێژینەوەی سوریالیەت بەتوێژینەوەی کۆمەڵایەتی زیاتر کرد، پەرتوکەکەی ترۆتسکی لەبارەی "لینین" بوو. بەهۆی ئەم پەرتووکەوە بریتۆن بۆی دەرکەوت، کە خەیاڵ ناتوانێت هەموو مافەکانی ڕەدەست بهێنێت تەنیا لە ڕێگەی چالاکیی کۆمەڵایەتی شۆڕشگێڕانە، بەو واتایەی ترۆتسکی دایناوە، بۆیە وتارەکەی لەبارەی کتێبەکە وتارێکی پیاهەڵدانبوو، تێیدا وێنای شیوعییەتی کرد بەو "ئامرازە سەرسوڕهێنەرە بۆ گۆڕینی جیهانێک بەجیهانێکی تر". بریتۆن چووە ناو حزبی شیوعییەوە، بەڵام خێرا بەپەستییەوە وازی لێ هێنا بەهۆی نییەتە خراپەکانیان سەبارەت پرۆسەی دروستبوون، وازهێنانەکەشی لە نامیلکەیەکدا بەناونیشانی "داکۆکییەکی رەوا" بڵاو کردەوە، تێیدا جەختی کردەوە، کە هەموو سوریالیيەکان دەخوازن دەسەڵات لەدەستی بورژوازییەکان بۆ دەستی برۆلیتارییەکان بگوازرێتەوە. بەڵام حاڵی حازر پێیان وایە پێویستە ئەزموونەکانی روحی ناخ بەبێ سانسۆری دەرەوە بەردەوام بێت، چ مارکسی بێت یا هی تر بێت. هاوکات هەواڵەکانی لایەنگرانی ترۆتسکی لەناو شیوعییەتی جیهانیدا، یارمەتی زیادکردنی جیابوونەوەی کرد لە نێوان شیوعییەتی ستالینی و، بزووتنەوەی سوریالی، کە لە ڕێگەی داکۆکیکردنی لە ترۆتسکی شەرعییەتێکی مارکسی وەرگرتووە. بەڵام ئەم توێژینەوەیە لەبارەی یەکخستنی دروشمی رامبۆ: "گۆڕینی ژیان" لەگەڵ دروشمی مارکس:

"گۆڕینی جیهان" بەبێ جیابوونەوە لەناو سوریالییەکان تێ ناپەڕێ. بۆیە بریتۆن "بەیاننامەی سوریالیی دووەمی" جاڕ دا، تێیدا خاڵی خستە سەر پێتەکانی چالاکی سوریالی، کە بزوێنەرە سەرەکییەکەی لەو هیوایەدایە بۆ دەستنیشانکردنی خاڵێکی دیاریکراو بۆ هزر تاکو هاودژییەکان وەکو هاودژ نەمێنێت، ئەوانەی لەم کارەدا لەگەڵ بریتۆن نەبوون وەک دیزنوس، جاک بارون، بریفێر، جۆرج بەتای، نەشرەیەکی گەورەیان دژی بریتۆن دەرکرد بەناونیشانی "تەرم" کەچی بریتۆن تەنیا وەڵامێکی بچووکی دانەوە لە دوماهی "بەیاننامەی دووەم" لە شێوەی دوو ستووندا بڵاوی کردەوە، تێیدا ناڕاستگۆیی ئەوان نیشان دەدات: یەکەمیان بەناونیشانی "پێش" چەند بڕگەیەکی وتارە کۆنەکانی ئەوانی تێدابوو ستایشی (بریتۆن)ی تێدا دەکەن، ستوونی دووەمیش بەناوی "دوا" چەند بڕگەیەکی ئەو نەشرەیەی تێدابوو، کە بەم دواییە دەریان کردووە تێیدا هەجووی ئەو دەکەن. بەڵام ئەوانی تر، وەک: لوی ئەراگۆن، پۆل ئیلوار، بنجاما بیریێە و رۆنییە کریفیل، تەنانەت تریستیان تزارا و، چەند کەسانێکی نوێ وەک: سلفادۆر دالی، رینێە شار و لوی بۆنوێل، پشتگیریی خۆیان بۆ ناوەڕۆکی "بەیاننامەی دووەم" دەربڕی، لەگەڵ بریتۆندا کۆوارێکی نوێیان دەرکرد بەناوی "سوریالییەت لە پێناوی شۆڕشدا". بەم شێوەیە دەبایە سوریالییەت ماڵئاواییی لە سییەکانی ئەم سەدەیە بکردایە بەڕووبەڕووبوونەوەیەکی ئاشکرا لەگەڵ هەموو شێوازەکانی سەرکوتکردن.. بەڵام لەسەر حسێبی ئەزموونەکانی ژیانی ناوەخۆ نەبوو.

سەردەمی سییەکان باشترین ماوەکانی بریتۆن بوو بۆ چالاکی فلیڤانی، لەبەرئەوەی ساڵی ١٩٣٢ کۆمەڵە شیعرییەکەی سێیەمی: "دەمانچە قژ سپییەکە" دەرکرد، هەر لە هەمان ساڵدا کتێبە رامانییەکەی: "دەفرە گوێگرەکان"ی دەرکرد، تێیدا هەوڵ دەدات مارکسی و فرۆیدی بەیەکەوە گرێ بدات، لە ساڵی ١٩٣٧ کتێبی "خۆشەویستییەکی شێتانە"ی دەرکرد، کە بەرفراوانکردنێکی تیۆری بوو بۆ ئەو خاڵە دیاریکراوەی هزر، کە لە "بەیاننامەی دووەم"دا باس کراوە، کە لێرەدا ئەو بەخاڵی بەها ناوی ناوە. لەم کتێبەدا جۆرە دوورکەوتنەوەیەک هەیە لە شێوازی "نادجا"، واتە رەگەزەکانی گێڕانەوە بەپشتبەستن بەئەزموونی ژیانی بریتۆن لە نێوان ساڵانی ١٩٣٤ و ١٩٣٦ بەزمانێکی رامانیی تیۆری، کتێبی "خۆشەویستییەکی شێتانە" بەمەزنترین سروودی ئاهەنگی بە "گەورەترین لایەنگری مرۆڤ لە شەڕی لەگەڵ قەدەری مرۆڤدا" دادەنرێت: خۆشەویستی، کە تێیدا ئافرەتی خۆشەویست وەک (وسیت)یک ئەو رێگەیە بۆ پیاو خۆش دەکات، کە دەیگەیەنێتە پێوەندییەکی خۆشبەختانە لەگەڵ جیهانێک بەهاداری دەکات و جوانی رەونەقی دەداتێ، دوو کاری بەکۆمەڵیش هەیە، یەکەمیان لەگەڵ پۆل ئیلوار: "پەتێکی بێ پیسی" دووەمیان کۆمەڵە هۆنراوەیەکە بەهاوبەشی لەگەڵ ئیلوار و رینێە شار نووسییانەوە بەناونیشانی "پەلە مەکە، رێگەکە لەژێر چاککردنەوەدایە" هەروەها "هەڵوێستی سیاسیی سۆریالییەکان"ی دەرکرد و، سەرپەرشتیی سێ پێشانگەی جیهانی بۆ سوریالی کرد لە پاریس و براغ و لەندەن. لەگەڵ جۆرج بەتای بەشداری "هێرشی دژ"ی کرد بۆ بەرنگاربوونەوەی مەترسییەکانی فاشییەکان و ستالینییەکان و راستڕەوەکان. لەبەرئەوەی بریتۆن

به یەکەم کەس هەژمار دەکرا بۆ لادانی پەردە لەسەر راستییە ناشرینەکان "دادگەییەکانی مۆسکۆ" بەپێی ئەوەی ماوەی خەبات و لێکۆڵینەوەی سوریالی بۆ بارودۆخەکانی نێوان ئەو دوو شەڕە، کۆتایی هات بەو بەیاننامە هاوبەشەی بریتۆن لەگەڵ ترۆتسکی نووسییەوە: "بەرەو هونەرێکی ئازاد و بێلایەن".

بەرپابوونی شەڕی گێتیی دووەم، بۆ ماوەیەکی کەم تەگەرە دەخاتە بەردەم چالاکیی بزووتنەوەی سوریالییەت، بۆیە بریتۆن هیچ چارێکی نەما تەنیا بەگواستنەوەی چالاکییەکانی بۆ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا. لەوێ لەگەڵ دۆشاندا کۆوارێکی دەرکرد، ئینجا "بەراییە سەرەتاییەکان بەرەو بەیاننامەی سێیەم"ی بڵاو کردەوە، لە لووتکەی تەنیاییەکەیدا، دوای ئەوەی هاوسەرەکەی "جاکلین لۆمبار" بەجێی هێشت، بەدیداری "ئەلیزا" شاد بوو، دوا جار هاوسەرییان پێک هێنا، بەرهەمی ئەم دیدارەش کتێبە بەناوبانگەکەی بوو بەناوی "ئەرکانۆم ١٧" ئەمەش ژمارەی کارتە لە یاری "تارۆ"، دوای ئەوە گەڕایەوە پاریس و، پیشانگەیەکی سوریالی جیهانی بەناونیشانی "سوریالییەت ساڵی ١٩٤٧" کردەوە، ئینجا کۆمەڵەی سوریالییەکانی لەگەڵ چەند گەنجێکی نوێدا رێکخستەوە، بەڵام بارودۆخی دوای شەڕ تژبوو لە نائومێدی و، هیچ لەبار نەبوو بۆ زمانحاڵی گەشبینی شۆڕش، کە بریتۆن بەردەوام باوەڕی پێی هەبوو، بۆیە لەگەڵ "جان شۆستەر" و چەند کەسانێکی تر ژمارەیەک کۆواریان دەرکرد، وەک: "میدیۆم"، "هەمان سوریالییەتەکەی جاران"، "لابریش" و، چەند بەیاننامەیەک داگیرکردنی سوڤێت بۆ مەجەر و ئیستیعماری فەرەنسی بۆ جەزائیر سەرکۆنە دەکات.

ئەندرێە بریتۆن لە ١٩٦٦/٩/٢٨کۆچی دوایی کرد و، لە گۆڕستانی باتنیۆل نێژرا. سوریالییەکان ویستیان تەرمەکەی بەئۆتۆمۆبیلێکی گواستنەوەی کەلوپەلی ناوماڵ ببەن بۆ گۆڕستان، هەروەک لە خواستی خۆی لە بەیاننامەی یەکەمدا هاتووە، بەڵام ئەم کارە گران بوو، بۆیە رێکەوت کاری خۆی کرد، ئەوە بوو کاتێک گەیشتنە گۆڕستانەکە بینییان ئۆتۆمۆبیلێکی لەو جۆرە لەوێ وەستاوە!!

پوختەی جیهانبینی بریتۆن بۆ شیعر لەوەدایە: رەتکردنەوەیەکی تەواو بۆ هەموو جۆرە ملکەچییەک، با چەند خەڵاتەکەشی گەورە بێت یاخۆ ناوبانگییەکی جەماوەری بەرفراوانی بەدواوەبێ، چونکە ئەو هیچ هەوڵی نەدەدا بۆ ئەوەی ناوەندەکانی ئەدەبی دانی پێدا بنێن وەک شاعیر، یاخۆ بۆ بەدەسهێنانی خەڵاتی دەزگاکان، یاخۆ جەماوەرێکی فراوانی هەبێ بەناوەکەی سڕ بووبن.

چیرۆکنووس ئەرسەلان تۆفیق:

# دەبێت جیاوازی بکرێت
# لە نێوان چەقۆی قەساب و نەشتەری پزیشکیدا

سازدانی: هێمن عوسمان عەبدوڵڵا



لەم ساڵانەی دواییدا دەنگی گەلێک چیرۆکنووسی لاو دەبینرێت، لەم ناوەندەدا توانراوە تەکانێک بەبەرەو پێشڤەچوونی چیرۆک بدرێت، بەڵام هەندێک لەم دەنگانە، وەک سێبەر یاخۆ لەژێر کاریگەری و سەرسامبوون بە ئەم یان ئەو نووسەر چیرۆکیان دەبینرێت، گرینگە بزانرێت چۆن چیرۆک لەژێر ئەو کاریگەرییە دەربهێنرێت، لێرەدا ئەرسەلان تۆفیق وەک چیرۆکنووس و ئەزموونی کارکردنی لەو بوارەدا، تیشک دەخاتە سەر چەند لایەنێکی چیرۆکنووسین و چیرۆکی کوردی بەبەراورد بەساڵانی ڕابردوو.

* شتێکی ئاساییە نووسەر دەکەوێتە ژێر کاریگەریی نووسەری ترەوە، بەڵام ئەگەر دوای ئەزموونی ماوەیەکی درێژ نەیتوانی لەو کاریگەرییە بێتە دەرەوە، تا چەند کاریگەریی نەرێنی لەسەر تێکستی دەبێت، یاخۆ تا چەند ئەگاتە پلەی خۆ دۆزینەوە.

– بەو پێیەی کە زانایانی کۆمەڵناسی دەڵێن مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە، ناکرێت هیچ کەسێک لافی ئەوە لێ بدات کە لەژێر کاریگەریی (ئەو) یان (ئەوان)ی تردا نەبێت. نووسەریش یەکەم جار لە چاولێکەری و لەژێر کاریگەری و سێبەری ئەو یان ئەوانی تردا خۆی دەبینێتەوە و دوای ئەزموونی تایبەتی و مێژوویەکی کەم تا زۆر لەسەر پێی خۆی ڕادەوەستێت و دەبێتە خاوەنی خودی خۆی و دەق و تێکستەکانی لە دۆخی موتوربەکردنەوە دەگوازێتەوە بۆ دۆخی باڵگرتن و جۆرێک لە سەربەخۆیی بۆ خۆی دەستەبەر دەکات بە جۆرێک کە ڕەنگدانەوەی زۆر لەسەر شکڵ و ناوەڕۆکەکەی بەجێ دەهێڵێت و فۆرمێکی تایبەتی بە خۆی دەبەخشێت و تا دەگاتە ئەو ڕادەیەی کە ئەگەر ناویش لەسەر تێکستەکە نەبێت ڕەخنەگران و ئەوانەی کە بابەتێکی تریان خوێندووەتەوە بیناسنەوە و بیگەڕێننەوە بۆ خاوەنی خۆی.

ئەمەی من دەیڵێم دەرهاویشتەی ئەو پێناسەیەی ئەدەبە کە دەبێژێت (ئەدەب گەمەکردنە لەگەڵ وشەکان)، هەر بۆیە نووسەر بە شێوەیەک دەست و پەنجە لەگەڵ وشەکان نەرم دەکات کە جیاوازە لەوانی تر، ئەوەی ئێمە ئاماژەی پێ دەکەین کەمینەیەکی زۆر کەمن و دەکرێت بڵێین تەنیا ئەوانە دەگرێتەوە کە ئەفراندن دەکەن. و لە هەر سەردەم و لە هەر پانتاییەکی جوگرافیدا ژمارەکان ئەوەندە کەمن کە لەناو ئەوانی تردا بە زەقی دیارن و یەکێکیش لە سیفاتەکانی ئەو کەسانە ئەوەیە لە (شوێنکات– زەمکان)ی خۆیدا بەردەوام دژایەتی کراون و بە جۆرێک لە جۆرەکان تۆمەتبار کراون و بە لادەر و تێکدەر و جۆرەها ناوونـاتۆرە لەکەدار کراون، بەڵام دوا جار نەوەکانی داهاتوو هاتوون و شایەتی ئەوەیان بۆ داون کە ئەو کەسانە داهێنەرن و لە کات و ساتی خۆیاندا دەرک بە بەها و توانایان نەکراوە. ئەوە ئەوانی خوێنەر و ڕەخنەگربوون کە نیانتوانیوە وەک پێویست دەرکی داهێنەران بکەن نەک کەموکورتی و دەستکۆتاییی داهێنەران.

با لێرەوە بگەڕێمەوە سەر وەڵامی پرسیارەکە و بڵێم:

ئەوەی کە ناتوانێت (ستایل- شێواز)ێکی تایبەت بە خۆی پێڕەو بکات و بۆ هەتا هەتایە لەژێر کەپر و ساباتی ئەوانی تردا دەیگوزەرێنێ و پێشمان دەڵێت من داهێنەر و ئەفرێنەرو چی و چیم... ئەوە بێگومان هەرزو بەدیار دەکەون و دەستەکەیان کەشف دەبێت، ئەوانەشیان کە هەر زۆر رووقایم و نادەربایسن، دێن و ئەو بەرهەمانەمان بۆ دەگوازنەوە کە (بەخەڵەفاویی) وا دەزانن دەستی خەڵکی تری پێ ناگات، ئیتر یان لەژێر ئیلهام و سایەی راستەوخۆی ئەوانی تردا کار دەکات یان دەقی وەرگێڕاوی ئەوانی تر دەبێت کە ئەمەیان عەیبەیەکە بۆ هەتا هەتایە لە کۆڵی خاوەنەکەی نابێتەوە. نموونەی زۆریشمان لە مێژووی کۆن و نوێی ئەدەبی کوردیدا هەیە و لێرەدا ناتوانین بچینە ناو ئەو مەودایەوە، چونکە ئامانجی ئەم کارەی ئێستەی ئێمە نییە.

* ئاخۆ دەکرێت چیرۆک پێشبینی هەندێک بەرئەنجامی زانستی یان مرۆیی بکات؟

- لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا پێم خۆشە بە دوو ئاراستە قسە بکەم:

لە ئاراستەی یەکەمدا ئەوەی کە ڕووی داوە و چیرۆکنووس تەنیا ئەرکی گێڕانەوەیە، بەڵام خۆ ئێمە ئەوەش دەزانین کە گێڕانەوەکان شێوە و شکڵ و ناوەڕۆکی جۆراوجۆریان هەیە و تەنانەت لەناو چیرۆکیشدا (کە یەکێکە لە ژانرە ئەدەبییەکان) شێوازی زۆرمان هەیە و لە مایکرۆ چیرۆکەوە بگرە تا دەگاتە رۆمان، لە سەردەمە کۆنەکانیشدا حیکایەتەکانی بەر ئاگردان و نووسینەوە و خوێندنەوەی ئەفسانە زۆر و زەوەندەکان هەر بە گێڕانەوە تۆمار کراوە... ئەم ئاراستەیە ئیشی گێڕانەوەیەکی هونەری و فەنتازییە و جیاوازە لە گێڕانەوەکانی تر کە زۆرینەی خەڵک لەسەری راهاتوون.

هەرچی ئاراستەی دووەمیشە لە ئەنجامی قوڵبوونەوە و شۆڕبوونەوە بەناو بابەتێکی دیاریکراوی هەڵبژێرراوی نووسەردا کارەکانی دەکات و دوا جار دەردەکەوێت کە چەندە پێشبینییەکان راست و رەوانن و چەندەش وا دەرناچێت، چونکە خودی پێشبینیەکان قابیلی ئەوەن کە هەندێکیان راست بن و هەندێکیشیان راست دەرنەچن... زۆریشن ئەوانەی کە پێشبینییان کردووە و دەقاودەقیش وەک خۆیان هاتونەتە دی و هەندێکی تریشیان بە پێچەوانەوە.. دەکرێت چیرۆکنووسیش بەشێک بن لەو پێشبینیکارانە و بەرئەنجامەکانیش هەر بەشێک بن لە بەرئەنجامەکانی ئەوان. ئیتر ئەو پێشبینییانە مرۆیی بن یان زانستی هەرچەندە من تێبینیم هەیە لەسەر ئەوەی کە بەرێزتان بابەتە زانستی و مرۆییەکانتان پەرت کردووە و بە جیاواز پرسیارتان لەبارەوە کردووە.

* پێت وایە کورد کۆمەڵێک کەرەستەی باشی هەیە وەک" ئەفسانەی کوردی، رووداوەکانی مێژوی کورد... و هتد" لەلایەن چیرۆکنووس و رۆماننووسەکانەوە بەکار نەهێنراون؟

– هەرچەندە مێژووی چیرۆکی کوردی وەکو ساڵ مێژوویەکی دوور و درێژە، بەڵام لە رووی پراکتیزەوە نەتوانراوە بەئەندازەی باڵای ئەو مێژووە بەرهەممان هەبێت، ئاخر ئەوەندەی چیرۆکی کوردی لەژێر کاریگەرییە دەرەکییەکاندا باڵەمەلەی کردووە ئەوەندە نەیتوانیوە بمانگەیەنێتە کەنارەکانی ئارامی و رزگاربوون لە خنکان، ئەوەندە خەریکی راکردن بووە بەدوای لاساییکردنەوەی نەتەوە و زمانەکانی تر، نیو ئەوەندە سەریری خۆی و پێگەی خۆی و پێداویستییەکانی خۆی نەکردووە، من پێم وایە کە چیرۆکی کوردی "بەتایبەتی لەم ساڵانەی دواییدا" گەورەترین کەرەستەی لە بەردەستدا بووە بەڵام بەداخەوە کارەسات و رووداوە جۆراوجۆرەکان کەمترین کاریگەرییان لەسەر فەزای چیرۆک جێ هێڵاوە، خۆ ئەگەر هەمان شت بەراورد بکەین لەگەڵ ژانرێکی تری ئەدەبی وەک شیعر ئەوا بێگومان فەزای چیرۆک لە بەراوردی شیعردا دەچێتە ریزی نەبووان. هەر بۆ نموونە لەناو کارەساتی "ئەنفال" و "هەڵەبجە"و" پاکتاوی رەگەزی" و هەموو ئەو بابەتە نەتەوەیی و نیشتمانی و مرۆییانەی کە بەسەرمان هاتووە دەکرێت تەنیا یەک گرتە ببێتە مایەی چیرۆک یان هەر ژانرێکی تری ئەدەبی تا بەرۆمانیش دەگات، هەموو ئەوانە کەرەستەی زۆر باشن بەڵام بە داخەوە شتێکی ئەوتۆمان بۆ نەکردوون، من بۆ خۆم لەو بابەتانە تەنیا چەند دانەیەکم بینیوە.

ئیتر با هەموو ئەو چیرۆکە ئەفسانەییانە بوەستن کە دوور نییە لە چەند ساڵێکی تردا بە تەواوەتی لەناو بچن، ئەوەشمان بیر نەچێت کە ئەفسانەکان بەشێکن لە مێژووی هەر نەتەوەیەک و ئەگەر نەتەوەیەکیش ئەفسانەی نەبوو بێگومان یەکێک لە پایەکانی نەتەوە بوونی لەنگ دەبێت. بەداخەوە عەقڵیەتی ئێمە وایە کە ئەگەر یەکێک لەو بوارەشدا کار بکات بە چاوێکی تر و بە دیدێکی ترەوە نەک لە بەرهەمەکەی بگرە لە خۆیشی دەڕوانین.. کە ئەم بیرکردنەوەیە بەبڕوای من پێداچوونەوەی پێویستە.

* لەئێستادا هەموو کەس لە دوای نووسینی تێکستێک (چیرۆک)، پێی دەڵێن چیرۆکنووس، پێت وایە ئەگەر رەخنەگرمان هەبێت ئەوا هەموو کەسێک ناتوانێت بەسادەیی ببێت بە چیرۆکنووس... ئاخۆ تاچەند پێویستمان بە رەخنەگر هەیە تا چیرۆکنووسی راستەقینە و رژدی لەو کەسانە جیا بکەینەوە کە وەک حەزێک و نەزیاتر پیشەکەیان گرتووە؟

– مەرج نییە هەرکەس بەرهەمی زۆر بوو ئیتر ببێتە چیرۆکنووس و هەر کەسیش کەم بەرهەم بوو ئیتر چیرۆکنووس نەبێت، ژمارە مەرج نییە، بگرە مەرج تەنیا جێکردنەوە و دیاریکردنی پێگەی خۆیەتی لەناو فەزای ژانرێکی ئەدەبیدا، راستە رەخنەگر یەکێکە لەو فلتەرانەی کە دەبێت هەموو دەقێکی پێدا تێپەڕ بکات و حەقیشە هەموو دەقێک بدرێت لە تەتەڵە و بێژی رەخنەگران، بەڵام

ئەگەر کاتێک رەخنەگران بە ئەرکی خۆیان هەڵنەسان دەبێت لە دەرگەی کێی تر بدرێت بۆ ئەوەی لەو پشێوی و فەوزایەی ئێستا تێ کەوتووین دەربازمان بێت؟ دیاریشە مەبەستم ئەو رەخنەگرانە نییە کە بنەوای کارکردنیان لەسەر هاوڕێیەتی و ناسین و راسپاردنە، بگرە مەبەستم رەخنەگری رژدی و پرۆفیشناڵە.

وەک هەمــووانیش دەزانن رەخنـەگـرتن بەمــانای لەناوبردن و تەفـروتونا و حـەیابـردنی دەق یان نووسەر نییە، بگرە دیاریکردنی هەموو لایەنە باش و خراپەکان و جوان و ناشیرینەکانی دەقێکە و ئامانجی سەرەکیش پەرەپێدانی توانای نووسەر و گەشەکردنەوەی لایەنە باشەکان و کەمکردنەوەی لایەنە خراپەکانی ئەو دەقەیە، دەمێکیشە گوتراوە کە جیاوازی زۆر هەیە لە نێوان (چەقۆی قەساب) و (نەشتـەری پزیشک)دا، چونکە چەقـۆی قـەسـاب بۆ پارچەپارچەکـردن و داهێنـانی جـەسـتـەی بەردەستەکەیە و نەشتەری پزیشکەکانیش بۆ دۆزینەوەی نەخۆشییەکان و برینی پارچە زیادەکانە، کەواتە لێرەوە ئێمە دەتوانین باس لەوە بکەین رەخنەگرانی ئێمە لە چ پێرێکی ئەو دوو دەستەیەن و ئەو کارەشیان بۆیان دەچێتە ناو ریزبەندی کام خانەیان؟ ئەوەیان ئێوە سەرپشک بن.

* لە چیرۆکدا ئەگەر بێتو خەیاڵ وەزیفەی خۆی نەبێت، ئاخۆ چاوەڕوانیی داهێنانی لێ دەکرێت، یان گەر روونتر پرسـیـارەکـە بکەین: ئەگـەر بێـتـو زمـانی ئەفـسـانە و ئەندێشەگەرایی لەناو دەقدا ئەرکی خۆی نەبینێت ئەو تێکستە نابێتە کۆمەڵە رستەیەک کە بنچینەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ورێنەکاری؟

– خەیاڵ یەکێکە لە رەکیزە سەرەکییەکانی چیرۆک، بەڵام هەموو شتێک نییە، نابێت ئەوەش لە یاد بکەین کـە لە دنیای خـەیاڵدا هەمـوو شـتـەکان جـوانتر و ڕەنگاڵەییـتـر دەردەکەون. رەنگەکان، دەنگەکـان، مـامـەڵەو خـۆشـەویسـتی رق لێبـوونەوەکـان، هەر لەناو دنیـای خـەیاڵدا جـوانـتـر و بەرجەسـتـەترن. هەر بۆیە یەکێکە لە بنەوا سـەرەکـییـەکانی دنیـای چیرۆک، دابڕینـی ئەو بنەوایە دەبێتە هۆی لەنگبوون و دەرکەوتنی کەمـوکورتی و دواتر لە بواری چیرۆک دەردەچێت و لەوانەیە ناوێکی تری لێ بنرێت نەک "چیرۆک" هەرچی ناوێکیش بێت گرینگ نییە، بگرە گرینگ ئەوەیە لەناو حەوشی چیرۆکدا جێگەیەکمان نییە ناوی غیاب و ئامادەنەبوونی خەیاڵ بێت.

بیرمان نەچێت، ورێنە جۆرێکە لە چیرۆک و تەنانەت دەچێتە ناو چیرۆکە سەردەمییەکان و لەو بوارەشدا من بۆ خۆم ئەزمـوونێکم هەیە، ورێنە بە مانا خراپ و ناباشەکان واتە نەچوونەوە سەر یەکی بابەتەکان و تێنەگەیشتن لە کۆی ئەو پەرەگرافانەی لەلایەن نووسەرەوە پێشکێش دەکرێن، بەڵام ورێنە ئەگەر وەک کەرەستەیەکی هونەری بەکار هێنرا و هەندێک جوانکاری تێدا کرا بێگومان دەبێتە یەکێک لە کەرەستە زۆر باشەکانی چیرۆک.

* ئەگەر بەراوردێک بکەین و چاوێک بە چیرۆکی سالانی حەفتا و هەشتاکان بگێڕین و

دواتریش دوای ڕاپەڕین و هەروەها دوای ئەم دە ساڵەی ڕابردوو دەبینی گۆڕانکاری لە ئەدەبی کوردیدا، کۆمەڵێک ئاماژە و دەلالەتی نوێ هاتووەتە کایەوە لە فەزای چیرۆکدا، ئاخۆ بەڕای تۆ ئەم بارگۆڕانە بەرئەنجامی گۆڕانی کۆمەڵگەیە، یان گۆڕانکاری ئەدەبییە و پێوەندیی بە گۆڕانی کۆمەڵگەوە نییە؟ یاخۆ پێوەندیدارە بە هەردوو فاکتەرەکەوە؟

– ئەدەب بەشێوەیەکی گشتی لەبەر ئەوەی لەناو خولگەی کۆمەڵایەتیی مرۆڤەکاندا دەسوڕێتەوە و بە جۆرێک لە جۆرەکان پێوەندیی ڕاستەوخۆی کۆمەڵایەتی هەیە و ناتوانین لە فەزا کۆمەڵایەتییەکەی داببڕین و لەناو کاریگەرییەکانیشدا ڕۆڵی بەرچاوی خۆی هەیە و دەشتوانین لەو بوارەشدا ئاماژە بەهەموو ئەو شۆڕشانە بدەین کە لە ڕێگەی ژانرێکی ئەدەبییەوە بەرپا کراوە و دیارترینیشیان شۆڕشی فرەنسییە کە بەشێکی سەرەکی پێوەندی بەو شیعرە حەماسیانەوە هەبووە کە شاعیرە شۆڕشگێڕەکان ئاراستەی شەقامی خرۆشاوی دژ بە پاشاییان کردووە و دواتر ئەو سەرکەوتنە گەورەیەیان تۆمار کرد و شۆڕشی کوردیش دیارە تا کوێ لە ژێر کاریگەریی شیعرە حەماسییەکانی سەردەمی شاخدا بووە، هەروەها زۆرینەی ئەو وڵاتانەی کە سەردەمانێک لەژێر ڕکێفی داگیرکەراندا بوون ژانرە ئەدەبییەکانیان کردووەتە سەکۆیەکی بەرفراوانی ڕووبەڕووبونەوە و موقاوەمەت، هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەدەب کاریگەریی زۆری هەیە و لە هەر شتێکی تر کاریگەرییەکەی زۆرترە. سەردەمەکانی پێش ڕاپەڕین جۆرە ئەدەبێک کاری پێ دەکرا کە لەگەڵ دوای ڕاپەڕین گەلێک جیاوازییان هەبوو، کە من پێم وایە سیاسەت و دەسەڵاتی سیاسی دەکەوێتە ژێر کاریگەریی ئەدەب و ئەدەبیش لە کاریگەریی سیاسەت و سیاسییەکان لە هیچ سەردەمانێکدا بەدەر نابێت.

بە دیوێکی تریشدا دەکرێت بڵێین کە هەندێک جاران ئەدەب توانیویەتی ڕێچکەیەکی تایبەتی بەخۆی بگرێت و کاریگەریی تەواوەتی لەسەر کۆمەڵگە دابنێت و پێناسەی چەمکەکان سەرلەنوێ دابڕێژێتەوە و روحێکی تر بکاتەوە بەبەری هاووڵاتیاندا... مەگەر تا هەنوکەش ئەوانەی کە شیعرەکانی سەردەمی شاخ و لایلایەکانی حەمەجەزای رەحمەتیی گوێ لێ بووبێت بیری چووەتەوە؟ مەگەر شیعرە حەماسییەکانی نەتەوەکەمان لە خەیاڵی ئەو نەوەیە دەردەچێت کە ڕۆژێک لە ڕۆژان چەوساندنەوەی نەتەوەیی و نیشتمانی بینیبێت؟

هەر بۆیە بە بڕوای من کاریگەرییەکە دوو سەرە و کار لەیەککردنە و لەو ناوەندەشدا دەکرێت لە شوێنێک بۆ یەکێکی تر و لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر ڕێژەکەشیان زیاد و کەم بکات.

* نووسین لە تاراوگە دەتوانێت بە جۆرێک لە جۆرەکان لەگەڵ ئەدەب و زمان و فەرهەنگی ئەو نیشتمانە مەنفییەی ئەو نووسەرە تێیدایە نامۆیە، دەتوانێت داهێنانێکی نوێ بکات و بارگاوی نەبێت بەو فەرهەنگەی ئەو نووسەرەی تێدا دەژی،

واتە شتـەکانی ئەوێمـان پێ نـەفرۆشـێتـەوە، بە جـۆرێک لە جـۆرەکـان هەوڵێک بێت بۆ داهێنان بۆ نـیشـتـمـانەکـەی خـۆی؟ یاخـۆ ئەمـە دەبێت چـۆن مـامـەڵەی لەگـەڵدا بکرێت، هەڵبەت وەک چیرۆکنووسێک کە هەنوکە لە تاراوگە ژیان ناگوزەرێنی؟

– نامـۆبوون و ژیانی تاراوگە ئەزمـوونێکی گـەورەیە بۆ ئەو کـەسانەی کـە لە بواری ئەدەبیدا کـار دەکـەن تا هـەسـتی نیشـتـمـان و نەتـەوە و سـۆزی هـاورێ و هـاوسـۆزەکـانی بکاتە بیـانوویەک و لەو ڕێگەیـەوە خـۆی خـاڵی بکاتـەوە و ڕەنگی خـەیاڵ و ژیانی غـوربەتی خـۆی بنەخـشـێنێت، دەکـرێت غوربەت و نـامۆبوون ببنە پێشـەنگی داهێنانەکـان و پیاچوونەوەی هەمـوو چەمک و پێناسـە باوەکان بێت و بە جـۆرێکی تر و لە گۆشـە نیگایەکی ترەوە لە هەمـوویان بڕوانێت و بۆ هـەر یەکێک لەوانەش پێناسـەیەکی تر و مـانایەکی تریان پێ ببـەخشـێت، مـەسـەلەی غـوربەت و دابڕان دەمـێکە ئەدیبـان و ڕەخنەگـرانی ئەو بوارەی سـەرقـاڵ کـردووە و تەنـانەت عـاریف و خـواناسـانیـشـی مـۆڵداوە و لەناو چەمکەکانی هـەجر و وەصل دا قسـەیان لەسـەر کردووە، ئەوەتا حەزرەتی مەحوی مەزن دەفەرمووێت (تێـدەگـا هـەر کـەس بکا فـەهـمی رمـوزی مـەعنـەوی – هـەجـر و وەصـڵـە نار و جـەننەی ئایـەتی لایستوی).

لە ڕاسـتیدا من پێم وایە ئەم دیاردەیە ناکرێت گشـتگیر بکرێت و وەک پێوەرێکی گشـتی قسـەی لەسـەر بکەین، چونکە هەندێک جاران غوربەت و دابڕان بڕست لە خـاوەنەکەی دەبڕێت و هەناسـەی دەچنێت و هیـچی پێوە ناهێڵێت و هەندێک جـارانیش پێچـەوانەکەی ڕاسـتە. خـۆشـمـان دەزانین لەوانەیە یەک ڕووداو بۆ چەند کەسێک نەبێتە هۆی دەربڕینی یەک جۆرە پەرچەکردار.

من بۆخـۆم لە غـوربەتدا دەسـتم بەکـارەکـانم کـردووە و ڕەنگدانەوەی تەواوەتی ئەو سـتـایلە لە ئەوەڵەوە تـا ئێسـتـاش بە نووسـینەکـانمەوە دیارە و ناشـیـشـارمـەوە کـە هەسـتی خۆشـەویسـتی نیشـتمانی ئەوەندەی پێ چەشتووم کە هیچ جۆرە گەندەڵی و خراپەکارییەکی هاونیشتمانییەکانم ناکاتە ئەوەی ئەو خۆشەویستییەم بیر بباتەوە، چونکە من ئەزمـوونی دابڕانم کرد و بۆ مـاوەی چوار ساڵ لە خوا دەپاڕامـەوە شەوێک نیشتمـانەکەم بێنێتە خەوم و ڕوحـم ئاسوودە بکات. بەڵام خوا ئەو نزایەشی لێ قبـوڵ نەکردم، ئیتر نازانم بۆ ئەوە بوو کە هەردەم ئاتاجی بم یان ئـەوە بوو کە بمکاتە کەسێکی نیشتمانپەروەر؟ هەرکامێکیشیان بێت من هەر سوپاسی خوا دەکەم.

دیمانه

محەمەد عوزێمە

# شیعری ژاپۆنی پێوەندیی بە حیکایەتی بەرگریکردن و سیاسەتدا نییە

سازدانی: خلود ئەلفەلاح

لە عەرەبییەوە: عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا



خودی پرسیار لە نووسیندا دەشاردرێتەوە، لێرە کۆمەڵێ بۆچوونی جیاواز لەبارەی وەرگێڕانی شیعر هەیە، بەڵام مەسەلەکە بە نیسبەت محەمەد عوزێمە جیاوازە، چونکە ئەو خۆشی لە کەشفکردنی نهێنیی زمان و ئیستیتیکادا دەبینێ.

هەموو جارێک کە دەگەڕێتەوە و دەبێتە میوانی یەکێک لە هاوڕێکان و من بە تەنیا، یان لەگەڵ ئەوانەی کە وەک خوێنەرێک دوای کارەکانی دەکەون و گرینگی پێ دەدەن گفتوگۆی تایبەتی لەگەڵدا ساز دەکەین. بەردەوام دەبینم پرسیار لە بەرانبەرم گەورە دەبێ: چی لەبارەوە بنووسم؟ چونکە عوزێمە بەردەوام لە هەڵبژاردنەکانیدا چ لە بواری نووسینی شیعری یان بواری وەرگێڕان

شتی نوێ پێشکێش بە خوێنەران دەکات.

* بۆ دەنووسی؟

– بە تەواوی و بەشێوەیەکی روون هەتا ئێستا نازانم، بەڵام وا پێ دەچێ بەوێ لە یادگارییە زۆرەکانی نووسین رزگارم ببێ، دوای ئەوەش هەست بە شادی دەکەم، جگە لەوە هۆیەکی تری روون بوونی نییە.

* لە پانتاییی عەرەبی ئەمڕۆدا شیعر لە هەموو کاتێکی تر زیاترە. سەرەڕای ئەوە گوتنی شیعری باش زۆر کەمە. تۆ رات چییە؟

– من لەگەڵ ئەو رایەدا نیم. لە هەموو کاتەکانی رابردوودا شیعر زۆر بووە، ئەو رایە ئەو کاتیش دەگوترا. لە پێش ئیسلام و دوای ئیسلامیش، لە داهاتووشدا هەر دەگوترێ. ئەوانەی پێشان دەیانگوت و ئێستا دەیڵێن و دواتریش دەیڵێن شاعیرەکانن، چونکە هیچ شتێ جگە لە شیعر و شاعیر نابینن، جگە لە خۆیان زێتر هیچ شتێکی تر نابینن، بۆیە هەست بەزۆری دەکەن. بەڵام مەسەلەکە هەر بەوانەوە دەورە نەدراوە، ئەوە لە هەموو بوارەکانی مەعریفەدا دەبینرێ. ئەگەر لە فەیلەسووفێک بپرسین بەهەمان شێوە دەڵێ: لێرە فەیلەسووفانێکی زۆری بێ فەلسەفە هەن. وا پێ دەچێ ئێمە لە بازنەیەکی سەربەخۆ بژین، هەموو هەست بە پڕکردنەوەی ئەو بازنەیە دەکەین.

* دەڵێ: زۆربەی جار لەناو قەسیدەی درێژ ون دەبین، یان باشتر لەگەڵ وشەکان و رستەکان دەڕۆین تا دەگەینە ئەو وەستانە (کلۆمدانی شیعری). ئاخۆ ئەزموونی کەسی بۆ نووسینی شیعر بەسە؟

– تێگەیشتنمان بۆ ئەزموونی کەسی هەرچی بێ و لە کوێ دەست پێ بکات و لە کوێ و چۆن بێ، هەر ئەوەندە بەس نییە، ئەگەرچی کۆڵەکەی بنەڕەتیی نووسین پێک دەهێنێ. دەکرێ دوای خوێندنەوەی کۆمەڵە دیوانێکی شیعری، دیوانێکی تەواوی شیعر بنووسی، بەڵام لە رووی زیهنەوە بۆش و وشک، بەتاڵ لە شتەکان و هیچ شتێکیش نادۆزیتەوە، تەنیا ئەو کاتە شتێک دەدۆزینەوە کە لە بەرهەمهێناندا پشت بە ئەزموونی کەسییەوە دەبەستین. هۆی زۆری شیعری ئەمڕۆ و دوێنێ لێرەدا خۆی حەشار داوە. لێرە کەسانێک هەن دەیانەوێ بەخێرایی ببنە شاعیر، بۆیە بە ئاگایی بێ یان بە نائاگایی لە ڕێگەی یادەوەریی خۆیان و خوێندنەوەی خۆیان بۆ شیعر پەنا بۆ نووسین دەبەن. ئەوەش ساناترین ڕێگەیە لە نووسین و گەیشتن بە نازناوی شاعیر. بەم جۆرە ئەو پانتاییە بە شاعیر و شاعیران لە هەموو رەنگێ جمەی دێ. ئەگەر ئەوە وەک راهێنان لەسەر شیعر نووسین وەرگرین، بەڕای من لە بەرژەوەندیی شاعیراندایە.

* خوێنەر تا چ رادەیەک کاریگەریی لە پرۆسەی داهێناندا هەیە؟

– تا رادەیەکی زۆر، جا ئەگەر خوێنەرەکە هاوڕێ و بێت و یەکێک بێ لە رەخنەگران. هەڵبەتە ئەوە لە ئاستێکی دیاریکراودا. بەڵام ئەگەر بازنەکەمان بەرفرەوانتر کرد، دەبینین (نزار قەبانی) یەکێکە لەو شاعیرانەی کە بەتەواوی خۆی داوەتە دەست جەماوەری خوێنەران و گوێگرانی، نزار قەبانی ئەوە دەنووسێ کە جەماوەر داوای دەکات. بەتەواوی دەزانێ خەڵک لە خۆشەویستی یان سیاسەت چی دەوێ، بۆیە لەسەر ئاستی فەرمی و شەعبی پێشوازییەکی زۆری لێدەکرێ. ئەوە بۆ (مەحموود دەروێش) و زۆربەی شیعری فەلەستینی ئەمڕۆ و دوێنێ درێژ دەبێتەوە، چونکە هەموو بایەخ بە دۆزی فەڵەستینی و دەرکەوتە شیعری و هونەرییە پابەندەکانی ئەو دۆزە دەدەن .

* لە ئەزموونی یەکەم و کتێبی وەرگێڕدراون (کمشە من رمال) شاعیر (تاکۆ بۆکۆ)ی ژاپۆنیت بۆ خوێنەری عەرەبی خستووەتە روو، ئەو شاعیرەی لە پەراوێزدا بەدوای ئازادیدا دەگەڕێ. دوای تەجاوزکردنی مەسەلەی رەگەزە ئەدەبییەکان، بەڕای تۆ ئاخۆ ئەوە دەشێ ناوی شیعری لێ بنێین؟

– من پێشبینیی ئەو پرسیارەم دەکرد، چونکە بەر لە چاپکردنی زۆرجاران ئەو پرسیارە لەلای خۆم رەنگی داوەتەوە. من هەردەم دەڵێم چۆن ئەو دەقانەی کە پێشکێشی دەکەم وەک شیعر لە شاعیرێک کە زمانی ژاپۆنی دەپەرستێ، بە خوێنەری عەرەبی دەگەیەنم، لە ژاپۆن ئەو جۆرە لە نووسین بە شیعر ناو نابەن، بگرە پێی دەڵێن (تانکا) واتە گۆرانی کورت، وەک چۆن هیچ بە (هایکۆ) ناڵێن تەنیا هایکۆ نەبێ، واتە ناوی لێ نانێن شیعر. ئەو دوو شێوەیە لە نووسین لەژێر ناوە ژاپۆنییەکانیان وەرگێڕانی زمانانی دنیا دەکرێن. بۆیە دووچاری بەدحاڵیبوون دەبین ئەگەر بە شیعر وەسفیان بکەین و لەبارەیانەوە بدوێین. ئەوانە هەرگیز پشت بە ئامرازی شیعری لە خوازە و میتافۆر و وێنە نابەستن، بگرە پشت بە حاڵەت دەبەستن کە لای ژاپۆنییەکان زۆر شت دەگەیەنێت. بۆیە وا پێ دەچێ ئەوانە لە شیعر دوور بن. وشەی شیعر، بۆ قسەکردن لەسەر شیعری نوێی ژاپۆنی بەکار دەهێنن، یان شیعری ژاپۆنی کۆن کە بە زمانی چینی کۆن نووسراوە. هەوڵ دەدەم لە وەرگێڕانەکانی داهاتووم بۆ ئەو شاعیرە ئەو بۆشاییە پڕ بکەمەوە.

* کتێبەکەت (دیوانی شیعری نوێی عەرەبی) دوای ئەو هەموو ئەزموونە دوور و درێژە لە بەرهەمهێنان بە هەر پێنج بەشییەوە، ئاخۆ لەوێ توانیووتە ئەو دەنگە شیعرییە عەرەبییە نوێیانە بدۆزیتەوە کە تەجاوزی ئەزموونی شیعری پێشوویان کردووە؟

– پێشەکی کتێبەکە بە وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە پڕ کراوەتەوە، بە کورتی من سەرسامم بە قەوارەی ئەو ئەزموونە شیعرییەی کە لە دنیای زمانی عەرەبی هەیە، و بە توانای شاعیران لە

بەکاربردنی وزەی ئەو زمانە. من بە خۆشەویستییەکی زۆرەوە لەو پێنج بەشەدا لەسەر هەموو دەنگەکان و ناوە مەوجودەکان کارم کرد، دیتم زۆربەیان وەک پرۆژەی شیعری پێگەییوون و ئێستا کاتی چنینیانە. لەو کاتە بوو من ئەوانم خوێندەوە و خۆشیم لێ وەرگرتن و ئەوانم چنی. بەڵام لە هەموو ئەوانەش زێتر ئەوە بوو کە من لە هەموو ئەوانە شت فێر بووم. دەتوانم قسە لەسەر نێزیکایەتییان لە پێشوو بکەم، نەک تەجاوز. چونکە تەجاوز وشەیەکی زۆر لاستیکییە و روونیش نییە بۆ ئەوەی لە ڕێگەیەوە قسە لە شیعر و هونەر بکەین.

* سنوری ئەزموونی شیعری ژاپۆنی و ئاسۆکانی لە بەر رۆشناییی ئاوێتەبوونی بە ئەزموونی شیعری عەرەبی چییە؟

– ئیستیتیکای چێژی ژاپۆنی ناگاتە زمانی عەرەبی، بەڵام پێچەوانەکەی راستە. وەرگێڕانەکانی شیعری نزار قەبانی بۆ زمانی ژاپۆنی زۆر نێزیک بوو لە وەرگێڕانی من بۆ شیعری ژاپۆنی تاکۆ بۆکۆ کە پێشتر لە سەرەوە ناومان برد. ئەوەی کە وەک شیعر نەگەیشت. ئەوە بە نسبەت وەرگری زۆربەی دەقەکانی تاکۆ بۆکۆ وا کەوتەوە، وەک چۆن بە نسبەت تۆ و هی تریش هەر وابوو. رەنگە وەرگێڕان هۆیەک بێت، بەڵام هەموو هۆیەکان نییە. لێرە مێژوویەک لە چێژوەرگرتنی جوانی هەیە ناشێ تەجاوزی بکەین. بۆ نموونە عیشق لە شیعری عەرەبیدا بابەتێکی بنەڕەتییە، یان هەتا لە شیعری رۆئاواییدا، بەڵام لە شیعری ژاپۆنی کۆن و نوێ نێزیکی نەبوونە. ئەوە بەو مانایە نییە کە شاعیرانی ژاپۆنی خۆشەویستی و عیشق ناکەن، بەڵام شێوەی مامەڵەکردنیان لەگەڵ رەگەزی نەرم و نیان لە رووی مێژووییەوە لە نزار قەبانی جیایە، هەتا لە شاعیری فەرەنسی ئەراگۆنیش جیایە. هەروەها ئەوەی بە شیعری سیاسی و سیاسەتیشەوە بەندە هەروا دەکەوێتەوە. شیعری ژاپۆنی پێوەندیی بە حیکایەتی بەرگریکردن و سیاسەتەوە نییە، ئەوە بابەتی بەراوردکرنی مێژوویەکی دوور و درێژە، پێوەندیی بە جوگرافیا و سروشت و پاشماوە فیکرییە کۆن و نوێیەکان و بە تەماشاکردنی ژاپۆنییانەوە هەیە بۆ بوون.

* دەڵێن لەنێوان هەموو شێوە ئەدەبییەکان وەرگێڕانی شیعر لە هەمووان گرانتر دەکەوێتەوە، محەمەد عوزێمە چۆن دەتوانێ لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر پارێزگاری لە زیندووێتی دەقی شیعری بکات؟

– لەو بڕوایەدام وەرگێڕانی شیعر و گواستنەوەی لە نێوان زمانی ئاینە یەکتاپەرستەکان: یەهوودی و مەسیحی و ئیسلام بەو گرانییە نییە، کە وێنای دەکەیت، چونکە بەهای ئیستیتیکی نێوان ئەو گەل و ئاینانە بۆ جیهان و شتەکان و بوونەوەرەکان تا رادەیەکی زۆر هاوبەشە. بەم جۆرە سەربەرزییەک دەبینین کە هەموو لەسەری رێکن لەوانەش خوازە و میتافۆر و کینایە و هەموو زارەوەکانی زانستی بەیان. ئەوەی دەمێنێتەوە گرفتی زمان و هاوەڵیکردنی پێشکەوتنی فیکر و

هەڵگرە دەلالییە نوێیەکانە، بۆ خۆی ئەوە تەگەرەی بنەڕەتییە، نەک هەر لە بەرانبەر وەرگێڕان، بەڵکو لە بەرانبەر سەرکەوتنی وەرگێڕانیش. مەبەستم ئەوەیە ئاخۆ شیعر لە کاتی گواستنەوەی هەر بە شیعری دەمێنێتەوە یان هەر هیچ نەبێ بە ڕێژەیەکی مەعقول وەک شیعر دەمێنێتەوە؟ ئەوە بۆخۆی بەنسبەت هەموو وەرگێڕانێک پرسیارێکە دوودڵت دەکات. بۆ نموونە ئەو شیعرەی جوانییەکەی بە پلەیەکی بەرز لەسەر کێش وەستاوە، لە کاتی وەرگێڕانی بۆ زمانێکی تر بەشێکی زۆر لەو جوانییەی لێ ون دەبێت. بەتەواوی ئەوە لە کاتی وەرگێڕانی هەڵبژاردەیەک لە نزار قەبانی بۆ فرەنسی لە مندا ڕووی داوە، هەمان شت مەحموود دەرویش بەلای خۆیدا دەبات، چونکە شیعرییەتی ئەو لە بنەڕەتدا لەسەر لیریکییەکی تایبەت بە زمانی عەرەبی چڕ بووەتەوە. سەرەڕای کێش یان لیریکییەت لێرە بابەتێک هەیە کە شاعیر کاری لەسەر دەکات، بەڵام ئاخۆ ئەوە بەنسبەت زمانانی تر چ مانایەکی هەیە. شیعری نزار لەسەر ئافرەت بە زمانی عەرەبی زۆر جوانە، بەڵام بە زمانی فرەنسی ناسنامەکەی ون دەبێت بەتەواوی بۆ گوتنێکی نێزیک لە ئاسایی دەگۆڕێت، یان بە زمانی تری ئەوروپی، لە زمانی ژاپۆنیش حاڵی باشتر نییە. ڕەنگە وەرگێڕانی لە سەدەکانی ناوەڕاست زۆر سەرکەوتوو بایە، چونکە ئەو کات زمانی فرەنسی مەسەلەی ئافرەتی بە هەمان شێوە و هەمان بۆچوونی ئێستای عەرەب چارەسەر دەکرد. هەرچۆنێ بێ، لێرە حیساباتی زۆر هەیە کە وەرگێڕەکان لە کاتی وەرگێڕانی شیعر دەیزانن، نەخوازە وەرگێڕە شاعیرەکان. بەڵام لەسەر ئاستی کەسێتی من لە وەرگێڕانی شیعر بۆ زمانی عەرەبی هەست بەخۆشییەکی زۆر دەکەم، چونکە ڕێگەم بۆ خۆش دەکات نهێنییەکان لەناو زماندا کەشف بکەم، ئەو نهێنییانەی کە تەنیا وەرگێڕ پێی دەگات.

* چی نوێت هەیە؟

– کتێبی (هایکۆ) وەرگێڕان لە زمانی ژاپۆنییەوە بۆ هەزار هایکۆ و یەک هایکۆ. ئەو کتێبە پێک هاتووە لە گرینگترین قەسیدەکانی هایکۆ و بەناوبانگترینیان لەگەڵ پێشەکییەک کە بەشداری لە ڕاستکردنەوەی وێناکردنی خوێنەری عەرەبی لەبارەی ئەو هونەرە ژاپۆنییە کۆنە دەکات. لەوێ دەقە عەرەبییەکەم خستووەتە پاڵ دەقە ژاپۆنییەکە بۆ ئەوەی بەلای کەمی ڕێگە بۆ خۆشی وەرگرتن و بینین بکەمەوە.. (لە چاپکراوەکانی دار التكوين، دیمەشق ٢٠١٠) و هەروەها (دوای کەمێک دەگەم) کتێبێکی نوێی شیعرییە لەگەڵ کۆمەڵێک نامە کە ئاراستەی کۆمەڵێک هاوڕێی جۆراوجۆر کراوە کە هاوڕێیەتی و شیعریان خۆش گەرەکە. ئەویش (لە بڵاوکراوەکانی دار التكوين، دیمەشق، ٢٠١٠)یە.

ژێدەر: أدب فن – حوار مع الكاتب السوري محمد عضيمة، حاورته: خلود الفلاح

www.adabfan.com

# ناساندنێکی کورتی
# ئاهەنگی لادێی ئەندریە جید

لە فارسییەوە: ئازاد نەجم



ئەندریە جیدی شاعیر و نووسەر و فەیلەسووف، لە ٢٢ ی نۆڤەمبەری ساڵی ١٨٦٩ لە پاریس هاتووەتە دنیاوە. خاوەنی چەند بەرهەمێکی وەک: ئاهەنگی لادێ، گەڕانەوە لە سۆڤیەت، پرۆمیتە، پەروەردەی ژنان، یاداشتەکانی ڤاڵتەر، بیانوی تازە، دروستکەرانی پارە و چەندان بەرهەمی ترە ... لە ساڵی ١٩١٩ لە تەمەنی پەنجا ساڵیدا ئاهەنگیی لادێی دەنووسێ. جید لە ساڵی ١٩٤٧ توانی خەڵاتی نۆبڵ بەدەسبێنێ. لە ساڵی ١٩٥١ لە تەمەنی ٨٢ ساڵیدا چاوی لێکنا.

ئاهەنگی لادێ یەکێکە لە شاکارەکانی ئەندریە جید و وەرگێردراوەتە سەر زۆربەی زمانەکان، تەنیا ئێمەی کورد نەبێت، کە تا ئەو شوێنەی من ئاگەدارم هیچ بەرهەمێکی ئەندریە جیدمان بەکوردی نییە، لێرەدا هەوڵ دەدەین بەکورتی بەخوێنەرانی بناسێنین.

پیرەژنێکی لانەواز و بێ پەنا لە لادێیەکی تەریک و دوورەدەستی فەرەنسادا لە حاڵی ئاویلەکەداندایە. کاتێ کەشیشی تاقە کڵێسای شار هەواڵی شپرزەیی باری تەندروستیی پیرەژن دەبیستێ، هەرچەندە پیرەژن لەمێژە قاچی نەخستووەتە ناو کڵێساوە و نەچووەتە لای کەشیش دان بەگوناهەکانیدا بنێ، بەڵام هەرچۆنێک بێت کەشیش ئەم ئەزیەتە دەخاتە بەرخۆی و لە پشت سەری پیرەژنی نەخۆش و کەلەلادا ئامادە دەبێت.

پیرەژن، بەبینینی کەشیش، دەکەوێتەوە یادی ئەوەی کە چەند لەمێژە نەچووەتە کڵێسا و دانی بەگوناهەکانیدا نەناوە و داوای لێخۆشبوون و بەخشینی نەکردووە، زۆر هەست بەشەرم و خەجاڵەتی دەکات. سەرەنجام لەلای ئەو کەشیشە و لەو ساتەدا دان بەگوناهەکانی خۆیدا دەنێ و دوای ئەوەی کە کەشیش داوای لێخۆشبوونی بۆ دەکات، بەبیر و خەیاڵێکی ئاسوودە و ئارامەوە چاوانی لێک دەنێ و دەمرێ.

کەشیش لە قسەکانی پیرەژنەکەوە بۆی دەردەکەوێت کە کچۆڵەیەکی بێ کەس و کار و هەتیو و نابینا بەناوی ( ژرترۆد) لەلای پیرەژنەکە ژیاوە و ئەم پیرەژنە هەردەم وەک ئاژەڵێک ڕەفتاری لەگەڵدا کردووە. ئیدی کەشیش ئەم کچۆڵە نابینایە لەگەڵ خۆیدا دێنێتەوە ماڵێ و بەخێوی دەکات.

ژرترۆدی نابینا، لە ئەنجامی پەروەردە و چاودێریی ئەو کەشیشە میهرەبانە و هاوکارییەکانی دوکتۆرێکی دەروونیی هاوڕێی کەشیشەوە _ کە بەهۆی بیر و بۆچوونی جیاوازەوە بووبوونە هاوڕێیەکی دڵسۆز، فێری قسەکردن، خوێندنەوە و نووسین بەخەتی بریل _ خەتی تایبەت بەنابینایان- و ژەنینی پیانۆ دەبێت. لە کۆتاییدا کەشیش بە توانا و حەوسەڵەیەکی زۆرەوە، جۆری باوکێکی میهرەبان و فیداکار، خۆی بۆ پەروەردەکردن و فێرکردنی ئەو کچۆڵە لانەوازە بێ چارەیە تەرخان دەکات.

ژنی کەشیش، ڕۆژ بەڕۆژ ئێرەیی و حەسادەتی زیاتر بە ژرترۆد دەبات _ کە تا دێت جوانتر و سەرنجڕاکێشتر دەبێت. بەڵام کەشیشی خۆپارێز و بەئیمان، کە سەرەتا بەهۆی ئەرکی مرۆڤایەتی و دینیی خۆیەوە پارێزگاری و پەروەردەی ئەو کچۆڵە لانەواز و هەتیوەی گرتبووە ئەستۆ، بەڵام دواتر وردە وردە ئەم هۆگری و پێوەندییەی لەگەڵ کچەدا دەگۆڕێ بۆ عیشقێکی پاک و دوور لە هەوا و هەوەسی جەستەیی. ئەم هۆگرییەی کەشیش، دەبێتە هۆکاری زیادبوونی ڕق و ئیرەیی هاوسەرەکەی کەشیش. ژنە، ئەو پێوەندییە پاکەی هاوسەرەکەی لەگەڵ ژرترۆددا بە گوناه دەزانێ.

لەم هەلومەرجەدا کوڕە لاوەکەی کەشیش، کە ناوی (جاک)ە و لە شارێکی تر سەرگەرمی خوێندنە، خوێندن تەواو دەکات و دەگەڕێتەوە ماڵێ و شانبەشانی باوکی هەوڵ دەدات لە بواری

پەروەردە و فێرکردنی ژرترۆددا هاوکاریی باوکی بکات.

جاک، بەهۆی تێکەڵبوونییەوە لەگەڵ ژرترۆددا، وردە وردە کاری تێ دەکات و خۆشی دەوێت. باوکی، واتا کەشیش لەم عیشقەی کوڕەکەی سەبارەت بە ژرترۆد ئاگەدار دەبێتەوە و سەرزەنشتی کوڕەکەی دەکات. بەڵام جاک گوێ بەقسەکانی باوکی نادات و ناخۆشی و زویربوونێکی نەخوازراو دەکەوێتە نێوان باوک و کوڕەوە. لەبەرئەوەی هەردووکیان بەشێوەیەک دەکەونە ژێر کاریگەریی عیشقی ژرترۆدەوە.

کەشیش کە وا هەست دەکات جاک نیەتی خراپی بەرامبەر ژرترۆد لە مێشکدایە، بیرۆکەی دوورخستنەوەی کوڕەکەی دەکەوێتە مێشکیەوە تا بەهۆی دوورییەوە عیشقی ئەو کچەی لە مێشک بەرێتە دەرێ. جاکیش فەرمانی باوکی جێبەجێ دەکات و بەدڵێکی شکاوەوە لە ژرترۆد دوور دەکەوێتەوە و دەچێتە جێگەیەکی دوور و مەیدان بۆ باوکی چۆڵ دەکات.

کەشیشیش، کە بەدوورخستنەوەی کوڕەکەی لە ژرترۆد، بیر و مێشکی ئاسوودە دەبێ، کاتێ لە هاوڕێکانی دەبیستێ ئەگەری چاکبوونەوەی چاوەکانی ژرترۆد هەیە، بەیارمەتی و هاوکاریی هەندێک لە هاوڕێ و ئاشناکانی و هەندێک لە کەسانی چاکەخواز، بڕە پارەی تێچوونی نەشتەرگەری بۆ کچەی داماو کۆ دەکاتەوە و سەرەنجام بەهۆی نەشتەرگەرییەکی سەرکەوتووەوە، دوای چەندان ساڵ نابینایی، تین و سۆما دەزێتە چاوەکانی ژرترۆد و دەتوانی دنیای دەوروبەری خۆی ببینێ.

ژرترۆد، لە تەواوی ئەو ماوەی کوێرییەیدا کە لەژێر چاودێریی کەشیشدا فێری خوێندنەوە و نووسین دەکرا و وردە وردە گەورە دەبوو، لە مێشکی خۆیدا، کەشیشی بە بوونەوەرێکی ئایدیال و شتێکی جوانتر و باڵاتر لە مرۆڤێکی ئاسایی وێنا کردبوو. هەر بۆیە کاتێ ڕوناکایی دەگەڕێتەوە چاوەکانی و دەبینێ ئەو کەسەی کە ئەوی ڕزگار کردووە و پەروەردەی کردووە نەک بوونەوەرێکی باڵاتر نییە بگرە مرۆڤێکی ئاسایی و پیر و تا ڕادەیەک ناشیرن و دزێویشە، بۆیە تووشی پەشۆکان دەبێت. ئەو بوونەوەرە باڵایەی کە ئەو لە مێشکی خۆیدا وێنای کردبوو زیاتر لە کوڕەکەی کەشیشدا بەرجەستە دەبێت، نەک خودی کەشیش. بۆیە وردە وردە لە کەشیش دوور دەکەوێتەوە و عیشق و خۆشەویستیی کەشیش لە دڵ و دەروونی خۆی دەردەکات.

جاکیش، دوای نائومێدبوون لە خۆشەویستیی ژرترۆد، لە مەزهەبی کاسۆلیکییش – کە باوکە کەشیشەکەی پێڕەوی لەو مەزهەبە دەکرد – نائومێد دەبێت و دەڕەنجێ. بۆیە ڕوو دەکاتە مەزهەبی پرۆتستان و خۆی لە دێرێکدا گۆشەگیر دەکات و خۆی تەرخان دەکات بۆ نزا و پاڕانەوە و پەرستن.

ژرترۆد، دوای تێپەڕینی چەند ڕۆژێک بەسەر کرانەوە و بینینی چاوەکانیدا، بەهۆی ئیرەییەکانی هاوسەری کەشیشەوە دنیای لێ وێک دێتەوە و بێئومێدی و دڵتەنگییەکی قورس دای دەگرێت و چارەسەری ئەم هەلومەرجە نالەبارەی ژیانی تەنیا لە خۆکوشتندا دەبینێتەوە. لە ڕۆژێکی خۆشی

بەهاریدا جوانترین جلوبەرگەکانی خۆی لەبەر دەکات و بەبیانووی چنینی گوڵە نیلوفەرەکانی کەنار زێیەکە لە ماڵ دێتە دەرێ و بەرەو کەناری زێیەکە دەکەوێتە ڕێ. ساتێکی کەمی دوور لە ئێرەیی و نەفرەتەکانی هاوسەری کەشیش و یادکردنەوەی ئەو ساتە خۆشانەی کە لەو شوێنەدا و لەگەڵ جاکدا بەسەری بردبوو، بەڕێ دەکات. دواتر لەسەر تاشەبەردێکی بەرزی کەنارەکەوە خۆی هەڵدەداتە زێیەکەوە.

لەولاشەوە جاک، لە دوای بیستنی هەواڵی چاکبوونەوەی چاوەکانی ژرترۆد، شاگەشکە دەبێت و هەوڵ دەدات هەرچۆنێک بووە بەدزی دایک و باوکییەوە ئەگەر لە دووریشەوە بێت بۆ دوایەمین جار بتوانێ ژرترۆد ببینێ و دواتر خۆی ئامادە بکات بۆ ئەوەی ئیدی بۆ هەردەم لەگەڵ براکانیدا خۆی لە دێرێکدا بەند بکات و تەرکی دنیا بکات. ئیدی دەکەوێتە ڕێگە و دروست لەو ساتەدا دەگاتەوە زێدی خۆی کە ژرترۆد بە بیانووی چنینی گوڵە نیلوفەرەکان و بە مەبەستی خۆکوشتن هاتووەتە کەناری زێیەکە.

جاک دەیزانی ئەگەر ژرترۆد پیاسە بکات و بڕواتە جێگەیەک، حەتمەن دەبێ بچێتە ئەو جێگەیەی کە پێشتر هەردووکیان پێکەوە پیاسەیان لێ کردووە و تێیدا گەڕاون. بەخێرایی خۆی دەگەیەنێتە ئەو جێگەیە. دروست لە کاتێکدا دەگاتە ئەوێ کە ژرترۆد لەسەر تاشەبەردەکەوە خۆی هەڵدەداتە ئاوەکەوە. جاکیش بەبینینی ئەم دیمەنە، بێ دواکەوتن خۆی هەڵدەداتە ئاوەکەوە و دوای ململانێیەکی سەخت لەگەڵ ئاوە بەتین و تاوەکە، خۆشەویستەکەی لە مەرگ ڕزگار دەکات و دەیگەیەنێتەوە کەنار.

کاتێ دواتر کەشیشی پیر لە نیازی خۆکوشتنی ژرترۆد و ڕزگارکردنی پەرجوو ئاسای لەلایەن جاکی کوڕیەوە ئاگەدار دەبێتەوە، ڕەزامەندیی خۆی لە زەماوەندی ئەو دوو ئاشقە دەردەبڕێ. چونکە لە ڕاستیدا ئەویش بۆی دەرکەوتبوو کە خۆشەویستیی ئەو بۆ ژرترۆد، هیچ کات بەراورد ناکرێ بە عیشقی جاک.

جاک، بەم کارەی دەیسەلمێنێ کە ئامادەیە گیانی خۆی لە پێناوی خۆشەویستەکەیدا بخاتە مەترسییەوە. کە کەشیش هیچ کاتێک ئەو ئامادەییە لە خۆیدا بەدی ناکات.

سەرەنجام کەشیش مل بۆ زەماوەندی ئەو دووانە دەدات و هاوسەرە بەخیلەکەشی کە لەو ڕەفتارانەی پێشووی خۆی تەواو پەشیمان دەبێتەوە و بۆی دەردەکەوێ هەموو ئەو بۆچوون و تێڕوانینانەی کە پێشتر سەبارەت بەو دووانە و هاوسەرەکەی خۆشی واتا کەشیش هەیبوون، هەموویان نادروست و ناڕەوا بوون.

سەرچاوە / کۆواری جوان خانوادە

شیعر

هاشم سەراج

# شیعری نانۆ



١

ئەو پیاوەی

جگەرەم لێی دەکڕی

دوێنێ مرد

٢

خەریکە

چێژ لە جوانیت

وەرناگرم

٣

پۆشاکت فڕێدەی

بوونم دادەڕمێ

٤

شەوان

خەڵووزی پرچت دەسووتێ

٥

جوانیت گوڵاوی مورتکە

٦

بەشێتی عاشقتبووم

٧

هەرچەند

ماڵی شیعر ڕێک بخەم

شێوەت  دەدرەوشێ

٨

ئەتڵەسی لەشت

گەردوونێکی لاهووتییە

٩

چۆن

نیگات بکەم

ڕوخسارت پشکۆیە

١٠

فوستانت فرێدەی

سێوی شەیتانیت

تێ دەگرم

١١

لێوت

هەنگوینی هەنجیرە

لێگەڕێ

بیلێسمەوە

١٢

ئاو

ئاوێنەی جوانییە

١٣

یار لە شەودا

چلچرایە

١٤

مرۆڤ



تا ئاوزینگدان
یاری بە ئاو دەکا
١٥
سپلیت
گەرمیانێکی زەردە
کوێستانێکی کەسک
١٦
دووگۆڵی
دەقێکی کراوەیە
١٧
پەنجەرە
دەرگایەکی داخراوە
١٨
شانە
قرژانگی قژە
١٩
مەقەست
بومرانگی
دەست سەرتاشە
٢٠
بالیف
گردێکە لە لۆکە
٢١
وەرزش
ڕۆژانە پژمینە
بەرامبەر بەخۆر
٢٢
پێکەنین
شوناسی شێوەیە
٢٣



مووس
ناوکی پێ دەبڕدرێ
کفنیش
٢٤
باغەوانەکەش
باغە پڕهەرمێکەی
جێ هێشت
٢٥
نسکافەی ڕوومەتت
گوڵاوی ناردینە
٢٦
فۆنیمت
چنگێ پاراسیتۆلی کەسکە
٢٧
تۆ
وازی بە موبایلەکە بکە
من بە بەهێت
٢٨
نەک هەر قژت
ستیانیشت
زەیتی لێ دەتکێ
٢٩
کێ گوڵی ئاوەڵکراسە
ڕەشەکەتی بەر مەقەستدا؟
٣٠
مەخابن
لە قژی حەڵواییت بئالێن
٣١
کرم
زەنگیانەی سروشتە



٣٢

کیسەڵ

ڕۆژژمێری دارستانە

٣٣

ڤیاگرا

کارەبای

چرکەکانی ئۆرگازمە

٣٤

ژووشک

لفکەیەکی مگناتیسییە

٣٥

خەم

تارمایییەکی سییە

دوات دەکەوێ

٣٦

شێر

شای شەترەنجە

٣٧

دڵ

کۆختی هەڵلەرزینە

٣٨

خەمۆکی دات بگرێ

جوانیی ئارامیت

پێ نابەخشێ

٣٩

جوانیی بەنیگا

دەزووەکانی زەین

دەئاڵۆزێنێ



٢٠١١/١٢/٢١

شیعر

فازیل ئەحمەد

# حەقیقەت



١
دڵی من کە ئیستا سەرڕێژە لە یاخیبوون و هەمیشە
پەنجەرەی کراوەیە بەڕووی نەسیمی عیشقا
ڕۆژێک دێت
بۆ هەمیشە دەبێتە ماڵی مردن
٢
من پیاوێکم هەمیشە چاوەڕوان
ئیتر نازانم
تۆ دێیت یان مردن
٣
کێ لە تارماییی تۆ ڕزگارم ئەکات؟
ئاخر
کە بەرانبەر ئاوێنەکەش دەوەستم
تۆ دەبینم

٤
لەژێر تابلۆکەی مەسیحدا نووسراوە؛
چەند جوانە حەقیقەت
بەخاچەوە

٥
هاوڕێم
کەس نازانێت بۆ وەها کەوتینە خوارەوە و
چ حیکمەتێک بوو لە زوو شکانی ئێمەدا
ئاخر
بۆ دەبێت بەتەنیایی جێبمێنین؟



٦
گەر قابیلیش نەبووایە
دەبوو کە کەسێک بهاتایە و
فێرمان بکات کە چۆن
یەکتری بکوژین

٧
لە پیاڵەی پڕ لە زەهری سوکراتەوە
دواین قوم لە یادەوەرییەکان ئەدەم
لە دەفتەری بیرەوەریی هاوڕێکەما نووسیم؛
مەرگ لە زەنگی قوتابخانەکەمان ئەچێت

٨
ئیتر دەرفەتێک نییە بۆ مانەوە
وا ئەستێرەی سەر گۆڕەکان کوژانەوە
ئەو لە دوانامەی ماڵئاواییدا نووسیبووی؛
چارەی ئەم تەنیاییە تەنیا
خۆکوژییە

٩

بەغرورەوە
تەنیا لە ئاسمانی خۆمان دەڕوانین و
دنیا ئەخەینە چوارچێوەی پەنجەرەیەک
بۆ ئەو
تەنیا دەنگی خۆمان دێتەوە گوێ و
بەسەر ئەو هەموو هاوارەدا باز دەدەین
بۆ ئەو
شمشێرەکانمان نەدەگەڕانەوە بێ خوێن
بەدرێژایی ئەم مێژووە گۆڕەکانمان
پڕ کرد لە زیندوو
ئەو هەموو دەمامکانەمان هەڵدایەوە و
هیچیان حەقیقەت نەبوو

١٠

ئێوارەیەک ئاوائەبم
هێندەی پرچی سپیی نیشتمان
تەنیایی و حەسرەتم لێ زیادە و
چرای ژوورەکەم ئەکەوێتە خوارەوە
دەرگای ماڵەکەم بۆ هەمیشە دائەخرێ
من کە ئاوا ئەبم
گۆڕستانێک قاقا پێ ئەکەنێت



Fazil88a@yahoo.com

شیعر

پەسار فایەق

# غەزەلنووسێک غەزەلەکانی بەئەدەبەوە دەنووسێتەوە

غەزەلی یەکەم: (کات نیوەڕۆ، شوێن بیابانێک)

تۆ بارانێکی
بیابان تەڕ دەکەیت
بەسەرمدا دەباریت
هاژەت دێت
خێرا دەڕژێیت
تۆ..
نە سەر بە دەریای مردووی
نە دەریای زیندوو
دەریایەکی ونی لەژێر زەریاییێک
جارێکی دیکە بەر من بکەوە
لە دڵۆپێک باران نەرمتری
بەسەر مندا بخزێ
دەتکەم بە ئاو
لەسەر جەستەم



باران دروست دەبێتەوە
لە ژوانێکی دیکەدا
دەڕژێیتەوە سەرم
نە لەو بیابانە
لەوەی دیکەشیان نا
ئەویش نە ئەوەی بیرت بۆی دەچێت
لە بیابانێکی دیکەدا..
ئەی ئەو بارانەی
لەناو خۆڵدا تەڕم دەکەیت
تۆ نەمریی بارانت دزیوە.



غەزەلی دووەم: (کات نە نیوەڕۆیە نە ئێوارە- شوێنێکی نهێنی)
دەوروبەر دەنگی تۆیە
وڕەی بایەکە
جار جار گریانێکە
دەنگێک لە خۆی بێزارە
هاتووە بە دەوری مندا سەما بکات
لە هۆش خۆی دەچێت
دەکەوێتە ناو کراسمەوە
ون دەبێت
لەناو جانتاکەت دەدۆزرێتەوە
عەتری بەسەردا رژاوە
لێوی سوور کردووە.

غەزەلی سێیەم: (کاتێکی دیارنەکراو- شوێنێکی دوور دوور)
درۆیەکی گەورە بوو
رەنگی شین نەبوویت
نە رەنگی سەوزیت

نە سوور نە زەردیش
تۆ نازانیت سپی و رەش چییە
تۆ ئێخسیری رەنگی منیت
هەر لە سەرەتاوە پێم گوتی
درۆ دەکەیت
تۆ لە رەنگی مندا دەمریت
لە منیشدا زیندوو دەبیتەوە.



غەزەلی چوارەم: (کات و شوێن هیچ گرینگ نین)
لە پشت هەریەک لەم سنۆبەرەنەوە
وێنەیەکی تۆم کێشاوە
گشتیان لە تۆدا ونبوونە
تۆیەک.. .
لەناو من و سنۆبەرکاندایت
من و تۆ و سنۆبەر
ئەم ئێوارەیە
کەمێک لەودیو رۆژئاوابوونەوە
ژوانێکمان هەیە.

غەزەلی پێنجەم: (بەرەبەیان- لە باخی دار هەناردا)
بە دووری مەزانە
لە باخێکی پرتەقاڵدا
هەنارێک لە درەختێک بکەینەوە
چەندە جوانترە
دار پرتەقاڵێک
هەنارێک بدات
بەڵام هەرگیز لە باخی پرتەقاڵدا
خۆر نابینینەوە



ریشۆڵەکان بەسەرماندا سەما ناکەن
ئەمە تەنها لە باخی هەناردایە
هەنار بەدەگمەن تەنیایە
زۆرجار دڵی بە دار هەنجیرێک دەکرێتەوە.

غەزەلی شەشەم: (نـ م ن- ئەمە کۆدی کات و شوێنەکە بوو)
"نـ م ن"
ئەم کۆدە بکەوە
سبەی نا دوێنێ
لە هەمان شوێن و کاتدا
کراسێکی زەرد
بکە بەر وشە ترێیەک و وەرە
وەک هەمیشە
با کەس ئاگادار نەبێت
لە دەرگا مەدە
ماچێک بەدەرگاوانیش مەدە
لەبەر سێبەری وشەکاندا چاوەڕێم
هەرچی وشە بەدامێنتەوەیە
بیانخە ژوورێکەوە و مەستیان بکە
خۆت وەرە
کتێبەکان جێ بهێڵە
ڕووبارێک لەگەڵ خۆتدا بێنە.



شیعر

ستار ئەحمەد

# لە بادا ماناکان کاڵ دەبنەوە



باخەکان ئاریشەی شنەی با دەپێوون
وەرین.. بەربوونەوەی گەڵا لە تەمەن دەسێنێ
عومری چۆلەکەیەک
لە باخەڵی مروەتا ژیر دەکاتەوە
بیرکردنەوەی مرۆ
لە ئەندازەی سووڕانەوە و لەرزین
راچەنینێک بەجووڵە دەبزوێنێ
بۆ ئەوەی هاژە بەناخمانا تێپەڕێ
لە وەچەی دارەکان ئاواز وەرگرین
بەرەو دونیای جوانی
لەسەر هەڵپەڕکێی گوڵ
شیوەنی باڵدار و چڵ
شینبوونی گیا لە سایەی گەڵادا بڕەنگێنین
مردن.. گوشینی دەستە بەرەو هێوربوونەوە
هەڵکردن.. شەماڵی خەونە بۆ هەڵاتن

بەرەو جێگیربوون
لە نێوانی چڵ و گوڵا
بێدەنگی و ئاوازی بادا
خاڵێک هەیە
بۆ لەباربردن و زیندەگی
لە چرکەساتی مەودای کات و
رامان لە سڕینەوەی گوناهێکدا
کانییەک لە ئەندێشە
دەموچاوی تیشک لە هەور دەنێ
سروەیەک خۆر دەکاتە ئامێتەی گوڵاو
بەرامەیەک مەودای نوور دەچێنێ
سرەوتن لە کۆشی پیرۆزیا
لە بۆنی نان و نەرمەباران بەچێژترە
خەون.. دەرووی هزر دەکاتەوە
دەچینە ئامێزی پووکانەوە
دارێکین بەرمان تەنکەبایە
باڵمان.. لاسکی گوڵەگەنمی ژێر سایەی هەودایە
دەمێنین، هەتاکو دەروازەیەک
پەنجەرەی ژوورەکانمان دەبزوێنێ
دەڕۆین.. بۆ ئەوەی ئێوارەیەکی دیکە
تاریکی نەخاتە گەرووی رۆژەوە
شەوەکان نیگایان نەبێتە گوڵەبا
باخچەکان لە باڕێزە سڵ نەکەنەوە
گەڵاکان لەژێر پێیەکانی باراندا نەرمبنەوە
لە بادا هەموو شتێک سپی دەچنەوە
لە بادا هەموو ماناکان کاڵ دەبنەوە
ژیان پەلکەزێڕینە لە بەرۆکی رەشەبا دەدا



نەمان دەست لە گەردنی با دەدا
مردن وەرینی ئەستێرە و داخستنی ئاسمان
سڕینەوەی زەمین لە دەفتەری هەوادا دەخوێنێتەوە
کە با نەبێت مرۆکان دەپووکێن
باخەکان هەڵناپەڕن
پەڕتووکە پیرۆزەکان هەڵنادرێنەوە
بوونەوەرەکان بەلەرزەی ئاو و
بەرزبوونەوەی شەپۆل و داخزانی کەنارەکان
لە گژوگیا تێر نابن و
بە خۆراکی هەڵاتوو
مووژەی رەوەندەکان ناناسن



شیعر

رزگار جەباری

# حیکایەتەکانی شمشێر




شمشێرێک: میراتی باپیران...
بە دیوار و پارچەیەکی سەوزەوە
هەزاران پەنجەی سەرکەشی تەزاندووە
...
منداڵێک خەون بە خەنجەری باغەوە دەبینێ
رەشپۆشێک، دەیباتە سەر ئەو کێڵەی...
وردە شمشێری لەسەر نەحت کراوە و...
پڕی دەکات لە شمشێری راستەقینە
گەنجێک، خاڵی شمشێرێکی لەسەر باڵی چەپە و..
میدالیای شمشێر دەخاتە گەردنی یار
مامۆستایەک، رۆژی یەکەم لەسەر تەختەڕەش
سپی سپی دەنووسێت:
ش... م... ش... ێ... ر
...
شمشێرێک لە مۆزەدا...
جۆرەها خوێنی تام کردووە

خوێنی خەڵک... خوێنی خاک،
جۆرەها خوێنی بینیوە...
خوێنی خاوێن... خوێنی خەست... خوێنی خیانەت!
شمشێرێک لە مۆزەدا...
زمانی بە جۆرەها خوێن پڕاوە
خوێنێک: دوو کاتژمێر بۆ ژیان
خوێنێک: دوو کاتژمێر بۆ مردن
ماندوو... کوول... ژەنگاوی
خەڵک لە هەموو خاکێکەوە رووی تێ دەکەن
هەرکەسە و هەستانێکی بە دەستەوەیە!
پاسەوانەکەش... میبرەدێکی نینۆککگیری لە گیرفاندا!!
...
کانکەن: پارچە ئاسنێکی لە بەرد دەرهێنا
ئاسنگەر: کردی بە پاچ... بە داس... بە...
جووتیار: گەنمی پێ چاند... پێ دوورییەوە... پێ...
دەستێک هات و...
عارەقەی هەموویانی خستە پەرداخەوە
مەڕۆ ئەو دەستە...
لە پەیکەری گۆڕەپانی شاردا...
بە شمشێرێکەوە خۆی هەڵبڕیوە
هەموو رۆژێ...
کانکەن... ئاسنی تێ دەخات
ئاسنگەر... دەمەزەردی دەکاتەوە
جووتیار... گەنمی بۆ دەکاتە نەزر
...
شمشێری گۆڕەپان... فرەدیوە
دیوێکی مۆری کاوەی لەسەرە و ...
دیوێکی دی.. مۆری داوود و...
دیوێکی تر... دیوێکی تر...
دوێنێ بەدەستی زوحاکەوە بوو...



ئەمڕۆ بە دەستی جالووت...
سبەی بە دەستی... دوو سبەی بە دەستی...
ئەو تەنها بە خوێن غوسڵ دەکا
بە خوێن ڕۆژوو دەشکێنێ!
...
شمشێرێک: بە هەزاران ساڵ تەمەنەوە
هێشتا بێزووی گەردن دەکا
بێزووی دڵ... چاو
دەخوازێت لە هەموو جێگایەکدا هەبێ
بە ئاڵاوە... لەسەر شان... لەنێو دراو
کات و ناکات..
غەریبی لەپ دەکات... غەریبی کەمەر
هەمیشە حەزی بە رووتبوونەوەیە لەبەر هەتاو
...
پیرێک پێی وتم:
لە ناخی هەمووماندا... شمشێرێک هەیە: دوو دەم
دەمی یەکەم... دەگەڕێتەوە سەر توخمی تەرازوو
مەخابن ئەمڕۆ... دەمی دووەمەکانی هەمووان
یەکیان گرتووە بوونەتەنە شاشمشێرێکی دەمخوار
دەسکی لە ڕۆژاوا و... دەمی لە خۆرهەڵات
ئەگەر هی خودایە...
با نزا بکەین و هەڵی کێشنەوە بۆ ئاسمان
ئەگەر هی خاکە...
با لە ناخی زەویدا بینێژین
ئەگەریش هی خۆمانە...
با هەرکەسە و بەشەکەی خۆی بتوێنێتەوە...
بیکاتەوە بە داس... لە پاچ... بە...






rzgarjebari@gmail.com
٢٠١٠/١٢/١٧

دەق

عبدالرحمن بامەرنی

# چەند دەقێن ڤەکری

## وەفاداریەک بو (پایزێ)

دقوناغێن تەمەنێ خوە دا، مروڤ گەلەک وەرزان ل پشت خوە دهێلیت و هەر وەرزێ دگەهیتێ ژی، چ (بهار، هاڤین، پایز یان زڤستان) بیت، خەیالێن مروڤی، جودا دناڤ سحرا هەر ئێک ژ وان دا غەواره دبیت! ژ هەر چار وەرزان ژی من هزر دکر ئەز (پایزێ) بو ڤێ نڤیسینا خوە یا کورت هەلبژێرم، مەرەما من ژڤێ ستوینا روژنامەڤانی ژی، دناڤبەرا من و هەوە دا پەیڤ بهێنە ئاخفتنێ. کورتییا هەلبژارتنا من ژ بو ئێک ژ ڤان وەرزان ئەوە، ئەگەر هات و مروڤی هزر کر، وەرزێ پایزێ لادەت یان ژ قیمەت و بهایێن وێ بینتە خارێ، دێ ئاکامێن ڤێ کێمکرنێ چەند گران ل سەر مروڤی راوەستن! دڤێت هینگێ ل سەر من ئەز گەلەک پێرابونان بکەم، دەستویریێ ژوان هەمی کەسان بخوازم، یێن حەز ژ هەر چار وەرزێن سالێ هەی و بتایبەتی وەرزێ پایزێ! دناڤ پڕاندنەکێ ژی دا بو هەر چار وەرزێن سالێ و بتایبەتی دناڤ لاپەرێن عاشقان دا، یێن نڤیسەرا و شاعران دا، ل هەوە ناڤەشێرم، پایزێ ژ هەمیان زێدەتر جهێ خوە د وژدانا خەلکی دا کریە و دناخێ خەلکی دا دژیت، کچ و کور لبەر سەما عەشقێ دکەن و خوە ژ بیرڤە دبەن، تشتێ کەسێ هزر ژێ نەکری ژی، دڤی وەرزی دا هەمی نوتێن موزیکێ دهێنە دیتن، کو موزیک ژەنان

ئالەتێن خوە یێن موزیکێ ژێ دروست کرینە، ژ خشینا بەلگان دەما دکەڤنە بەر گژەبایەکێ هویر یان هشێنا تاو چەقێن دارێن گویزان، دەما با جهێ خوە دناڤا بەلگێن وێ و چیقلێن وێ یێن خلولە دا دکەت، هەکو دگەل ڤێ هشێنا بای دناڤ چەق و تایێن ڤێ دار گویزێ دا، کت و ماتێن گیزان ژێ دهلوەشن و رەقێنێ ژ عەردی دئینن یان هەکو شر شرا سیلاڤکێن ئاڤێ ب کەڤران دا دهێتە خارێ و کومە بەلگێن وەریایی و پیش و میشێ هشک جوکان دپەنگینیت و ئاڤ شەرێ شەقاندنا رییا خوە دناڤ را دکەت، یان گرگرا عەڤرا و شەقرەقا برویسیا یان هەکو هویرە بارانەکا پایزی عەردی نەرم دکەت! دڤێت دەستویریێ ژ نڤیسەرا و شاعرا و چیروک نڤیسا بخوازم، چاوان ژڤی وەرزی وێنەیێن شعری و رومانێن خوە پێ سەراڤ دکەن و ب سحرا وان وێنەییان، خواندەڤایی ب داهێنانێن خوە ڤە گرێددەن، خالبەندیێن وان دنڤیسێن وان دا یان ئەو پرسە و نیشانێن سەرسورمانێ دەما دئێخنە پشت هەر وێنەیەکێ ژ ڤی وەرزی بشاڤتی! یان ب چ روی دەستویریێ ژ بێدەنگییا عاشقان بخوازم، دەما شەڤێن پایزی و لبەر هژمارتنا ستێران د راوەستن، خەون و هیڤیێن خوە دئێخنە سەر رەونەقا هەر ستێرەکێ و هزر دکەن عەسمان دێ ل هەوارا عەشقا وان هێت!... ببورن ئەز نەشیام ئەوا من ڤیایی دڤێ نڤیسینێ دا بەر دەستی هەوە بکەم، ژبەرکو هین هەمی عاشقێن ڤی وەرزی نە و هین دەستان ژێ بەرنادەن.

## مەسجێن جەژنێ

هەمی تشتەکی کەڤلوژانکێ خوە یێ جاران یێ گوهری، نە یاریکێن مە یێن زاروکینیێ وەک خوە ماینە، نە ژی ئەو جل و بەرگێن وی دەمی مە لبەر خوە دکرن و تا قوساندنا پرچا سەری یان ئەو سەنتور و پەنتورێن مە دکرنە بەر خوە، خوە پەرتوکێن قوتابخانێ ژی یێن هاتینە گوهرین. د دەمێ مە دا، پەخشێ تەلەڤزیونێ هەمی ب زمانێ عەرەبی بو و فلم کارتونێن مە (سندیباد، گرندایزەر، رەجول لحەدیدی و ساسوکی) بون، باش بیرا من دهێت هەکو ل چایخانێ فیتیێن گەنجان ب سەر گوندی ڤە دچوون، هەمیان دزانی (سەمیرا تەوفیق) یا هاتیە سەر شاشا تەلەفزیونێ و یا سترانان دبێژیت، ڤێجا تە وێ گاڤێ گەنجێن گوندی دیتبان، چاوان جوانیا وێ و بەژن و بالا وێ ژێ ددزین و هەکە ئێکی

بەحسێ کچەکا جان ژی کربایە، دا بێژنێ ما خو نە (سەمیرا تەوفیق)ە!
براستی گوهرینان ژیانا مە ژ دەستەکی یا برییە دەستێ دی و ئەو جەژنێن مە هینگێ خەون پێڤە ددیتن و چاوان مە رێ و رەسمێن وان دگێران، نە بتنێ مە زاروییان خوشی ژێ وەردگرت، بەلکو دگەل مە دا زەلاما و ژنکان ژی هەمان کەیف و خوشی هەبون، ئەڤرو رێ و رەسمێن جەژنێ وەک ئەم فێربوینێ ناهێنە گێران، ب مەسجەکی بتنێ، تو دشێی جەژنێ ل سەدان هەڤال و دوستێن خوە پیروز بکەی. د زاروکینییا مە دا، کت و کت و مال و مال ئەم دگەریاین و ئەو مالا ئەم نە دچوینێ ژی یان شەکروک و چکلێتێن وان د نەخوشبانە یان ژی ئەوێ مالێ پەز و کەوال هەبانە و سە لبەر دەروکێن خوە بخودان کربانە، مە دهێلا دناڤرا و تا پشتی هەیڤەکێ ژی ئەگەر رییا وان کەتبایە بەرسینگا مە ژی، مە چەپەک ل خوە ددا و رییا خوە ژ یا وان ڤەدگوهاست، ژبەرکو مە هەست ب شەرمێ دکر کو مە جەژن لێ پیروز نەکری، ئەو جەژنێن بر برە یێن زەلاما و رەڤدێن بچویکا مال مال دچونێ و شیریناهی دهەلگرتن و دەستێن ئێک دگڤاشتن، تا ئەگەر هەستێن وان بەرامبەر ئێک دراستگویانە نەبانە ژی، بەلێ مە هەست دکر، گیانێ لێبورنێ و ڤیانێ و خوشییێ ژوان هەستان دباریت و ئەڤرو وەکی عەڤرێن هاڤینا ئەو هەست نە سیبەرێ دکەن و نە ژی چپکا بارانێ هەلدگرن! وەسان جەژن ب ساری دهێن و دبورن و ژ قیمەتا وان یا هاتیە خار، هەر ژ بەری جەژنێ ب چەند روژان دێ مەسجێن پیروزکرنێ گەهنە مروڤی و ئێک ژڤان مەسجان یا نڤیسایی (بەری هەمیان من دڤێت جەژنێ لتە پیروز بکەم)، تشتێ سەیر ژی دێ هزر کەی ئەڤی کەسی گەلەک مەرەڤا تە یا هەی و وی بەری هەمیا جەژنا تە یا پیروز کری، تو نزانی ژی ب ئێک کلیک هندی ژمارەکا تەلەفونێ د موبایلا وی دا هەین، ب (تەحدید)کرنەکێ، ئەو جەژن پیروزکرن یا بو فرێکری و خودێ دزانیت تو ژمارە چەندی، دڤێ پیروزکرنێ دا.

## روتینا روژانە

پێناسا گیروبونێ لدەف عاشقان، لاوازبونا دلی یە و لبەر میزەخێن پانزینخانا، پاڤژکرنا دەشبولێ سیارێ یە و ل بەر دەروکێ دائیرا رەگەزنامێ، هەلسەنگاندنا کاروبارێن حکومەتێ یە و درێڤەبەرییا هاتن و چوونێ ڤە ژی، سەرەدانا هەمی ژوورێن وێ رێڤەبەریێ یە و هژمارتنا

خێت و نەجمە و تەیرکێن ل سەر ملێن پولیسان!.. دگەل گیروبونێ ئەم دەفتەرا بیرهاتنان دکێشینە بەر سینگا خوە و ئەو هەمی تشتێن دسەر مروڤی را بورین، ئەو تشتێن ژ دەستێ مروڤی چووین یان ئەو تشتێن بو مروڤی هێشتا جهێ گومانێ یان مروڤ نەشیایی تا نوکە چ بەرسڤان بو بدانیت، کت کتە دهێنە بەرچاڤێن مروڤی!. براستی یێ پشتی سەرهلدانێ د بویەران ژی را بوری بیت، ب سەدان لاپەر، دسەرێ وی دا هەنە و هەمییان ژی نیشانا پرسێ و گومانێ یێن ل بەر هەین. سەرەرایی کو ژیانا مە هەمی ل سەر نازکییێ و چێبونێ و خو گوهرینێ و باشتربونێ راوەستیایە، بەلێ ناهێتە ڤەشارتن کو نە ئارامییا ژ ئەنجامێ وان هەمی بویەران، ئەم یێن فێربوینە روتینا روژانە و چ تشتەکێ رویبدەت بو مە نە خەمە و ئەز پێ نە حەسیایمە ژی ،ئەگەر ئێکی روژەکێ خوە ژ گیروبونێ یان روتینا روژانە (عاجز) کر بیت، خو ئەگەر بهایێ ئێک لیترا پانزینێ چەند فرتک بچنە سەر و بئێک دەفعە، ژ پێنج سەدا خوە ل هزار دیناران بدەت یان کارەب حەفتیەکێ ژ تاخەکی بهێتە برین یان هەر پولەکا قوتابخانێ زێدەتر ژ ٥٠ قوتابیان تێڤە هەبن و ئەگەر بێژنە مروڤی بهایێ پلێتا دختوری یێ ژ دەهـ هزار دیناران بویە ١٥ هزار دینار. روتینا روژانە هەمی تشت یێ لبەر مە بەرزەکرین و ئەم نەشیاینە بو خو خوشیێ ژ بێهنەکا ژیانا خوە وەربگرین، تا ئەو تەلەفزیونێن دخانیێن مە ژی ڤە، ژ ئێکا رەش و سپییا عادی و مە هەرو زارویەک فرێدکرە سەر بانی بو زڤراندنا ئەریەلی، نوکە یێن بوینە پلازما و دیجیتال و هند کەنالێن عەسمانی یێن دبن خزمەتا کونترولێ ددەستێ مە دا زێدەبوین، کو ئەم نەشێین خوشیێ ژ ئێک بەرنامە یان گوهدانا سترانەکێ یان بەرێخودانا فلمەکی وەربگرین، ئها روتینا مە ژی ئێک ژوان کەنالێن عەسمانی یە، ئەڤرو (تەرەدود)ەکە و تە هندە دیت تەرەدودا وی کەنالی هاتە گوهرین و ئە و کەنالێ ئەم ب سەر سەلیقەییا وێ هەلبوین، مە ژبیر کر و ئەم ل کەنالەکێ دی یێ عەسمانی کەهی بوین و یێ دی ژبیرا مە چوو و هەما ئەو یا مای، ناڤێن مە ژی ببنە (تەرەدود) و روژەکێ ئەم ژی، دگەل گوهرینا وێ بهێینە ژبیرکرن یان لادان ژ جهێ خوە و شوینا کێلییا شەدای و فیرعینی، خوە ل جاددێن ئەوروپا ببینین. ژیان ژی هەر هوسایە، روژ دهێن و هەیڤ دهێن و سال ژ عەمرێ مە دچن، لێ یا نە هوسا ئەم دعەمرێ خوە نەگەهین و ئەم نەزانین ئەم ل چ دگەرین یان مە چ دڤێت.

نامە

گۆران ڕەئووف

# نامەیەک بۆ هاوڕێکەم



هاوڕێم ئێستا ئەو وێنەیەم بەدەستەوەیە کە لە یەکەمین ڕۆژی زستاندا پێکەوە لەژێر نمە نمەی باراندا گرتمان، بەپێوە وەستاوم لەلای پەنجەرەی ژوورەکەمدا و بە هێمنییەوە تەماشای وێنەکە دەکەم و دەنووسم بۆت... وام لای هەمان پەنجەرەی ئەو ژوورەی کە زۆرجار لێوەیەوە دەمانڕوانییە ڕۆئابوون و دەستمان بۆ باڵندە کۆچەرییەکانی ئاسمانی شار بەرز دەکردەوە، دەمانویست لەو ژاوەژاوە بگەین کە نابوویانەوە لە داخی ئەو هەموو خوێنەی بە کوچەکانی نیشتمانا دەڕۆیشت. لەناو ژووره پەمەییەکەدام!! ئەو ژوورەی شەوانێکی پڕ لە مەحیبەتما تیادا تێپەڕاند، شەوانێکی کەموێنە و بیرەوەریی جەرگبڕمان تیادا شین کرد، ئەو شەوانەی بەدەم هیوا شەرمن و هەناسە پاکەکانی دەروونمانەوە دەنووستین و لەوێشەوە پەیمان دەبرد بە گرفتارییە سەرابییەکانی ناخمان، دواتر لە ئاماژە ڕەشەکانی ولات دەگەیشتین و بەوێنەی شەڕوانێکی پێکراو... شەڕوانێک کە لەناکاودا و بەسەختی بپێکرێت، ڕادەمایین و بیرمان لە هیومانیزم و شەڕە فیکرییەکانی ئەندێشەگەرای بیریارانی ڕۆئاوا دەکردەوە، بەلام وەک ئەوەی تازە تێوەگلابین و دەستمان بەهیچ شوێنگەیەک نەگات، ڕادەمایین و دەمانویست لە برسان بمرین و نەڕۆین یەک قڕکەین، ئامانجمان بوو بە ترساو حیسابمان بۆ بکرێت و مێژوومان پڕنەکەین لە ترس لە مێژوو... ئێستێکی چرکەساتئامێزمان دەکرد و لە پاشاندا دڵخۆشیی خۆمان بە شیعر و چیرۆکە فارسییەکان دەدایەوە، دواتر هەر وەک ئەوەی خۆمان خاوەنی گشت شتەکان بین دەهاتین و پاکێتیمان لە عەشقێکدا دەدۆزییەوە کە هێندەی مەحاڵی چارەسەر بۆ گرفتارییە گەورەکانی نیشتمان وەهماوی بوو، دەهاتین و دەمانویست لەبەر ئاسمانی دوکەلاوی و دەشتاییە سووتاوەکانی شەڕدا بیر لە مەزنیی شانۆگەرییەکانی چیخۆف و فیلمە ڕۆمانسییەکانی سینەمای پایەتەخت بکەینەوە، تا لەوێوە بە ژەهری شەڕەکانی ناوەخۆ نەفەوتێین... هاوڕێم من لەناو ئەم تراجیدیای خەیاڵەدا جەستەیەکی بێکەڵک و هەڵگری پەیامێکی پێغەمبەر ئاسام، خەیاڵەکانم خنکاون لەوەی کە ناتوانن سنوورەکانی یەقین ببڕن، بیرکردنەوەکانم تۆقیون کە هەر کات گوێیان لە ویزەی گوللەکان دەبێت، دەزانی لەوەتەی تۆ ڕۆیشتویت تەنیا کەوتووم و تەنیاییەکی ڕوحسووک بووەتە دۆستم؟ ئەی نایەتە پێشچاوت کە هەر کات بیر لە پیاسەی گەڕەکە مردووەکان و شەقامە چۆڵبووەکانی پاش وێرانبوون دەکەمەوە چۆنە ڕەنگی فرمێسکەکانم؟ هاوڕێم بەم شێوەیە بمێنمەوە ڕەنگە بمرم... ڕەنگە کۆتاییم بێت و بگەڕێمەوە بۆ دەربەندەکانی سادەیی.

دۆستی ئەزیزم هەنووکە کە ئەمانەت بۆ دەنووسم گوێگری ئەو پارچە میوزیکەم کە لە ڕابردوودا بەدەم گفتوگۆکردنی عەشق و خەیاڵە جوانەکانمانەوە گوێگری بووین...، ئای لە ئێستا!! ئای لە ئێستای وردوخاشبوون...ئای هەنووکە لە چ دۆخێکدام؟!! هەستم هاوشێوەی ئەو کاتانەیە کە لەژێر کاریگەریی ئەڤینێکی گردبوودا دەمقیژاند و تۆش دەتوت "هاوڕێم هاوار مەکە... هاوڕێم... عەیبە... دۆستم... ئەها... خەڵکی سەیرمان دەکەن!"...، گوێگرە ئێستا خەندەیەک لەسەر لێوەکانمە و ئەو کاتەم لە خەیاڵدایە "کە من لەسەر شەقامە گشتییەکە دەستەکانم بەرز کردبوویەوە

بۆ ئاسمان و هاوارم دەكرد و دەمقیژاند؟، لە بیرتە هەر لەو كاتەدا بەمنت گوت (ئەها ئەوە خەڵكی سەیرمان دەكەن و پێ دەكەنن، دەتگوت تكایە وازبێنە و با بەشێت باسمان نەكەن).

هاورێكەم پێویستە ئەوەش بڵێم ماوەیەك لەمەوبەر ئەو نامەیەم دۆزییەوە كە تۆ بەر لەسەفەركردنت بۆ منت جێ هێشت، خوێندیشمەوە،، لە ڕاستیدا گوزارشتی جوانت كردبوو لە بەرامبەر ڕووداوەكاندا و لە هەموو ئەو بارە دەروونی و فیكرییانەت گەیشتم كە وایان كرد بەبێ ماڵئاوایی، بەبێ تەماشاكردن لە چاوی یەكتر بڕۆیت و ئەم نیشتیمانە وێرانە بۆ تاوانبارەكانی چۆڵ كەی... بەهەرحاڵ نازانم ئاگەداربیت لە بارودۆخی هەنوكەی نیشتمان، بە شێوەیەكە ناتوانم باسی كەم بۆت، هەرچەندە خۆشت دەبێت شتێك هەر بزانیت! بەڵام ئەوەی كە هەبێت بەگشتی شتەكان زۆر ئاڵۆزن و ڕۆژ بە ڕۆژ بارودۆخ بەرەو ناهەمواری دەڕوات، چركە بە چركە هەواڵی بەد و دەنگۆی قێزەون بڵاو دەبێتەوە، لەم شارەی خۆمان بەشەودا حزبێكی لێیە و بەڕۆژدا یەكێكی تر، بە عەسردا جەماعەتێكی تووڕە و بە نیوەڕوان كۆمەڵێكی گێژەڵە... سەیركە لەم ناوەندەدا بەلێشاو خەڵكی كۆچ دەكەن و نیشتمانیش بەوێنەی دایكێك بۆ ڕۆڵە بەدبەختەكانی دەگریەت...، كاكە یەكێك عەقڵ و دەماغی ساخ لە كەللەیدا بێت لەم مەملەكەتە بۆی مەگەڕێ، گەر بەنیازبیت مرۆڤێكی تەندروست ببینییەوە و دەردەدڵی لا بكەی، ئەوا دەگەیتە پلەی شێتبوون و ئەو ئینسانە نابینییەوە، لەولاشەوە شەڕی ناوەخۆ كە لە هەمووی ئازاراویترە و سەچاوەی هەموو بەدبەختییەكانە، ناوچەكەی كردووەتە دۆزەخێكی دەستكرد، بەڵێ دۆزەخێك!!! ئای چەندە تووڕەم لەم دۆخە، چەندە بە بەزەییم بۆ نیشتمان، چەندە بەهیوام بۆ سەفەركرن و گەیشتن بە تۆ و دووركەوتنەوە لە مەرگەساتەكانی ولات، چەندە هەست بەبچووكی خۆم دەكەم كە وێنای داهاتوویەكی ڕەش دەكەم.

هاورێكەم شتێكی وەهام نەماوە بۆت بنووسم تەنیا ئەوە نەبێت ئێستا كەمێك دڵتەنگم ئەویش بەهۆی ئەو شتانەوەیە كە كەمێك لەمەوەپێش بۆتم نووسی و بەردەوام تێیاندا دەژیم، یان باشترە بڵێم بەهۆی ئەم ژینگە تاریك و نەفەسبڕەی ناوچەكەیە... لە كۆتاییدا هیوام سەركەوتن و ژیانێكی ئاسوودەیە بۆت، نا... نا.. كۆتایی نایەت، دڵنیام كۆتایی بە من و خەونەكانم دێت كەچی تۆوی ڕق و بەد تەماشاكردن لەم وێرانەیە كۆتایی نایەت، خەیاڵەكانم دەبنە سووتوو كەچی دووكەڵی شەڕ نابڕێتەوە... هاورێم تەنیا داواشم وەك هەموو كات ئەوەیە (تا ئەبەد درۆ لەگەڵ خۆتدا نەكەی)، چونكە ئازاییە مرۆڤەكان لەوپەڕی خەیاڵاوییبووندا درۆ نەكەن، دەزانی وەكو چی وەهایە؟ دڵنیام وەك هەردەم وەڵام نادەیتەوە و چاوەڕوانی خۆمیت پێتی بڵێم، بەڵام حەز دەكەم جارێك دوای خەم و دواتر گەر پەیت نەبرد بەوەڵامەكەی دڵنیا بە دەیڵێم... هەرچەندە پێشتر سووكە ماڵئاواییەكم لێ كردیت بەڵام حەز دەكەم درۆ لەگەڵ خۆمدا نەكەم و بڵێم كە (زۆرت بیر دەكەم، بڕوا بكە بەردەوام لە یادمای و هەندێ كاتیش بۆت دەگریەم، بەڵام نازانم بۆ تۆیە یان بۆ ئەم دۆخە خەتەرناكەی نیشتمانە، یان بۆ ئەو مێژوویە كە لەگەڵ عەشق و ئارەزووەكانی ڕوحماندا تێمان پەڕاند، یاخۆ بۆ

ئەو منداڵە برسییانەیە کە لەبەر ئازاری ڕیخۆڵە وشکەوەبووەکانیان خەویان لێ براوە، یان بۆ خەونی ئەو کچە شەرمنانەیە کە ئێوارانێک دەچنە سەربان و خەون بە فڕینەوە دەبینن، ئەوان خەیاڵ بەوەوە دەکەن کە ڕۆژێک سوارچاکی خەونەکانیان بگەڕێتەوە لە شەڕ و لەگەڵ چلکنی و قژە هەڵچوەکانیاندا بڕۆن و بڕۆن، بەڵام شەوانە کە بەدیار چرا کزۆڵەکانەوە دادەنیشن، ئیدی ئاشنا دەبن بەوەی ناتوانن ڕاڤەیەکی تەواو بکەن لەبۆ خەون و خەیاڵەکانیان، ئیدی تێ دەگەن کەلێنێک نەماوەتەوە بۆ فڕین، بۆشاییەک نییە تێیدا شرۆڤەی ئەو خەیاڵانەیان بکەن کە شێتی کردوون و تێی ناگەن، دواتر لەژێر بەتانییەوە و بەدزی باوک و دایک و برایانەوە دەگرین و گلەیی خۆیان بەشەرمێکەوە ئاراستەی خوا دەکەن... هاوڕێ ڕزگاربووەکەم ئێستا حەز دەکەم وەڵامی پرسیارەکەم بەمەوە، هەرچەندە ناشزانم ئاخۆ وەڵامەکەیت بەبیردا هاتووە یان نەء، هەرچی بێت وا باشترە بیڵێم، دەزانی مرۆڤەکان لەوپەڕی خەیاڵاویبووندا درۆ لەگەڵ خودی خۆیاندا نەکەن مانای چییە؟ مانای وایە هێشتا جوانییەکانی ناخیان ماوە و هیوای هاوڕێ و دۆستەکانیان.

(هیوا دوورەکەم) نامەوێت ئەم جارەش وەک کەمێک پێشتر ماڵئاواییت لێ بکەم و پاشانیش بێمەوە گۆ بۆیە دەڵێم" ئاگات لە جیهانە ناوەکییەکانت بێت، ئاگەداری هەموو ئەو ژیانانە بە لە ڕابردوودا تۆیان پاراستووە لە نابووتییەکان، دەڵێم خەمی منت نەبێت، چونکە من سەرسەختم، من سەرڕێژم لە سەرسەختی، من تەنیا بۆ ئەوە هاتوومەتە بوون تۆ و چەندانی وەک تۆ بەدوورگرم لە نابووتییەکان وەخۆشم بە جەهەنم.، دوا جار پێم خۆشە یەکەم هۆکار وای کرد ئەم نامەیەت بۆ بنووسم بڵێم، ئەویش ئەوە بوو جارێکی تر بیری جوانییەکانت خەمەوە و وەک هەمیشە ئاگام لێت بێت و ڕۆژگار ونت نەکات، ڕووداوە جادووئامێزەکان فریوت نەدەن... ئەمە هەموو ڕاستییەکان بوو هیواخوازم هێندەی نمەی بارانێک بۆ دەریا ئاسودەت کات، هیواخوازم هێندەی ماندووبوونم بەم نامەیەوە، لە ئازارەکانی نیشتمان تێ بگەیت، چونکە بەڕاستی دۆخەکە سەختە سەخت.

هاوڕێی شەوەتاریکەکانت

١٩٩٦/١/٢٢

شاری یادگارییەکان

هەمان ئەو شارەی لە منداڵیدا خانۆچکەمان دروست دەکرد تێیدا.

**چیرۆکی وەرگێڕاو**

**گابریێل گارسیا مارکیز**

# ئەم گوندە کارەساتێکی بەسەردا دێ!

**لە عەرەبییەوە: سابیر مەلوول**



گەورەم، بەڕێزی هێژا خەیاڵ بکە و وای دانێ کە لە ئاواییەکی بچووک، کوێرەدێیەکدای، گوندێک کە پیرەژنێک و منداڵەکانی لەوێ دەژین، منداڵەکان پێک هاتوون لە کوڕێکی حەڤدە ساڵ و کچێکی چواردە ساڵان... بەیانییەک کە چاشت و قاوەڵتی دادەنێ، نیگەرانی و وەڕەزی لە سەر و سیمای پیرەژن نیشتبوو، منداڵەکان پرسییان دایە گیان چییە؟ لە وەڵامدا گوتی: نازانم بەڵام هەر کە لە خەو هەستام لە دڵم گەڕا کە شتێکی ترسناک لەم ئاواییەدا ڕوو دەدات منداڵەکان لە قاقایان دا و تێروپڕ بە دایکیان پێکەنین و گرینگییان پێ نەدا و مەسەلەکەیان بە خەیاڵاتی پڕوپوچی پیرێژن دانا.

کوڕەکە ڕۆیشت بۆ یاریی بلیارد و لەو ساتەدا کە خۆی ئامادە کرد بۆ دەسپێکردنی یارییەکە وازیچییەکی تر پێی گوت: لەسەر پیزۆیەک گرەوت لەگەڵدا دەکەم کە نایبەیتەوە، هەموو پێکەنین، کوڕەکەش پێکەنی و لە تۆپەکەی دا و ئامانجەکەی نەپێکا! ئەوجار کشایەوە و پیزۆکەی دا بە هاوڕێکەی، ئەوانی تر پرسییان بۆچی سەرباری ئاسانیی گەمەکە دۆڕاندنی؟ لە وەڵامدا گوتی: ڕاستە یارییەکە ئاسان بوو، بەڵام قسەکانی ئەم بەیانییەی دایکم کە وتی: شتێکی ترسناک لەم دێیە روو دەدات نیگەرانی کردووم و پەشۆکاوم و سەرم قاڵە، هەموو گاڵتە و تیزوتۆسکەی دنیایان پێ کرد و گوتیان توخوا هەیە بە قسەی پیرێژن سەر لە خۆی تێک بدات.

کاتێک ئەوەیان کە پیزۆکەی بردەوە، بە کەش و فشێکەوە گەڕایەوە بۆ ماڵەوە، خانوویەک کە دایکی لەگەڵ ژنێکی خزمیاندا پێکەوە تێیدا دەژیان گوتی: دایکە ئەم پیزۆیەم بەبێ هیچ زەحمەت و ماندووبوونێک لە (دامسۆ) بردەوە، چونکە گەمژەیەکە تاکی نییە دایکی وەڵامی دایەوە: جا بۆچی گەمژەیە کوڕم؟

* لەبەرئەوەی نەیتوانی ئاسانترین گەمەم لێ بباتەوە، چونکە پێشبینییەکانی دایکی کە گوایە کارەساتێک بەسەر ئەم گوندەدا دێ نیگەرانی کردبوو و مێشکی لێ سەندبوو.

– کوڕم گاڵتە بە پێشبینیی پیرێژنان مەکە، چونکە هەندێک جار ڕەمڵ و غەیبگۆییەکانیان بەڕاست دەگەڕێ و دێتە دی! ژنە خزمەکەیان گفتوگۆی نێوان دایک و کوڕەکەی بیست و بە هەڵەداوان لە ماڵ وەدەرکەوت و ڕۆیشت بۆ گۆشت کڕین، بە قەساوەکەی وت: برا بەپەلە، کیلۆیەک گۆشتم بدەرێ، لەو کاتەدا کە قەسابەکە گۆشتەکەی دەبڕی، هەڵیدایە و گوتی: چاکتر وایە بیکەیتە دوو کیلۆ، چونکە دەنگۆ و واتەوات داکەوتووە، کە شتێکی ترسناک لەم ئاواییە روو دەدات، و بەڵایەکی فەلاکەتبار بەڕێوەیە، باشتر وایە مرۆ هەر لە ئێستەوە خۆی بۆ ئامادە بکات.

قەسابەکە گۆشتەکەی لە شوێنێکی باشتر هەڵواسی بۆ ئەوەی بەرچاوی بێ، کاتێک ژنێکی تر هات بۆ کڕینی گۆشت، ئامۆژگاریی کرد و گوتی: خوشکم دوو کیلۆ بکڕە، چونکە خەڵکی دەڵێن شتێکی ترسناک روو دەدات و خۆیان بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەو فەلاکەت و زەقەتییە تەیار دەکەن و خەریکن زەخیرە دەخەن و خۆراک و ئازووقەی پێویست کۆ دەکەنەوە.

ئەو کات ژنەکە گوتی: بیکە بە چوار کیلۆ برا گەلەوڕانێک منداڵ و زاروزیچم هەیە، لە خۆم بابان وێران و سەرشینێ وای بابە چیمان بەسەر هات، زۆری درێژە نەدەینێ کابرای قەساو لە ماوەی نیو کاتژمێردا، هەموو گۆشتەکەی فرۆشت و مانگایەکی تری سەربڕی و ئەویش فرۆشرا و کەچی واتەوات و دەمگۆ هەر نەبڕایەوە و تا دەهات زیاتر پەرەی دەسەند و دەیتەنییەوە، ئەم جار کاتی یەکلاییکەرەوە هات و هەموو خەڵکی گوندەکە ورد و درشت کۆبوونەوە و چاوەڕوانی ڕووداوێکی گوماناوییان دەکرد و هاتوچۆ بڕا.

لە پڕێکدا و لە کاتژمێری دووی پاش نیوەڕۆدا پلەی گەرما بەشێوەیەکی ئاسایی بەرز بووەوە.

یەکێکیان گوتی: ئاگاتان لێیە بە شێوەیەکی نائاسایی دنیا گەرمە و وەک تەندوور دەسووتێ.

* بەڵێ وایە، بەڵام کەشی ئەم ئاوایییە بەردەوام گەرمە، گەرمێکی کوشندە و دنیا بەردەوام قرچەقرچ دەسووتێ و ژەنیارەکانی ئەم ئاوایییە قورپێوەدراوە لە سێبەردا نەبێ عەزف ناکەن و ئەگەر لەژێر پرشنگی داغی هەتاودا مۆسیقا بژەنن ئەوا ئامێرەکانیان دەتوێتەوە.

یەکێکی تر لەناو ئاپۆڕای خەڵکەکەوە هەڵیدایێ و گوتی:

لەگەڵ ئەوەشدا هەرگیز لەم کاتانەی رۆژدا گەرمای ئاوامان نەدیوە واوای جەهەندەمی داخستووە.

- بەڵام کاتژمێر دووە و لەم کاتەدا گەرما دەگاتە ئەوپەڕی.

* بەڵێ وایە بەڵام نەک بەم شێوەیەی ئێستەی ئاوا گەرم، لەم گوندە قاقرەدا و لە گۆڕەپانە چۆڵ و خاڵییەکەی مەلیچکێک نیشتەوە.

- ئەوەتانێ مەلۆچکەیەک لە گۆڕەپانەکە نیشتووەتەوە! هەموو بە سیمای تۆقیوەوە دریان دا و هاتنە پێشەوە بۆ بینینی باڵندەکە، بەڵام بەرێزان خۆ باڵندە نامۆ نییە، زۆرجاران مەلەکان پۆل پۆل دێن و لە گۆڕەپانەکە دەنیشنەوە.

* بەڵێ بەڵام، نەک لەم کاتانەدا.

لە چرکەساتێکدا هەراسانی کەوتە ناو خەڵکی ئاوایی، نائومێدی رووی تێکردن و هیچ هیوایەکیان نەما و بیرۆکەی کۆچ بە دڵیاندا ختووورەی کرد، بەڵام کەسیان ئەوەندە ئازایەتییان نەبوو کە بارگەوبنەیان بپێچنەوە و سەری خۆیان هەڵبگرن.

یەکێکیان هاواری کرد: من خۆم سەرەڕۆم و کۆچ دەکەم و دەڕۆم.

هەستا بارگەوبنە و منداڵەکانی لە گالیسکەیەک پەستا و ڕەشە ولاخەکانی بار کرد و بە بەرچاوی هەمووانەوە شەقامەکەی داقەلاشت و رۆیی، ئاپۆرای خەڵکەکەش هەروا زەق زەق تەماشایان دەکرد و نیگایان لەسەر نەدەگواستەوە، هەتا یەکێکیان گوتی: ئەو وێڕای سەری خۆی هەڵبگرێ و بڕوا، ئێمەیش دەیپێچینەوە و دەڕۆین، بۆ دوا جار دەستیان کرد بە چۆڵکردنی ئاواییەکە، شتەکانیان پێچایەوە، ڕەشەولاخەکانیان بارکرد و هیچیان لە گوندا نەهێشتەوە.

دوایین کەسێک کە ئاواییەکەی چۆڵ کرد ئاگری لە ماڵ و خانووەکەی بەردا و هاواری کرد: نەوەک بەدبەختی بەسەر دوا شتی ماڵەکەدا بباریێ، ئەوانی تریش گەڕانەوە و وەکو ئەویان کرد و خانووەکانی خۆیان سووتاند، لە ترسێکی راستەقانی هەڵهاتن وەک ئەوەی لە شەڕێکی کوشندە و بێ ئامان هەڵبێن، پیرێژنە لێزان و پێشگۆکەش بە ناوەڕاستیاندا دەڕۆیشت و خۆی بادەدا و دەیگوت: ئەی نەمگوت شتێکی زۆر ترسناک لەم گوندە روو دەدات کەچی بەبێ ئەقڵ دامیان دەنا.

فەرهەنگۆک:

١- مەلیچک: مەلۆچکە: مەلی بچووک.

٢- زاروزیچ: منداڵ.

٣- لێزان: پێشبینیکەر، پێشگۆ.

چیرۆکی وەرگێڕاو

سەبیحە خەلیل زەکی

لە ئەدەبی تورکمانییەوە:

# ئەو خەونانەی دێنە دی!

لە تورکمانییەوە: عەبدولستار جەباری

نەزاکەت ئەو کیژەیە هیچ ئیش و کارێکی نییە، تەنیا خوێندنەوەی ئەو کتێبانە نەبێت، کە باس لە جۆرەکانی خەون و شرۆڤەکانی دەکەن. هەر خەونێکی بدیتبا و گەر لە مانا و مەغزاکانی نەزانیبا پەنای دەبردە بەر پیاوانی ئاینی و خزمەکانی تاکو بۆی شی بکەنەوە..

پلان وبەرنامەی ژیانی لەبەر رووناکی ئەو خەونانەی دادەنا، کە دەیانبینی ، گەر مرواری بهاتایا خەونی ئەوە نیشانەی گریان بوو، یان میوەی بدیتبایا ئەوە هێمای ئەوە بوو، توشی نەهامەتی دەبێت، ئەم هەڵسوکەوتانەی بووبونە مایەی ئاژاوە و بشێونی لەناو خێزانەکەیدا، چەندان داخوازیکاری رەت کردەوە لەبەرئەوەی خەونەکانی رێگەیان نەدەدا ئەو رۆژە لەو جۆرە مەراسیمانە رێک بخرێت. عیزەتی برای لە هەموویان پتر خەمی لەو هەڵسوکەوتانەی خوشکەکەی دەخوارد، کەموکووڕی لە هەموو شتە جوانەکان دەدۆزییەوە ، نارێکیی خۆیشی لەوەدا بوو، تا پلەی شێتبوون وابەستەبوو بەخەونەکانییەوە. لە سپێدەیەکی باراناویدا نەزاکەت لە خەو راچڵەکی و بەپەلە چوو بۆ لای دایکی و پێی گوت:

– دایکە... مامم.. مامم..

– چی رووی داوە و مەبەستت کام مامەتە؟

– مامم حوسێن.

– باشە چی بەسەر هاتووە... قسە بکە.. باشە بەم بەیانییە چی هێنای بۆ ماڵمان؟

– نا نا... لە خەومدا هاتبوو بۆ ماڵمان .

– کچێ نەزاکەت هەترەشم چوو... وام زانی کارەساتێکی خراپی بەسەر هاتووە.
– تا ئێستا هیچی بەسەر نەهاتووە، وەلێ لە دوارۆژدا خراپی بەسەر دێت.
– کچێ نەزاکەت تۆ شێت بویتە... ئەم قسانە چییە دەیکەیت؟
– جارێ شێت نەبوویمە. بەڵام ئیمرۆ تێک دەچم. هێشتا شارەزای خەونەکانم نەبوویتە؟
هەر کاتێک مامم لە خەوندا ببینم شتی خراپ لە ماڵی ئێمەدا روو دەدات...
– بە پێی خەونەکانم هەندێ ئاژاوە لە ماڵمان روو دەدات...
– چیی تریش؟
– لەگەڵ عیزەتی برامدا بەشەڕ دێن.
– بە راستی!
– بە راستی ... شتێکی تریشم بۆ دەرکەوت.
– چیی تریشت بۆ دەرکەوت؟
– شەڕ و ئاژاوە روو دەدات لەگەڵ عیزەتی برام... منیش بەرگەی ئەو رووداوە ناگرم.
– لەم بیرۆکە هەلەق و مەلەقانە دوورکەوە کچی خۆم.
– دایکی میهرەبانم دۆزیمەوە.. بەتەنیا (ئەرخەمیدس) دۆزەرەوە نییە!
– چیت دۆزییەوە؟
– چارەسەر... پێش ئەوەی براکەم وەخەبەر بێتەوە، رێم بدە با بچم بۆ ماڵی پوورە فەخریە..
– دەبچۆ کیژم.

کاتێ نەزاکەت چووە دەرەوە خەڵکێکی زۆری بینی لە پێچی کۆڵانەکەیان کۆ بوونەتەوە و تەماشای دوو ژن دەکەن لەناو حەشامەتێکی منداڵدا بەیەکتردا هەڵدەگژێن و دەستیان لە تیتکی یەک گیر کردووە، ئەویش بەمەبەستی ناوبژیکردنیان لێیان نێزیک بووەوە، بەهۆی هەوڵی چاکەخوازیی خۆی چەندان مشتەکۆڵەی بەر کەوت... دەموچاوی خەڵتانی خوێن بوو، کە دوو ژنە شەڕکەرەکە بینییان نەزاکەت زامدار بووە، پاشەکشەیان کرد و چوونەوە بۆ ماڵی خۆیان و منداڵەکانیش دەستیان بە یاریکردنی خۆیان کردەوە.

کاتێ نەزاکەت چاوی هەڵهێنا بینی وا عیزەتی برای خوێنی دەموچاوی دەسڕێتەوە.

سەرچاوە:
× یورد سێوگیسی صبیحە خلیل زکی.. بغداد ١٩٩١.
(کۆمەڵە چیرۆکێکە بەناوی (خۆشەویستیی نیشتیمان) لە ساڵی ١٩٩١ لە شاری بەغدا چاپی کردووە) وەرگێڕ..

کۆنە دەفتەر

جەلال مەحموود عەلی

# گوڵی گلێنەی چاو



سـۆڵەی ڕەشـەباکـە لەبەر سـەمـوونخـانەکـەدا هەمـووانی پێـچـاوەتەوە. برووسکەی تـەلی دڵ لە گلێنەی نەسرەوتەوە چەخماخە دەدات، گیان دەهەژێنێ، ئاگری خەرمانی هۆش خۆش دەکا.

تاڵێک ئەگریجـەی یاخیی کچە خـاڵ کوتراوەکە دەئاڵێتـە گەردنی حەمەتاڵ، بـۆ پێدەشتە گـەرمەکە بە کێشی دەکا.

«گەر هەموو ڕۆژێک تەزووی تیلەت ختووکە بە گیانی شپرزەم نەدا، لافاوی خوێن نهێنیی ژیانت لا نادرکێنێ و ژیانم بۆ نابرێتە سەر».

شوێنەکە جەنجاڵە، سۆزیش پەروای نییە. بازی تاسە چنگی لە نێچیری یادی حەمەتاڵ گیر کردووە. «تیلەی چاو دەتگرێتە باوەش، تۆیش خەمی من بەسەر دەکەیتەوە، بە یاد دۆست و بە گیان ئاشنا، سەد تەل پێکەوە بەندی کردووین، شێوەت هی خاوەرە، بۆنی ئەوم پێوە ناویت».

– خاوەر مامۆستایەک بووەتە هاوسێ، ئەشێ میوانارییەکی بکەین. بەو دەنگە ناسکە.

– دایە میوان ئازیزە.

«ئەو ڕۆژە نەورۆز و بەهار بوو».

هەر ڕۆژێک خاڵ کوتراوەکە نەهاتایە، چاوی لە ڕێگەکەدا دەڕوا، پەلی بۆ هەموو کۆڵان و لایەک دەهاویشت، تا درەنگ... بەشکو...!!؟. خاوەر هاتەوە بەرچاوی.

– بۆ تۆ وا دەزانیت هەر تۆ دڵ لەسەر پشکۆیت!؟ ئەی تۆ خۆشەویستی براکانم نیت؟ فێری ژیانیان ناکەیت؟ تۆ لە گلێنە و دڵدایت.

زەنگی سۆزی قاقا ناسکەکەی خاوەر لە بەهەشتی ناخدا دەنگ دەداتەوە. زەردەخەنەیەکی کاڵ بە لێویەوە دەنیشێتەوە. نیگایش دەئاڵێتە نیگای چاوە کاڵەکانی خاڵ کوتراوەکە. ئەویش بزەیەکی چاو دەیگرێت.

تاقمێک بە هاڵاوی تەندوورەکە لە کونی دەرگەکەوە خۆیان گەرم دەکەنەوە، تاقمێکیش لە دەرەوە بە قسە.

– لافاوی چلەی هاوینی ساڵەکەت وەبیر دێت کە لە وێڵەدەر بێشکەی بە کۆرپەوە ڕافڕاند!؟.

– چیتە مام سمایل بۆ وا شپرزەیت؟

– ڕۆڵە لێڵاوی لافاو شوێنەواری لە پێدەشت بڕی. فریا کەون دەخیلتان بم «ئێمە زوو چووینە سەر باسکەکە.

قوتابخانەکە لە گوێ چەم بوو، هەر زوو شوێنەواری بڕا... مام سمایل بە کوڵ ڕیشی چەرمووی تەڕ دەکرد».

– ئەی ماڵی وێرانم... منداڵ... ژن.. پیر.. گەنج چ قوڕاوێکی خەستە. پشیلە جوانەکان دەمیاوێنن، توولە بۆرە دەقووروسکێنێ بێ خاوەن. ماڵات و ئاژەڵەکان بە شوانەوە.. بەندەکان پساون.. چ مەینەتییەکە.

– بابە ئەسپەشێ بەسەر ئاوەکەوە چەپۆکانیەتی.

– حەمەوەیس کوڕە نەچیت.. ڕۆڵە لیتاوی لافاوەکە دەتخنکێنێ.

– دایە خۆ مەلەوانم. هەر دەبێ بیگرمەوە. ئەسپەشێ لە خۆم ئازیزترە. بە سواری ئەسپەشێوە

دەتانگەمێ.

– کاکە برا دەستم دامێنت ئەوە حەمەوەیس.. تۆیش!!؟

– دایە بە فریایان دەچم. من لەوان مەلەوانترم. بەسەر پشتی ئەسپەشێوە دەگەڕێینەوە.

«فرمێسکەکانت جەرگی بڕیم... هەزار ئاوات ئاخی کەڕواوی بەرگی تێ گرت».

ڕۆژ هەڵات، تاڵە زێڕینەکەی پشتی سەموونکڕەکانی گەرم کردووە.

«بەرامەی سمڵ و مێخەکەکەت لە ڕۆهەڵاتەوە هات. کۆتی کردم، وتیان ئەوەی تۆ عەوداڵیت لە ڕۆئاوا گیرساوەتەوە، بەرەو ڕۆئاوا، بەرەو ژوور، بەرەو خوار، لە هەموو گوێ چەمێک، لە هەر چوار لای دنیاوە بۆنی دەهات، دەبێ لە کوێ بێت!؟ لە هەموو شوێنێک!!؟».

چاوەڕێی سەموون زۆری خایاند، نیگایان باوەشی بەیەکدا کردەوە، بە تاسەوە.

– ماڵتان دەبێت نزیک بێت؟

لەچکەکەی لەسەر دەمی لادا. «دەم و لێوی خاوەری پێوەیە».

بە ناسکییەکەوە وتی: بەڵێ

– خۆزگە خاوەر بە ئاوات دەگەیشتین، ناسۆری هەمیشەیی سارێژ دەبوو، جا کێوی گەنممان لەم دەشتە هەڵدەدایەوە، جا گشت ئامۆزاکانمان تێ دەڕژاند.

– من وەک تۆم بە منداڵی دیبێت... تۆ...!؟

– ئەی تۆ چیی خاوەریت..؟.. لە کوێیە؟.

چاوە کاڵەکانی نوقمی گۆمی فرمێسک بوون.. ڕووی وەرگێڕا، پاشان چرپاندی.

– ئامۆزا سوێی بووەوە.

ڕۆژێکی تر

تۆ ئامۆزای خاوەریت.. هی منیشیت.. پێ کەنی. باسم بۆ بکە.

– مام سمایل پیر بوو بەرگەی نەگرت، کاکەمەم تازە هەڵی دەدا دەربازی کردن. وەک پیرەکان دەیگێڕنەوە هەر سەد ساڵە و جارێک تۆفانێکی وا ڕوو دەدات. شوێنەوارەکان دەبنە زرێبار، بەڵام وردە وردە ئاوی زرێبارەکە بە ئاسماندا دەچێت و خەڵکەکە دەگەڕێنەوە شوێنی خۆیان. لیتەکەش دەبێتە پەین بۆ زەوییەکان. لەگەڵ گێژاوی بیرەوەریدا هەناسەیان ئاڵایە یەک، بریسکەی چاو بنچینەی ئاسوودەیی دتی هەڵتەکاند. پێ کەنی.

– ئەی تۆ دەبیتە دەستگیرانم؟

– بە مەرجێک کە لیتاوەکە نیشتەوە بگەڕێینەوە دێیەکەی خۆمان.

– بەهەشتەکەی منیش پێدەشت دەبێت.